# گزینگ ٢٦

گۆڤــــــاریکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە   زستانی ٢٠٠٠ (١٣٧٨)


- ❑ مانۆئێل مارتولێر دۆستی دڵسۆزی گەلی کورد لە ئیسپانیا (چاوپێکەوتن)
- ❑ میر جەلادەت بەدرخان
- ❑ کاراکتەری کوردان لە ژێر رووناکایی مەتەڵ و پەندی پێشینیاندا
- ❑ تاقەدار، کەسایەتییەکی تەواو گونجاوی لە گەڵ میللەتی کورد هەیە... (گفتوژنەفت)
- ❑ لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق
- ❑ ئەرک و (مافی) نووسەریش!
- ❑ لە پێناوی نیچەدا، وتاری فەلسەفیی نیچە بۆ هەڵکۆڵین و هەڵوەشانەوە
- ❑ رەخنەی دوو زمانە: مەسەلەی گێرانەوەی واژەگەل
- ❑ گۆرانی و گۆرانیبێژانی سەقز بەر لە شۆرش(١٩٧٩)
- ❑ شێعر، کورتەچیرک، تەنز، رەخنەی ئەدەبی، رانانی کتێب و گەلێک بابەتی جۆراوجۆر...
- ❑ هەواڵی فەرهەنگی، ئەدەبی و چاپەمەنی

**حافظی شیرازی:**

ئێمە بێخەمانی مەستی دڵ لە دەست دراوین
هاوڕازی عیشق و هاونەفەسی جامی شەڕاوین

هێندیان دە ڕوودا کێشاین تیری توانج و تانە
لە سای ئەبرۆ کەوانان، ئێستا کار ڕاپەڕاوین

وەک گولاڵە مەبینە لەو ناوە مەی و پیاڵە
دڵی پڕ خوێن ببینە، کە وا چۆن داخ کراوین!

تۆ داخی خۆشەویستیت دوێنێ شەوێ چێشتووە،
ئەی گوڵ! ئێمە گولاڵەین لەگەڵ داخەوە زاوین

پیری موغان لە تۆبەی ئێمە ئەگەر پەرۆش بوو
بڵێ بە بادە پاڵێو، کە مەلکەچ ڕاوەستاوین!

ئەتۆی کارسازی کاران، هاوار ـ ئەی ڕێنیشاندەر! ـ
ئینساف شتێکی باشە، کەوا هەموو تێماوین

گوتت کە: «حافظ! چییە ئەو گشت ڕەنگ و خەیاڵە؟» ـ
نەخشی غەڵەت مەخوێنە، لەوحێکی سادە و خاوین!

• • •

وەرگێرانەوە: هێرش

# گزینگ ـ ژماره ٢٦

**زستانی ٢٠٠٠ (١٣٧٨)**


## نێوەرۆک


قـــســـەی ئەو ژمـــاردیە: ............... س. ج هێـــرش ٤

مانۆئێل مارتولێر دۆستی دلسۆزی گەلی کورد لە ئیسپانیا (چاوپێکەوتن): ٦

............................ د. عـــەزیز ژیان -

میر جەلادەت بەدرخان: ..................... محەمـەد رەسوول هاوار ٩

کاراکتەری کوردان لە ژێر ڕووناکایی مەتەڵ و پەندی پێشینیاندا: ....... ١٤

میجەر ئێدوارد نوئێل، ..................... و: ئەنوەری سولتانی -

«تاقـەدار» کـەسـایەتیـیـەکی تەواو گـونجـاوی لە گـەڵ مـیللەتی کـورد ١٩

هەیە...(گفتوژنەفت لەگەڵ ئەنوەری ئیران زادە: ...............(گزینگ) -

ڕوونکردنەوەیەک: ........................ ئەنوەری ئیران زادە ٢٤

لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق: ........ حەمەسەعید حەسەن ٢٦

ئەرک و (مافی) نووسەریش!: ....................... مەهاباد کوردی ٣٢

لە پێناوی نیچەدا، وتاری فەلسەفیی نیچە بۆ هەلکۆلین و هەلوەشانەوە: ٣٤

...............................ئازاد حـــەمـــە -

رەخنەی دوو زمانە: مەسەلەی گێڕانەوەی واژەگەل: .......... مایکل بێرد ٤٢

...............................و: نـــەرژەنــک -

ئاوێنەکانی خوێن (شێعر): ........................... هەندرێن ٤٦

سێ پارچەشێعر: .............. ئەسعەدی رەشیدی (ئەلف. زاگرۆس) ٤٨

دوو پارچە شێعر: ................................ شەهلا ٤٩

لە ئەدەبی فینلاندی: یۆهان ڕۆنەبێرگ،............. و: خەسرەو پیرباڵ -

کەس چیدی‌سروودی «ئەی رەقیب» ناڵێتەوە: ............... جیم توانا ٥٠

بەربەرەکانی لەگەڵ بێدەنگیی (شێعر) : ئەحمەدی شاملوو،..... و:.. هێرش ٥١

بەفری سوور(کورتە چیرۆک):..................... حەمەفەریق حەسەن ٥٤

وەستا میکایل(کورتەچیرۆک) : ............... سیامەند شێخ ئاغایی ٥٦

توتنی گـردی مـاران و مـەلای کـوردەواری (کـورتەچیـرۆک): ح. ئەیوب زادە ٥٨

خۆ کـوشتن(کـورتەچیـرۆک) : ............................ مـەرزە ٦٢

کرۆنۆلۆژی ڕووداوە گرینگەکانی ساڵی ١٩٩٩.............(گزینگ) ٦٣

نیشتمان چییە؟!: ..................... مامۆستا رەحیمی عەبباسی ٦٤

دەتانەوێ چ ئیسپات بکەن؟: ...................... محەمەدی خزری ٦٦

گۆرانی و گۆرانیبێژانی سەقز بەر لە شۆڕش(١٩٧٩) :...... ئەحمەدشەریفی ٦٨

کێ تاوانبارە؟: .............................. جەلال دەباغ ٧٠

ئاگاداری: بنکەی پەخشی کتێب و بلاوکردنەوەی لیژنەی فەرهەنگی یارسان ٧١

چاپەمەنی:........................................ ٧٢



**بەڕێوەبەر و بەرپەرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Box: 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس/ تەلەفۆن:**

**Fax/Tel**: +46 -0650- 94029
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1


**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بلاودەکاتەوە.**

**• گـزینگ، بە ئاگـاداریی نووسـەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**

**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەلام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**

**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**

**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**


ISSN 1104 - 3473 چاپ، کتێبی هەرزان: زستانی ٢٠٠٠

## ساڵی ٢٠٠٠

بەر لەهەمموو شت، بە بۆنەی داهاتنی ساڵی تازەی ٢٠٠٠ و سەدەی نوێی ٢١ و سەرەتای هەزارەی سێهەمی زایینی، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی خوێنەرەوان و بە تایبەت خوشک و برایانی مەسیحی دەکەم و ژیانێکی پڕ لە خێر و خۆشی و بەختەوەری بۆ هەمووان و تێکڕای کۆمەڵگەی بەشەری بە ئاوات دەخوازم.

هەروەک دەزانین سەدەی بیست، وەک یەکێک لە سەدە هەرە خوێناوییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کۆتایی پێهات؛ ئەو سەدەیەی کە دوو شەڕی گەورەی جیهانی، گەلێک شۆڕش و ڕاپەڕین و شکست و تێکشکان، دەیان شەڕی سنووری و هەرێمی و ناوچەیی، بە خۆیەوە بینی و گیانی میلیۆنان کەسی بە خۆڕایی تێدا قوربانی کرا؛ ئەو سەدەیەی کە بە خوێنی گەشی منداڵانی بێ تاوان فرچک درا و هەر دە خوێنیشدا نوقوم بوو...؛ سەدەیەک کە لە ئاخرساڵەکانی کۆتایی پێهاتنی خۆیدا، دروشمی فریوودەرانەی «بژی ئینسان و لە پێناو ئینسانیەت»ی بەرزکردەوە و، بە شەرمەزاری و چاوی فرمێسکاوییەوە ماڵئاوایی کرد و ئاڵای ئاماڵ پارێزگاری لە مافی مرۆڤی تەحویلی سەدەی نوێ دا...

بەڵام، ئایا بەڕاستی سەدەی تازە، ئەو جۆرەی گوتراوە و دەگوترێ، سەدەی سوڵح و ئاشتی، سەدەی بە یەکەوە ژیانی هێمنانەی ئینسانی، سەدەی لەبەر چاوگرتنی مەسڵەحەتی گشتی و سەدەی بڕانەوەی شەڕ و شوڕ و ئاکارە دژی ئینسانییەکان دەبێ؟!

تۆ بڵێی کۆمەڵگەی بەشەری، وێڕای ئەو هەموو پێشکەوت و داهێنانەی کە لەباری تێکنیک و ئینفۆرماتیک و ئەلیکترۆنیک و چی وچی ... کردوویەتی، بتوانێ لە بواری بەربەستکردنی برسێتی و بێکاری و شەڕ و ئینسانکوژیش هەنگاوێکی ئەوتۆ هەڵێنێتەوە کە لەگەڵ ئەو هەموو زەرق و بەرقەی فەرهەنگ و شارستانیەتی ڕۆژئاوا، یەک بگرێتەوە؟! ئەوە پرسیارەکە و لە هەمان کاتیشدا ویست و خوازێکە کە وەڵامەکەی زۆر ساڵ و سەدەیە ئاواتی وەدیهاتنی بۆ دەخوازرێ. کەچی بە داخێکی زۆرەوە، گەلێک لەو دەوڵەت و ڕێبەر و سیاسەتمەدارە قۆڕدەماغانەی کە دروشمی کۆمەڵگەی شارستانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ جاردەدەن، بە عالەم ئاشکرا و بێ ئەوەی تۆزقاڵێک شەرم و شوورەیی دایانگرێ، درۆ دەکەن و، تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان خەڵک هەڵدەخەڵەتێنن. دیارە کەس ناڵێ ساڵی ٢٠٠٠ و سەدەی بیست و یەک، یەکدابەدوو دەکرێتە بەهەشتی بەرین و، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. بەڵام لانیکەم، کۆمەڵگەی بەشەری دەتوانایدا هەیە، پێش بە شەڕوشوڕ و خوێنڕشتن و دەکارهێنانی چەکە کیمیاوی و بیۆلۆژییە بە کۆمەڵکوژییەکان بگرێ.

حەوجێ بە دووپاتکردنەوە نییە و هەموومان دەزانین کە خۆشبەختی و بەختەوەری ئینسانێکی ئوڕووپایی یان ئەمریکایی دە گرێوی بەدبەختی و چەرمەسەری و کوێرەوەری هەزاران منداڵی ڕەش و ڕوتی ئەفریقایی و ئاسیایی و ئەمریکای لاتین دایە. بۆ نموونە هەروەک لە کاتی بەپیرەوەچوونی ساڵی تازە بینیمان، ئەو خەرجەی کە بۆ تۆقتۆقە و جغجغە تەقەمەنییەکانی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکان، لە شارەکانی پاریس و نیۆیۆرک و مۆسکۆ و لەندەن و... کرا، دەیتوانی گیانی سەدان هەزارکەسی برسی و ئاوارە و بێ ماڵ و لێقەوماو نەجات بدا.

ڕاستە، ناشێ کە گوناح و تاوانی تەواوی شەڕ و کارەساتەکانی کۆمەڵگەی بەشەری، هەمووی بخرێتە ئەستۆی دەوڵەتە پێشکەوتوو و خاوەندەسەڵاتە پەلهاوێژەکانەوە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە ئەگەر ڕاست بکەن و دەغەڵی و دووڕوویی و بەرژەوەندخوازی وەلابنێن، دەتوانن بە" پلان دارشتنی ئینسانی و بەشەردۆستانە و، بە کەمکردنەوەی بودجەی سازکردنی چەک و تەقەمەنی، گەلێک لەو گیرە و کێشە و مەسەلانە چارەسەر بکەن کە نەتەنیا هەر ئێستە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکەن؛ بەڵکوو بووژەمەنی کورەی زەویشیان دە مەترسی هاویشتووە.

ئەگەر لە مەسەلە گشتییە ئینسانییەکان، کارەساتە سروشتییەکان، برسێتی و بێکاری، تەقینەوەی نفووسی جیهان، ئالوودەبوونی هەوای دەوروبەر و تراژێدییە دەستکردەکان چاو بپۆشین، لە سەرەتای سەدەی ئێستەدا، چارەسەرکردنی هێندێک مەسەلەی سیاسی و لەوانە ددانپێداهێنان بە مافی نەتەوەیی گەلانی ژێردەستە و زوڵملێکراو، دەتوانێ ڕیزە کردەوەیەکی شیاو بێ لە پرۆژەی سیاسەتی نوێی جیهانیدا.

هەروەک ئاشکراشە، نەتەوەی کورد، یەکێک لەو نەتەوە ژێردەستانەیە کە دەبێ لەلایەن بەڕێوەبەرانی سیاسەتی نوێی جیهانییەوە، بە هەق ئاوڕێکی ئینسانی لێبدرێتەوە.

دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان و بەتایبەت یەکیەتی ئوڕووپا، نابێ مەسەلەی ڕەوای کورد لە کەلێنی مەسڵەحەت و بەژەوەندییەکانی خۆیانەوە ببینن، ئەو جۆرەی کە تائێستە بینیویانە. شایستە نییە چیدی، کایە بە چارەنووسی نەتەوەیەکی ٣٠ میلیۆنی بکرێ و، مافی ڕەوای گەلی کورد ببێتە پارسەنگی تێهەڵێنانەوەی لاسەنگبوونی تای تەرازووی پێوەندییەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی خاوەن مەسەلەکە. لەمێژە وەختی ئەوە هاتووە کە کوردیش چارەنووسی سیاسی خۆی بەدەست خۆیەوە بگرێ.

دەبا، بە هەوڵ و هیممەتی هەموو نووسەران، هونەرمەندان، بەشەردۆستان و خێرخوازانی جیهانی، ساڵی ٢٠٠٠ و سەرەتای سەدەی نوێ، بکەین بە سەدەی سوڵح و ئاشتی و هێمنایەتی.

س. چ هێرش



# مانوئێل مارتولێر دۆستی دڵسۆزی گەلی کورد لە ئیسپانیا

د. عەزیز ژیان



وتەیەکی سیاسی کەوتۆتە سەر زاران دەڵێ: «تەنیا دۆستی گەلی کورد چیاکانی کوردستانە». بێگومان ئەو وتەیە ڕاستە، بەڵام هەر وەک هەموو بیروباوەڕێک گۆڕانی بەسەردادێ ئەو وتەیەش دەبێ بگۆڕدرێ. چونکە ئێستا لەمێژساڵە گەلی کورد لە دەرەوەی وڵات دۆستی دڵسۆز و هێژای هەیە کە زۆر بە چالاکی و دڵپاکی، بۆ پارێزگاری لە مافەکانی کورد تێدەکۆشن.

گەلی کورد زیاتر لە نیو سەدەیە بۆ گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان تێکۆشاوە و بێ پچڕانەوە خەبات و ڕاپەڕینی درێژە پێداوە. داگیرکەرانی کوردستان بە هێرش و گرتن و کوشتنی خەڵک جوابی ئەو ڕاپەڕینانەیان داوەتەوە و هەتا توانیویانە نەیانهێشتووە خەبەری ئەو هێرش و کوشتارانە بگاتە دەرەوەی کوردستان و بەهەموو توانایان پێشی بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی سەرهەڵدانی گەلی کوردیان گرتووە واتە لە دەوری کوردستان خەتیان کێشاوە. بەڵام ئێستا وەزع گۆڕاوە، زیاتر لە دوو دەیەیە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی مەڵبەندەکان هاتووەتەدەر و کەوتۆتە بەرچاوی دنیای دەرەوە.

بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە و هێرشی سەدام بۆ سەر کوردستان و ئاوارەبوونی کوردەکان، لە ئورووپا و ئەمریکا دەنگی داوە و زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانە باسی کوردیان هێناگۆڕێ. هەروەها تەلەڤیزیۆنەکان بە شێوەی هەواڵ یا لێکۆڵینەوە و وتووێژ کوردستانیان خستە سەر سەفحەی تەلەڤیزیۆن و تاڕادەیەک خەڵکی دنیایان لە وەزعی کوردستان ئاگادار کرد.

ئەو دەنگوباس و نووسراوانە بوونە هۆی ئەوە کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ تەنانەت دەوڵەتەکانیش ئاوڕێک بدەنەوە سەر مەسەلەی کورد. هەر دەو پێوەندییەدا بو کە هێندێک ژن و پیاوی ڕووناکبیر و بەناوبانگی ئورووپا و ئەمریکا بۆ پارێزگاری مافی ڕەوای گەلی کورد دەنگی خۆیان بەرزکردەوە و داوایان کرد کۆمەڵی جیهانی بەتایبەت دەوڵەتەکان لەوەزیاتر بەرانبەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان بێدەنگ نەبن.

لە ئیسپانیاش لە ناو ژن و پیاوە بە ناوبانگەکانی ڕۆژنامەوانی و سیاسەت و هونەردا هێندێک دۆستی زانا و دڵسۆز بۆ کورد پەیدابوون کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک لە زۆر هەل و هەڵکەوتدا مافی کوردیان پاراستووە و لە خەباتی گەلی کورد پشتیوانیان کردووە. بە هیمەتی ئەو دۆستە دڵسۆزانە لە شارەکانی مادرید و بارسلۆنا و پامپلۆنا و چەند شاری دیکەش گەلێک کۆبوونەوە و خۆپیشاندانیان پێکهێناوە و باسی زمان و فەرهەنگ و خەباتی کوردیان هێناوەتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و پرۆگرامی تەلەڤیزیۆن.

ژمارەی ئەو ژن و پیاوە دڵسۆزانە کە لە ئیسپانیا لایەنگری کوردن لە ۳۰ کەس تێدەپەڕێ. پێویستە ئەو دۆستە دڵسۆزانە بناسین و ڕێز و قەدریان بۆ دابنێین. من کە لەمێژساڵە لە ئیسپانیام و دەگەڵ زۆربەی ئە دۆستانە چاوپێکەوتن و دانیشتنم هەبووە، تێدەکۆشم کورتەباسی ژیانی وان بخەمە سەر لاپەڕەکانی گزینگ بۆ ئەوەی خوێنەرەوانی ئەو گۆڤارەش

ئەوان بناسن.

یەکێک لەو دۆستە دڵسۆزانەی کورد لە ئیسپانیا، ڕۆژنامەوان و کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئیسپانیایی «مانوئێل مارتولێر»ە.

مانوئێل لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی Elizondo لە وڵاتی Nabarra لە ژووروی ئیسپانیا هاتووەتە دنیا. پاش تەواوکردنی خوێندنی پێش دانیشگایی لە زانستگای شاری بارسلۆنا دەورەی ڕۆژنامەوانی خوێند. پاش وەرگرتنی دانیشنامەی لیسانس، مانوئێل لە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا دەستی بە نووسین کرد. مانوئێل زۆر زوو دە ڕۆژنامەوانیدا نێوبانگی دەرکرد و دە ڕۆژنامەی بەناوبانگی El Mundo دا لە شاری مادرید دەستی بە کارکرد و پاش ماوەیەک بوو بە بەرپرسی دێپارتمانی پێوەندییەکانی دەرەوەی ئەو ڕۆژنامەیە.

مانوئێل بۆ ئەوەڵ جار، پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران مەسەلەی کوردی کەوتە بەرچاو و، لە ڕۆژنامەی El Mundo دا چەند نووسراوەی لە سەر کورد بڵاوکردەوە. مانوئێل بۆ ئەوەی زیاتر گەلی کورد بناسێ و بە هەڵەنەچێ، دەگەڵ «ناوەندی دۆستایەتی کورد و ئیسپانیا» کە بە هیمەتی چەند کوردی نیشتمانپەرەوەر لە شاری مادرید دامەزرابوو، پێوەندی و هاتوچۆی دەستپێکرد و بەرپرسی بولتێنی مانگانەی ئەو ناوەندەی وەئەستۆ گرت کە بە زمانی ئیسپانیایی دەردەچوو. مانوئێل بوو بە دۆستی کوردەکانی مادرید و لەلای هەمووان خاوەنی ڕێز و حورمەت بوو.

مانوئێل بۆ ئەوەی کوردان لە ناو وڵاتی خۆیاندا بناسێ چەند جار بە نێوی ڕۆژنامەوان سەری کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریا و عێراقی دا و تەجروبە و زانستێکی زۆری وەدەستکەوت. دەوکاتەدا مانوئێل بۆی دەرکەوت کە لە ئیسپانیا مەسەلەی کورد نەناسراوە و بە زمانی ئیسپانیۆڵی لە سەر کورد هیچ شتێک نەنووسراوە، جا بۆیە هاتە سەر ئەو فکرە کە مێژووی گەلی کورد بە زمانی ئیسپانیۆڵی بنووسێ. مانوئێل هەرچەند دەیزانی کە نووسینی مێژووی کورد پێویستی بە وەخت و پارە و بەڵگە و نووسراوەیەکی زۆر هەیە. بەڵام لە سەر پڕۆژەکەی خۆی سووربوو، کارەکەی دەستپێکردبوو و بەڵێنی بە دۆستانی خۆی دا بوو هەرچۆنێک بێ ئەو مێژووە بنووسێ.

مانوئێل بەشێکی زۆری لە وەختی خۆی بۆ نووسینی کتێبەکە تەرخان کرد. گەلێکی کتێب و بەڵگە و نووسراوە وەدەست خست و هەروەها چاوی بە زۆر پیاوی خاوەن ناوی کورد کەوت و بە شێوەی وتووێژ و پرسیار زانیارییەکی زۆری لە سەر کورد کۆکردەوە، هەر دەو پێوەندییەشدا دەگەڵ ژن و پیاوە بەناوبانگەکانی ئیسپانیا و ئورووپا و هەروەها ڕێکخراوەکانی پارێزگاری مافی مرۆ باسی کوردی هێناگۆڕێ تەنانەت دەهەموو کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێک بۆ لایەنگری لە خەباتی گەلی کورد بەشداری کرد. بەرهەمی ئەو لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و چاوپێکەوتنانە بوونە دەست مایەیەک بۆ ئەوەی مانوئێل بە ئامانجی خۆی بگا و نووسینی مێژووی کوردستان بە زمانی ئیسپانیۆڵی وەدی بینێ. بەڵێ بە هیمەتی ئەو تێکۆشەرە بەرزە، لە ساڵی ١٩٩١ مێژووی گەلی کورد بە زمانی ئیسپانیۆڵی لە ژێرچاپ هاتەدەر و لە ئیسپانیا دەنگی داوە. ناوی کتێبەکە ئەوەیە:

Los Kurdos, Historia de una resistencia

(کوردەکان، مێژووی خەباتێکی بێ وچان)

دە چاوپێکەوتنێکدا دەگەڵ مانوئێل لە شاری مادرید پێم ڕاگەیاند کە بە تەمام باسی نووسراوەکان و تێکۆشانی تۆ دە پێوەندی دەگەڵ کوردستان بۆ گۆڤاری «گزینگ» کە بە کوردی لە سوێد دەردەچێ، بنووسم. پێویستم بە وتووێژێک دەگەڵ تۆ هەیە و پێم خۆشە لە زمان خۆتەوە دەگەڵ خوێنەرەوانی ئەو گۆڤارە بدوێی. مانوئێل زۆری پێخۆش بوو دەگەڵ خوێنەرەوانی کورد پێوەندی هەبێ، بەڵام بە پێی عادەتی ڕۆژنامەوانی گوتی باشتر وایە تۆ پرسیارم لێ بکەی و منیش جوابت بدەمەوە.

ئەوەی لە خوارەوە دێتە بەرچاو پرسیارەکانی من و وەڵامەکانی مانوئێلن:

**پ:** مانوئێل، لە پێش ئەو وتووێژە، کورتە باسی تۆم ئامادە کردووە، بە پێویستی نازانم لە سەرڕا باسی سەردەمی منداڵی و گەنجیت بکەم. جابۆیە پرسیارەکانم لەو سەردەمەوە کە بۆ پاراستنی مافی گەلی کورد دەستت بەکار کرد دەست پێدەکەم. ڕەجایە بە خوێنەرەوانی کورد بێژە تۆ چۆن بوو کەوتیە سەر ڕێبازی کوردناسین و چۆنت ئەوکارە دەست پێکرد؟

**و:** من لە ساڵی ١٩٨٠، ساڵی ئاخری زانستگا پڕۆژەیەکم هەڵگرت کە باسێک لە سەر بەسەرهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بنووسم. دە خوێندنەوەی هێندێک کتێب و بەڵگەدا بۆ ئەوەڵ جار ناوی کوردستانم کەوتە بەرچاو. من پێشتر نێوی کوردم بیستبوو، لام وابوو کورد عەشیرەیەکن کە لە بەشی ژووروی عێراق دەژین و زمان وکولتووری تایبەتی خۆیان هەیە. پاش شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران وەختێک هەواڵەکانی ئەو شۆڕشەم خستە بەرچاو، بۆم دەرکەوت کە لە ئێرانیش وەڵاتێک بو نێوی کوردستان هەیە و دانیشتووانی داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن. هاتمە سەر ئەو فکرە کە پڕۆژەکەم لە سەر ئەو گەلە بنووسم. زانستگام خەبەردار کرد ئەوانیش ئەو فکرەیان پەسند کرد. بۆ نووسینی پڕۆژەکە پێویست بوو ئەو گەلە باشتر بناسم و زانیارییەک لە سەر مێژووی ئەو وەدەست بێنم. پاش ماوەیەک لێم حاڵیبوو کە کوردەکان لە تورکیا و سوریاش هەن وخاوەنی وڵات و زمان و فەرهەنگ و مێژوون. بەڵام وڵاتەکەیان دە ڕابردوودا دابەش کراوە. هەروەها لێم حاڵیبوو کە کوردەکان لە باری سیاسی و ئیدەئۆلۆژییەوە گەلێکی یەکگرتوون و بۆ یەک مەبەست خەبات دەکەن، ئەویش وەدیهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆیە، دەستم کرد بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بەڵام بەداخەوە دیتم بە زمانی ئیسپانیۆڵی لە سەر کورد هیچ کتێبێک نەنووسراوە، چوومە سەر کتێبەکانی ئینگلیزی و زانیارییەکی باشم دەست کەوت. هەر دەوکاتەشدا دەگەڵ ڕێکخراوە پێشکەوتووەکانی ئیسپانیا پێوەندیم دامەزراند و بۆ ئەوەڵ جار لە خۆپیشاندانێکی لایەنگری لە گەلی کورد کە لە شاری پامپلۆنا پێکهات بەشداریم کرد. پاش ئەو خۆپیشاندانە وتارێکم نووسی لە ژێرناوی «فاشیزم دژی گەلی کورد ڕاوەستێن» ئەم وتارە لە ڕۆژنامەیەکی شاری پامپلۆنا چاپ کرا و بڵاوکراوە.

**پ:** تۆ مێژووی کوردستانت بە زمانی ئیسپانیۆڵی نووسیوە. تکایە چۆنیەتی نووسینی ئەو مێژووە بۆ خوێنەرەوانی گزینگ باس بکە.

**و:** وەختێک لێم حاڵی بوو هیچ کتێبێک بە زمانی ئیسپانیۆڵی لە سەر کورد نەنووسراوە، ئەوە منی هاندا بۆ نووسینی مێژووی کورد بە زمانی خۆم. دیارە کارێکی هاسان نەبوو. هەم پێویستی بە وەخت بوو، هەم پارە و هەم زانیاریی. لە سەروەشڕا کە هیچیانم نەبوو لە سەر نووسینی مێژوەکە سوور بووم. نووسینی کتێبەکەم کردە پڕۆژەیەکی سێ لایەن:

١) کۆکردنەوەی کتێب و بەڵگە



٢)سەفەر كردن بۆ كوردستان
٣) چاوپێكەوتنی ژن و پیاوە بەناوبانگەكانی كورد و سەرۆكەكانی حیزبە سیاسییەكان. لە هەر سێك لاوە دەستم بە كار كرد و بێ وچان یادداشتم هەڵگرت و دەفتەر و كاغەزم رەش دەكردەوە. ئەو كارە چوار ساڵی كێشا و لە ساڵی ١٩٩١ كتێبەكە ئامادە كرا بۆ چاپكردن و لە هاوینی ئەوساڵەدا لە ژێر چاپ دەركەوت.

**پ:** پێشوازی لێكرا؟
**و:** بەڵێ، زانستگاكان، كتێبخانەكان، ناوەندەكانی كۆمەڵناسی ئیسپانیا و ئەمریكای لاتین پێشوازییەكی بەرچاویان لێكرد و زۆر زوو هەموو نوسخەكان فرۆشران.

**پ:** ئەو كوردانەی چاوت پێكەوتوون و لە بۆ نووسینی كتێبەكە سوودت لێوەرگرتوون كێن؟
**و:** من مەبەستم لە چاوپێكەوتنی كوردەكان تەنیا نووسینی كتێبەكە نەبوو، بەڵكوو دەمویست لە وتوویژەكانمدا لە زانیاری و ئاگاداریی سیاسی وانیش كەڵك وەرگرم. ئەو نێوانەی لە بیرم مابن ئەوانە بوون:
١- كاك رەحیمی قادری دانیشتووی شاری مادرید كە ئاگادارییەكی روونی لە سەر خەباتی گەلی كورد هەیە.
٢- دوكتور مستەفا عەبدی دانیشتووی مادرید كە لە سەر رێكخراوە سیاسییەكانی كورد زۆری زانیاری دامێ.
٣- كاك بەكر فەتاح نوێنەری یەكێتی نیشتمانی لە ئیسپانیا.
٤- دوكتور رەحمانی قاسملوو لیدەری حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران.
٥- جەلال تاڵەبانی لیدەری یەكێتی نیشتمانی.
٦- مەسعوود بارزانی لیدەری پارتی دێمۆكراتی كوردستانی عێراق.
٧- عەبدوڵڵا حەسەنزادە لیدەری حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران.
٨- زۆرم هەوڵ داوە چاوم بە ئۆجەلان لیدەری پارتی كرێكارانی كوردستانی توركیا بكەوێ، بەڵام تائێستا بۆم نەرەخساوە.
٩- كەندال نەزان بەرپرسی ئاكادێمی كورد لە پاریس.
١٠- لیدەری پارتی سوسیالیستی كوردستان كە بە داخەوە ناوەكەم لە بیر چۆتەوە.
١١- دەگەڵ ئەو كوردانەی كە لە ئیسپانیا دەژین لەمێژە پێوەندی و دۆستایەتیم هەیە و بەڵگە و ئاگادارییەكی بەنرخیان پێداوم.
١٢- دەگەڵ زۆر كەسی زانا و خاوەن بیروباوەڕ لە كوردستانی ئێران و عێراق و توركیا وتوویژم هەبووە كە بە داخەوە نێوی وانم لەبیر نەماوە.

**پ:** باسی سەردانی كوردستانیش بكە، دیارە كوردستان وڵاتێكی بەرینە، بۆ كام بەشی كوردستان چوویت و چیت چاو پێكەوت؟
**و:** بۆ هەر چواربەشی كوردستان چووم. هەموو جارێ بە نێوی رۆژنامەوانی سەفەرم كردووە. ئەوەڵ جار لە ساڵی ١٩٩١ پاش هێرشی عێراق بۆ سەر كوردەكان چوومە ئێران بۆ چاو پێكەوتنی پەنابەرە كوردەكان، سەری شارەكانی سنە، بانە، مەریوان، سەردەشت، سەقز، بۆكان ومەهابادم دا. بەڵام بە داخەوە لە بەر موشكیلەی زمان نەمتوانی دەگەڵ خەڵك وتوێژ بكەم. شۆفیرەكەی كە منی دەگێڕا ئینگلیزییەكی تێكشكاوی دەزانی و بە هەزار زەحمەت قسەی خەڵكی بۆ دەكردمە ئینگلیزی. لە سەرووەشڕا

زانیارییەکی زۆرم لە سەر ژیانی پەنابەرەکان دەست کەوت و وێنەیەکی زۆرم هەڵگرت. هێندێکیشم شتومەکی دەسکردی کوردی لێ وەرگرتن کە دوایە لە پیشانگای کوردستان بەکارم هاتن.

**پ:** چۆن چوویە کوردستانی عێراق و سوریا و تورکیا؟
**و:** بە نێوی ڕۆژنامەوانی زیاتر لە سێ جار چوومە ئەو مەڵبەندانە و زانیارییەکی زۆرم لە سەر شێوەی ژیان و خەباتی گەلی کورد وەدەست خست. لە تورکیاش شارەکانی دیاربەکر و مووش و وان گەڕام. هەرچەند کوردەکان بە ترسەوە جوابی پرسیارەکانی منیان دەداوە، بەڵام چەند کوردی نەترس و ڕووناکبیر زۆر شتیان بۆ ڕوون کردمەوە. لە سوریا چاوم بە کوردەکانی شاری دیمشق و قامیشلی و دێرک کەوت و لە کوردستانی عێراق هەولێر و سولەیمانی و زاخۆ و دەهۆکم دیت و زۆر کەسم چاو پێکەوت.

**پ:** بیستوومە لە تورکیا پۆلیس بەربینگی پێگرتبووی؟
**و:** بەڵێ، لە ساڵی ١٩٩٥ لە تورکیا دەگەڵ گروپێکی ڕۆژنامەوان گیراین. وێنە و نەخشە و نووسراوەکانی منیان زەوت کرد و ١١ سەعات لە ئیستگەی پۆلیس ڕاگیراین. پاشان بە یارمەتی باڵوێزی ئیسپانیا بەریان داین. جارێکیش لە ئێران کاتی وتووێژ دەگەڵ پەنابەرە کوردەکان گیرام، بردیانمە بنکەی پاسداران، ڕایانگرتم تا بەرپەرسێک هات پاش پرسیار و پشکنینی شتومەک بەریان دام.

**پ:** بە چی تاوانبار کرای؟
**و:** لە تورکیا تاوانم ئەوەبوو کە کوردستان گەڕابووم و دە نووسراوەکانمدا باسی کورد و کوردستانم هەبوو. پۆلیسەکانی تورک پێیان گوتم لە تورکیا کورد وجودی نییە و وەڵاتێک بە نێوی کوردستان لێرەدا نییە! لە ئێرانیش لە سەر وتووێژ دەگەڵ کوردان گیرام بەڵام ئێرانییەکان حاشایان لە بوونی کورد لە ئێران نەدەکرد.

**پ:** پێمخۆشە دەبارەی پیشانگاکانت بۆ خوێنەرەوانی گزینگ قسە بکەی.
**و:** پیشانگاکانی کوردستان کە بەرهەمی سەفەرەکانی منن بۆ کوردستان، بریتین لە جلوبەرگی کوردی، کاری دەستی،وێنەی ژیانی گەل و ڕووداوەکانی کوردستان، فیلم و بەڵگە و نووسراوە و کتێبی کوردی و نەخشەی سیاسی و جوغرافیای ئەو وڵاتە...

**پ:** پیشانگاکانت لە کوێ نیشان داون و پێشوازی خەڵک چۆن بووە؟
**و:** پیشانگا لە شارەکانی مادرید، بارسلۆنا، ئالیکانتی و بیلبائۆ و چەند شاری دیکەی ئیسپانیا دامەزرا و پێشوازییەکی گرینگی لێکرا.

**پ:** باوەڕی تۆ لەو بابەتەوە کە تورکیا حاشا لە بوونی کورد دەکا چییە؟
**و:** مێژوو سەلماندوویەتی کە کوردەکان چەند هەزار ساڵ پێش ئەوەی تورک بێنە ئەو مەڵبەندە لەوێ ژیاون و زمان و فەرهەنگ و وڵاتی خۆیان پاراستووە، ئێستاش هەر لە وڵاتی خۆیان دەژین و ژمارەی وان نیزیکەی ٢٠ میلیۆنە. حاشای تورکەکان لە بوونی گەلی کورد هەڵەیەکی پڕمەترسی یە و، خوێن ڕشتن و شەڕی ناوخۆ لە تورکیا درێژە پێدەدا.




**پ:** پاشەڕۆژی گەلی کورد چۆن دەبینی؟
**و:** بێگومان مەسەلەی کورد بۆ دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەسەلەیەکی زۆر گرینگە و سەرنجی ئورووپا تەنانەت ئەمریکای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئێستا مەسەلەی کورد موشکیلەیەکی ناوخۆی داگیرکەرەکان نییە، بەڵکوو مەسەلەیەکی جیهانی یە و دەگەڵ ئاشتی و هێمنایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێ دراوە. هەموو کەس دەزانێ کە دیمۆکراسی و مافی پاشەڕۆژی گەلان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مافی ڕەوا ناسراوە. ناکرێ کوردەکان لەو مافە بێبەش بکرێن. بەڵام خەباتی گەلی کورد دە وەدەستهێنانی ئەو مافەدا گرینگییەکی تایبەتی هەیە و هەر ئەو خەباتەیە کە مافی سەربەخۆیی بە دەست دێنێ. بەڵام پێموایە کە مەسەلەی کورد بەش بەش حەل دەبێ نەک بە تێکڕایی.

**پ:** تۆ بۆ لاینگری لە کورد دەکەی؟
**و:** من پیاوێکی بەشەردۆستم. باشترین شێوەی وەدیهێنانی بیروباوەڕی بەشەردۆستانە لایەنگری لە کوردە. چونکە هیچ گەلێک نییە لەم جیهانەدا کە هێندەی کورد مافی پێشێل کرابێ.

**پ:** سوپاست دەکەم دەگەڵ هیوای سەرکەوتنت.
**و:** من سوپاسی تۆ دەکەم کە ئەو فرسەتەت داومێ دەگەڵ هێندێک لە براکوردەکان بدوێم. ئاواتی پاشەڕۆژێکی ڕوون بۆ گەلی کورد.

مادرید ١٩٩٩

# میر جەلادەت بەدرخان

لەندەن: محەمەد ڕەسووڵ هاوار

میر جەلادەت یەکێک بووە لە کوردە زانا و زیرەکەکانی بنەماڵەی بەدرخان و، یەکێک بووە لە نیشتمانپەروەرانی کورد کە هەتا دوا هەناسەی ژیانی خۆی بۆ خزمەتی میللەتەکەی و گەشەپێدانی زمانی کوردی و ڕۆشنبیریی کورد تەرخانکردووە.

نووسینێکی تێروتەسەل دەربارەی ژیانی میر جەلادەت و خەبات و تێکۆشان و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی و بەرهەمەکانی لە ناو چەند لاپەڕەی گۆڤارێکدا تەواو نابێت و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم بە پێی توانا کورتە باسێک پێشکەش بکەم بە خوێنەرەوانی گزینگ.

میر جەلادەت بەدرخان کوڕی ئەمین عالی بەدرخان کوڕی عەبدولخالق بەدرخانی کوڕی بەدرخان پاشای گەورە بووە (کە لە ساڵی ١٨٦٨دا کۆچی دوایی کردوە) و، بەدرخان پاشا لەو سەرکردە کوردانە بووە کە ئیمانی بە یەکپارچەیی کوردستان هەبووە، بۆیە لە ئێرانیشدا، بەر لەوەی دژی حکوومەتی تورکی عوسمانی ڕاپەڕێت دژی حکوومەتی شای ئێران شۆڕشی کردووە. بۆ ئاسانکردنی باسەکە هەوڵدەدەم وتارەکە بکەم بە سێ بەشەوە:

**یەکەم: مێژووی ژیانی جەلادەت بەدرخان**

**دووهەم: خەبات و تێکۆشانی**

**سێهەم: بەرهەمە ڕۆشنبیرییەکانی و ڕۆڵی جەلادەت لە ڕۆژنامەگەریی و زمانەوانی و بایەخدانی بە ئامادەکردنی پیتی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی.**

## یەکەم: مێژووی ژیانی جەلادەت بەدرخان

هەروەکوو «کونێ ڕەش» لە بیرەوەری تێپەڕبوونی چل ساڵ بە سەر کۆچی دوایی جەلادەت بەدرخان لە ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٩٢ی گۆڤاری (هیوا) ئەنستیتووتی کورد لە پاریسدا گوتوویەتی جەلادەت لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا چۆتە مەکتەبی حەربیە لە ئەستەمبوڵ و، کە شەڕی جیهانی یەکەم دەستی پێکردووە، ئەویش وەکوو هەموو هاووڵاتییەکی ناو وڵاتی عوسمانی لەو شەڕەدا بەشداریی کردووە و کراوە بە لێپرسراوی چەک و جبەخانەی سوپا و لە ناوچەی قەفقازدا گەیشتۆتە شاری (باکۆ). میجەر نۆئێل کە لە ساڵی ١٩١٩دا گەشتێکی بە باکووری کوردستاندا کردووە (لە ١٩١٩/٦/١٤ تا ١٩١٩/٩/٢١) کە ئەو گەشتە بە دووروودرێژی لە دوکۆمێنتی ژمارە (Fo. 35-13947)ی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا تۆمار کراوە کە بریتی یە لە ٧٦ لاپەڕە و ٦١ وێنە و دیمەنی کوردستان و چەند سەرۆکی کوردی تێدایە کە میجەر نۆئێل چاوی پێیان کەوتووە و گفتوگۆی لەگەڵدا کردوون. لەو گەشتەیدا جەلادەت بەدرخان و کامەرانی برای و ئەکرەم بەگی جەمیل پاشای دیاربەکری لەگەڵدا بووە و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە یادداشتەکانیدا گوتوویەتی نیازوابوو منیش لەو گەشتەدا لە گەڵیان بم، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەمتوانی بچم و لە جیاتی من «فایقی طاپو»چوو. سەیر ئەوەیە لەو گەشتەدا میجەر نۆئێل باسی فایقی طاپۆی نەکردووە و وادیارە تەنها تا گەیشتووەتە لای کوردەکانی باکوور لەگەڵیان بووە و ئیتر گەڕاوەتەوە.

گەشتەکەی نۆئێل بۆ باکووری کوردستان لەو ڕۆژانەدا بووە کە تاقمەکەی مستەفا کەماڵ دژی خەلیفەی عوسمانی لە ئەستەمبوڵدا ڕاست بووبوونەوە و ئینگلیزەکان نۆئێلیان بۆ ئەوە ناردبوو کە پێوەندی بە کوردی باکوورەوە بکات و قایلیان بکات بە بەڵێن و پەیمانی مستەفا کەماڵ و تاقمەکەی هەڵنەخەڵەتێن، ئەگەرچی کەمالییەکان توانیبوویان ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی کورد بکەن بە لایەنگری خۆیان و، لەوشەڕەدا کە دژی یۆنانییەکان کردیان ژمارەیەکی زۆری کورد شانبەشانی تورک شەڕیان کردبوو. بێجگە لەو مەبەستەش، میجەر نۆئێل لە گەشتەکەیدا بەو مەبەستانە گەیشتبوو کە بۆی نێردرابوو. «مس بیل»ی سکرتێری مەندوبی سامی بریتانیا لە بەغدا لە کتێبەکەیدا (فصول من تاريخ العراق القريب، ترجمە جعفر خياط) بە ئاشکرا گوتوویەتی نۆئێل بە سەرکەوتوویی لەو گەشتەیدا گەڕاوەتەوە. زۆرکەس لەو ڕۆژانەدا بە هەڵەدا چووبوون و لایان وابوو حکوومەتی بریتانیا نۆئێلی بۆ ئەوە ناردبوە باکۆری کوردستان هەتا ڕێگا خۆش بکات بۆ دروستبوونی حکوومەتێکی کوردی کە یەکێک لەوانە مامۆستا ڕەفیق حیلمی بووە کە لە بەشی یەکەمی یادداشتەکانیدا وای بۆچووبوو. بەڵام لە دواییدا ئەویش بۆی ڕوون بووبۆوە کە نۆئێل بۆ سوودی حکوومەتەکەی خۆی نێردرابوو بۆ باکووری کوردستان نەک بۆ چاکەی کورد هەروەکوو لە بەشی سێهەمی یادداشتەکانیدا دانی پێداهێناوە (بەشی سێهەمی یادداشتەکانی لە ساڵی ١٩٩٢دا لەلایەن دوکتورە پاکیزەی کچی چاپ و بڵاوکراوەتەوە).

هەرچۆنێک بووبێت، ئەو دوکۆمێنتەی باسی ئەو گەشتەی نۆئێلی تێدا تۆمارکراوە، زۆر گرینگە و زانیارییەکی زۆری تێدایە دەربارەی کۆمەڵگەی باکووری کوردستان لەو ڕۆژەدا (لە بەرگی دووهەمی ئەو کتێبەی بە ناوی:

**تورکەکان لە ساڵی ١٩١٩دا پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد ئەمین عالی بەدرخان بکەن بە والیی دیاربەکر، بەڵام دەیانزانی کەڵکەڵەی سەربەخۆیی کورد و ئازادیی کورد شتێک نەبوو کە بیگۆڕێتەوە بە پلە و پایەی ناو دەزگای حکوومەت.**

"*باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی*" بە دەستمەوەیە، هەوڵدەدەم خاڵە گرینگەکانی بخەمە بەرچاوی خوێنەرەوان).

میجەر نۆئێل لەو گەشتەیدا باسی ژمارەیەک لە بنەماڵەی بەدرخانی کردووە و دەربارەی ئەمین عالی بەدرخانی باوکی جەلادەت گوتوویەتی:

«ئەمین عالی بەدرخان کەڵەپیاوێکی گەورە و ناسراوی بنەماڵەی بەدرخانی یە و مرۆڤێکی بالابەرزی ڕدێن سپیی بەسام و شەوکەتە و، ڕێزێکی زۆری لێدەگرێت لە ناو کوردەکاندا بە تایبەتی لە ناوچەی (بۆتان)دا.

تورکەکان لە ساڵی ١٩١٩دا پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد ئەمین عالی بەدرخان بکەن بە والیی دیاربەکر، بەڵام دەیانزانی کەڵکەڵەی سەربەخۆیی کورد و ئازادیی کورد شتێک نەبوو کە بیگۆڕێتەوە بە پلە و پایەی ناو دەزگای حکوومەت.

ئەمین عالی بەدرخان کە لە لایەن حکوومەتەوە (مەبەست حکوومەتی خەلیفە و سولتان بووە کە هێشتا لە ئەستەمبوڵ و هەندێ ناوچەی تردا دەسەڵاتیان مابوو ـ ر. هـ) دەسبەسەربوو و دووجار تەقەلای خۆرزگارکردنی دا و جارێک لە طرابلس و جارێکی تریش لە بایەزید گرتیانەوە و بە دەسبەسەری نێردرایەوە بۆ ئەستەمبوڵ».

نۆئێل لەو گەشتەیدا لە باسی جەلادەت کە لەگەڵیاندا بووە، گوتوویەتی:

«جەلادەت پیاوێکی ڕەوشت بەرزە و دڵ وەدەروونێکی زۆر پاکی هەیە و یاریدەدەری سەرنووسەری ڕۆژنامەی (سەربەستی/sarbesti)یە کە لە ئەستەمبوڵ دەردەچێت و ڕۆژنامەکە ڕێبازێکی دۆستانەی هەیە بەرامبەر بە بریتانیا».

بەداخەوە هیچ سەرچاوەیەکم دەستگیر نەبوو کە باسی ئەو ڕۆژنامەیە و سەرنووسەرەکەی بکات. نۆئێل لە هەمان دوکۆمێنتدا لە باسی ئەکرەمی جەمیل پاشادا کە ئەویش وەکوو جەلادەت لەگەڵیدا بووە گوتوویەتی:

«ئەکرەمی جەمیل پاشا گەنجێکی لێهاتووە و لە بەلجیکا خوێندنی تەواو کردووە و زۆر بە پرۆشە بۆ ئەوەی کوردستان بخرێتە ڕێژ چاودێریی (انتداب/Mandub)ی بریتانیاوە».

میجەر نۆئێل لەو دوکۆمێنتەدا باسی شەش کوڕی ئەمین عالی بەدرخانی کردووە کە بریتین لە:

١- سورەیا بەدرخان(ڕۆژنامەنووس لە میصر)

٢- حیکمەت(مودیر لە شاری قونیە)

٣- جەلادەت: کە ئەوکاتە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا بووە. ئەمەی نۆئێل دەربارەی تەمەنی جەلادەت کە لە ساڵی ١٩١٩دا باسی کردووە بە ڕاستترین سەرچاوە دەژمێردرێت، چونکە ئەوەی لە دەمی خۆی بیستووە بەوپێیە دەبێ جەلادەت لە ساڵی ١٨٩٤ لە دایک بووبێ کە لە گەڵ هەندێ سەرچاوەی تردا یەک ناگرێتەوە، بۆ نموونە:

ئا) کۆنێ ڕەش لە یادی چل ساڵەی کۆچی دوایی جەلادەت کە لە ژمارە ٨ی گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ جەلادەت لە ١٨٩٢/٤/٢٦ لە دایک بووە.

ب) صادق بەهائەدین (لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەغدا، ساڵی ١٩٨٠) گوتوویەتی کە جەلادەت لە سەرێ بینانا ساڵا ١٨٩٢ لە دایک بووە.

ج) دوکتورە ناهیدە ڕەفیق حیلمی (لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٣٩، ساڵی ١٩٩٩٧) گوتوویەتی لە ١٩٨٧/٤/٢٦ لە ئەستەمبوڵ لە دایک بووە.

(هەموو سەرچاوەکان بە شێوەیەکی گشتی گوتوویانە دایکی جەلادەت لەو ژنە چەرکەسییەبووە کە ئەمین عالی بەدرخان لە ئەستەمبوڵ مارەی کردبوو هەروەکوو لە دواییشدا باسی دەکەین).

٤- کامەڕان (نوئل گوتوویەتی تەمنی ٢٤ ساڵان بووە)

٥- تۆفیق (لە مونیخ دەخوێنێت)

٦- سەفدەر (Sefder) لە گەڵ باوکی لە ئەستەمبوڵ بووە(مەبەست ساڵی ١٩١٩یە).

دەربارەی باسی ژیانی خێزانی جەلادەت، دوکتورە ناهیدە حیلمی لە باسەکەیدا گوتوویەتی : «جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ١٩٣٥دا «ڕەوشەن بەدرخان»ی کچی میر سالح بەدرخانی مارە کردووە (کۆنێ ڕەش لە باسەکەیدا گوتوویەتی ڕەوشەن بەدرخان پس مامی جەلادەت بووە) و کوڕێک و کچێکیان بووە کە کوڕەکە ناوی (جەمشید)ە کە دوکتورە لە ئاڵمانیا (کۆنێ ڕەش لە باسەکەیدا گوتوویەتی جەمشید ژنێکی ئاڵمانی هێناوە و کوڕێکی بووە ناوی ناوە «کوردۆ» و کچێکیش کە ناوی نابوو «ئەڤین»). جەلادەت بێجگە لە جەمشید کچێکیشی بووە کە ناوی سینەم خان بووە کە شووی کردووە بە صلاح سەعدوڵڵای موهەندیس کە خەڵکی زاخۆ بووە.

ئەوەی شایانی باسە دایکی جەلادەت کە چەرکەسی بووە، هەروەکوو دوکتورە ناهیدە باسی کردووە، ناوی (سەنیحە)بووە کە بە (سەنیحەخان زێڕین) بەناوبانگ بووە.

دوکتورە ناهیدە لە باسەکەیدا دەربارەی ژیان و گوزەرانکردنی جەلادەت لەو ماوەیەدا کە لە سوریا بووە گوتوویەتی: «جەلادەت لە دوای ژنهێنان، بۆ دابینکردنی ژیانی خێزانی، بوە بە مامۆستای زمانی فەڕەنسی لە قوتابخانەیەکی پیشەسازی لە دیمشق لە ساڵانی ١٩٣٤-١٩٣٦ و پاش ئەوەش بۆتە مەحامی کۆمپانیای (ڕێژی) کە کۆمپانیایەکی توتن بووە و فەڕەنسەییەکان خاوەنی بوون.

دوکتورە ناهیدە باسی نامەیەکی جەلادەتی کردووە کە وەک وەسیەتنامەیەک بووە و لە دوای کۆچی دوایی نێرراوە بۆ جەمشیدی کوڕی، ئەمەی خوارەوە ئەم نامەیەکە باسی کردووە: «دەبوو بم ووتایە ئەی ڕووناکایی چاوم، چونکە بە ڕاستی کوڕ ڕووناکایی چاوی باوکێتی، ساتێک باوک گەورە دەبێت و پیر دەبێت و چاوی کز دەبێت، وا دەزانێت بە چاوی کوڕەکەی سەیری جیهان دەکات و بەوە تاریکایی پیری و تەنهایی دەڕەوێتەوە و ڕووناکایی چاوی تازە دەبێتەوە.

تۆ دەزانیت چارەنووسی باوکت نائاسایی بوو لە گەڵ زانیاری و ئارەزووی جێگەی، بەڵام دەتوانیت هیوا لە دەروونیا زیندووبکەیتەوە و چارەنووسی

ڕاست بکەیتەوە، بەڵام چۆن؟ پێویست نییە باسی ئەوە بکەم چونکە ئێستا دەتوانیت گشت شتێک تێبگەیت و چاکە و خراپە لێک جیابکەیتەوە... بەڵێ... چۆن؟ بە تێکۆشان و بە هەوڵدانت».

دەربارەی ژیانی جەلادەت و کۆچی دوایی، هەموو سەرچاوەکان لە سەر ئەوەن کە جەلادەت لەساڵی ١٦/٧/١٩٥١دا لە شام کۆچی دوایی کردووە .

صادق بەهائەدین لە باسەکەیدا گوتوویەتی لە کۆتایی ژیانیا ، جەلادەت لە ناو زەوییەکانی حوسێن بەگدا (کۆنێ ڕەش لە باسەکەیدا بە حوسێن بەگی هەبیشی ناوی بردووە ) ، خەریکی چاندنی پەموو (لۆکە) بووە و لەو زەوییە بیرێکی هەڵکەندووە و عەنباراوێکیشی کردووە بۆ ئاودانی پەمووەکە و. ڕۆژێک ئەو عەنباراوە تەقیوەتەوە و لێواری بیرەکەی تەپاندووە کە لەو کاتەدا جەلادەت لە لێواری بیرەکەدا بووە و بەخۆی و خۆڵ و بەردی لێواری بیرەکەوە کەوتۆتە ناوبیرەکەوە و دوای ماوەیەک ئەوسا فریا کەوتوون و لە بیرەکە دەریان هێناوە و بردوویانە بۆ خەستەخانەیەکی فەرەنسییەکان لە دیمشق. بەڵام فریای ڕزگارکردنی نەکەوتبون وگیانی دەرچووبوو...

دوکتورە ناهیدەش باسی کۆچی دوایی جەلادەتی هەر بەو شێوەی صادق بەهائەدین کردووە. ئەوی ڕاستی بێ، من باسی کۆچکردنەکەیم بە شێوەیەکی تر بیستووە و لە ساڵی ١٩٩٥دا کە چووم بۆ شام (بۆ ئەوەی بە دوای چەند سەرچاوەیەکی مێژووییدا بگەڕێم دەربارەی باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی)، چوومە سەر گۆڕەکەی جەلادەت بەدەرخان و وێنەیەکم گرت. لەوێ بە هۆی برادەرێکەوە لەلایەن کوڕی ئەو حوسێن بەگەی کە باسی لێوەکرا بۆ نیوەڕۆیە دەعوەت کرام و باسی چۆنێتی کۆچی دوایی جەلادەتی بۆ کردم و، گوتی جەلادەت کە لە کۆتایی ژیانیا تەواو نائارام و پەست و غەمبار و نائومێد بووبوو بەرامبەر بە دوارۆژی کورد، سەری کردبوە سەر خواردنەوە و، ڕۆژێک کە لەناو پەمووەکانیدا بە تەنها دەبێ، ئەو ڕۆژە زۆر دەخواتەوە و وادیاربوو لە لێواری بیرەکەدا ڕاوەستاوە و لەنگەری تێکدەچێت و دەکەوێتە خوارەوە و بەوە کۆچی دوایی کرد و فریای ڕزگارکردنی نەکەوتبن کە ساتی خۆی جەلادەت هەر خۆشی ئەو بیرەی ناونابوو (بئرالقدر). هەم دوکتورە ناهیدە و هەم صادق بەهائەدینیش باسی ئەو بئرالقدرەیان کردووە.

هەرچۆنێک بوو بێت، جەلادەت بەدرخان کە هێشتا بەبەریەوە مابوو خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات، هیوا و ئاواتەکانی لەگەڵ خۆیدا ناشت و بە نائومێدی سەری نایەوە و ماڵئاوایی لە خاکی نیشتمانەکەی کرد، ئەو نیشتمانەی کە (هەروەک سەبری بۆتانی بۆ صادق بەهائەدینی باس کردووە) جەلادەت بارەها چۆتە سەر شوێنە بەرزەکانی سەرسنووری سوریا و باکووری کوردستان و لەوێوە بە دووربین سەیری خاکی جزێر و بۆتانی کردووە و بەوە تۆزێک سەبووری بە دڵیا هاتووە.

## دووهەم: خەباتی سیاسی جەلادەت بەدەرخان

جگە لەو باسەی کە لە گەشتەکەی میجەر نۆئێلدا لە ساڵی ١٩١٩ کرابوو، جەلادەت تێیدا بەشدابوو، لام وایە جەلادەت هەروا بە خۆڕایی دوای نۆئێل نەکەوتبوو. بەڵکوو ئەویش وەکوو زۆربەی کوردی ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژانە لای وابووە حکوومەتی بریتانیا پێشگیریی نەتەوەی کورد دەکات بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆ و بە ئومێدی ئەوەبووە

**حکوومەتی بریتانیا لە سوودی سەرمایەدارێتی خۆی بەولاوە هیچ مەبەستێکی تری نەبووە و ڕاستیی ئەم بۆچوونە لەو کەمتەرخەمییەی بریتانیادا ڕوون بووەوە کە پەیمانی سێڤر پشت گوێ خرا و لە پەیمانی لۆزاندا بە ئاشکرا ئاواتەکانی کورد زیندە بە چاڵ کرا و کەماڵییەکان بوون بە دەستڕۆیشتوو و کەڵەگا و لە بەڵێنییەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە کە بە کوردیان دابوو.**

ماددەکانی پەیمانی سێڤر کە هیوایەکی تازەی دەبخشی بەکورد، ئاواتەکانی میللەتی کورد بەدیدێنێت. بەڵام حکوومەتی بریتانیا لە سوودی سەرمایەدارێتی خۆی بەولاوە هیچ مەبەستێکی تری نەبووە و ڕاستیی ئەم بۆچوونە لەو کەمتەرخەمییەی بریتانیادا ڕوون بووەوە کە پەیمانی سێڤر پشت گوێ خرا و لە پەیمانی لۆزاندا بە ئاشکرا ئاواتەکانی کورد زیندە بە چاڵ کرا و کەماڵییەکان بوون بە دەستڕۆیشتوو و کەڵەگا و لە بەڵێنییەکانی خۆیان پاشگەزبوونەوە کە بە کوردیان دابوو. هەموو کۆمەڵە و گۆڤار و ڕۆژنامەکوردییەکانیان داخست و حوکمی ئیعدامی زۆر کوردیان دەرکرد کە یەکێک لەو حوکمانە ئیعدامی ئەمین عالی بەدرخان و هەر سێک کوڕەکەی سورەیا و جەلادەت و کامەڕان بوو. دوای ئەو حوکمە بە ناچاری ڕوویان کردە میصر و کامەڕان و جەلادەت لەوێوە چونە ئاڵمان و لەوێ، کامەڕان دوکتورای وەرگرت لە قانووندا، جەلادەتیش لیسانسی وەرگرت و دوای ماوەیەک چوو بۆ بیروت (کە ئەوسا ماڵی خەلیلی مامی لەوێ بوو ). بەرلەوەش کە شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران دەستی پێکردبوو لە ساڵی ٢٤-١٩٢٥دا، جەلادەت خۆی گەیاندبوە کوردستان بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەو شۆڕشەدا و ساتێک شۆڕشەکە لەناوبرا،دووبارە وڵاتی بەجێهێشت و ڕوویکردە وڵاتانی دەرەوە و لە دواییدا لە بیروتەوە لە ٢٥/٨/ ١١٩٣٠دا چوو بۆ شام و لەوێ بوو بە میوانی «عەلی ئاغای زیلفو) و جەلادەت ئەو ڕۆژانەی ڕووی کردبوە بیروت و شام، کۆمەڵی «خۆیبوون»دروست بووبوو. جەلادەت یەکێک بوە لە ئەندامانی دامەزرێنەری ئەو کۆمەڵە بە سەرۆکایەتی سوریا بەدرخان کە ئیحسان نووری پاشا لە کاتی شۆڕشی ئاگری داغدا سەرکردەی هێزەکانی کوردی کردبوو.

## سێهەم: بەرهەمی ڕۆشنبیری و زمانەوانی جەلادەت بەدرخان

جەلادەت وەکوو چۆن لە سەردەمی لاوێتی خۆیدا بایەخی دابوو بە خەباتی شۆڕشگێڕانە و یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵی «خۆیبوون» کە سەرپەرشتی شۆڕشی ئاگری داغی کردووە و جەلادەت یەکێک بووە لە ڕۆشنبیرانی ناو ئەو کۆمەڵە کە بەرهەمەکانی خۆی لە ڕیزی زنجیرەی بلاوکراوەکانی «خۆیبون»دا چاپکراوە و بلاوی کردۆتەوە. بەو جۆرەش بایەخێکی زۆری داوە بە ڕۆژنامەگەریی و زمانەوانی و دانانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی کە تاڕادەیەکی باش ئەو تەقەلایەی سەری گرتووە و کاری خۆی کردووە.

تەقەلاکانی جەلادەت بۆ ئەو مەبەستانە باسێکی دوورودرێژە و، لە ڕاستیدا ویستوویەتی بۆچوونەکانی ئەحمەدی خانی بە جێبێنێت کە

فەرمووبەتی شیر و خامە هەردووکیان پێکەوە چەکێکی کاریگەرن لە ڕێبازی خەباتی میللەتی کورددا بۆ ڕزگاربوون و بۆ ئازادی و سەربەستی و لێرەدا هەوڵدەدەین کورتەیەکی ئەو چالاکییانەی جەلادەت بخەینە بەرچاوی خوێنەرەوان.

جەلادەت کە گەیشتۆتە شام و ئەوێی کردووە بە دوامەنزلگەی ژیانی خۆی، جگە لە نووسین و چاپکردنی بەرهەمەکانی بایەخێکی زۆری داوە بە دوو شتی گرینگ کە بریتی بوون لە دەرکردنی گۆڤاری (هاوار) و (ڕووناهی) یەک لە دوای یەک و دانانی پیتی لاتینی بۆ نووسینی کوردی دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە پیتی عەرەبی کە جاران زمانی کوردی پێ دەنووسرا بەباشی دەنگەکانی زمانی کوردی پێ نەدەخرایە ڕوو.

**لە کاتی خۆیدا لە زەمانی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە میصر چەند ژوورێک تەرخانکرابوو بۆ ئەو کوردانەی لە کوردستانەوە ڕوویانکردۆتە جامعەی ئەزهەر بۆ خوێندن لەو ژوورانەدا ژیاون و حکوومەت پارەی بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە ئەمە تاقە میراتی دەوڵەتی ئەیوبی بووە بۆ کورد مابووەوە.**

**١) گۆڤار:**

دەربارەی ئەو گۆڤارانەی جەلادەت بەدرخان دەری کردوون کە بریتین لە گۆڤاری (هاوار) و (ڕووناهی)، هەموو سەرچاوەکان لە سەر ئەوەن کە یەکەم ژمارەی گۆڤاری هاوار لە ڕۆژی ١٥ی ئایاری سالی ١٩٣٢دا چاپکراوە و بلاوکراوەتەوە کە ژمارەکانی هەتا ١٩٣٥٨/١٨بریتی بووە لە (٢٦) ژمارە و پاش ئەوەی ماوەیەک لە دەرچوون وەستاوە، جارێکی تر ژمارە ٢٧ی لە ڕۆژی ١٩٤١/٤/١٥دا دەرچووە و ئیتر هاوار لە دەرچوون وەستاوە (بەو بۆنەوە من شانازی بەوە دەکەم کە نازناوی خۆم ـ هاوار ـ لەو گۆڤارەوە وەرگرتووە). گۆڤاری هاوار جگە لە بلاوکردنەوەی باسەکانی بە شێوەی کرمانجی ژووروو هەندێ جار باس و شێعریشی بە شێوەی کرمانجی خواروو (کە بە هەڵە پێی دەگوترێ سۆرانی) بلاوکردۆتەوە، بۆ نموونە لە ژمارە ٢٢ی ڕۆژی ١ی تەمووزی ١٩٣٢دا شێعرێکی شێخ سەلامی شاعیری بلاوکردۆتەوە کە ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکیتی:

**عەصەبە الامم کۆمەڵی گەورە**
**بە پێچ و پەنا، بە فێڵ و دەورە**
**بە جۆش و کوڵ بووی بۆ کوردی هەژار**
**دەت ووت: ئەم قەومە دەکەم ڕەستگار**
**ئەگەر ڕاست ئەکەی هەڵی سووڕێنە**
**بەس بۆ سیاسەت هەڵمانپەڕێنە**
**تەریق نابیتو تۆ چیت پێ ئەکەن**
**کوتەکی دەستی (میستر ئەندرسەن) ؟!**

ئەو میستر «ئەندرسەن»ەی شێخ سەلام ناوی هێناوە وەزیری دەرەوەی بریتانیا بووە لە نێوانی ١٩٢٩ - ١٩٣١دا. لە دوای داخستنی گۆڤاری هاوار، جەلادەت گۆڤاری (ڕووناهی) دەرکردووە کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١ی نیسان ١٩٤٢ دا دەرکردووە و، بە هەمووی ٢٨ ژمارەی لێ دەرچووە و دوا ژمارەشی لە مانگی ئازاری سالی ١٩٤٥دا دەرچووە (هەروەکوو صادق بەهائەدین باسی کردووە) کەچی لە ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا جەمال خەزنەدار گوتوویەتی یەکەم ژمارەی لە تەشرینی یەکەمی سالی ١٩٤١دا دەرچووە.

**٢- بەرهەمە چاپکراوەکان:**

جەلادەت جگە لەو دوو گۆڤارەی باسکرا گەلێک بەرهەمی ڕۆشنبیریی و زمانەوانیی خۆی چاپکردووە یا بە دەستخەت ماوەتەوە، کە هەندێکیان لە ڕیزی زنجیرەی بلاوکراوەکانی کۆمەڵی «خۆیبوون»دا چاپ و بلاوکراونەتەوە کە بە پێی ئەو سەرچاوانەی وەکوو کۆنێ ڕەش و دوکتورە ناهیدە و صادق بەهائەدین لەو باسە دواون، ئەمانەی خوارەوەن:

١- کتێبی (القضیه لاکردی) کە بە ناوی (بلەچ شێرکۆ)وە جارێکی تر چاپکراوەتەوە.

هەروەکوو صادق بەهائەدین لە باسەکەیدا لێی دواوە، ئە وکتێبە لەلایەن جەلادەت بەدرخانەوە بە فەرەنسی چاپ کراوە و لە دواییدا لە سەر داوای مامۆستا (عومەر وەجدی) کە ماوەیەک شێخی ڕەواق الاکراد بووە لە جامعەی ئەزهەر. لە کاتی خۆیدا لە زەمانی دەوڵەتی ئەیوبیدا لە میصر چەند ژوورێک تەرخانکرابوو بۆ ئەو کوردانەی لە کوردستانەوە ڕوویانکردۆتە جامعەی ئەزهەر بۆ خوێندن لەو ژوورانەدا ژیاون و حکوومەت پارەی بۆ ئەوە تەرخان کردووە کە ئەمە تاقە میراتی دەوڵەتی ئەیوبی بووە بۆ کورد مابووەوە. بەلام بەداخەوە لە زەمانی جەمال عەبدولناصر دا حکوومەت ئەو پارەیەی بۆ ڕەواق الاکراد تەرخان کردبوو، وەکوو زۆر شوێنی تر، ئەو پارەیە برا و لەوساوە کورد بێبەش بووە لەو میراتە و، وەکوو جارێک لە قاهیرە لە کوردێکم بیست مامۆستا عومەر وەجدی تەقەلایەکی زۆری دابوو بۆ بوژاندنەوەی ئەو شوێنە، بەلام تەقەلاکەی بێسوود بووە، ئەو کتێبەی جەلادەت لەلایەن محەمەد عەلی عەونی کراوە بە عەرەبی و جارێکی تر لە سالی ١٩٨٦دا بە ناوی (بلەچ شێرکۆ)وە لە بیروت چاپکراوەتەوە.

٢- ڕێزمانا ئەلفا بێ یا من، لە کتێبخانەی هاوار چاپکراوە.

٣- ڕووپەلێن ئەلفا بێیێ، لە ژمارە٢ی چاپکراوەکانی خۆیبووندا باسکراوە کە لە کتێبخانەی هاوار چاپ کراوە.

٤- بشیا پیغەمبەر بە کوردی (دومل)، بە دەیباچەی جەلادەت بەدەرخان ـ زنجیرەی پێنجەمی کتێبخانەی هاوار.

٥- مەکتوب ژ مصطفی کمال پاشا بیرا، زنجیرەی شەشەمی کتێبخانا هاوار.

٦- گرامیر کورد ـ ڕێزمانا کوردی بە زمانی فەرەنسی ـ سالی ١٩٤٢ چاپکراوە.

٧- ژ مەسەلا کوردستانی ـ زنجیرەی هەشتەمی چاپکراوی کتێبخانا هاوار.

٨- گرامیر کورد ـ ڕێزمانی کوردی بە زمانی فەرەنسی بە ناوی جەلادەت و «ڕوجێ لیسکۆ»، سالی ١٩٧٠ لە پاریس چاپکراوە.

**جەلادەت هەستی بەوە کردبوو کە هەندێ دەنگ هەیە لە زمانی کوردیدا وەکوو (چ، ڤ، ێ) بە پیتی عەرەبی ناتوانرێ بنوسرێن، جەلادەت گوتوویە لەبەر ئەوە کەوتمە سەر خولیای فێربوونی زمانەکانی تر وەکوو فەرەنسی و یۆنانی و هەوڵمدا ئەلفوبێی رووسی فێربم بۆ ئەوەی بزانم ئەوان چۆن چارەسەری ئەو دەنگانەیان کردووە کە نووسینی لە کوردیدا ئاسان نییە بە پیتی عەرەبی**

٩- فەرهەنگا کوردی فەرەنسی ـ دستنووس ـ لەلایەن رەوشەن بەدەرخانی خێزانییەوە ساڵی ١٩٧١ دراوە بە کۆڕی زانیاری لە بەغدا.

١٠- ئەوەی شایانی باسە، جەلادەت بەدرخان و لوسی پول مارگریت نامیلکەیەکیان بە فەرەنسی چاپکردبوو دەربارەی شێعری کوردی و، مامۆستا رەفیق حیلمی ئەو کتێبەی لە فەرەنسیەوە کرد بە عەرەبی و، هەوڵێکی زۆرم دا بزانم ئاخۆ ئەو شێعرانەی لەو سەرچاوەیەدا باسکراون کوردییەکانی کامەن. لە سەرەتای ساڵی حەفتاکاندا چەند شێعریم لە عەرەبییەکەی مامۆستا رەفیق حیلمی یەوە کرد بە شێوەی کرمانجی خواروو کە یەکێک لەوانە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم شێعرێکی (عەلی تەرموکی) بوو کە شێعرەکە دڵێ:

**پەریخان شێوەی زمانی کوردی دانەی یاقووتە**
**ملواتکەیەکت بۆ لێبهۆنمەوە مەعدەنی رووتە**

بەڵام بەداخەوە ئەوانەش لەگەڵ کتێبەکانی ترمدا ساڵی ١٩٩١ لە سلێمانی لەناوچوون.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەچینە سەر باسی هەوڵ وتێکۆشانی میر جەلادەت بەدرخان بۆ ئەلفوبێیەکی کوردی بە لاتینی.

هەروەکوو صادق بەهائەدین باسی ئەو کۆششەی جەلادەتی کردووە و گوتوویەتی:

جەلادەت هەستی بەوە کردبوو کە هەندێ دەنگ هەیە لە زمانی کوردیدا وەکوو (چ، ڤ، ێ) بە پیتی عەرەبی ناتوانرێ بنوسرێن، جەلادەت گوتوویە لەبەر ئەوە کەوتمە سەر خولیای فێربوونی زمانەکانی تر وەکوو فەرەنسی و یۆنانی و هەوڵمدا ئەلفوبێی رووسی فێربم بۆ ئەوەی بزانم ئەوان چۆن چارەسەری ئەو دەنگانەیان کردووە کە نووسینی لە کوردیدا ئاسان نییە بە پیتی عەرەبی. وە لە ئەنجامدا دەستم کرد بە دانانی ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی. بەلام لەلایەن حکوومەتەوە درام بە دادگای خەربوط (دیارە لە تورکیا بووە) و بەوە ئیشەکەم راوەستا، بەڵام لە دواییدا لە ساڵی ١٩٣٢ ئەو ئیشەم تەواوکرد لە شام دەستم کرد بە بەکارهێنانی ئەو پیتە لاتینییانە لە نووسینی کوردیدا کە بەرهەمەکانم پێ چاپ دەکرد. صادق بەهائەدین ئاماژەشی بۆ ئەو ئەلفوبێیە کردووە کە لە دوای شۆڕشی ئۆکتوبەر لە جمهووریەتی ئەرمەنستان ئامادەکرابوو بۆ ئەوەی کوردەکانی ئەرمەنستان زمانەکەی خۆیانی پێ بنووسن کە لەو رووەوە (مورگولوف درەپییان)ەوە لە ساڵی ١٩٢١دا بە ناوی ئەلفوبێی کرمانجیەوە ئەلفوبێی کوردی نووسی کە ئەوەی مورگولوف لە کتێبخانەی جاسمی جەلیل دا لە (یەریڤان) پارێزراون. بەڵام دوای ئەوە بڕیاردرا ئەلفوبێیەک دابنرێت بۆ زمانی کوردی بە زمانی رووسی کە لە دواییدا (رێیا تازە)ی پێ چاپ دەکرا.

دەربارەی ئەلفوبێی کوردی، مامۆستا تۆفیق وەهبی یش لە ساڵی ١٩٣٢دا نامیلکەیەکی بە ناوی (خوێندەواری باو)ەوە بلاوکردەوە کە هەر ٢٦ پیتەکەی نووسینی کردبوو بە بناغە و پێنج پیتی تریشی خستە سەر، هەروەها دوکتور جەمال نەبەزیش کتێبێکی ئامادە کرد بە ناوی (نووسینی کوردی بە لاتینی) و بە پێی ئەوە چەند گۆڕانکارییەکی دەستنیشان کردبوولە ئەلفوبێی جەلادەتدا. گیوی موکریانیش لە ساڵی ١٩٧٢دا تەقەلایەکی وای دا بە ناوی (ئەلفوبێی کوردیی وێنەدار).

لە کۆتایی ئەم باسەدا حەزمکرد کورتەباسێکی ئەو هۆیانە بخەمە پێش چاو کە جەلادەت بەدرخانی هاندابوو و خستبوویە سەر ئەو سەودایەی بیر لە دانانی ئەلفوبێیەکی کوردی بکاتەوە بە پیتی لاتینی.

١- بێجگە لەو ئەلفوبێ کوردییەی لە ئەرمەنستان بە پیتی لاتینی ئامادەکرابوو بۆ کوردەکانی ئەرمەنیا، بێگومان جەلادەت ئەوەی کەوتۆتە بەرچاو لە کاتی خۆیدا، تورکە کەمالییەکانیش پاش ئەوەی خەلافەتی عوسمانییان هەڵوەشاندەوە و ویستیان لە زۆر شتدا خۆیان بخەنە ریزی دەوڵەتەکانی ئورووپا، یەکێک لە کارەکانیان ئەوەبوو کە نووسینی تورکی بە پیتی عەرەبی واز لێ بێنن و بە پیتی لاتینی زمانی تورکی بنووسن. لە کۆتایی سالانی چلەکاندا، جەلال صائب گۆڤارێکی تورکی دامێ کە وێنەی حوشترێکی تیابوو کە لە سەرەتای دەسەلاتدارێتی کەمالییەکاندا دەرچووبوو. حوشترەکە پشقڵی کردبوو کە لە وێنەی پیتەکانی (ط، ظ، ص، ض، ع) بوون و لە ژێر وێنەکەدا بە تورکی نوسرابوو (هەیدێ... هەیدێ عەربستانە گیتی)، بێگومان جەلادەت ئەو کارەی تورکەکان کاری تێکردبوو ئەویشی خستبوە سەر سەودای دانانی پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی.

٢- لەو گەشتەی میجەر نۆئێلدا کە بەر لەمە باسمان کرد کە جەلادەتیشی لەگەڵدا بووە لە ساڵی ١٩١٩دا. هەروەکوو صادق بەهائەدین لە باسەکەیدا ئاماژەی پێکردووە، جەلادەت گوتوویەتی: «لە ساڵی ١٩١٩دا کە میجەر نۆئێل قسەی لەگەڵدا کردووە شێوە زمانی سۆرانی(کرمانجی خواروو)ی زانیوە و هەوڵی دابوو زاراوەی کرمانجی ژوورووش فێر بێت و جەلادەت سەرنجی داوە کە نۆئێل ویستوویەتی ئەو چیرۆک و سترانانەی بە شێوەی کرمانجی ژوورو دەیبیست، بە پیتی ئینگلیزی دەینووسینەوە و دەیخوێندنەوە. جەلادەتیش بە خۆی دەڵێ: جا باشە، بۆچی منیش وەکوو نۆئێل هەوڵی ئەوە نەدەم بە پیتی لاتینی شێوەی کرمانجی ژووروی خۆم بنووسم».

بەو جۆرە جەلادەت کەوتۆتە سەر خولیای دانانی ئەو پیتە لاتینییەی کە ئیمرۆ بووە بە بناغەی رێنووسی کرمانجی ژووروو بە پیتی لاتینی.

لێرەدا پێویستە رۆڵی رەوشەن بەدرخانیش پشت گوێ نەخرێت کە وەکوو دوکتورە ناهیدەش باسی کردووە یارمەتییەکی زۆری جەلادەتی داوە لە دەرهێنانی گۆڤارەکانیا و ئەویش زمانی عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و ئینگلیزی زانیوە و، سێ رۆمانی لە زمانی تورکییەوە وەرگێرابۆوە سەر زمانی عەرەبی کە بریتی بوون لە: مذکرات امرأه، غرامی و آلامی و مذکرات معلمه.

بەراستی شتێکی زۆر پێویست و بە جێیە یادی ئەو جۆرە کوردە دڵسۆزانەی وەکوو میرجەلادەت بەدرخان بکەینەوە و رێزیان لێبگرین.

* * *

# کاراکتەری کوردان
# لە ژێر ڕووناکایی مەتەڵ و پەندی پێشینیاندا

**میجەر ئێدوارد نۆئێل**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەری سوڵتانی

(کورد[ی]، لە ئەسڵی خۆیدا بریتی یە لە [شێوە زمانی] هەکاری. نووسەر)

سەبارەت بەو باسەی کە کاراکتەری نەتەوایەتی، خۆی لە پەندی پێشینیان و مەتەڵدا دەنوێنێ، دەتوانرێ گەلێک قسەبکرێ. ئەو قسەیەش ناتوانرێ پشت گوێ بخرێت کە مەتەڵ هەندێ جار مەیلی لە زێدەڕۆیی یە. هەرچۆنێک بێت، ئاشکرایە، مەتەڵ گەلێک جار و بە باشترین شێوە، خۆی لە بارێکی ناسکدا دەنوێنێ.

ئەم گوڵبژێرەی خوارەوە لە ۆپەندی ناسراوی کوردی بەو مەبەستە پێکهاتووە کە کاراکتەری کورد بخاتە بەرچاو. وەک پاکانە بۆ ناتەواوبوونی وتارەکەش با دەست بخرێتە سەر کەموکورتی ئەدەبیاتی کوردی و زۆربوونی زاراوەکانی، کە بەگشتی کۆکردنەوەی زانیارییەکی کارا لەمەڕ زمانەکە بۆ بێگانە ئەستەم دەکاتەوە.

کورد ڕەگەزێکی شاخاوی یە بە هەموو تایبەتمەندییەکی خەڵکی چیانشینەوە ـ وەک ئەویندارییەتی سەربەخۆیی، مەیل بە توندوتیژی نواندن و هەستێکی خێڵەکی لەمەڕ شانازیی. ئەم تایبەتمەندییە سەرەتاییانە دەبنە هۆی ئامادەکردنی کورد بۆ ئەوەی لە توڕەییەکی بچووکدا دەست بداتە چەک و بە گەرمی بکەوێتە دوژمنایەتییەکی خوێناوییەوە:

١- «مرۆڤ خوێندار بێت، قەرزدار نەبێت»
واتە کەسێک خوێن بە دەستییەوە بێت باشترە تا قەرزدار بێت.

٢- «جانە مرۆڤ دکەوێت، ناڤە مرۆڤ نەدکەوێت»
ژیانی مرۆڤ لە دەست بچێت باشترە لەوەی شانازییەکەی لە دەست بچێت.

٣- «ڤەکی دی مرۆڤ ڕەزیل بێت بلا مالی مرۆڤ ڕەزیل بێت»
ماڵ و ملکی کەسێک لە دەستی بچێت باشترە لەوەی شانازییەکەی بفەوتێت.

ئەم وتارەی «میجەر نۆئێل» لە گۆڤاری قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقاییەکانی زانستگەی لەندەن، ساڵی ١٦٢٠دا بڵاوکراوەتەوە. نۆئێل لەم وتارەدا هەندێ بۆچوونی خۆی لەمەڕ خوو و خدە و ئاکاری کورد دەربڕیوە کە خوێنەری کورد واهەیە پەسندیان بکات یا نەکات. وەرگێڕانی وتارەکە بۆ وەرگێڕ واتای سەلماندن یا بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی نییە و تەنیا بەو ئامانجە بەڕێوەچووە کە مەتەڵ و پەندەکۆنەکانی ناوچەی هەکاری کە نووسەر کۆی کردوونەتەوە لەناو نەچن و بکەونەوە دەستی خاوەنەکانیان واتە گەلی کورد. جا ئەگەر هەندێ «قسەی حەق و ڕەق»یش ڕووبەڕوومان بوونەوە با بیریان لێنەکەینەوە و بە خۆماندا بچینەوە. لەبیرمان نەچێت کە «نۆئێل» لە نێو دامودەزگای ئینگلیزی سەردەمی «ئینتیداب»دا ئەگەر تاکەکەس نەبوبێت، لەو ئینگلیزییانە بوو، کە چەشنە هاودەنگییەکیان لەگەڵ مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستاندا هەبووە. سپاسی ئەو برادەرانە دەکەم کە بە تەرجەمەکەدا چوونەوە و هەڵەی منیان بەتایبەت لە نووسینەوەی دەقی کرمانجی مەتەڵەکاندا ڕاست کردۆتەوە. دەقەکان هەڵەی زۆری نووسین و هەروەها هەڵەی چاپیان تێدایە و دڵنیام هێشتا بەشێک لەو هەڵە و پەڵانە لە دەقی پاکژکراوی مندا ماون. وتارەکە، بۆتە سەرچاوەیەکی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کەسایەتی کورد و هەندێ زانای وەک «درایڤەر» لە بۆچوونەکانیاندا لەمەڕ کورد کەڵکیان لێ بینیوە.

«وەرگێڕ»

دوژمنایەتی وڕقەبەریی بەگشتی لەو سروشتانەن کە جێگیریان بۆ دانانرێ و «موصالەحە»یان پێناکرێت. کورد ڕقەبەرێکی باشە:

٤- دوژمنا بابێ نابێتە دۆستە کوڕ»
دوژمنی باب هەرگیز نابێتە دۆستی کوڕەکەی.

٥- «ڕای دەبنیە بهوست، دوژمن نابنە دۆست»
واهەیە ڕێگا کورت بێتەوە بەڵام دوژمن بە دۆست نابێ.

٦- «شەو ڕادەزین، دوژمن نەڕازین »
خەڵک بە شەو دەخەون، دوژمنان ناخەون.

٧- «ئەگەر دۆست کەمن، دوژمن زۆرە»
هەزار دۆست کەمن، دوژمنێک زۆرە.

٨- تۆڵا خوە لسەر دژمنا خوە نەهێڵە»
حیسابت لەگەڵ دوژمنت بە پاک نەکراوی مەهێڵەوە.

٩- خاڵۆن خوارزا ڕاکرن، مام برازا چاڵ کرن»
خاڵ ئامادەیە یارمەتی خوشکەزای بدات، مام برازای خۆی دەنێژێت.

ئەوە ئاماژەیە بە ڕاستییەک کە دوژمنایەتی بە زۆریی لە نێوان برادا سەرهەڵدەدات لە کاتێکدا ژنخوازیی واتایەکی لەباری بۆ هێمنکردنەوەی نێوان ناخۆشی هەیە. بووک واهەیە لە جیاتی خوێنبایی وەربگیرێت.

١٠- «تە ئەز ناوەیم چاوەکی، من تە ناوەی

هەردوو چاوان»
ئەگەر تۆ منت ناخۆش دەوێ (بە کینایە، بە قەدرایی چاوێک)، من تۆم زۆر ناخۆش دەوێ (بە کینایە، بە قەدرایی دوو چاوان).
۱۱- «دژمنا دانا چایتر لە دۆستا نادان»
دۆستێکی تێگەیشتوو لە دۆستێکی نەفام باشترە.

لەگەڵ ئەوینداریبەتی شەڕ و گەڕ کە کوردان هەیانە، شتێکی ئاسایی یە ئەگەر گرینگی بە ئازایەتی بدرێت:
۱۲- «مەیرینی بێریا ژ پورینی»
ئازایەتی بە سەر ژمارەدا زاڵ دەبێت.
۱۳- «مەردیی بی زەوالیە»
ئازایەتی، نەبوونی عەیبە.
۱٤- «چەکە مێریان نیڤ کارە»
چەک تەنیا نیوەی شەڕە (واتە ئازایەتیش پێویستە).
۱۵- «خودێ بە مرۆڤ یار بێت، شیری مرۆڤ بلا دار بێت»
ئەگەر خاستی خودا لەگەڵ کەسێک بێت، گرینگ نییە شمشێرەکەی لە دار بێت.

ئازایەتی کۆمەڵگایەکی کێوی و سەرەتایی[!] لەگەڵ بیروڕای پیرۆزبوونی ژیانی مرۆڤدا یەک ناگرێتەوە:
۱٦- «بەرخی نێر ژ کەیرێ رایە»
بەرخی نێر بۆ چەقۆیە.
۱۷- «مرن میوانی هەمی کەسێ یە»
مردن میوانی هەموو کەسێکە.
۱۸- «مرن هەبی، کال بوون نەبی»
مردن هەبێ، پیربوون نەبێ.
۱۹- «مرن، مرنە خێرە خێر چییە؟»
مردن، مردنە ئەی بۆ دەبێ لە دەنگەکەی بترسی؟

زۆرێک لە گەڕۆکان سەرنجیان داوەتە تایبەتمەندیی بێ وەفایی ــ کە هەندێ جار خۆی لە کاراکتەری کورددا نیشان دەدات. لە نامیلکەی «مێژۆپۆتامیا» ــ بەرگی یەکەمدا گوتراوە: «کورد هەمیشە لە سەندنی گیانی مرۆڤدا بێ بەزەیی و نەترسن و هەندێ جار وا هەیە بەو پەڕی دڵڕەقییەوە کارەکانیان بەرنەپێشەوە. گوێ نەدان بە یاسای شەڕ، مێژوولکەیەکی گەلێک خراپی لە فێڵبازی بۆ دروست کردوون.
ئەوەی بە فێڵبازی دادەنرێ، لە ڕاستیدا ئاکامی هەلومەرجێکی ئەستەمی فیزیکی یە، کە کوردی تێدا دەژی. دوژمنایەتی بەردەوام و تاڵ لە نێو عەشیرەتەکان و ئەو ڕاستییەی کە وڵاتەکەیان بۆ ماوەی چەندین سەدە، ژێر دەست و بەرهێرشی بێگانانێک بووە کە هیچ کاتێ کەمترین هاودەردییان لەگەڵ ڕەگەزە ژێردەستەکەی خۆیاندا نەنواندووە و لایەنیان نەگرتوون.
وەک ئاکامێک، کورد تەنیابال و ڕژدە و وەهم وخەیاڵێکی کەمی لەمەڕ بەرهەمی دڵنەرمیی مرۆڤ هەیە و لەم مەسەلەیەدا [واتە دڵنەرمی]، بێ ئەزموونە. کورد زەحمەت لەگەڵ ئەوەدا بێ کە «میوەی چارەڕەشی شیرینە»:
۲۰- «ڕاکە بەنانا خوە، بەردە جانا خوە»
بە نانی خۆت گەورە بە، لەگەڵ ژیانی خۆتدا خودا حافیزی بکە.
۲۱- «دکۆشی روونێ رێهان وا روو»
لە ماڵی خۆتدا نازو نیاز بکە و ڕیشت بقەڵشێنە[؟]
۲۲- «بیانی بدێ گۆشتی جانی، عاقیبەت پەشیمانی»
خوێنی خۆت بدەی بە بێگانە، لە کۆتاییدا پەشیمان دەبییەوە.
۲۳- «سەیامە لەبەر دەرا مە نەڕوات، لە دەرێ خەڵوی دەڕوات»
سەگی من پاسەوانی دەرگای من ناکات، بەڵام پاسەوانی ماڵی دروسێ دەکات.
۲٤- «ژ ئاوا مەند مەترسە، ژ ئاوا گوڕ بترسە»
لە ئاوی مەند مەترسە، لە ئاوی خوڕ بترسە.

وێڕای ئەو ڕاستییەی کە کورد تارادەیەک بە سەختی و گومانەوە دەڕوانێتە ژیان، ئێمە ڕووبەڕووی شێوە بیرکردنەوەیەک دەبینەوە کە بۆ مێشکی ڕۆژئاواییەکان نیشانەدەری دڵڕەقییەکی زۆرە و هەندێ جار شەقڵی بێ بەزەیییبوونی لێ دەدرێت:
۲۵- «سلاو ل رێهان نینە، سلاو ل مێهانە»
بۆ ئەوە سڵاوم لێناکەن کە مووم سپی بووە، بۆیەم سڵاو لێدەکەن لە مەڕومالم زۆرە.
۲٦- «هەر پێغەمبەرێکی دۆعا ل ژینا خوە کریە»
هەموو پێغەمبەرێک سەرەتا دوعا بۆ ڕۆحی خۆی دەکات.
۲۷- «وەکی هرچ پیر دبت کوتەیلە پەی دکەنن»
کاتێ ورچ پیر بوو، بێچووەکانی پێی پێدەکەنن.
۲۸- « سنگ ناچت، میرکوت دەبەت»
ئەگەر سینگێک [بە زەویدا] نەچێتە خوارەوە، چەکوش لێدانی باش دەیباتە خوارەوە.
۲۹- «هەقێ بزنا کوڵ ژ بۆ بزنا شاخ نامینیت»
بزنی شاخدار لە بزنی بێ ئازاری ڕەقیبی خۆی نامێنێتەوە.
۳۰- «تۆ عەلی شێر بە، سەر سەرا کەڤر بە؛ کەڤر ژ تەرا، تالان ژ مەرا»
بەڵێ عەلی شێر! لە سەر گاشەبەردەکەت دانیشە! گاشەبەرد بۆ تۆ، تالان بۆ من!
ئاماژەیە بە عەلی شێر ناوێک کە ڕووتاندووویانەتەوە ئینجا چۆتە سەر تاشەبەردێک و داوای لە چەتەکان کردووە بەشێکی ماڵ وملکەکەی بدەنەوە.
۳۱- «هەرچی کەرێک هەی، کورێک هەی»
هەرکەس کەرێکی هەبێ، کوڕێکیشی هەیە.

سەخت و ڕەقیی کاراکتەری کورد ئەو ڕاستییەی کە بۆ ماوەی چەند سەدە لە بەرانبەر کۆیلایەتی داگیرکەراندا وەستاوە، سەربەخۆیی و هەروەها دوورەپەرێزییەکی زۆری بە کاراکتەرەکەی بەخشیوە:
۳۲- «مالێ خواستی ناگەهیتە هاستی» شتی خوزراوە ناگاتە سەر(واتە بۆ هەمیشە سوود نابەخشێ).
۳۳- «تۆ دەرێ کەسێ نەکوتی، کەس دەرێ تە نەکوتێ»
لە دەرگای کەس مەدە، کەسیش لە دەرگای تۆ نادات.
۳٤- «نان هویر کە، ئاڤێ منەتا خەڵقێ پاوە»
نان بە ئاوەوە بخۆی باشترە لەوەی منەتی خەڵک بکێشی.
۳۵- «مرۆڤ، دیکێ ڕۆژەکێ بت بلا مریشکە سالەکێ نەبت»
سەعاتێک ژیانی بە شانازی، تەمەنێکی بێ ناو دەهێنێ (کینایە: ڕۆژێک کەڵەشێر بی باشترە لەوەی ساڵێک مریشک بی).

ئەزموونی دوورودرێژی ژیان بۆ ڕەگەزێکی بندەست لە ژێر کەڵەوەی حکومەتی بوودەڵە و زۆرداریی بێگانان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو هەستەی کە باشترە نەغد بگری تا لە دوورەوە گوێت لە دەنگی دەهۆڵ بێت:
۳٦- «مالێ نەخواری یە زالمایە»
ئەوەی نەیخۆی دەبێتە بەشی زاڵمان.
۳۷- «مالێ نە وەشاندی، خەڵقێ گەرمیشاندی»

ئەوەی بە خاوخێزانی خۆتی ڕەوا نەبینی، خەڵک لە ناوی دەبەن.

هەستیارییەک کە بەم شێوەیە دەردەبڕێت، دواتر بە هۆی مەیلی سروشتی هەموو چیانشینێکەوە ـ کە بەخشندە و میواندارن بەهێزتر دەبێت و بەم پێیە دەبیسین کە:

٣٨- «جامێر دەچن ناڤان دەهێلن، کوپورِ دەچن پاران دەهێلن»

شەڕکەران دەڕۆن و ناوی خۆیان بە جێ دەهێلن، لەچەر و پیسۆکەش دەڕۆن و پارە لە پاش خۆ بە جێ دەهێلن.

٣٩- «مالێ کوپورێ، ناچێتە گۆڕێ»

دەوڵەت و مالی لەچەر لە گەڵیدا ناچێتە گۆڕەوە.

نیشتمانپەروەری ـ بە واتای ڕۆژئاوایی ئەم وشەیە، گیایەکی کەم پشتە، کە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بە هۆی ئەوینداریيەکی گەرم و گوڕی زێدی بچووکی هۆزەکەیانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت:

ئەو بەرزاییە سەوزەڵانەی وا مەڕی لێ دەڕوێن، ئەو کانیاوە ساردانەی وا لە سەر ڕێگای گەرمێن و کوێستانیانە و ئەو مووچە و مەزرایانەی لە پێدەشتەکاندا دەیانکێڵن. هەرچۆنێک بێت، ئەوەندەی زیاتر کورد دەناسی زیاتر تێدەگەی کە ئەو هەستە، وا هەیە بە خێراییەکی سەرسوورهێنەر جێگەی خۆی بدات بە مەفهوومێکی بەرینتری نیشتمانپەروەری واتە هەستی نەتەوایەتی:

٤٠- «بولبول دانان قەفەسا زێڕکرە گازیی: ئاخ وڵات، ئاخ وڵات»

بولبول لە قەفەسێکی زێڕیندا تەنیا دەڵێ: وڵاتەکەم، وڵاتەکەم.

٤١- «شام بە شەکەرە، وڵات شیرینتەرە»

واهەیە دیمشق شیرین بێت بەڵام وڵات لەو شیرینترە.

ئەم سترانە ناسراوانە (ستران کۆمەڵێک شێعرە بە مۆسیقا و بە کێشی گورجستانی دەیچڕن) بە ئاشکرا چۆنیەتی ئەوینی کورد بۆ زێدەکەی نیشان دەدەن.

٤٢- «وڵاتا من نینە
نیزاما قانونا وڵاتا ژێرینە
کەسەرا دلا من وڵاتا ژوورینە»
ئەوە وڵاتی من نییە (لە تاراوگەدا دەژیم)
لێرە، یاسا و ڕەسمی وڵاتی خوارەوەمان هەیە
بەڵام دڵی من لە ناوچە بەرزەکانە.

هەستی زگماکی تەنیابوون کە لەو دێڕانەی سەرەوەدا هەناسە دەکێشێ، لەم دوو مەتەڵەی خوارەوەشدا زیاتر دەردەکەوێ:

٤٣- «بیانی بدێ گۆشتی جانی، عاقیبەت پەشیمانی»

خوێنی خۆت بدەی بە بێگانە، لە کۆتاییدا پەشیمان دەبیەوە. (مەتەڵی ژمارە ٢٢)

٤٤- «خۆیانی مرۆڤ بکوژت، هێسکی مرۆڤ وە دەشیرێت»

ئەگەر مرۆڤ خۆییەک بکوژێت، کەسێک دەبێ ئێسکەکەی بشارێتەوە.

ئەوە، ئاماژەیە بەو ڕاستییەی کە دەبێ لەشی بێگانە فڕێ بدرێت تا کاتێ کە دەڕزێت.

کورد لە ئەسڵدا بە پاکی دەژی. گوناهی ناسروشتی و بێ ئەخلاقی لە ناویاندا نەناسراوە. «موخەددەر»اتی وەک تریاک کە لە ئێراندا بە بەربڵاوی دەکێشرێت، ئەلکۆلی وەک «راکی» بابی دڵی تورکان، لە ناویاندا تابۆیە [واتە دەستی بۆ ناچێت]ڕ زێدەڕۆیی لە یاری و گەمەی سەرمێزیشدا، بە سووکی سەیر دەکرێ. لە ئاکامدا، کورد ـ جگە لە ژمارەیەکی کەم، خۆڕاگر و بەتاقەتن.

٤٥- «هەمی تشت ژ زراوی دبزدت، ئینسان ژ ئوستووری»

هەموو شتێک لە تەنکیدا دەدڕێت، مرۆڤ لە ئەستووریدا.

٤٦- «کەم بخوە، هەرگاڤ بخوە»

کەم بخۆ و هەمیشە بخۆ.

٤٧- «لوقما قنج بە دل سفرێک زێدە ناقنج»

پاروویەکی باش لە مێزێکی پڕ باشترە.

٤٨- «خەو، غەم، خوارن
هەرسێ دژمنێت غەدارن
لە چوو کەسی نەبارن»[ ؟]
خەو و خەم و هەست[ ؟]
هەر سێ دوژمنی غەدارن
کەواهەیە بە سەر کەسێکدا نەبارێن.

ژنخوازی

مەفهوومی کوردانەی ژن و ژنخوازی لە چاو موسوڵمانانی دیکەی وەک تورک و ئێرانی و عەرەب، لە ئاستێکی فرە بەرزتردایە. ژن لە کوردستان کەم تا کورتێ ئازادترە. ژنخوازی وەک بەرهەمی ئەوینداریەتی دێتەپێشێ و لە ئاکامی بە یەکگەیشتنیشدا، ژن بە هیچ شێوەیەک دەوری دەرەجە دووی پێنادرێت:

٤٩- «ژن ستوونا مالێ یە»

ژن ئەستوندەگی ماڵە.

٥٠- «ژن بێنا بە لاوێنی، دا کوڕ بە تەرا بگەهەن»

زوو ژن بخوازە با پێش ئەوەی پیربی، لەززەتی هاوڕێیی منداڵانت بچێژی.

٥١- «ژن و مێر، تاڤیر و بەیر»

تەنیا قولینگ و پێمەڕە (بۆ هەڵکەندنی گۆڕ) دەتوانن پیاو لە ژنەکەی جیابکەنەوە.

٥٢- «مێرێ من لاو بە کراسێ من جاو بە»

ئەگەر مێردەکەم گەنج و قۆز بێت، بلا کراسم لە کووتاڵی ناقابیل بێت.

٥٣- «ماڵا زارۆک تەیدا، شەیتان نایە تەیدا»

شەیتان ناچێتە ماڵێکەوە منداڵی تێدا بێت.

٥٤- «زارۆک فەیکهیت ماڵانن»

منداڵ، میوەی ماڵن.

پێویستە بگوترێ ڕۆحی گشتی لەو مەتەڵانەدا کە گوتران، "ڕۆحی تاکەژنی"یە و ئەم ڕۆحە لە خوارەوەتردا، بەهێزتر خۆی دەنوێنێ:

٥٥- «مێردی دوو ژنان دەرکەوانە»

مێردی دووژنە کات لە دەرەوەی ماڵ دەباتە سەر.

ئەم دەربڕینەی سەرەوە، لایەنی ئارەزوومەندانی ژنخوازی زیاتر دەردەخات. هەرچۆنێک بێت، بۆ کورد کە زۆر پراکتیکاڵە، بۆچوونی بەکردەوە خاوەنی گرینگایەتی یە:

٥٦- «ماڵا زەیران خەراب دەبت، ماڵا کوڕان خەراب نابت»

بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند واهەیە تێدا بچێت بەڵام بە هۆی کوڕانەوە ڕزگاری دێت.

٥٧- «مێر چەمە، ژن گۆلە»

پیاو چۆمە، ژن ئەو گۆلەیە ئاوەکە وەکۆ دەکات.

٥٨- «لە ژنا نەگەڕە، لە خزما بگەڕە»

ئەوەندە بۆ ژن مەگەڕێ کە بۆ کەسێکی خاوەن کەس وکار دەگەڕێی.

ژنان

ئەخلاقی ژنانی کورد گەلێک بە ناوبانگە، کەم و زۆر لە ناو هەموو هۆزێکدا تاوانی داوێن پیسی کوژرانە:

٥٩- «ژنا شەرمی بە شەهرێکە، مێری شەرمی بە کارێکە»

ژنی بە حەیا و شەرم شارێک دێنێ. پیاوێکی وا هیچ ناهێنێ (بە کینایە: گیسکێک دێنێ).

٦٠- «ژن قەڵایە، پیاو ڤالیە»

ژن قەلآیە پیاو ئابلووقەدەر[ی قەلآ]یە.

٦١- «عەقلی ژنان د کۆشێ دانە، وەکی رادەبت بلآودەبت»

ژن عەقلی لە کۆشیدایە (کاتێ لە ماوڵەوە دانیشتووە لە باشترین دۆخی خۆیدایە، ئەوەندەی هەستایە سەرپێ (و هاتوچۆی ئێرە و ئەوێی کرد)، عەقلی پەرێشان دەبێت.

٦٢- «هەندێ ژنن، هەندێ ژانن
هەندێ مەلهەمێ دلانن
هەندێ خانما کوورانن»

هەندێ ژینن، هەندێ ژانن، هەندێ مەلهەمی دلانن، هەندێ دوژمنی سندوقەنانن (واتە بیر لە خواردن نەبێ لە هیچ ناکەنەوە).

## پێوەندیی نێوان جینس(نێر و مێ)

دەکرێ بە مەزەندە بگوترێ لە ناو کورداندا خۆفرۆشی هەر نەناسراوە. بۆ باس کردن لە پیاوێکی بەهێزی خۆشباو ئەم دەربڕینەیان هەیە: «ڕەبەنە» (واتە بێ ژنە). لە زمانی کوردیدا هیچ وشەیەک بۆ «قەحبە» نییە. لە ناوچەی ڕۆژهەلآتییەکان [ی کوردستان]دا، دەربڕینێکی بە ئەدەبیان بۆی هەیە و بە «ئێرانی» ناویان دەبەن. لە باکوور بە رووسی و لە باشوور بە «عەرەب» لە ڕۆژئاواش بە «تورک». کورد وەک مرۆڤێکی ساکاری شوانکارە کە ژیانی دەرەوە [ی ماڵ]ی هەیە، خۆشی و لەززەت بردنەکەی ساکارە:

٦٣- «بخوە گۆشت، سواربەگۆشت و لەیدە گۆشت»

خۆشی هەموو کەس بە گۆشتە: دەیخۆی، سواری دەبی و لەگەلیدا دەخەوی.

کورد شایی زۆری بە ئەسپەکەیەتی. ئەم مەتەڵەی خوارەوە دەبێ بێگومان ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ڕێبەرێکی سوارچاک بێت:

٦٤- «لێی سوار بە تەتار بە، ژێی پیابە مەهتەر بە»

کاتێ سواری بووی چاوپۆشی لێ مەکە، ئینجا کە دابەزی غولآمی بە.

## ئایین

کورد زۆرجاران موسوڵمانێکی لێ بوردوو و ئەهوەنە. مەتەڵ و قسەیان کەمتر ئاماژە بە ئایین دەکات، کە هات و ئەو کارەشیان کرد بە زۆریی شێوازی لە خۆبایی بوونی هەیە یا تەوس و گاڵتەی تێدایە:

٦٥- «سەرێ هاتە بڕینێ، نایەتە کڕینێ»

سەرێ کە دەبێ ببڕرێ، ناتوانی بیکڕیەوە.

ئەوەش نیشانەیەکی تایبەتە بۆ ناتەبایی ڕاستەوخۆ لەگەڵ باوەڕی ئیسلامدا، کە دەڵێ دەتوانی ژیان بە هۆی نەزر ونیازەوە درێژ بکەیتەوە.

٦٦- «من دەڤەی تە، تە دەڤەیتە، مەلا چ وەیتە وەیتە؟»

من تۆم دەوێ، تۆش منت دەوێ، مەلا بۆچی بانگ کراوە؟ (واتە مارەبڕینی ناوێ).

ئەوە لەلایەن کچێکەوە بە دەسگیرانەکەی گوتراوە یان ئەمیان بەوی گوتووە:

٦٧- «ژ سۆفیان نەکە باوەڕ ئەگەر شاشک ژ نووری بت»

باوەڕت بە پیاوی ئایینی نەبێ تەنانەت ئەگەر مێزەرەکەیان ڕاستەوخۆ لە بەهەشتەوە هاتبێت.

مەلا وەک خەڵکانی چاوچنۆک و مفتەخۆر دەناسرێن:

٦٨- «گوتنە مەلا: کەرێ من کەرێ تە کوشت. گوت: کەرێ کەر جارەمایە. گوتن نەخێر کەرێ تە کەرێ مە کوشت. گوت: کەر بەی زارە بەی ئاسمان»[ ؟]

بە مەلایان گوت کەرەکەمان کەری تۆی کوشت وەلآمی داوە: کەرێک بە کەرێک. گوتیان نا بە پێچەوانە، کەرەکەی تۆ کەری ئێمەی کوشت. گوتی کەر حەیوانێکی هیچ وپووچە و ناتوانێ بەرپەرس بێت!

نەقڵێکی دیکەش هەیە بە هەمان تەوسەوە دەگوترێ. مەلایەک کەوتە چۆمێکەوە. پیاوێک لەوێ ڕاوەستابو، گوتی دەستت بدە من. بینەرێک پێی گوت مەلا بەوە ڕانەهاتووە شتێک بدات ئەگەر دەتەوێ دەستت بگرێ بڵێ شتێکت دەدەمێ!

## ماڵ و سامان

بۆچوونی کورد لەمەڕ دەوڵەت و ماڵ هەندێک ئاڵۆزە. لەلایەکەوە ڕێزگرتنێکی وریایانە لە کاروباری پراکتیکی بایەخی [ماڵ و سامانی]بۆ دەردەخات لەلایەکی دیکەوە ڕۆژەڕەشیی گەلێک داوی بۆ ناەتەوە:

٦٩- «ڕەیا پینەدووزێ بەر دەرێ سولکاری دەکەوت»

ڕێگای پینەچی دەکەوێتە بەر دەرگای پێڵاودروو (واتە کار بە دەست سەرمایەدارەوەیە).

٧٠- «مالێ دولەمەندی چەنا فەقیری شل دەکەت»

ماڵی پیاوێکی دەوڵەمەند بە تەنیا بەشی ئەوە دەکات چەنەی پیاوی هەژار ماندوو بکات (واتە هەژار هەمیشە ئێرەیی بە دەوڵەمەند دەبات و لەو کارانە دەدوێ کە باش وایە دەوڵەمەند بیکات).

٧١- «نەیاری وی د جەهالی ئاری»

بەگشتی دوژمنایەتی لە جەوالی ئاردەوە سەرهەڵدەدات (واتە هۆی سەرەکی گەلێک شەڕوهەرا ،ماڵ و دەوڵەتە).

## میوانداریەتی

وەک هەموو کۆمەڵگایەکی چیایی و عەشیرەتی، یاسای میوانداریی گەلێک ناسراوە و دەبێ ڕەچاو بکرێت:

٧٢- «میوان میوانی خودێنە»

میوان میوانی خودایە.

٧٣- «رزقێت میوانان لە سەر خودێ یە» خودا ئاگای لێ یە میوان خواردنی بدرێتێ.

لەلایەکی دیکەوە کورد بە ڕاشکاوی تایبەت بەخۆیەوە، پێی خۆش نییە میوانێک کە زۆر مابێتەوە بە ڕێی بکات:

٧٤- «پشتە پشتە بەلەکی
میوان خوەشەن ڕۆژەکی»
ڕاکە ڕاکە پشیلە بەڵەک
میوان تەنیا ڕۆژێک خۆشە.

٧٥- «میوان ژ میوان عاجزە، خانو خوە ژ هەر دو جوونە»

واهەیە میوان خۆشی لە میوانەکەی تر نەیەت، بەلآ خانەخوێ هیچیانی خۆش ناوێت.

غوونەیەکی دیکەی قسەلەڕوویی کورد لێرەدا دەردەکەوێ:

٧٦- «میوانێ درەنگ شێفت لە سەرە خوەیە»

میوانی درەنگ وەخت بۆ خۆی دەبێ شێو بۆخۆی پەیدابکات.

قسەلەڕوویی کورد و تایبەتمەندیی پراکتیکاڵ و هەروەها سەختبوونی کاراکتەرەکەی لە مەسەلەی میوانداریەتیدا، پێش بە وەرگرتنی ئەو بیرۆکەیە دەگرێ کە لە باری هەستونەستەوە نەرمونیان بێت و چاوەڕوانی حاتەمی طایی بکات:

٧٧- «خدمەتی بکە ژ پیرانڕا ،وەکی پیر دەبی خدمەتی ببینی»

ئاگات لە پیران بێت بۆ ئەوەی لە پیریدا ئاگایان لێت بێت.

٧٨- «نان میوان سەر میوانکارە»

میوانداریەتی دەبێتە قەرزێک لە سەر میوان.

بارستاییەکی کەم (بە قەدرایی خورمایەک) بدە بە دیاری، ئینجا لە بەرانبەر سەد دیاری (بۆغوونە، ئەسپ) وەربگرەوە.

### ئەمەگداری و ڕێزگرتن لە دەسەڵات

بەهۆی سیستەمی خێڵایەتی و باوکسالارییەوە، ڕێزگرتن و وەفاداربوون بە سەرەک هۆز و بنەماڵەی دەسەڵاتدار، لەو دیاردانەیە وا کورد حەزی لێ دەکات،
ئەو مەسەلەیە بەتایبەت لە ناوچەی «بۆتان» لە ئارادایە:
٨٠- «بوهتی بە میرە خوە، شیرڤی بە شیرە خوە، هەکاری بە ڕای وتەگبیرە خوە»
بوهتی بڕوا بە میری خۆی دەکات، شیروانی بە شمشێری خۆی و هەکاری بە ڕێبازی بەکردەوەی خۆی.
٨١- «مەزن ببنە پرا، دەوێت مرۆڤ نەداتەسەر»
کاتێ گەورە پیاوان پیردەبن(واتە بە مەزندە دەبن بە پردێک کە خەڵک بە سەریاندا دەپەڕنەوە)، پێویستە بە بواراندا بڕۆی.
٨٢- «چەرمێ دەوار سەربارێ کەری یە»
کەوڵی وشتر دەکرێتە باری کەر (واتە وشتری لە کەر گەورەتر، کاتێ مرد، کەوڵەکەی دەخرێتە سەر پشتی لە خۆ بچووکتری).
٨٣- «نە پەڵەنگ دەشێت خاڵێ خوە بگوڕێت نە عەبدی ڕەش»
ئایا حەبەشی دەتوانێ پێستی خۆی و پڵینگ خاڵەکانی خۆی بگۆڕێ؟
٨٤- «بەرێ خوارستی بێروخ دەگرێت»
خلۆرکە بەرد قەوزەی لە سەر شین نابێت.
٨٥- «کەنگێ پشیک لە ماڵ نییە، مشک بە کەیفا خوەیە»
کاتێ گوریە لە ماڵەوە نەبێ، مشک تریلیلیانیەتی.
٨٦- «مووش تەگبیرکردن گوتن زەنگڵەک بکەنە ئوستۆی پشیکا»
زەنگوڵە لە ملی پشیلە کردن.
٨٧- «سوورگوڵ بەی ئستری نابت»
گوڵەسوورە بێ دڕوو نییە.
٨٨- «من داریەک دایە ناڤ چەرخا وی»
من دارێکم خستە نێو چەرخی ئەوەوە.

-

### کورد و دراوسێکانی

سەرەڕای هرووژمی بێگانە، کورد هەمیشە هەستێکی بەهێزی نەتەوایەتی و سووکایەتی کردنێکی ژێرانەی دراوسێکانی تێدا بە دی دەکرێ:
٨٩- «گەر دی هەبویا مە پادشاهەک
لایق بدیا خودێ کولاهەک
ئەلبەتە دەبوو مە ژی بەختەک
ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامین
هەمیان ژ مەرا دکر غولامین» *
ئەگەر ئێمە پادشاهێکمان هەبوایە
تاجێکی لە سەر دەبوو(دەوڵەتێکی دەبوو)
ئینجا ئێمەش لە بەختی ئەودا بەشدار دەبووین
و
تورک و ئێرانی و عەرەب غولامیان دەکردین.

### بۆچوون لەمەڕ تورکەکان

کورد هیچ هەستێکی زیاد لە قووڵترین و تاڵترین ناتەبایی لەگەڵ تورکان و ڕێگا و شوێنیان نییە:
٩٠- «وەکی خەبەرا ڕۆمیان»
وەک قسەی تورکان.
٩١- «خودێ چ کەسێ نە ئەیخە بەندا ڕۆمیان»
خودا لە دیلایەتی تورکانمان بپارێزێ.
٩٢- «وەکی دراڤی ڕۆمی»
گرینگ وەک باجی تورک
هەستیان لەمەڕ ئێرانییەکانیش بریتی یە لە سوولایەتی پێکردنێکی لەسەرخۆ و هەروەها ڕق لێ بوونیان لە فێڵبازییەکەیان:
٩٣- «وەکی شیرە عەجەمانە»
وەک شمشێری ئێرانی (واتە دوو دەم و ئامادە بۆ دۆست ودوژمن).
٩٤- «وەکی عەسکەرا عەجەمانە»
بێ دەسەڵات وەک سوپای ئێرانە.
٩٥- «وەکی عەجەم قەڵەوە»
قەڵەو وەک ئێرانی.

خۆشویستنی عەرەب لەلایەن کوردەوە هەمان خۆشەویستی «پۆلیبیەن» و «پاتریسیەن»ە [پۆلیبیەن:کۆمەلانی خەڵک و پاتریسیەن: ئەشرافی یۆنانی کۆن]:
٩٦- «نەبێژن بۆ عەرەب مەرحەبا، ئەو دەڕینە سەر دەنگی عەبا»
بێهودە مەرحەبایی عەرەبان مەکە،دەنا لە سەر عەباکەت کاری ناحەز دەکەن.
٩٧- «عەرەب وەکی مێش، هەندی پش دەکەن تێنە پێش»
عەرەب وەک مێش وایە، هەرچەند زیاتری دەرکەی، زیاتر جەختی هاتن دەکات.
هەست بە نیسبەت ئەرمەنیانەوە گەلێک نزیکە لەو هەستەی وا لە ئورووپای ڕۆژهەلات و بەشی ڕۆژهەلاتی شاری لەندەن بۆ جوولەکەیان هەیە:
٩٨- «نینووک فەللە»
نینۆکی وەک هی ئەرمەنییانە (لە باسی کەسێکی شل وشەوێق و پیسدا دەگوترێ).
٩٩- «هەسپێ کوڵلا، سەیێ توڵلە، میرێ فەللە، لەی ما بە ئەولا
بەرووی پووچەڵ، سەگی توڵە، مرۆڤی دوڕەگە و ئەرمەنی، باوەڕ بە هیچیان مەکە!**
کورد، نەستووری بە کورددەزانن:
١٠- «ناڤبەینە ما وا موویەکە، ناڤبەینە مە وا فەللە چیایەکە»
[نێوانی ئێمە ونەستۆرییان موویەکە، نێوانی ئێمە وفەلایان کێوێکە]
١٠١- «حاجەتە سەر گینان دەچنە گوندا مەخینان»
وەک ئەو بیانووەی کە کەسێک سوتەمەنی هەڵبگرێ و بچێتە چاوپێکەوتنی گوندی نەستۆرییان (بۆ بینینی کچێک).
کورد، وەک سوونەی ئۆرتۆدۆکس، بۆی نییە ژنی مەسیحی مارە بکات، بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە کورد و نەستۆری لە باری ڕەگەز و خوو و خدەی گشتییەوە زۆر لە یەکتر نزیکن، حەزلێکەریی لە ناویاندا باوە.

**تێبینی وەرگێڕ:**
* دست تێوەردراوی شێعرەکانی «خانی»یە لە سەرەتای مەم و زین دا.

** لەم مەتەڵانەدا و زۆر مەتەڵی دیکە، نۆئێل تەرجەمەیەکی پڕاوپڕی بەدەستەوە نەداوە. بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە هەڵە و پەڵەکان بۆ خوێنەرەوەی کورد ئاشکران، بە پێویستم نەزانی لە هەموو شوێنێکدا پەراوێز بنووسم یا خود دەست لە تەرجەمەکان بدەم.

**سەرچاوە:**

Major Edward Noel, "*The Character of the Kurds as illustrated by their Proverbs and papular Sayings*", Bullitin of School of Oriental and African Studies, vol. 1, pt IV, London, 1920. pp. 79-90.

## «تاقەدار»

# کەسایەتییەکی تەواو گونجاوی لەگەڵ میللەتی کورد هەیە...

گفتوژنەفتێک لەگەڵ نووسەری «تاقەدار»:

**کاک «ئەنوەری ئیران زادە»**

◗ ئەو گفتوژنەفتەی لێرەدا پێشکێش دەکرێ، لە مانگی دیسامبری ١٩٩٩دا، (بەشێکی بە تەلەفۆن و بە شێکی بە نووسین) ئەنجام دراوە و هاتووەتە سەر شێوە ڕێنووسی گزینگ، کە پاشان نوسخەیەک بۆ کاک ئەنوەر ڕەوانە کراوەتەوە و ئەویش بە دەقەکەدا چووەتەوە و بە فاکس ناردوویەتەوە. (گزینگ)



**گزینگ**: کاک ئەنوەر، زۆر خۆشحاڵ بووم کە دوای ئەو هەموو ساڵە، بە هۆی دەرچوونی کتێبی «تاقەدار»ەوە، توانیم پێوەندیتان پێوە بگرم و لە سەر ئەو کتێبە و هێندێک بابەتی دیکە، چەند پرسیارێکتان ئاراستە بکەم. ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێ هەوەڵ پرسیار ئەوە دەبێ کە ئایا «تاقەدار» یەکەم بەرهەمی ئەدەبیتان بووە؟

**ئیران زادە**: منیش زۆر خۆشحاڵم و هەروەها جێگەی سپاسیشە لەوەیکە ئەو هەلەتان بۆ ڕوخساندم تا بتوانم کەمۆکێک لەو شتانەی کە لە دڵ و دەروونمدا پەنگیان خواردبۆوە بیانهێنمە سەر زمان. بێشک، «گزینگ»ڕەنگدەرەوەی ئەو هەست و بیروبڕوایانەیە کە لە پێناو خزمەتی سادقانە بە خەڵکێکی بێبەش، ئیمکانی دەربڕین و دەرخستنیان بۆ پێکهێنراوە و، مزگێنی ئەوەشتان پێدەدەم کە هەوڵ و تەقەلای ئینسانیی ئێوە، بەرهەمی شیرینی بەرهێناوە و ئەوانەشی شاد و هیوادار کردووە کە هەمیشە دڵیان بە مێژوو و فەرهەنگی خۆیان خۆش بووە.

لە وەڵامی پرسیارەکەتاندا، زۆر بە کورتی دەتوانم بڵێم کە عیشقی نووسین هەر لە تافی مێرمنداڵی و لاوێتیدا لە گیان و دڵی مندا پێکهاتووە و، یەکەمین کاری من کورتە چیرۆکێک بوو کە لە بەهاری ١٣٤٠ (١٩٦١) کاتێک پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووم، لە مەجەللەی (اطلاعات کودکان) بە چاپ گەیشت. لە دەورەی دەبیرستان (ناوەندی)دا، بە نووسین لە ڕۆژنامەی دیواری، وەک: شانۆنامە و کورتە پەخشان تامەزرۆیی ئەدەبی خۆم دەشکاند. لە ساڵی ١٣٤٦ (١٩٦٧) دوای ئەوەیکە لە دەبیرستانی ئیبنوسینای مەهاباد، دیپلۆمی ئەدەبیم وەرگرت، لە تەمەنی ١٧ساڵیدا لە کۆنکوری زانکۆی حقووق(ماف)ی زانستگای تاران دەرچووم و درێژەم بە خوێندن دا. لە تەواوی ئەوساڵانەی خوێندکاریمدا خەریکی نووسینی کورتە چیرۆک بووم کە لە گۆڤارەکانی ئەو زەمانەدا وەک: (اطلاعات هفتگی)، (جوانان) و (توفیق)دا چاپ دەبوون و دەسهەقێکی گونجاویشم بۆ چاپ وەردەگرت.

کاتێک لە پۆلی ناوەندی دەمخوێند، مامۆستای ئەدەبیاتی ئێمە، کە کەسێکی زۆر ئەدیب و دڵسۆز و ڕێزدار بە نێوی آغای «عەلی کاتبی» خەڵکی تەورێز بوو، زۆری دڵ بە پەخشانەکانی منەوە بوو. هەر پەخشانێکی دەمنووسی نمرەی بیستی بۆ دادەنام. ئەو، بە ئاگاداری لە عەلاقەی من لەمەڕ کتێب و بەتایبەت ڕۆمان و ڕۆماننووسی، هەمیشە ئەو پێشنیارەی دەدا کە تا تەمەنی چل ساڵەیی هیچ کتێبێک چاپ و بڵاو نەکەمەوە. ئەو دەیگوت کە بۆ نووسینی ڕۆمان سەرەڕای زەوق و ئیستیعداد و توانایی، دەبێ ئەزموونێکی تەواو و پێگەیشتووش هەبێ و، هەروەها ڕۆماننووس ئەشێ خاوەنی ڕوانگەیەکی هەراو، پوختێتی، جیهانبینی و مەنتیق و مەتانەتیش بێ و ناشێ تەنیا دەستەوداوێنی هەست و ئیحساسات بێ. منیش بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی هەمبوو، وێڕای سەرنجدانی کار و بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە لە نووسیندا سەرکەوتنێکیان بەدست هێنابوو و ئەغلەب لە تەمەنی سەروو کتێبیان نووسیبوو، دروستبوونی ئەو پێشنیار و جەختکردنەوانەم بەشێوەیەکی دروست و سەلماو هاتە بەرچاو، کە لە ئاکامدا سەرەڕای ئەو هەموو مەیل و عەلاقەی کە بۆ نووسینی کتێب لە خۆمدا شک دەبرد، ناچار زۆرساڵان تابوشتم هێنا و، ئاخرسەر لە تەمەنی ٤٢ ساڵیمدا نووسینی یەکەم بەرهەمم بە نێوی «تاقەدار» دەست پێکرد و دوای دوو ساڵان تەواوم کرد. کتێبی دووهەمی من کە ئەوساڵ بڵاوکراوەتەوە ڕۆمانی (ما بی غمان مست/ ئێمە بێخەمانی مەست)ە، دوو کتێبی دیکەشم (آسمان/ئاسمان) و (پرستو، گم شدەاست/پەڕەسلێرکە، ون بووە) چاوەڕوانی ڕەوایی پێدان و ئیجازەی چاپن. ئەوەش بڵێم کە لەم دواییانەدا، سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان وتارێکیشم نووسیوە کە لە ژمارەکانی ٧ و٨ ی مەجەللەی «دو دنیا» کە لە تاران دەردەچێ، بڵاوکراوەتەوە و پێشوازییەکی زۆر شیاوی سەرنجی لێکراوە.

**گزینگ**: هیوادارم ئەو کتێبانەشت بە زوویی بڵاوبکرێنەوە... باشە، کاک ئەنوەر، وەک بزانی پێشوازی خەڵک لە «تاقەدار»چۆن بوو؟ بە تێکڕایی ڕەنگدانەوەی کتێبەکەتان لە نێو کۆڕوکۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەت ڕۆشنبیرانی غەیرە کورد لە چ ڕادەیەکدا بووە؟

**ئیران زادە:** پرسیارێکی زۆر جوانە، بەتایبەت کە هۆی نووسینی «تاقەدار» بە زمانی فارسییش دەسەلمێنێ. بە هەرحاڵ، رەنگە بۆ «گزینگ» روخساو نەبێ و منیش ئەو چاوەڕوانییەم نییە کە هەموو ئەو نامانەی کە خەڵک بە گشتی لە کورد و فارس و تورک و... بۆیان نووسیوم، چاپ بکا. پێشوازی لە کتێبی «تاقەدار» بێوێنە بوو، بەتایبەت ئەو کتێبە بە سوژە و ناوەڕۆکی ئەویندارانەی، یەکەمین کتێبێک بوو کە بە هەوێنێکی ئەوتۆ، پاش کرانەوەی رێژیی کەش و فەزای فەرهەنگی چاپ و بلاوکرایەوە. بۆیەش کتێبەکەم بە فارسی نووسی، چونکە دەمەویست هاولاتییانی دیکەش لە مەسەلە و گێرەوکێشەکانی خەڵکی کورد ئاگاداربن، بێ لەوەش بەداخەوە ئەو کەسانەی کە توانای کوردی خوێندنەوەیان هەبوو زۆر کەم بوون. لە ئەساسدا، خەڵکی کورد زۆربەیان، ئەوەیکە لە «تاقەدار»دا نووسراوە ــ لەرووداوەکان، کارەساتەکان، بیر و باوەڕەکان، هەست و خواز و ئارەزووەکان زانیارییان هەبوو، ئەوەیکە بۆ خەڵکی ناوچەکەمان جێگەی سەرسوڕمان و خۆشحالی بوو بەیان و دەربڕینی ئەو مەسەلانە بوو کە تائێستا بەو شێوەیە نەگوترابوون... دوای تاران، کتێبەکە لە شارەکانی کرماشان، شیراز و مەشهەد، زۆرترین فرۆشی هەبوو. یەکێک لە رۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی فارسیی خەڵکی تاران لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم کە ئەو، خەڵکی کوردی بە هۆی «تاقەدار»ەوە ناسیوە و هیچکات نەیزانیوە خەڵکی کورد کە تەبلیغاتێکی ئاوای لە دژی کراوە و قەت ئیجازە و بواری خۆنواندنی پێنەدراوە، ئاوا بەگوڕوتین، خاوەن هەست، ئەهلی دڵ، زوڵم لێکراو و لە هەمان کاتیشدا نیشتمانپەروەربووبن. چەندێک لە نووسەران و مافزانان و تەنانەت ئەوانەی کە پۆست و پلەوپایەیەکیان هەیە و رۆمانی «تاقەدار»یان خوێندووەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە رۆمانەکەیان پێ دڵگیر و راکێشەر بووە و، بە ئاوێنەی تەواونوێنی ژیانی خەڵکێکی باش و بە فەرهەنگیان لەقەڵەم داوە، ددانیشیان بەوەدا هێناوە کە میللەتی کورد بە گوێرەی هەقانیەتی مێژوویی، دەبێ مافی بەشدارییان لە دەسەلاتدارێتی ئێران دا هەبێ.

یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆی ئەدەبیات وێڕای پێخۆشبوونێکی لەڕادەبەدەر لە کتێبی «تاقەدار» نووسیویەتی کە ئەوە یەکەمین کتێبە کە نووسەر تێیدا بە وردی و مووقەڵێشی هەقیقەتە تاڵ و شیرینەکانی دەورەی خوێندکاریی زەمانی رێژیمی پاشایەتی، بەتایبەت لە دەیەکانی چلدا شیدەکاتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە زۆربەی خوێنەرەوان، وێڕای پەسندکردنی کتێبەکە و هاندانی من، ئیراد و رەخنەشیان هەبووە و منیش بەگوێرەی ئیمکان وەلامم داونەتەوە، هەر وەک ئەو نامەیەی کە ماوەیەک لەمەوبەر بۆ ئێوەشم نووسیوە کە لە گزینگدا چاپی بکەن.*

پێویستە ئەوەش بڵێم هەرچەند دڵسۆزان و خۆبەختکەران، مامۆستا و چالاکانی فەرهەنگی و سیاسی کە لە پێناو بەدیهاتنی ئامانجی میللی، لە ناوچە و گۆشەوکەناری جیهاندا، سەبارەت بە مافی سەرەکی، ئامانج و ئارەزووەکان و هەقانیەتی مێژوویی میللەتی کورد زۆریان گوتوە و نووسیوە و تەنانەت لە بەختکردنی گیانی خۆشیان درێغیان نەکردووە و نایکەن؛ بەلام بە سەرنجدانی بارودۆخی زەمانی و مەکانی کە من تێیدا رادەبوێرم، رەنگە بتوانم ئیدیعا بکەم یەکەمین کەس بم کە لە کتێبێکی ئاوادا توانیومە لە مافی کورد لەمەڕ بەشدارێتی لە حاکمیەتدا بدوێم و قسە بکەم.

سانسۆرچییەکانی وەزارەتی ئیرشاد لە زەمانی آغای «میرسەلیم»، هەر لە سەر ئەو خاڵە قامکیان داگرتبوو. ئەو لایەنەیان وەک دژبەری سیاسەتە گشتییەکان راگەیاند و بلاوکردنەوەی کتێبەکەشیان بەو دەلیلە قەدەغە کرد. هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ لە ماوەی دوو ساڵ پەرپشکنین و قەڵەم ئاژنکردنی رۆمانەکە کە خۆشم کەوتبوومە ژێر پرسیارەوە، چ دەرد و رەنجێکم تابوشت هێناوە؟!

یەکێک لە خاوەنرایانی کورد کە ماوەی سی ساڵە لە سەر زمان و مێژووی کورد خەریکی کاری لێکۆڵینەویە لە نامەیەکدا بۆی نووسیبووم کە: سەرەڕای ئەوە کە «تاقەدار» هەناوی وی هەژاندووە و لەوەیکە نووسەرێکی کورد کتێبێکی ئاوای نووسیوە گەزگەز باڵای کردووە، بەلام لە سەر هێندێک زاروێژ و دەستەواژەی کوردی کە لە کتێبەکەدا دەکارکراون رەخنە و تێبینی هەیە، کە لە چاپکردنەوەی سەرلەنوێی کتێبەکەدا، ئەو رەخنە و سەرنجانەم لەبەرچاو گرتووە.

بە کورتی خەڵکی کورد و بەتایبەت ئەوانەی کتێبەکەیان خوێندووەتەوە، «تاقەدار»یان بە رەنگدەرەوەی دەرد و رەنج و ئامانج و ئارەزووەکانی خۆیان داناوە.

**گزینگ:** تکایە ئەگەر دەکرێ کورتەیەک لە ناوەڕۆکی رۆمانەکەتان بۆ خوێنەرەوانی گزینگ باس بکەن.

**ئیران زادە:** شیرین و فەرهاد، کچ و کوڕێکی گەنجی مەهابادی لە زەماوەندێکدا عاشقی یەکتر دەبن. فەرهاد دەرچووی زانکۆی حقووق(ماف)ە. لە هەلومەرجێکدا کە ئەوینەکەیان ریشەی گرتووە و دەیانەوێ شایی و زەماوەند وەرێبخەن، کوسپ و تەگەرە دەکەوێتە نێوانەوە و، بەهەرحاڵ ئەو ئەوینە بە ناکاوی و نامرادی کۆتایی پێدێ. ئازەنێن بێوەژنێکی گەنج و جوانیش، لە عاست فەرهاد هەر ئەو هەستە ئەویندارانەی هەیە و ئەویش بە جۆرێک لەو عیشقەیدا نامراد دەبێ. دوای زەماوەندی شیرین لەگەڵ خوسرەو و پاش تێپەڕبوونی زۆر ساڵان، شیرین بە قەتڵ تاوانبار دەکرێ و، فەرهاد کە بووەتە وەکیلی پایە یەکی دادگوستەری(دادوەری) وەکالەتی شیرین بە عۆدە دەگرێ و، زۆر رووداوی دیکە... دیارە بە گوێرەی بابەت و ناوەڕۆکی کتێبەکە، بە خاتری زۆر مەسەلەی چاوەڕواننەکراو و خافڵێنەر کە جەزبەیەکی تایبەتییان هەیە، ئەوانە ئەگەر بگوترێن و بگێردرێنەوە بۆ ئەوانەی رۆمانەکە دەخوێننەوە لەوانەیە ئەو چێژ و خۆشییەی نەمێنێ، بە جەسارەتەوە ئیجازە دەخوازم کە لەوە زیاتر لە سەری نەڕۆم.

**گزینگ:** هەرچەند خۆتان لە ناساندنی کتێبەکەدا نووسیوتانە کە نێوی قارەمان و کەسایەتییەکان خەیاڵی یە، بەلام تا ئەو جێیەی بۆی چووبم و هەڵەم نەبێ، بەشێک لە شەخسییەتی قارەمانی رۆمانەکە، واتە فەرهاد خودی خۆتانن... دیارە تاقەداریش (وەک دارێکی کۆنەساڵ) سیمبۆل و رەنگدەرەوەی دەرد و رەنجی مێژوویی میللەتی کوردە... ئایا بۆ خۆتان نەزەرتان چییە؟

**ئیران زادە:** هەروەک دەزانین، رۆماننووس لە ژێر تەئسیری کەسایەتی خۆی، دەوروبەر، کۆمەڵگە و خەڵکی خۆی دایە. هەر بەو دەلیلەش نووسەرێکی خۆولاتی ناتوانێ رۆمانێک بنووسێ بۆ وێنە دەستەبەری تایبەتمەندییەکان، هەست ونەست، بیروبڕوا، ویست وخواز و کەسایەتی ئورووپاییەک یان ئەمریکاییەک بێ. بۆچی؟ چونکە رۆماننووس وەک هەر شتێک بە خۆی و دەوروبەری خۆیەوە گرێ دراوە و شتەکان هەست پێدەکا.

کەوابوو ئەگەر فەرهادی تاقەدار وێچوویییەکی بە منەوە هەیە هیچ سەیر نییە. دەتوانم بڵێم کەسایەتی فەرهاد بەتایبەت ئەوکاتەی کە دەچێتە ناخی خۆیەوە، لە هەناو و دەروون و هەست و نەستی خۆی دەدوێ، ئەوە کەسایەتی منە. ددان بەوەشدا دێنم کە فەرهاد لە باری کەسایەتی، ڕوحیە و هەستەوە خودی خۆمم. هەروەک چۆن لە ئەسلەحە، سیاسەتبازی، بێڕەحمی و خیانەت بێزارم... ئەوینم خۆش گەرەکە و عاشقی گوڕوتین و جەزبە و حاڵ و هەوای عاشقانەم، فەرهادی «تاقەداری»یش هەر ئاوایە. باوەڕبکەن لە تەواوی ژیانمدا دەستم لە هیچ ئەسلەحەیەک نەداوە، لە دەورەی سەربازیشدا، پارە(پووڵ)م دا بە یەکێک لە هاواڵەکانم تا لە جیاتی من تفەنگەکەم هەڵگرێ و تێرئاوێژی پێ بکا.
دیارە لە خولقاندنی کەسایەتی فەرهاددا، بەرلە هەموو شت تایبەتمەندییەکانی ڕوحی و دەروونی ویم خستووەتە بەر سەرنجەوە. کەسێک دەیتوانی قارەمانی ڕۆمانی من بێ کە وەک من فکر بکاتەوە، هەست و نەستێکی وەک منی هەبێ، بەگشتی ئیحساساتێکی وەک منی هەبێ. لەوبارەیەوە هیچ شەرمەحوزوورییەکم لەگەڵ خۆمدا نەبووە، درۆم بە خۆم نەگوتووە، تەنانەت بە ڕاشکاوی لە لاوازی و زەعفی ڕوحی ویش دواوم.
ئەگەر کتێبەکەتان خوێندبێتەوە پێی لێدەنێن کە فەرهادی «تاقەدار» ئینسانێکی هەڵکەوتە و ناوارتە و زارگوتەنی قارمان نییە، ئینسانێکی ئاسایی یە کە بە ڕوونی لە بارەی زەعفەکانی، کەموکوڕییەکانی قسەکراوە. بە جۆرێک کە جاری وایە شیاوی ڕەحم و بەزەیی پێداهاتنەوەیە. لە حاڵێکدا دەزانن کە قارەمانان هیچکات نابێ لە هەلومەرجێکدا بن کە سەبارەت بە وان هەستی بەزەیی بنوێندرێ. بەڵام جیا لەو لایەنانەش، ژیانی فەرهادی «تاقەدار» لەگەڵ ژیانی من زۆری جیاوازی هەیە. هەرچەند زەمانی تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە ساواک و پادگان پێوەندییان بە منەوە هەیە، بەڵام فەرهاد عاشقێکی ناکاو و نامرادە، خوشک و برایەکی هەیە. لە حاڵێکدا نە من لە ئەویندا ناکاوم و نە خاوەنی خوشکیشم، هەروەک بۆخۆشت دەزانی ئێمە نۆ براین و خوشکمان نەبووە.
هەرچۆنێک بێ، ئەگەرچی جەوهەر و چوارچێوەی ڕۆمانەکە عیشقی یە، بەڵام زۆربەی خوێنەرەوان، کتێبەکەیان بە ڕۆمانێکی سیاسی لەقەڵەم داوە. بێشک دەزانن داری «تاقەدار» لە مەهاباد، کە پیرێکی لە ژێر نێژراوە، وەک شوێنێکی پیرۆز تا ڕادەی ئەسپەند و تەقەددوس دەپەرسترێ، زۆرکەس نەزر و نیازی لەلا دەکەن. «تاقەدار»خۆشەویستە، وەک گوتراوە دەڵێن پەنا و نەزرگەی عاشقان بووە. من وەسێتم کردووە کە ئەگەر مردم و کاربەدەستان و خەڵک ئیجازەیان دا، لە پەنا «تاقەدار» بنێژرێم.
بەهەرحاڵ، هەرچی تێدەفکرم دەبینم «تاقەدار» کەسایەتییەکی تەواو گونجاوی لەگەڵ میللەتی کورد هەیە... کۆنەساڵ، بریندار و دڵشکاو، خۆڕاگر و سەربڵیند، بەڵام... تەنیای تەنیا! ئایا میللەتی ئێمە وا نەبووە و ئاوا نییە؟
من لە ڕۆمانەکەدا، لە بڕگەگەلی جۆراوجۆر، ئیشارەم بەو مانایە کردووە و لە شوێنێکیدا نووسیومە کە بۆچی نێوی ئەو شارەیان نەناوە «تاقەدار»؟ کە دیارە مەبەستی من تەنیا شارێک بە نێوێکی دیاریکراوەوە نەبووە و نییە، بەڵکوو مەبەستم هەمان کوردستان یان لەڕاستیدا هەبووگ و کەسایەتی مێژوویی ئێمەی کوردە.

**گزینگ**: هەروەک ئاشکرایە و لە نامەکەشتاندا بە وردی ئیشارەت پێکردووە، بەشێکی زۆر لە ڕۆمانەکەتان (وابزانم نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕە) سانسۆرکراوە، ئایا بابەت و سوژەی ڕۆمانەکە، بوو بەهۆی ئەو سانسۆرکردنە، یان شتی دیکە، تکایە ئەگەر دەکرێ لەوبارەیەوە هێندێک بدوێن؟

**ئیران زادە**: کتێبەکەم لە ساڵی ٧٤(٩٥) بۆ مافپێدان و ئیجازەی چاپ بە وەزارەتی ئیرشاد ئەسپارد. وەک لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد، لەوساڵەدا کەسێک بە نێوی آغای «میرسەلیم» وەزیری ئیرشاد بوو کە بە گوتەی هەموو خاوەنڕایان ڕەشترین دەورەی فەرهەنگیی ئێران، زەمانی وەزارەتی و بەرپرسیتی ئەو آغایە بووە. ئەو کتێبانەی لەو دەورەیەدا ئیجازەی چاپیان وەرگرت، بەتێکڕایی سەت لەسەتا کتێبگەلی مەزهەبی، کتێبگەلی چێشتلێنان، باخەوانی و فاڵگرتنەوە بوون. هەرچۆنێک بوو «تاقەدار» ماوەی دوو ساڵ لە ژێر پشکنین و چاوپێداخشاندندا بوو. زۆربەی لاپەڕەکانی (نزیکەی ١٠٠ لاپەڕە لەبارەی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، ٤٠ لاپەڕەیەک لە بارەی ڕێوڕەسمی شایی و زەماوەند وەک: خەنەبەندان و سێ ڕۆژانە و...)کەوتە بەر سانسۆڕەوە و داواکرا کە هێندێک لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە یا بقرتێن یان بگۆڕدرێن. بۆنموونە سەبارەت بە نازەنین یەکێک لە کەسایەتییەکان، کە من ناچار بووم هەستی ئەویندارانەی وی بکەمە هەستێکی دایکانە! لەگەڵ تەواوی ئەو قرتاندن و سەر وگوێ پەڕاندن و سانسۆڕانەش کتێبەکە ئیجازەی چاپی هەر پێنەدرا. هۆی ئەو بڕیارەش کە بە شێوەی زارەکی ڕاگەیێندرا، پێوەندی بە ناوەرۆکی عیشقی و سیاسیی ڕۆمانەکەوە هەبووە.
هەڵبەت موشکیلەی منیش وەک زۆربەی نووسەران (ئەگەر بکرێ خۆم بە نووسەر دابنێم کە جارێ زۆرم ماوە) سەرەڕای سانسۆڕی دەوڵەتی، خۆسانسۆڕیش ڕۆڵی بینیوە، من تەنانەت پێش ئەسپاردنی کتێبەکە بە وەزارەتی ئیرشاد، هێندێک جێگەم دەرهاویشت، لەوانە: دیداری شیرین و فەرهاد دوای ساڵەها دووری، لە هەلومەرجێک ڕوویدا کە شیرین ژنێکی تەڵاقوەرگرتوو بوو، لەوە دەترسام ئەگەر وا نەکرابایە لەو پێوەندییە عاشقانەیەدا، تەعبیرگەلێکی ناپەسند لە زەینی خەڵکدا بەدیهاتبایە. یان نازەنین بێوەژنێکی جوان و جحێڵ کە زۆر بە ترس و لەرزەوە و بە لەبەرچاوگرتنی زۆر مەسەلە و لایەنی ورد، کەسایەتی و هەستی ویم خستووەتەڕوو. هەروەها سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناوچە بەتایبەت لە ساڵە سەرەتاییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی... کە بەهەرحاڵ بە پێی بارودۆخی ئەوکاتە ناچاربووم خۆسانسۆڕی بکەم. هەرچەند خەڵکی کوردستان لەوەیکە توانیومە یان زارگوتەنی وێراومە ڕووداوە مێژوویی و ئەستەمەکانی ناوچەکە، بەمجۆرە لە ڕۆمانەکەدا بگونجێنم و بیناخەمەڕوو، بەسەرسوڕمانەوە خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە و زۆربەی خوێنەرەوان لە دەربڕینی ئەو مەتڵەبگەلە منیان بە سەرکەوتوو زانیوە.

**گزینگ**: وەک دەردەکەوێ تێمی ئەسڵی واتە سوژەی سەرەکی ڕۆمانەکە عیشقی یە، ئایا چ پێوەندییەک لە نێوان فەرهادی «تاقەدار» و فەرهادی ئەفسانەییدا بەدی دەکرێ؟

**ئیران زادە**: فەرهادی ئەفسانەیی کوردە، فەرهادی «تاقەدار»یش هەر کوردە. فەرهادی ئەفسانەیی عاشقێکی ناکاو و نامرادە و فەرهادی «تاقەدار»یش هەر ئاوایە. فەرهادی ئەفسانەیی کێوهەڵکەنە، بەڵام فەرهادی «تاقەدار» پارێزەری دادگوستەری(دادوەری)یە... کە بە

سەداقەتەوە دەڵێم لە بارودۆخی ئێستەدا، بەتایبەت ئەو کاتەی کتێبەکەم نووسیوە، پارێزەربوون و کاری وەکالەت لە هەڵکەندنی کێو کەمتر نەبووە و دەکرێ بڵێین کە کارێکی ئاماڵ فەرهادانەیە. کورد بوون، عاشقێکی سووتاو و نامرادبوون خاڵی هاوبەشی فەرهادی «تاقەدار» و فەرهادی ئەفسانەیی یە.

**گزینگ**: کاک ئەنوەر، شیرین لە کتێبی «تاقەدار»دا بەپێچەوانەی شیرینی ئەفسانەیی، کەسایەتییەکی زوڵملێکراو و نامرادە. بۆچی تووشی ئەو چارەنووسە تاڵەت کردووە، چ مەبەستێکت لە خوڵقاندنی ئەو کەسایەتییە و ئەویش بەو جۆرە هەبووە؟

**ئیران زادە**: لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ناچارم سەرەتایەکی کورت بخەمەڕوو. من لە ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧١) واتە لە تەمەنی ٢١-٢٢ ساڵیدا خۆم لە پشت مێزی قەضاوەتدا دیتەوە. دوو ساڵ لە دادخوازیی ئەرتەش و چوارساڵیش لە دادگوستەری قاضی بووم . لە ساڵی ٥٦ بە بەهرەوەرگرتن لە قەضاوەت و دادوەری، بوومە وەکیل(پارێزەر)ی پایەک یەک و، ئێستە ماوەی ٢٢ ساڵە خەریکی کاری پارێزەریم. دە ماوەی ئەو بیست و هەشت ساڵەدا، لەبەر ئەوەی هەمیشە لەگەڵ هەق، خاوەن هەق، دژبەرانی هەق، ماف و هەقی خەڵک سەروکارم هەبووە، زانیاریی و ڕوانگەیەکی تایبەتیم لە واتا و ناوەرۆکی ماف بەدەست هێناوە و پێموایە هەق(ماف) خاوەنی مەفهوومێکی قووڵ و مانایەکی ئەستەم و ناسکە. لەلایەکی دیکەوە، ئەوەشم دەزانی کە لە ناو بوونەوەرانی جیهاندا، ژن لە هەموویان ئەستەمتر و ناسکترە. هەر بەو پێیەش شیرین کە کەسایەتی ژنی ڕۆمانی «تاقەدار»ە، بووە بە سیمبۆلی ئەو مافە. مافێک کە بەناهەق دراوە بە یەکێکی دی و هیچ مافی پێوە نەبووە (خوسرەو)، نەک بە کەسێک کە لەڕاستیدا شیاوی وی بووە (فەرهاد). مافێک کە بە ناهەق شیرین دەکێشێتە ناو بند و دیلێتییەوە، هەر ئەو جۆرەی کە زۆربەی «مافەکان» وەزعێکی ئاوایان هەبووە و هەیە.

شیرین کە دیل و زیندانیی دەبێ، فەرهاد لە پارێزگاریی و ئازادکردنی ویدا، خۆی ئەمەگدار دەبینێ، بەڵام چۆن؟ لە هەلومەرجێکدا کە هیچ دەرەتانی هیوایەک نابیندرێ، عالەم و ئادەم دژی شیرین هان دراون و داوای مەرگ و نەمان(ئیعدام)ی بۆ دەکەن. فەرهاد چۆن و بە چ شێویەک و کام پشتیوانە و هومێدێک دەبێ دست بەکاربێ؟ بەشێک لە خوێنەرەوانی کتێبەکە گوتبوویان لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو بەشە واتە(موحاکەمە)کەیان زۆر پێ دڵگیر و خۆش و ڕاکێشەر بووە، تەنانەت ئەو خەیاڵە کەوتۆتە سەریان کە گۆیا فەرهای هیوابڕاو، فەرهادی بێ هیچ پشتیوانەیەک ـ ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە هەموو بەڵگە و دەستاوێژێک دژ بە شیرینە، بۆ نەجاتی وی تاقمێک بە پووڵ ڕازی دەکا و ئامادەیان دەکا بۆغوونە کاتێک کە شیرین لە زیندان ڕا دەبردرێ بۆ دادگاییکردن، بڕژێنە سەر ماشێنی زیندان و بە پەلامار و شەڕ و پێکدادان شیرین ڕزگار بکەن. دیارە ئەوە خەیاڵ و بۆچوونی وان بەر لە خوێندنەوەی ئەو بەشەی کتێبەکە بووە. بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی ئەوان، فەرهاد لە ڕێگەیەکی دیکەوە وەخۆدەکەوێ، لە ڕێگەی قانوون و مەنتیق و زانست و هونەر و لێهاتوویی قەضایی... و لە ئاکامدا بە هەوڵ و کۆششی لە ڕادەبەدەر مەوفەق دەبێ کە شیرین نەک بە ڕێگەی زەبروزەنگ و زۆرەملی، بەڵکوو بە ڕێگەی مەنتیق و دەلیل هێنانەوە نەجات بدا. ئەویش لە بارودۆخێکدا کە هەموو ماکەگەل و هۆکاری کاربڕ لە ڕووداوی دادگادا لەوانە: ڕەئیسی دادگا، شکایەتکەر، شایەت، ئەفسەری ئاگایی و لێپرسەر و... هەموویان غەیرەکورد بوون. بەمجۆرە، بە خوڵقاندنی کەسایەتی شیرین بەو شێوەیەی کە لە کتێبەکەدا هاتووە، ویستوومە مەفهوومی ماف و چۆنیەتی ئەو مافە و گەیشتن بەو مافە نیشان بدەم.

هەروەک لە وەڵامی پرسیارێکدا ڕوونمکردەوە، ئەمن لە چەک و زەبروزەنگ و زۆرلێکردن بێزارم و لەلایەکی دیکەشەوە هیچکات ئەو باوەڕەم نەبووە و نییە کە بۆ گەیشتن بە مەبەست، دەبێ لە زەبروزەنگ کەڵک وەربگیرێ. دە ژیانمدا هەمیشە شێوەی زەبروزەنگ و کەڵەگایی و زۆرەملیم بەتایبەت لە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شەرم و شوورەیی زانیوە و ڕەتم کردووەتەوە. پێموایە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا و لە هەر پێوەندییەکی نێوان ئینسانانداە هەرچەند دژبەر و ناکۆکیش بن، دەبێ بە ڕێگەی مەنتیق و دەلیل هێناوە و زانست و ئاگایی هەڵسوکەوت بکرێ. هەر بەو دەلیلەش بوو کە من کۆمەڵێک گیرەوکێشە و مەسەلەی سەرەکیم لە قاڵبی چیرۆکێکی دڵگیری عاشقانەدا دەربڕیوە کە دەشیانتوانی ڕەنگ و بۆی توند و تیژیان هەبێ. لە ڕاستیدا ئەمن بۆ نیشاندانی ڕەنج و دەرد، ویست و خوازەکان، ناسکترین زمان واتە زمانی ئەوینم هەڵبژاردووە.

**گزینگ**: هەروەک باس کرا، «تاقەدار» کاتی خۆی، کەوتۆتە بەر تەوری سانسۆرەوە... ئایا ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا یانی دوای هەڵبژاردنی جەنابی خاتەمی بۆ سەرۆک کۆماریی نووسرابا، دیسانیش بەهۆی تایبەتی بوونی ناوەرۆکی بابەتەکە(واتە کوردستان)، هەر سانسۆڕ دەکرا؟

**ئیران زادە**: هەروەک پێشتر گوتم، کتێبەکە ماوەی دووساڵ ڕاگیرا و چاپ و بڵاوکردنەوەی قەدەغە کرا. ئەو بڕیارە ناعادڵانە و دژی فەرهەنگییە زۆری کارکردە سەر دڵ و دەروونی من و تووشی پەژارەیەکی زۆری کردم.

بەڵام، بە هەڵبژاردنی جەنابی خاتەمی بۆ سەرۆک کۆماریی و هاتنە سەرکاری ئاغای «موهاجیرانی» لە وەزارەتی ئیرشاد، من لە خەزەڵوەری ٧٦ دا، لە هەلومەرجێک کە دوو مانگ لە کارکردنی جەنابی موهاجیرانی تێپەڕدەبوو، بە ناهومێدی داوام کرد کە کتێبی «تاقەدار» سەرلەنوێ بکەوێتەوە بەر چاوپێداخشاندنەوە. بە خۆشییەوە ئەو داوایەم قەبوڵ کرا و ماوەی دوو حەوتوو کتێبەکە شیکرایەوە و و دەقە چاککراوەکەی (بەپێچەوانەی دەقی پێشوو کە قەدەغە ڕاگەیێندرابوو) ئیجازەی چاپی وەرگرت. هەڵبەت لە پەڕپشکنین و چاوپێداخشاندنەوەی سەرلەنوێدا، دە شوێنی جۆراوجۆر ئیرادی لێ گیرا و دەبوو چاک کرابایە، لەوانە: لە جێیەک نازەنین فەرهاد بە وشەی «ئازیزم» بانگ دەکا کە لێیان ویستم ئەو وشەیەی بقرتێنم! یان گوتیان نێوی یەکێک لە مامۆستایانی پێشووی زانکۆی حقووق کە لە کتێبەکەدا بە بۆنەیەک نێوم هێنابوو دەریباوێژم، گۆیا ئەو مامۆستایە فراماسۆن بووە، نەدەبوو بە هیچ چەشنێک نێوی ببردرێ و... بەهەرحاڵ، دوای چاککردنی ئەو ئیرادانە، کتێبەکە ئیجازەی چاپی وەرگرت. بەڵام بە هۆی مانەوەی ماکەگەلی سەر بە «میرسەلیم» لە وەزارەتی ئیرشاددا و وەڕێخستنی دەنگۆی جۆراوجۆر و لەوانە دەنگۆی فەشەڵکردنەوەی ئیجازەگەلی دراو، ئەمن دەرفەتی ئەوەم نەما هەڵە چاپییەکان چاک بکەم، بۆیە کتێبەکەم زۆر بە تاڵووکە بە چاپخانە ئەسپارد و دوای چەند حەوتووان چاپکرا و دەستبەجێ بڵاوکرایەوە. دەتوانم بڵێم کە ئەگەر دەرفەت هەبا و هەلومەرجیش ئاوا نەبووبا،

دەمتوانی گەلێک لەو کەموکوڕییانەی ئێستەی «تاقەدار» تێهەڵێنمەوە. دیارە لایەنی باش و بەنرخی چاوپێداخشاندنەوەی سەرلەنوێی کتێبەکە ئەوەبوو کە توێژەرە تازەکان کاریان بە ناوەرۆکی عیشقی و سیاسی کتێبەکە نەبوو و تەنانەت یەکێک لەوان شیکردنەوە و لێکدانەوەی مەسەلەی کوردستانی زۆر پێ باش و عەنتیکە بوو.

بە خۆشییەوە لە حاڵی حازردا، ئەو گیروگرفتەی سانسۆر بە شێوەی پێشوو نەماوە و کەش و فەزای فەرهەنگی بەتایبەت سەبارەت بە کتێب کراوەیە و کۆمەڵێک کتێب کە چەند ساڵ پێش تەنانەت هیچ وێنەدەچوو ڕۆژ و ڕۆژگارێک ئیجازەی چاپ وەربگرن، ئێستە چاپ و بڵاودەکرێنەوە. کتێبی دووهەمی من: «ما بی غمان مست/ئێمە بێغەمانی مەست» ماوەی دە ڕۆژان، بێ ئەوەیکە وشەیەکی لێ سانسۆڕ بکرێ یان بگۆڕدرێ، ئیجازەی چاپی وەرگرت و بڵاوکرایەوە.

**گزینگ**: کاک ئەنوەر، هەروەک خۆت فەرمووت ئەو کتێبە کە دووهەمین بەرهەمی جەنابتە (کە بەرگێکیشت باربووی گزینگ کردووە و دیارە جێگەی سپاس و پێزانینە)سوژە و ناوەرۆکەکەی زیاتر لە سەر قەتڵ و ئینسانکوژی و شتی لەم چەشنەیە، هۆی نووسینی ئەو کتێبە چی بووە، ئەگەر دەکرێ بە کورتی هێندێکمان بۆ باس بکە؟

**ئیران زادە**: هەروەک گوتم، ئەمن بە ئیعتیباری کارەکەم کە ماوەی بیست و هەشت ساڵە خەریکی کاری قەضاوەت و پارێزگاریم، دەگەڵ گەلێک قاتڵ و ئینسانکوژ ڕووبەڕووبووم، چ وەکوو لێپرسەر و دادخواز، چ وەکوو قاضی و پارێزگار! ئەوەیکە بە ڕاشکاوی دەتوانیم بیڵێم ئەو ڕاستییەیە کە لە مێژووی بەشەریەتدا و بە درێژایی زەمانی ڕابردوو و ئێستا، هیچ گوناح و تاوانێک بە ئەندازەی قەتڵی نەفس (ئینسانکوشتن) پیس و پەلەشت و شوورەیی نەبووە و نییە. هەر گوناح و تاوانێک ڕێگەیەکی بۆ تۆبە و تێهەڵێنانەوەی بەدی و بەدفەڕی هەیە. بۆغوونە دز دەتوانێ بە دانەوەی ماڵی دزێتی بە خاوەنەکەی، ویژدانی خۆی ئاسوودە بکا، دز و تەڵەکەباز، چاوبەست و چەچوول، چەتە و قاچاخچی و... هەرکام دەتوانن بە شێوەی جۆراوجۆری تۆبەکردن، هۆدانەوە و باشبوون و چاکەکردن و خزمەت تاڕادەیەک گوناحەکانیان بشۆنەوە و بە هێمنایەتی ژیان ڕابوێرن، بەڵام قاتڵ و ئینسانکوژ هیچ ڕێگەیەکیان بۆ تێهەڵێنانەوەی گوناح و تاوان نامێنێ و تاقە ڕێگەی نەجاتیان لە دەرد و ڕەنج و عەزابی ویژدان تەنیاو تەنیا مەرگە و بەس... جگە لە مەرگ و نەمان هیچ شتێک و ڕێگەیەکی تریان نییە کە ئاسایشت و هێمنایەتییان پێ ببەخشێتەوە. هەن کەسانێک وەکوو تێرۆریست و کانگستێر کە بێ ترس و ڕەحمەت، بێ ئەوەیکە بیر لە موحاکەمە و سزادان بکەنەوە، خۆ بە خاوەن پشتیوان و خاوەنهێز و دوور لە هەر چەشنە ڕاوەدوونان و سزادانێک دەزانن و ئینسان دەکوژن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوانیش لە ناخی خۆیاندا مەسەلەیان هەیە و هیچکات ناتوانن هێمنی و ئاسایشتێک لە ژیانیاندا هەست پێبکەن.

لە کتێبی «ما بی غمان مست/ئێمە بێغەمانی مەست»، ئەو واقیعیەتەم خستووەتەڕوو و هەروەها لە شیکردنەوەی عەزابی ویژداندا ئەوەم جەخت و چڕکردووەتەوە کە عەزابی ویژدان خەمێکی زۆر تاڵ و گرانە کە لەگەڵ خەمەکانی تەواوی عالەم فەرقی هەیە.

لە نووسینی ئەو ڕۆمانەدا هەوڵم داوە واقیعیتە سەرەکییەکانی سەرەوە، نەک بە شێوەی وتار لە چوارچێوەی فۆرمولی کۆمەڵایەتی و تیۆری ویشکی زانستی، بەڵکوو بە زمانێکی ساکار و بە بەهرەوەرگرتن لە حاڵ و هەوای ژیانێکی باو و ئاسایی شیبکەمەوە. تا ئەو جێیەی توانیومە نیشانم داوە کە کەسایەتی داستان لە ژێر کارتێکەریی کام هۆکار و هەلومەرجی زەمانیدا دەست دەکا بە ئینسانکوژی و، چۆن بێ ئەوەیکە تەنانەت بکەوێتە بەر شک و دڕدۆنگی و سزادانەوە، بۆخۆی هەست بە عەزاب دەکا و هەر بەو بیر و خەیاڵەوە وای لێدێ پەنا بۆ کەلاوەیەک ببا، کە سەرەنجام بارودۆخی ڕوحی و دەرد و خەمی هەڵقوڵاو لە عەزابی ویژدان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی برینێکی چکۆلە لە قاچیدا کە ئاخرسەر لێی پیس دەکا و لە بەینی دەبا.

دەزانن کە ئینسان ئینسانە، تەنانەت ئەگەر ئینسانبوونی خۆشی ئینکار بکا، دیسان بە ئیعتیباری ئینسانبوونەکەی خاوەنی ویژدانێکە، ئێستە لەوانەیە ویژدانێک بەهۆی کارتێکەری هەلومەرجێک و لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا تەرە یان تووشی خافڵبوون بێ، بەڵام لە هەرحاڵدا ناتوانرێ لە هەبوونی چاو بپۆشرێ و ئینکار بکرێ.

بزانە حافظی شیرازی چەند جوان و بە چ وردەکارییەکی تایبەتەوە ئەو مانایەی دەربڕیوە:

ما بی غمان مست دل از دست دادەایم
همراز عشق و هەمنفس جام بادەایم
(ئێمە بێخەمانی مەستی دڵ لە دەست دراوین
هاوڕازی ئەوین و هاونەفەسی جامی شەڕاوین)

تا دەگاتە ئەو جێیەی کە دەڵێ:

گفتی کە: «حافظ! این همە رنگ و خیال چیست؟ ــ
نقش غلط مخوان، کە همان لوح سادەایم!
(گوتت کە: «حافظ! چییە ئەوگشت ڕەنگ و خەیاڵە؟ ــ
نەخشی غەڵەت مەخوێنە، لەوحێکی سادە و خاوین!)

ئینسان بەو تایبەتمەندییانەی کە هەیەتی هیچکات بۆی نییە هاونەوعی خۆی بکوژێ و بەو دەلیلەش قەتڵی نەفس بە هەر هۆ و بیانوویەک و لە ژێر تەئسیری هەر هەلومەرجێکدا بێ، جگە لە خەمێکی قووڵ و پەژارەیەکی گەورە کە هەمان عەزابی ویژدانە، هیچ حاسڵێکی نییە. هیچ شتێک ناتوانێ ئینسانکوژی بسەلمێنێ. چونکە هەر مەسەلە و موشکیلەیەک کە پێوەندی بە ئینسانەوە هەبێ، ڕێگاچارەیەکی هەیە کە ئینسانکوژی ناکەوێتە خانەی هیچ ڕێگاچارەیەکەوە.

لە کتێبی «ما بی غمان مست/ئێمە بێغەمانی مەست»دا، جگە لە وەڕووخستنی ئەو ڕاستییانە، ئەو بابەتەشم هێناوەتە بەر باس کە خەمی ئەوین هەرچەند ئەویش خەمێکە، بەڵام هەیهات! بە ئەندازەی تەواوی جیهان لەگەڵ خەم و پەژارەی جنایەت و تاوان مەوداو جیاوازی هەیە.

خەمی ئەوینم تەنیا لە لاپەڕەیەکدا و ئەویش لە زمان پیاوێکی نێوانساڵ دەربڕیوە، بەڵام هەر ئەو نەختاڵە تەئسیرێکی سەیری هەبووە و مەزنی و شیرنایەتی خەمی عیشقی بە تەواوی دەرخستووە. خەمی جینایەت و تاوان خەمێکی تاڵ و قورسە، کەچی خەمی ئەوین شیرین و دڵگیرە. بە گوتەی یەکێک لە ڕەخنەگرانی ناوداری ئێران، ئەگەر خەمی ئەوین لە کتێبی «تاقەدار»دا، فرمێسک لە چاواندا قەتپس دەکا، ئەو خەمە لە کتێبی «ما بی غمان مست/ئێمە بێخەمانی مەست»دا، زەردەخەنە دەخاتە سەر لێوانەوە!

ئەو کتێبەش پێشوازییەکی شایانی سەرنجی لێکرا، بەتایبەت کە دوای

ڕووداوەکانی قەتڵی زنجیرەیی بڵاوکرایەوە و، ئەوەیکە قاتڵەکان ـ لە باری لایەنی ویژدانی مەسەلەکەوە، ئاخرسەر جگە لە مەرگ و نەمان چارەیەکیان نییە، تەئسیرێکی زۆر باشی دانا و کەوتە بەر دڵی کوڕ و کۆمەڵانی خەڵکەوە.

**گزینگ:** کاک ئەنوەر، وێڕای سپاس لەوەیکە وەختمان گرتی، ئەگەر قسەیەکت ماوە و دەتەوێ بیڵێی فەرموو...

**ئیران زادە:** منیش بە نۆبەی خۆم سپاستان دەکەم کە وەختی خۆتان و چەند لاپەڕەی گۆڤارەکەتان بۆ قسەکانم تەرخان کرد. هەروەها ئەوەش بڵێم کە ئەو نامانەی لە سەرەوە ئیشارەم پێکردن، ئێستا لە لام هەن و ئەگەر ویستتان دەتوانم کۆپییەکتان بۆ بنێرم. لە کۆتاییدا، سەرکەوتنی هەموو ئازیزانی گزینگ لە خودای مەزن ئاواتەخوازم.

* ئەو نامەیەی کە لە لایەن کاک ئەنوەرەوە لە گفتوگۆنەفتەکەدا ئیشارەی پێکراوە، ئەوا لە خوارەوە لە ژێر عینوانی «ڕوونکردنەوەیەک» پێشکێش دەکرێ.

## ڕوونکردنەوەیەک

سەرنووسەری بەڕێزی گۆڤاری گرینگ و بەنرخی «گزینگ»

**وێڕای ڕێز و حەرمەت،**

سەبارەت بە کتێبی «تاقەدار» نووسراوی بەندە، وتارێک وەک ڕەخنە و ڕوانگە بە قەڵەمی جەنابی ئاغای حەسەنی قازی لە هاوینی ۱۹۹۸[ژمارە ۲۰، ل ۷٤] لە گۆڤاری گزینگ دا چاپکراوە. هەرچەند گۆڤارەکە لە عاست ئەو وتارە بەرپەرس نییە و ئەگەرچی هەر ڕەخنەیەکیش حەوجێ بە وەڵامدانەوە ناکا، بەڵام چونکە لە نووسینی وتارەکەدا، مەسەلە سەرەکییەکان چاوپۆشییان لێکراوە، بە پێویستم زانی بۆ ڕونکردنەوە و دەرخستنی ناوەڕۆکی کتێبەکە، بە چەند خاڵێک ئیشارە بکەم تاکوو خوێنەرەوە، نەک لە سەر ئەساسی ڕەخنە و ڕوانگە، بەڵکە لە سەر بنەمای ڕاستییەکان، کتێبەکە بخوێنێتەوە و هەڵیسەنگێنێ. هەربۆیەش وێڕای داوای لێبوردن لە گرتنی وەخت، بە کورتی هێندێک خاڵ دەخەمەڕوو:

جەنابی حەسەنی قازی کە دووراودوور دەیناسم و ئاگاداری فەزڵ و شارەزایی و عەلاقەی وی بە ئەدەبیاتی کوردیم و هەمیشەش بەلای منەوە شیاوی ڕێز وحورمەت بووە، لە وتاری خۆیدا، سێ مەتڵەبی خستووەتە بەر سەرنج و ڕەخنەوە کە دیارە منیش تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سێ مەتڵەبەدا وەڵامی پێویستیان بە عەرز ڕادەگەیێنم.

پێشەکی پێی لێدەنێم و ڕایدەگەیێنم کە وەرگێڕانەوەی بەشێک لە دەقی و ناوەڕۆکی کتێبەکە، بەوپەڕی جوانی و ڕەوانی کراوە و، بە هەق تەرجومەکە ئەو جۆرەیە، دڵێی جەنابی قازی ئەو هەستەی کە لە ناخ و دڵی مندا بووە، بە گوێی گیان ژنەفتوویە و لە سەر کاغەز نەخشاندوویە. هیوادارم لەو بارەیەوە سپاس و پێخۆشبوونی من قەبوڵ بکا. لەو هەلەش کەڵک وەردەگرم، لایەنی ڕێز و هەست و شانازی خۆم لە هەوڵ و عەلاقەی مامۆستایانی ئەمەگدار و لاوانی دڵسۆز و بەرپەرس کە لە پێناو بوژاندنەوە و گەشەپێدانی ئەدەب و زمانی کوردی نیشانی دەدەن، دەربڕم.

بێگومان عەلاقە و چالاکیی ئەو بەڕێزانە، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەبێتە هۆی جەزبە و ڕاکێشانی خەڵکی بێبەریکراوی کورد بە فەرهەنگ و شارستانییەتی بەرزی خۆیان. ئاشکرایە لەو بوارەدا، گۆڤاری بەنرخی«گزینگ» توانیویەتی نەخشی کارا و بایەخداری هەبێ.

جەنابی حەسەنی قازی لە ڕانانی کتێبی «تاقەدار»دا کە فەرموویانە:

۱) نووسەری تاقەدار لە دەربڕینی مەسەلە و ڕووداوەکانی مێژوویی ناوچەدا سەرکەوتوو نەبووە؛

۲) نووسەر دەبوایە سەبارەت بە ڕێوڕەسمەکان وەک ڕێوڕەسمی شایی و هەڵپەڕکێ زۆرتری نووسیبا کە خوێنەرەوەی فارسزمان ئاشناییەکی زێدەتری لەگەڵ ئەو ڕێوڕەسمانە پەیداکردبا؛

۳) خۆزیا تەواوی کتێبەکە بە زمانی زگماکی یانی زمانی کوردی نووسرابا؛

دەبێ بڵێم:

کتێبەکەم بە فارسی نووسیوە، بەو دەلیلە کە زۆربەی خەڵکی کورد لەو شتانەی کە دە کتێبەکەدا نووسراون (ڕووداوەکان، ڕێوڕەسمەکان، هەست و ویست و ئارەزووەکان) ئاگاداری و زانیارییان هەبووە، بە پێویستم زانی کە هاووڵاتیانی دیکەش، فارسەکان، تورکەکان و... لەو مەسەلانە ئاگاداری بەدەست بێنن. سەرنووسەری گۆڤارێک [لە ناوەوە] بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە دوای سی و پێنج ساڵ ڕۆژنامەگەریی، بە هۆی «تاقەدار»ەوە کوردی ناسیوە! ئەو نامە و تەلەفۆنانەی بۆم دێن و دەکرێن دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە خوێنەرەوانی فارس و تورک، بەتوندی کەوتوونە ژێر تەئسیری وەزع و حاڵی خەڵکی کورد لە ڕابوردوو و ئێستادا و، بەو پێیە هیچوەخت نەیاندەزانی کە ئەو خەڵکە ئاوا بە هەست و


جمهوری اسلامی ایران
وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی
بسمه تعالی
شماره ۱۴۵۰۱/۱۹۶۳۴
تاریخ ۷۸/۲/۹
پیوست

ادارهٔ کل فرهنگ و ارشاد اسلامی استان آذربایجان شرقی

با سلام

احتراماً عطف به نامه ۵/۱۶۱۲۵/۴ مورخ ۷۴/۱۲/۲۶ در خصوص کتاب سه جلدی تاقه‌دار به اطلاع میرساند که چاپ و نشر کتاب فوق‌الذکر منوط به اصلاحات پیوست میباشد.

اندیکس شد

و من الله التوفیق
علیرضا مختارپور
اداره کل کتاب

ئیحساس، خاوەن فەرهەنگ، ئاگا و زوڵملێکراون. ئەوە لە شانازییەکانی بەندەیە کە توانیومە بە گوێرەی ئیمکان و بەنیسبەت زۆر کەم و نەختۆکە، ئەرکێک کە لە عاست خەڵکی خۆم بوومە و هەمە، بەوجۆرە بەجێبگەیێنم.
کتێبەکەم لە ساڵی ١٣٧٤(١٩٩٥) لە ڕێگەی (ئیدارەی کوللی ئیرشادی تەورێز) بۆ پێداچوونەوە و ڕەواییپێدان و ئیجازەی چاپ، تەحویلی (وەزارەتی ئیرشاد)دا. ئاگادارن کە لەو کاتەدا کەسێک بە نێوی «میرسەلیم» وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی بوو، بە قسەی تەواوی نووسەران و شاعیران و ئەوانەی کە ئەهلی فەرهەنگ و فکرن، ڕەشترین دەورەی فەرهەنگیی ئێران، دەورەی وەزارەت و بەرپرسێتی «میرسەلیم» و داروودەستەکەی بووە، کە تێهەڵێنانەوەی ئەو دەورەیە ساڵانێک وەخت وکات دەبا. دوو ساڵی ڕەبەق کتێبی «تاقەدار» لە ڕێژ پێداچوونەوەدا بوو. داوایان لێکردم کە دەبێ نزیکەی ٢٠٠ لاپەڕەی لێ بقرتێنم و گەلێک مەتڵەب و تەنانەت گەلێک نێویش بگۆڕم. کتێبەکە لە سێ بەرگدا بەو وەزارەتخانەیە ئەسپێردرا. بەرگی یەکەم دەبەرگری مەسەلە و ڕووداوەکانی مێژوویی و شیکردنەوە و لێدوانی ڕێورەسمی زەماوەند بوو. بە گوێرەی بیروڕای شیکەرەوان، بەرگی یەکەم ئەسڵەن شیاوی چاپکردن نەبوو و دەبوایە گۆڕانی تێدا بەدیبێ کە بە ناچاری لێبڕام و لە ئەنجامدا گەلێک مەتڵەب و لەوانە نزیکەی ٤٠ لاپەڕە سەبارەت بە ڕێوەڕەسمی زەماوەند و خەنەبەندان و سێ ڕۆژانە، قرتا و کرا بە لاپەڕەیەک!
لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەرەوانی کورد وێڕای هاندان و دڵدانەوەی بەندە، لەوەیکە وێراومە مەسەلەی ئاوا مەترەح بکەم، سەرسووڕمانی خۆیان بە نامە و تەلەفۆن دەربڕیوە.
خەڵک، هەموو (ئەوانەی کتێبەکەیان خوێندووەتەوە) دەزانن کە مەبەست لە «تاقەدار» میللەتی کوردە، میللەتێک کە وەکوو تاقەدار، کۆنەساڵ، سەربڵیند و بریندار بەڵام تەنیای تەنیایە. ڕەنگە بتوانم ئیدعا بکەم کە بەندە یەکەمین نووسەرێکم کە لە هەلومەرجێکی ئاوا تایبەتدا، بە شێوەی نووسراوە لە کتێبێکدا، لە مافی کوردان بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتدا قسە بێنمەگۆڕێ. لە «قارنا» و «قەڵاتان» بدوێم. لە هەست و خواز و ئارەزوو و ئەو زوڵمانەی کە لە میللەتی کوردکراوە، قسەبکەم. بەندە لە چارچێوەی فەرهەنگێکی سیاسی، نیزامێکی سیاسی و حاکمیەتێکی تایبەتیی سیاسیدا و بێ ئەوەیکە جاڕی شەڕ و خەباتێکم دژ بە کەس ڕاگەیاندبێ، تەنیا لە حەددی توانایی و کەڵک وەرگرتن و یارمەتی لە یاساگەلی بڕیاردەر ـ ئەوەیکە چین و چیمان دەوێ ـ وەزع و حاڵی کوردانم ڕوون کردووەتەوە. ئەوانەی کە کتێبەکەیان خوێندووەتەوە هەموو لەسەر ئەو باوەڕەن کە بە سەرنجدانی هەلومەرجێکی ئاوا، توانیومە پەیامی دڵ بە گوێی گیانان ڕابگەیێنم.
تەنیا بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، ڕاگەیێندراوی ئیدارەی کتێبی وەزارەتی ئیرشادی زەمانی «میرسەلیم» تان بۆ دەنێرم تا بسەلمێندرێ کە «تاقەدار» لە چ باروودۆخێکدا نووسراوە. [بڕوانە: کلیشەی نامەکان، ل ٢٤و٢٥]
سەرەڕای ئەوەش کتێبەکە وێڕای تەواوی سانسۆڕ و گۆڕانکارییەکانیش ئیجازەی بڵاوکردنەوەی قەدەغەکرا، تا سەرئەنجام بە لوتفی هەڵبژاردنی جەنابی خاتەمی بۆ سەرۆک کۆماریی و وەزارەتی ئاغای موهاجیرانی، کتێبەکە سەرلەنوێ توێژرایەوە و، ئیجازەی چاپی دەقی چاککراو واتە بە هەمان گۆڕانکاریی و قرتان و سانسۆڕێک کە پێشتر کرابوو، ڕاگەیێندرا.
قسەی من، لەتەک جەنابی قازی ئەوەیە کە خۆزیا پێش نووسینی ڕەخنە و ڕوانگەکەی، هەروەک ڕەخنەگرانی دیکەی کتێب لە ئێران پێوەندی بە منەوە دەگرت تاکوو مەسەلەکانم بۆ ڕوون کردباوە، تا خوای نەخواستە بیروڕای دەربڕاوی وی بە جۆرێکی دیکە تەعبیر و شی نەکرابایەوە. دیارە ڕەخنەگر ئازادە هەر چەشنە ڕەخنە و ڕوانگەیەکی هەیەتی دەریببڕێ، کەموکوڕییەکان بخاتەڕوو و، بەوەشم ئیتمینان هەیە کە «تاقەدار» ئیراد و کەموکوڕیی زۆری تێدایە. بەڵام ئایا پێویست نییە کە بۆ دەربڕینی ڕەخنە و ئیرادگەل، بە چاوی ئینساف و بەشێوەی عادلانە، تەواوی لایەنەکانی بابەتەکە هەڵسەنگێندرێ و پاشان ڕادەربببڕدرێ؟ ڕەنگە جەنابی قازی کە گەلێک ساڵە لە ئورووپا و سوێد دەژی، پێیوابێ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی جمهووری ئیسلامی وەکوو سوێد وایە و، نووسەر دەتوانێ بە ئازادی هەرچی بیهەوێ بینووسێ. بریا مامۆستای گەورەم ئەو واقیعیەتەشی دابایە ژێر لوتفی سەرنجەوە کە من لە کۆماری ئیسلامیدا کتێبم نووسیوە نەک لە سوێد...
بە هەرحاڵ، کتێبی «تاقەدار» لەگەڵ ئەوەشدا کە عەیب و ئیرادی زۆرە، لەڕادەبەدەر پێشوازی لێکراوە و، داوای لێبووردنیش دەکەم کە بوومەتە هۆی سەرئێشە و وەختگرتنی ئێوە. هەرچەند کە سەرنجەکانی من تەنیا لایەنی ڕوونکردنەوەی هێندێک واقیعیەتیان هەیە، بەڵام خۆم بە داواکار نازانم کە لە گۆڤارەکەتاندا چاپ بکرێ. هەقی چاپکردن یان نەکردنی ئەو نامەیەی من پێوەندی بە خۆتانەوە هەیە. هیوادارم توانیبێتم لە حەددی ئیمکاندا هێندێک مەسەلەم ڕوون کردبێتەوە.
دیسانیش لە درێژبوونی نامەکەم داوای لێبووردن دەکەم، سلامەتی و سەرکەوتنی زیاتری ئێوە ئازیزان لە خودای مەزن داواکارم.
دڵسۆزتان: **ئەنوەری ئیران زادە** ١٣٧٨/٩/١٩

## موارد اصلاحی

| ردیف | صفحه | سطر | توضیح |
|---|---|---|---|
| | | | **الف ـ موارد جلد اول** |
| ۱ | | | جلد اول کتاب دارای نواقص بسیاری است و در حال حاضر غیرقابل چاپ میباشد لذا بهتر این است که متن جلد اول بطور کامل تغییر پیدا کرده و اصلاح شود و مجدداً جهت بررسی ارسال گردد. |
| **ردیف** | **صفحه** | **سطر** | **توضیح** |
| | | | **ب ـ موارد جلد دوم** |
| ۱ | ۲۷۰ | ۲۴ و ۲۵ | حذف شود |
| ۲ | ۲۸۱ | ۳ تا ۷ | حذف شود |
| ۳ | ۳۶۸ | ۱۳ تا ۱۷ | حذف شود |

حەمەسەعید حەسەن

# لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق



**ڕەخنە و ڕەخنەگر**

ڕەخنەی ئەدەبی زادەی مەعریفە و هونەرە، بۆیە بیریارەکان زۆربەیان ڕەخنەگری ئەدەبیش بوون، لەوانە: هێگێل، مارکس و هایدگەر. ڕەخنەی ئەدەبی گەرچی بوارێکی سەربەخۆی لێکۆڵینەوە ئینسانییەکانە، بەڵام پێوەندییەکی پتەوی بە بوارەکانی دیکەیشەوە هەیە.
سەعاتچی چۆن بە وردی سەرنجی سەعات دەدات، ڕەخنەگریش دەبێ بە هەمان شێوە لە تێکست بکۆڵێتەوە. ڕەخنەگر هێشتا پردێکە لە نێوان دەق و خوێنەردا و یەکێ لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەوەیە ڕووناکی بخاتە سەر تێکستەکە و نابێ لەسەر سینییەکی زێڕین خواردنێکی بۆگەن پێشکەش بکا. (نووسەر، دەق، خوێنەر،) ئێستایش ڕەخنەی ئەدەبی بایەخ بەم سێ کوچکەیە دەدات. ڕەخنەی جوان پاشکۆی دەق نییە، هیچی لەو تێکستە کەمتر نییە کە بەسەری دەکاتەوە.
ڕەخنەگر کە لە دەقێک دەکۆڵێتەوە، پێویستە وەڵامی ئەم پرسانە بداتەوە: ئەم دەقە چۆن گوتراوە؟ چی تێدا گوتراوە؟ بۆچی وەها گوتراوە؟ بە لای هەندێ ڕەخنەگرەوە: کێ دەقەکەی نووسیوە؟ کەی دەقەکە نووسراوە؟ هیچ گرینگییەکیان نییە. تۆدۆرۆف دەڵێ: هەموو دەقێ دەیەوێ شتێ بڵێ، ئەرکی لێکۆڵینەوە، هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو شتە.
ڕەخنەگری ئەڤانگارد بتێک تێکناشکێنێ، پەرستگاکە دەڕووخێنێ و کە دەست دەداتە قەڵەم، بە نیازە لایەنی دەقێ بگرێ، یان دەقێ ڕەتبکاتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە پێش خوێندنەوە، بڕیاری دابێ لایەنی دەقێ بگرێ، یان بە چاوی گومانەوە سەرنجی دەقێ بدات.
ڕەخنە دەشێ لە بەرژەوەندیی دەقەکە بێ، یان هەوڵی بە فیرۆدانی ڕەنجی نووسەرەکەی بدات. دەشێ بایەخ بە هەندێ لایەنی گرینگی تێکستەکە بدات و هەندێ لایەنی گرینگی دیکەی فەرامۆش بکات. دەشێ بایەخ بە لایەنە لاوەکییەکانی دەقەکە بدات و لایەنە سەرەکییەکانی پشتگوێ بخات. دەشێ تەنیا لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژیاوە سەرنجی دەقەکە بدات.
ژاک دریدا دەڵێ: دەق بۆ ئەوەی مانابەخش بێ، پێویستی بە لێکدانەوە هەیە. ڕەخنەگر دەیەوێ لە ڕێی کردنەوەی شفرەکانی تێکستەوە، لایەنە تاریکەکانی ڕۆشنبکاتەوە. سیلدن دەڵێ: ڕەخنەگریش کە چەشنی ئاسەوارناس زەویی دەق هەڵدەکۆڵێ، ئەوە بە ئومێدی دۆزینەوەی شتی نوێیە، شتێ کە پێشتر باسی نەکرابێ. ئاخر ڕەخنەگر نابێ تەنیا دیوی دەرەوەی دەق ببینێ، وەک چۆن ڕۆماننووس قووڵ بە ناخی قارەمانەکەیدا ڕۆدەچێ، ئەمیش دەبێ بە ناخی دەقدا ڕۆبچێ، دەنا ناتوانێ لێکی بداتەوە.
ڕاستە تێکست خاوەنی سیستەمی سەربەخۆی خۆیەتی، بەڵام نە لە بۆشاییدا سەرهەڵدەدات و نە لە بۆشاییشدا دەژی، بەڵکو دەیان داو بە چەندین سیستەمی دیکەیەوە دەبەستێتەوە و یاسای گۆڕان پێکهێنەرەکانی دەقیش دەگرێتەوە، هەر ئەمانەیشە وایان کردووە خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێ.
ئەدەب لای ڕەخنەگرانی مارکسیی لە ڕاستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دابڕاو نییە و دەرەوە لە دەقدا نەک هەر هەمیشە ئامادەیە، بەڵکو بەردی بناغەی داهێنانیشە و هونەر بە گشتی بەشێکە لە سەرخانی کۆمەڵ. هێگێل پێی وایە هەموو ناوەڕۆکێک شێوەی گونجاو بۆ خۆی دیاریدەکات. لای مارکسیش فۆرم بێبایەخە ئەگەر فۆرمی ناوەڕۆکێ نەبێ. لە ڕوانگەی (ئالتۆسیر)ەوە، مارکسیزم ئینسان وەک تاک ناکاتە بناغە، بەڵکو وەک زادەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی بەرهەمهێنان دەیبینێ.
لای ڕەخنەگری بونیادخواز چونکە لە ڕیالیزمدا، زمان ڕوونە و ژیانی تێدا دەبینرێ، مەدلوول (مەبەست) لە دال (هێما) گرینگترە، مانا پێش دەنگ دەکەوێ و مەبەست پێشەکی ئەو شتانەی دەستنیشانکردووە کە نووسەر بەکاریان دەهێنێ، بۆیە ڕیالیزم دژی هونەرە و ئەدەب دەکاتە خزمەتکاری واقیع و زمانیش کە ئامانجە، وەک ئامێر دەیخاتەگەڕ.

**سەرهەڵدانی بونیادگەری**

دەڵێن سەرهەڵدانی بونیادگەری (Structuralism) بۆ ساڵانی ١٩٠٧ - ١٩١٣ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتانەی دێ سوسێر لە زانکۆی ژنێڤ لە بواری زانستی زماندا خەریکی دەرسگوتنەوە بوو. دواتر ئەم مێتۆدە لە گەلێ بواری دیکەی مەعریفەدا ڕەچاوکرا. دێ سوسێر کە پێی وابوو دەرەوە کارتێکردنێکی هێندە بەرچاوی لەسەر زمان نییە و زمان خۆڕسکانە دێتە گۆڕێ، کاریگەرێتی لەسەر فۆرمالیستە ڕووسەکانیش، لەوانە: شکلۆڤسکی و تینیانۆف، هەبوو. گوتەی بونیاد بۆ یەکەمین جار ١٩٢٩ لە کۆنگرەی فیلۆلۆژەکانی سلاڤدا، تینیانۆف بەکاریهێنا. زاراوەی بونیادگەریش هەر هەمان ساڵ بۆ یەکەمین جار ڕۆمان ژاکۆبسۆن (١٨٩٦- ١٩٨٢) بەکاری برد. بونیادگەری هەر درێژەپێدانی فۆرمالیزمی ڕووسی یە و زانای فەرەنسایی کلود لێڤی شتراوس یەکێکە لە بەناوبانگترین دامەزرێنەرەکانی.
هەندێکی دیکە ١٩٣٠ بە ساڵی لەدایکبوونی بونیادگەری دەزانن و وای

بۆ دەچن سەردەمی زێڕینی پراکتیزەکردنی ئەو مێتۆدە لە ساڵی ١٩٥٦ بە دواوە دەستپێدەکا. ساڵی ١٩٦٨ (ڕووخێ بونیادگەری) یەکێ بوو لە دروشمەکانی شۆڕشی قوتابیانی فەرەنسا. هەر هەمان ساڵ خۆری ئەم مێتۆدە لە ئاسمانی زێدی خۆی: فەرەنسا، ئاوابوو.. تەنانەت هەندێ موحازەرەکەی ١٩٦٦ی ژاک دریدا، ئەوی زانکۆی جۆنز هۆپکنز، بە تەلقیندادانی تەرمی بونیادگەری و جاڕدانی لەدایکبوونی هەڵوەشاندنەوە (Deconstruction) دادەنێن.

بونیادگەری چونکە فەلسەفە نییە، مێتۆدی لێکۆڵینەوەیە، ڕەخنەگر بۆ پێڕەوکردنی ئەو مێتۆدە، پێویستی بەوە نییە فیکری خۆی بگۆڕێ. چونکە ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو مێتۆدە دەکەن، لە ڕووی فیکری و تیۆرییەوە ناتەبان، بۆیە ناکرێ ناوی ڕێباز یان بزووتنەوە لە بونیادگەری بنرێ. ژاکۆبسۆن و گۆڵدمان مارکسی بوون و مێتۆدی بونیادگەرییان ڕەچاودەکرد. بارت: هەڵبژاردنخواز بوو، لاکان: سەر بە هیچ ڕێبازێ نەبوو، دەیویست وەک خاوەن ڕێبازی تایبەت بە خۆی سەرنجی بدرێ. بەشێکی گرینگ لە ناوبانگی میشیل فۆکۆ (١٩٢٦ ـ ١٩٨٤) بەوەوە بەندە، گوێی بەوانە نەدەدا کە خاوەنی دەسەڵاتی فیکری بوون و ئەو شتانەی دەنووسی کە خۆی دەیویست نەک کە ئەوان دەیانخواست.

**بونیادگەریی عەرەبی**

فازیل عەززاوی دەڵێ: (ماوەیەکی کورت دوای بەیاننامە شیعرییەکەی ٦٩ی ئێمە، چەند ئەدیبێکی کوردیش بەیاننامەیەکیان لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا سەبارەت بە تازەگەری، بڵاوکردەوە.) هەر ئەم شاعیرە کە ساڵی ١٩٦٧ (مخلوقات فاضل العزاوي الجميلە)ی بڵاوکردەوە ناوی لێ نابوو: ڕۆمانەشیعر. سی ساڵی ڕەبەق دوای ئەم کە شێرکۆ بێکەس (١٩٩٧) (مار و خاچ و ڕۆژژمێری شاعیرێک)ی بڵاوکردەوە، ناوی لێ نا: ڕۆمانەشیعر.

فازیل لەو ڕۆمانەشیعرەیدا کە لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٦٧دا نووسیوێتی دەڵێ: (ڕۆمانێکی کراوەیە، هەموو کەس دەکارێ بەشداری لە نووسینیدا بکا.) کەچی هەندێ نووسەر لە باشووری کوردستان کە تازەکی باسی دەقی کراوە دەکەن، پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە.

ڕوانگە لاساییکردنەوەی ئەو بزووتنەوە شیعرییە بوو، کە بە دەستپێشخەری فازیل عەززاوی لە عێراقدا سەریهەڵدا. ساڵی ١٩٦٩ کە فازیل و هاوڕێکانی گۆڤاری شیعر٦٩ بڵاودەکەنەوە، تەنیا چوار ژمارەی لێ دەردەچێ، ساڵی ١٩٧٠ کە شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی گۆڤاری ڕوانگە بڵاودەکەنەوە، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەردەچێ.

(نحو تحليل بنيوي للشعر الجاهلي) یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەبەر ڕۆشنایی بونیادگەریدا بە زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٧٥ کەمال ئەبودیب سەبارەت بە شیعری (لەبید) نووسیوێتی. پروپ بە چ شێوازێ چیرۆکی میللی ڕووسی بەسەر کردۆتەوە، کەمال ئەبودیبیش هەوڵی داوە، بۆ لێکدانەوەی شیعری جاهیلی، هەمان شێواز بگرێتەبەر.

نزیکەی دە ساڵ بوو بونیادگەری لە زێدی خۆی باوی نەمابوو، ئینجا گەیشتە عەرەبستان، دوازدە ساڵ زێتر بوو گەیشتبووە عەرەبستان، ئینجا گەیشتە باشووری کوردستان. وەک چۆن کەمال ئەبودیب بە لاساییکردنەوەی پروپ دەستی پێکرد، بونیادخوازانی کوردیش بە لاساییکردنەوەی کەمال ئەبودیب، بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستیان پێکرد.

ئەوی باسی مێژووی سەرهەڵدانی بونیادگەریی عەرەبی بکا، نابێ ئەم سێ کتێبە فەرامۆش بکا:

(١) الاسلوب و الاسلوبيە عبدالسلام المسدی ١٩٧٧
(٢) نظريە البنائيە فی النقد الادبی د. صلاح فضل ١٩٧٨
(٣) جدليە الخفاء و التجلی كمال أبوديب ١٩٧٩

بونیادگەریی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی وێنەیەکی شێواوی بونیادگەرییە ئەورووپاییەکەیە، بونیادگەریی کوردیش وێنەیەکی شێواوی بونیادگەرییە عەرەبییەکەیە.

**بونیادگەری چییە؟**

بونیادگەری ڕەنگدانەوەی ئەو تەنگژە کولتووری، فیکریی و شارستانییە بوو کە ئەورووپای پێدا ڕەتدەبوو. چونکە ڕووی دەمی تەنیا لەو هەڵبژاردەیە بوو کە بە کاری ڕەخنەنووسینەوە خەریک بوو، ڕەخنەیەکی تا بڵێی بێ جەماوەر بوو، لەوە ناچێ ژمارەی خوێنەرانی زۆر لە ژمارەی نووسەرانی هەڵکشاوتر بووبێ.

نووسینی ڕەخنەگری بونیادخواز، لەو دەقە ئەدەبییەی کە بەسەری دەکاتەوە، سەختترە و نەک هەر دەقی کار لەسەر کراو شیناکاتەوە، بەڵکو خۆی پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، نەک هەر یارمەتی خوێنەر نادا، بەڵکو کارەکەی لێ دژوارتر دەکا و ئەمیش وەک شیعری باڵا (Superpoem) خوێنەر لێی تێناگا. بەو ڕەخنەیەی شتراوس لەسەر ئۆدیبی نووسیوە، خوێنەر لە دراماکە نزیکنابێتەوە. ڕۆلان بارت (١٩١٥ ـ ١٩٨٠) چیرۆکێکی بەلزاکی بەسەر کردۆتەوە، لێکۆڵینەوەکەی حەوت هێندەی چیرۆکەکەیە.

ئەگەرچی ڕەخنەگری بونیادخواز زۆر باس لە نزیکبوونەوە لە دەق و ڕۆچوون بە ناخیدا، دەکات، کەچی هێندە لێی دوور دەکەوێتەوە، خوێنەر لە بیری دەچێتەوە، ڕەخنەگر باسی چی دەکا. لەبری ئەوەی ڕووناکی بخاتە سەر دەقەکە، دەیشارێتەوە.

ئەو دیاگرام، خشتە و شێوە ئەندازەییانەیشی بونیادخوازان پەنای بۆ دەبەن، خوێنەر لە دەقەکە دوورتر دەخەنەوە. لە ناکاو بازنە، سێگۆشە، لاکێشە، تیر و هێڵکاری سەیر سەیر قوتدەکەنەوە، بێ ئەوەی خوێنەر بزانێ، چی شیعری بۆدلێر یان نالی لەگەڵ ئەو هێڵە ڕاست و چەپانەدا کۆدەکاتەوە!

میشێل ڕیفایتەر پێی وایە نەک خوێنەری ئاسایی، ڕۆشنبیری لێزانیش لەو ڕەخنانە تێناگات، کە شتراوس و ژاکۆبسۆن سەبارەت بە شیعری بۆدلێر نووسیویانە. هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی (ئەلیۆت)یان بە ئەرستۆکراتی دەزانی، هەڵبژاردەیش بە تەواوی لە نووسینەکانی خۆیان تێناگا.

ڕەخنەی بونیادگەری گرینگی بە قووڵایی دەدات و پانتایی فەرامۆش دەکا، وەک تیشکی ئێکس دەگاتە سەر ئێسک، بەڵام توێژەکانی پێش ئێسک پشتگوێ دەخا. بونیادخواز شاکاری ئەدەبی تەنیا وەک پەیکەری ئێسک دەبینێ، لێکۆڵینەوەکەی ملکەچی ئامار، هێڵکاری و قاڵبی پێشوەخت ئامادەکراوە و چونکە تەنیا لە پەنجەرەی زمانەوە دەڕوانێتە دەق، بۆیە ناتوانێ هەموو تێکستەکە ببینێ.

بە لای بونیادگەرییەوە گرینگ ئەدەبیبوونی دەقە، بە چاوپۆشین لە مانای دەق و ئەرکی ئەدەب. بونیادخواز هەوڵدەدا گرینگی بەو ڕەگەزانە بدا کە وایان کردووە، دەقێک بکەوێتە خانەی ئەدەبەوە و لای ئەو بایەخی دەق

تەنیا بە پێوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانییەوە بەندە. لای مارکسییەکان پێوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی تێکست و مێژوو، مانا و گرینگیی کارە ئەدەبییەکە دەستنیشان دەکا.

لای بونیادخوازان گوتە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ بایەخێکی ئەوتۆی نییە، گرینگ پێوەندیی نێوان گوتەکانە، پەیامی دەق گرینگ نییە، لایەنی ئاناگایی و دیوی ناوەوەی دەقەکە گرینگە. ڕەخنەی بونیادگەری ناوەکییە، هەر گرینگی بە ناوەوەی دەق دەدات، دەرەکی نییە، ئاوڕ لە دەرەوەی دەق ناداتەوە.

لێکۆڵینەوەی بونیادگەری تەنیا ڕاهێنانە لەسەر زمان. لای سوسێر هیچ پێوەندییەک لە نێوان دەنگی وشەکە و ماناکەیدا نییە و مانای وشە لە ناو خودی وشەکەدا نییە، لە دەرەوەی وشەکەدایە. بونیادخواز کە باس لە بونیادی دەق دەکا، سەرنجی تەنیا لای پێکهێنەرانی دەقەکەیە و ناوەڕۆکی بە لاوە مەبەست نییە. لای ئەم دال گرینگە، مەدلوول هیچ بەهایەکی نییە و تەنیا لە ڕێی زمانەوە جیهان دەبینێ.

**زیندانی زمان**

خولیای سەرەکیی بونیادخواز شیکردنەوەی دەقە لە ڕووی زمانەوە. لای ئەم زمان ئامانجە، نەک ئامێر. دەق سەربەخۆیە و پێوەندیی بە واقیعی دەرەوەی دەقەوە نییە. هەموو شتێ لە دەقەوە دەست پێدەکات و هەر بە دەقیش کۆتایی دێ. بونیادخواز هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، قۆناغی مێژوویی، سایکۆلۆژیا و ئایدۆلۆژیا بەو بیانوویەی لە دەرەوەی دەقن، پشتگوێ دەخا.

لای تەوژمی فۆرمالیزمیش کە ڤیکتۆر شکلۆڤسکی ١٩١٧ بانگاشەی بۆ دەکرد، ڕەخنە دەبێ تەنیا لێکۆڵینەوە بێ لە دەقە ئەدەبییەکە و چاو لەو هەلومەرجە کۆمەلایەتییە بپۆشێ کە تێکستەکەی تێدا نووسراوە، یان کە تەنانەت دەقەکە باسی لێوە دەکات و نابێ ئاوڕ لە نووسەری دەقیش بداتەوە، بەڵکو پێویستە تەنیا گرینگی بە فۆرمی دەقەکە و بە شێوازی نووسینەکەی بدات.

لای بونیادخواز هەمان دال لە هەمان دەقدا، مەرج نییە هەر هەمان مەدلوولی هەبێ و هەمان خوێنەر دەشێ خوێندنەوەی جیاوازی بۆ هەمان دەق هەبێ. لای ئەو هەر دەقێ چەند جار بخوێنرێتەوە، بریتی یە لە هێندە دەقی جیاواز، لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکدا، دەقەکە سەرلەنوێ بە شێوەیەکی تازە لەدایک دەبێتەوە و خوێنەر داهێنەری دەقە. ئەوە نییە کروسمان دەڵێ: (خوێنەر بڕیاردەدا، مانای فلان دەق چییە.)

بونیادخواز پێی وایە دەق یاریکردنە بە وشە، جیهانی دەقی شیعری دەرگای لەسەر خودی خۆی داخستووە، لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵ دابڕاوە و پێوەندیی بە کات و شوێنەوە نییە. لای بونیادخواز، داهێنەر هەر کە لە بەرهەمهێنانی کارەکەی بووەوە، ئیدی پێوەندیی خۆیشی لەگەڵ بەرهەمەکەیدا وەک پێوەندی خوێنەر و بەرهەمەکەی لێ دێ، چونکە کارە ئەدەبییەکە دوور لە دەسەڵاتی داهێنەرەکەی دەبزوێ و ئیشی خۆی دەکا.

بونیادگەری دژی تاکە، چونکە لە لێکدانەوەی کارە ئەدەبییەکاندا، ڕۆڵی ئینسان: نووسەری دەق، لەبەر چاو ناگرێ و باس لە بزربوونی خودی نووسەر دەکا. ئەگەرچی شیعر ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی ئینسانە، کەچی بونیادگەری وەک سیستەمێکی عەقڵی مامەڵەی لەتەکدا دەکا. قوتابییەکانی شتراوس بۆ بنیاتنانی پرد لە نێوان پێکهێنەرەکانی ئەفسانە و خەونی مرۆڤی سەردەمدا، هانایان بۆ کۆمپیوتەر دەبرد.

**پرۆژەی بونیادگەری بۆیە دووچاری گلان هات، چونکە بونیادخوازان جیهانیان لە دەنکە فاسۆلیایەکدا دەبینی و درەنگ پێیان زانی کە ئەو مێتۆدەی لەگەڵ زماندا دەگونجێ، مەرج نییە بۆ غەیری زمان لەبار بێ. فۆکۆ دەیگوت: حەقیقەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا زمانە. ئەوان زمانیان بە زیندانی عەقڵ دەزانی، کەچی زمان بوو بە زیندانیان.**

لە مارکسیزمدا تاک: قوربانییە، هێزە ئابوورییەکان: جەللاد، لە بونیادگەرییدا خود: قوربانییە و زمان: جەللاد. بونیادگەری لووتبەرزانە سەرنجی مێژوو دەدات، ئینسان لە زیندانی بونیاد و سیستەمدا بەنددەکات و لە خۆی نامۆدەکا.

بونیادخوازان وای بۆ دەچن، ئەوە بونیادە، ڕووداو دەخوڵقێنێ و ئینسان زادەی زمانە، ئەوەیان لەیاد دەچێ کە بونیاد بەرهەمی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی بەرهەمهێنانە.

بونیادگەری گرینگییەکی زۆر بە ئامار دەدا، کە دەقێ بەسەر دەکاتەوە، دەنگەکان: بەرز و نزم، ڕەنگەکان: تۆخ و کاڵ، گوتەکان: کورت و درێژ، ڕستەکان: پرسیاری و خەبەری، ناوەکان: تاک و کۆ، ڕاناوەکان: بکۆ و بشنەو، ئاوەڵناوەکان: بێلایەن و لایەنگر، فرمانەکان: داخوازی و ڕابردوو، بکەرەکان: گیاندار و بێگیان، دەژمێرێ. دەشێ بونیادگەری لە ڕابردوودا لە بواری ئاماردا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، بەڵام هەنووکە کۆمپیوتەر ئەو کارە پوختتر ئەنجام دەدا.

ئایا بە سەرنجدانی دەق تەنیا لە ڕووی زمانەوە، دەتوانین دەقێ بە تەواوی هەڵبسەنگێنین، بە مەرجێ زمان لە هەموو شتێکی دەرەوەی دەق دابڕین؟ زمان لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی دیاریکراودا سەرهەڵدەدا، پرۆژەی بونیادگەری زمان لەو زەمینەیە دادەبڕێ، بۆیە وەک دیاردەیەکی ئینسانی تووشی نسکۆ هات. هەوێنی شکستی بونیادگەری لە هەناوی خۆیدا بوو، نەیتوانی بە ڕۆچوون بە ناخی دەقدا، دیوی ناوەوەی دەق ڕووناک بکاتەوە، لەبەر ئەم هۆکارە شاسوارەکانی لێی کشانەوە.

پرۆژەی بونیادگەری بۆیە دووچاری گلان هات، چونکە بونیادخوازان جیهانیان لە دەنکە فاسۆلیایەکدا دەبینی و درەنگ پێیان زانی کە ئەو مێتۆدەی لەگەڵ زماندا دەگونجێ، مەرج نییە بۆ غەیری زمان لەبار بێ. فۆکۆ دەیگوت: حەقیقەت بوونی نییە، ئەوەی هەیە تەنیا زمانە. ئەوان زمانیان بە زیندانی عەقڵ دەزانی، کەچی زمان بوو بە زیندانیان.

بونیادگەری زادەی نائینسانیبوونی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، کۆمەڵگەیەک کە تەکنەلۆژیا ئینسانی کردۆتە شتومەک. بونیادخوازان کەسانێکن ملکەچی یاساکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، کەسانێ کە پشتیان کردۆتە واقیع و ئینسان.

گوستاڤ فلوبیر لە نامەیەکدا کە بۆ لۆیس کولێتی نووسیوە، دەڵێ: (ئەوی بە لامەوە جوانە، ئەوی دەمەوێ بینووسم، کتێبێکە لەمەڕ هیچ، کتێبێ پشت بە هیچ نەبەستێ، شێوازە بەهێزەکەی بەشەکانی پێکەوە بلکێنێ، تەواو هەر وەک زەوی چۆن کەوتۆتە بۆشاییەوە و بۆ ڕاگرتنی خۆی پێویستی بە شتێکی دەرەکی نییە، ئەویش پێویستی بە هیچ نەبێ.

کتێبێ بابەتی نەبێ، یان لای کەم هەست بە بابەتەکەی نەکرێ، ئاخر باشترین کاری هونەری، کەمترین بابەت دەگرێتە خۆی.) بونیادگەری کە هەڵاتە لە کێشەکان، نەک بەرەنگاربوونەوەیان، ئایا شتێکی لەوە نوێتری گوتووە؟

### هەڵوەشاندنەوە

لە کۆتایی ساڵانی شەستدا بونیادگەری، گۆڕەپانی بۆ هەڵوەشاندنەوە چۆڵکرد. ئەو دوو پرۆژەیە بە چاوپۆشین لە جیاوازی ئەو سەرئەنجامەی پێی دەگەن، هەردووکیان پشت بە خوێندنەوەی بە دەقەوە نووسان و دوور نەکەوتنەوە لێی (Close reading) دەبەستن.

ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی دەق بە مەبەستی دەست نیشانکردنی پێکهێنەرەکانی و پێوەندییەکانی نێوان ئەو پێکهێنەرانە و سەرلەنوێ پێکەوە بەستنەوەی ئەو پێکهێنەرانە بێ، بەو جۆرەی خوێنەر لە مانای دەقەکە نزیک ببێتەوە، ئەوا هەڵوەشاندنەوە گەڕانەوەیە بۆ ڕەخنەی نوێ، کە ڕەخنەگر ڕۆڵی پردی نێوان دەق و خوێنەری دەبینی.

لای ڕەخنەی نوێ کە نووسەرە ناسراوەکانی بریتی بوون لە: ریچارد، ڕانسۆم، ئەلیۆت، وارین، بروکس و بێرک، بە پێچەوانەی هەڵوەشاندنەوەوە، دەق کۆتایی پێ هێنراو و داخراوە، کە نووسەرەکەی لە نووسینی بووەوە، تەواو دەبێ. ڕەخنەی نوێ سی ساڵ (١٩٢٠ - ١٩٥٠) گۆڕەپانی ڕەخنەی ئەدەبیی کۆنترۆڵ کردبوو، کە لە ئەورووپا سەردەمی بەسەر چوو، ئینجا گەیشتە وڵاتانی عەرەب و بیست ساڵێ ڕەخنەگرانی عەرەبی سەرقاڵ کرد.

هەڵوەشاندنەوەخوازەکان کە زاراوە ڕەخنەییە دێرینەکان بە شێوەیەکی نوێ دادەڕێژنەوە، پێیان وایە شتی نوێیان داهێناوە. بۆڵ بۆفییە دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوە هەر درێژەپێدانی ڕەخنەی نوێ یە.)

ژاک لاکان، (١٩٠١ - ١٩٨١) لە ژێر کاریگەریتیی فرۆید (١٨٥٦ - ١٩٣٩) دا لە بری دووانەی خود و بابەت، دووانەی (من و ئەوی دیکە)ی هێنایە گۆڕێ. بۆچوونەکانی دریدا سەبارەت بە زمان، سەرلەنوێنووسینەوە (Intertextuality) و ڕەتکردنەوەی نەگۆڕ و خوێندنەوەی جێی باوەڕ، هەر دەڵێی لە هایدگەرەوە وەرگیراون. ئەوەیشی گوایە ئەدەبیبوونی زمان، بە دووریی ماوەی نێوان داڵ و مەدلولەوە بەندە، هەڵوەشاندنەوەخوازان لە هایدگەریان خواستووە.

ئەلیۆت یش لە نووسینە بەناوبانگەکەیدا: (لەمەڕ دابونەریت) بە ڕاشکاوی باسی سەرلەنوێنووسینەوەی کردووە و پێی وابووە، هیچ دەقێکی نوێ، دابڕاو نییە لە دەقە دێرینەکان و لە (وێرانە خاک) یشدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەڵکی لە کەلەپووری شیعریی لاتینی، ئەڵمانی و ئینگلیزی بینیوە.

ئەڵقەی ناوەندی پرۆژەی هەڵوەشاندنەوە: زمانە، بارت دەڵێ: دەق بریتیە لە زمان و لەو چالاکییەی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زمان دەنوێنرێ. (بێرمان)یش پێی وایە: جیهان زمانە، ئاخر بە هۆی زمانەوە لە جیهان تێدەگەین. ئەمەش شتێکی نوێ نییە، ئەوەتا هایدگەر کە مامۆستای دریدایە، دەپرسێ: کامیان پێشتر سەریان هەڵداوە، بوون یان زمان؟ لای ئەمیش شتێ نییە لە دەرەوەی زمان، کە بکرێ بە پێوانە و زێڕی زمان لە مەحەک بدات و خۆیشی جێی مشتومڕ لەسەر کردن نەبێ.

مەسەلەی مەرگی نووسەر کە ڕۆلان بارت ١٩٦٨ جاڕی دا و لای هەڵوەشاندنەوەخوازان زۆر دووبارە دەبێتەوە، شتێک نییە لە داهێنانی خۆیان، پێشتر فۆرمالیستەکان، نووسەرانی ڕەخنەی نوێ و بونیادخوازانیش نووسەریان لە ناو دەقدا نەدەبینی. ئەوەیشی کە مەبەستی نووسەر ناکرێ بە پێوانە بۆ لێکدانەوەی دەق، گرینگ ئەوەیە دەق چی دەڵێ، ئەمەیش بڕۆکس لە ١٩٥٤دا گوتوویەتی.

ژاک دریدا کە بەو مەبەستە لە مانای یەکەم و ئاسایی دەق دەکۆڵێتەوە، تا وردوخاش و پەرژوبڵاوی بکاتەوە، پێی وایە ئەو دەقەی سەرەتا و کۆتایی هەبێ، ناوەڕۆکەکەی شیاوی لێ حاڵیبوون بێ، ناونیشان، نووسەر، پەراوێزی هەبێ و بکرێ بە سەرچاوە، ئەوە دەقێکی تەقلیدییە.

بارت یش پێی وایە ئەو دەقەی تەنیا یەک لێکدانەوە هەڵبگرێ، ئەدەب نییە. زمانی ئەدەبی هەمیشە دەبێ زمانێکی مەجازی بێ. خەسڵەتی سەرەکیی زمانی ئەدەبییش ئەوەیە، کە دەشێ خراپ لێی حاڵی ببین، هەر بۆیە هەرچی بەرهەمی سەر بە ڕیالیزمە، بارت بە ئەدەبی نازانێ.

لای هەڵوەشاندنەوەخوازان زمانی ئەدەبی ڕێگە بۆ ئەوە خۆشدەکا، کە بە هەڵە لێی تێبگەین و خراپی بخوێنینەوە، ئەو دەقەیشی ڕێ نادا بەد لێی حاڵی بین، ناکەوێتە بازنەی ئەدەبەوە. لای ئەوان خراپ خوێندنەوە: خوێندنەوەی هەڵە نییە، بەڵکو مەبەستیان جۆرە خوێندنەوەیەکە، ڕێگە بۆ خوێندنەوەی جیاوازی دیکە خۆشبکا. دێ مان، خاوەنی چەمکی بەدخوێندنەوە دەڵێ: (مەبەستم لە خراپ خوێندنەوەی چاک ئەوەیە، دەقەکە دەقێکی تری سەرنجڕاکێش بەرهەم بهێنێ و دەقی دووەمیش چەندین دەقی دیکە بهێنێتە گۆڕێ.)

کێشەی سەرەکیی نووسەری ئەم سەردەمە ئەوەیە، چۆن خۆی لە هەموو ئەو ڕەگەزانە کە ئەدەب لە سەردەمەکانی پێشوودا ڕەچاوی کردوون و ئێستا لە کەڵک کەوتوون و ناتوانن ڕەنگدانەوەی ئەم جیهانە لەتوپەتبووە بن، ڕزگاربکا. نووسەر کە دەیەوێ بنووسێ، دەبینێ زمانێکی ئامادەی لەبەر دەستدایە، ئەگەر مل بۆ ئەو زمانە دێرینە کەچبکا، لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی دوورەکەوێتەوە. بۆ ئەوەی دەستپاکانە ئینسانی هاوچەرخ بەرجەستە بکا، ئەوا بارت گوتەنی دەبێ لە سفرەوە دەستپێبکا. ئەم لە سفرەوە دەستپێکردنەوەیەش هەر دووبارەکردنەوەی هایدگەرە کە داوای سووتاندنی کتێبخانەکان و شکاندنی بەستەڵەکی دابونەریتی (بەو مەبەستەی بگەینەوە سەر سەرچاوەی زمانی یەکەم، سەرەتای بوون، ئەو سەرووەختەی بۆ یەکەمین جار ناو لە شتەکان نران و ئێستا لە ژێر بەستەڵەکی دابونەریتدا بزربوون،) دەکرد.

### سەرلەنوێنووسینەوە

بە پێی لێکدانەوەی ڤالیری و بورخیس کاری ئەدەبی: (بەرهەمی تاقە نووسەرێ نییە، بەڵکو ئەنجامیان بەرهەمی هەوڵی فیکری دنیایە، چونکە هەموو نووسەرێ سوود لە ڕۆشنبیریی پێش خۆی دەبینێ و دەقی نوێی لێ دێنێتە بەرهەم و خوێنەریش دەقەکە دەوڵەمەندتر دەکا.) فینسینت لیچ دەڵێ: دەق شتێکی سەربەخۆی یەکگرتوو نییە، کۆمەڵێ پێوەندییە لەگەڵ چەندین دەقی دیکەدا. میخائیل باختین یش (١٨٩٥ - ١٩٧٥) پێی وایە هەموو دەقێک دەنگدانەوەی دەقێکی دیکەیە. لای فۆکۆیش تەنیا یەک کتێبی گەورە هەیە، هەرچی دەنووسرێ لەژێر کاریگەریتیی ئەو کتێبە مەزنەدایە و دەبێتە بەشێکی بچووک لێی، ئەو کتێبە گەورەیەش: ئەرشیفە.

بەوەدا هەڵوەشاندنەوەخوازان داوای سڕینەوەی مێژوو، خاپوورکردنی دابونەریت، سووتاندنی کتێبخانەکان و گەڕانەوە بۆ سفر دەکەن، دەبوو

دژی سەرلەنوێنووسینەوە بوونایە، نەک بانگاشەیان بۆ کردبا. دەبوو زمان کە دەربڕی دابونەریت و مێژووە، فەرامۆشبکەن، نەک بیخەنە سەنتەرەوە. بەوەدا (خود: لە لایان ئەو ئارەزووەیە، کە هەر لە منداڵییەوە سەرکوت دەکرێت و بواری پێ نادرێ، خۆی بسەلمێنێ.) دەبوو دژی خودی نووسەر نەبوونایە و جاڕی مەرگیان نەدابا.

**سەمای شەیتان**

تا هەنووکە هەرچی سەبارەت بە زمان، دەق، نووسەر، خوێنەر، ڕۆڵی مێژوو، شیکردنەوەی دەق، جۆرەکانی نووسین و ڕەخنە نووسراوە، هەڵوەشاندنەوە گومان لە هەمووی دەکا. لیچ سەبارەت بە هێلیس میللەر کە هەڵوەشاندنەوەخوازێکی ناسراوە، دەڵێ: (شەیتانێکە سەما لەسەر لاشەی قوربانییەکانی دەکات و گایەکی هەڵچووە، خۆی کردووە بە دووکانی چینیفرۆشێکدا.)

هەڵوەشاندنەوەخوازان تەنیا وەک ڕووکەش، گومان لە هەموو شتێکی دێرین دەکەن، بە گژ لێکدانەوە کۆنەکاندا دەچنەوە و لە ڕابردوو یاخی دەبن، دەنا ڕاستییەکەی بەشێکی گرینگی لێکدانەوەکانیان هەر شتە دێرینەکانە، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا. جێی سەرنجە لە بواری پڕوپاگەندەی چاک بۆ یەکتری کردندا، هێندە شارەزان، هیچ بازرگانێ بە تۆزی پێیاندا ناگا. بەرهەمی بێپێزی یەکتری بە شاکاری نەتەوەیی، بە سەر خوێنەری ئاساییدا ساغدەکەنەوە.

جۆن ئیلیس دەڵێ: (هەڵوەشاندنەوەخوازەکان کە شتە کۆنەکان بەشێوەیەکی نوێ دادەڕێژنەوە، هێندە لووت بڵندن، ئەوی لەگەڵیاندا ناکۆک بێ، بە نەزان و کۆنەخوازی لە قەڵەم دەدەن. هیچی نوێیان پێ نییە، بێجگە لە بریندارکردنی نەیارەکانیان و هونەری ناردنی پۆشاکی کۆن بۆ بازاڕی ئەدەب، لە پاکەتی نوێدا.) لەوانەیە کەس هێندەی ئیبرامز بە قووڵی ئەدەبی سالانی پەنجای نەخوێندبێتەوە، کەچی کیللەر کە قوتبێکی هەڵوەشاندنەوەیە، ئەویشی پێ نەزان و دواکەوتووە. هەڵوەشاندنەوەخوازانی عەرەب لە ئەورووپاییەکانەوە تووشی ئەم پەتای لووت بڵندییە بوون، کوردەکانیش لە عەرەبەکانەوە تووشی هاتوون.

ئایا ئەوان بە چ مەبەستێ دابونەریت و مێژووی مەعریفە خاپوور دەکەن؟ تەنیا لە پێناوی خاپوورکردندا، یان بە مەبەستی ڕۆنانی شتێکی نوێ لە کەرەسە دێرینەکانی تەلاری مێژوو؟ فۆکۆ کە مێژوو بەسەر دەکاتەوە، مەبەستی سڕکردنێتی. ئەو دان بە کۆششی فیکریی کەسانی پێش خۆیدا نانێ، هەوڵی سڕینەوەی مێژوو دەدات و دەیەوێ خۆی لێ ڕزگار بکات. بە پێی ئەرکیۆلۆژیایەکەی فۆکۆ، ئینسان هێندە لە مێژ نییە داهاتووە، تەمەنی لە دوو سەد ساڵ کەمترە و سەرهەڵدانی ئینسان بادانەوەیە لە مەعریفەماندا و هەر کە شێوەی مەعریفەمان گۆڕانی بە سەردا هات، ئینسان بزردەبێ. فۆکۆ لە مێژووی سێکسەکەیدا لەم بۆچوونەی پاشگەز دەبێتەوە. بە قسەی خۆی، فۆکۆ نیوەی یەکەمی سالانی شەست لەژێر کۆنترۆڵی سیحری بونیادگەریدا بووە، دژایەتی کردنی ئەو بۆ مرۆڤخوازی، بە تایبەتی لە (لەدایکبوونی عەیادە)دا، ڕەنگدانەوەی ئەو جادووەیە. شتراوس یش پێی وایە ئینسان هێگێل و مارکس دایانهێناوە، دەنا جیهان بێ ئینسان سەریهەڵداوە و بێ ئینسانیش کۆتایی دێ.

هەڵوەشاندنەوە، ئەو گایەی گومان تووڕەی کردووە، هیچ بە پیرۆز نازانێ، هەرچی هەیە تەنیا لە پێناوی تێکشکاندندا، تێکیدەشکێنێ، ئەگەرنا هیچی باشتری پێ نییە. ئاخر ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە لەسەر بناغەی (کاولکاری و تێکشکاندن)ی هایدگەر هەڵچنراوە.

**ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەخواز، نایەوێ مانای دەق لێکبداتەوە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە دەق مانایەکی دیاریکراوی نییە، یان هێندەی ژمارەی خوێنەرانی مانای هەیە و هەوڵدەدا دەقەکە لە تەقینەوەیەکی بەردەوامدا بێ. لای ئەم شتە سەرەکییەکان، دەبنە لاوەکی، لاوەکییەکان دەبنە سەرەکی.**

**خوێندنەوەی دەق**

لای بارت ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە بریتی یە لە:

- دەق تەنیا زمانە.
- سیستەمی پێوەندیی نێوان وشەکان، ئەدەبیبوونی دەق دەستنیشان دەکا، نەک گوتار.
- دەق یاریکردنە بە دال، بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی مەدلوول.
- دەق لە سنوور و ڕێساکان یاخیدەبێ.
- دەق چ مەبەستێکی لە هەناویدا حەشار داوە گرینگ نییە، پەرژوبلاوییەکەی گرینگە.
- دەق وابەستەی یۆتۆپیا و لەززەتی جنسی یە.
- نووسەر چونکە سەرلەنوێ دەقێک دەنوسێتەوە، بۆیە ناتوانی خۆی بە باوکی دەقەکە بزانێ.
- نووسەر نە دەستی بە نووسینی دەق کردووە و نە دەتوانێ کۆتاییشی پێ بهێنێ، تەنیا مێوانێکە کەی ویستی، دەتوانێ سەردانێکی دەق بکا.
- خوێنەر سەرپشکە فلان دال بە کام مەدلوول لێکدەداتەوە.

جیاوازی یان دواخستن، یەکێکە لە لایەنە گرینگەکانی هەڵوەشاندنەوە، درێدا مەبەستی لە (Differance) ئەوەیە: هیچ وشەیەک مانایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەمان وشە چەندین مانای جیاوازی هەیە و بەردەوام مانای خۆی دوا دەخات و نایدات بە دەستەوە. (دال ـ مەدلوول ـ دال،) دال ئەگەر مەدلوولێکیشی هەبێ، مەدلوولەکە دەبێتەوە بە دال و ئەم داله نوێیەش مەدلوولێکی تازەی دیکەی هەیە و دەیشبێتەوە بە دالێکی دیکە و بەم شێوەیە مانای خۆی دەگۆڕێ و دوادەخات.

خوێنەر دەتوانێ چۆنی دەوێ، وا دەقەکە لێکبداتەوە و سەرلەنوێ بینووسێتەوە. دەق داخستن ناناسێ، خۆی بە دەستەوە نادا، تەمومژاوی یە، لەگەڵ چەندین دەقی دیکەدا دەستی تێکەڵ کردووە، مەبەستی خۆی ساغ ناکاتەوە، کۆتایی بۆ نییە و هەمیشە کراوەیە. هەموو خوێندنەوەیەک، خوێندنەوەیەکی پێشتر هەڵدەوەشێنێتەوە و هیچ خوێندنەوەیەک ڕاست نییە. دەق: قابیلی خوێندنەوە نییە، هێندە پەرژوبلاوە، سەرێکی هەیە و هەزار سەودا، بە چەندین شێوازی جیاواز دەخوێنرێتەوە، هەرگیز مانایەکی نەگۆڕ، جێی متمانە و تەواوی بۆ دیاری ناکرێ. تەنانەت بارت پێی وایە (ئەوی بڕوای بە مانای کۆتایی و دیاریکراوی دەق هەبێ، بڕوای بە حەقیقەتی پێشوەخت و نەگۆڕیش

هەیە.)

ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەخواز، نایەوێ مانای دەق لێکبداتەوە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە دەق مانایەکی دیاریکراوی نییە، یان هێندەی ژمارەی خوێنەرانی مانای هەیە و هەوڵدەدا دەقەکە لە تەقینەوەیەکی بەردەوامدا بێ. لای ئەم شتە سەرەکییەکان، دەبنە لاوەکی، لاوەکییەکان دەبنە سەرەکی. هەڵوەشاندنەوەخواز قاچی دەق دەکاتە ئاسمان ، لەسەر سەر ڕایدەگرێ و ساختمانی دەق دەڕووخێنێت و چەقەکەی دەگۆڕێ.

هێلیس میللەر دەڵێ: (ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە بەردە لەقەکەی بینای دەق بدۆزێتەوە و بیهەژێنێ تا تەلاری دەقەکە، کە لەسەر هەرەسهێنان بوو، بڕووخێنێ.)

**نووسەری بێ دەسەڵات**

ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوەخواز گوایە بۆیە بە کوڵانە تاریک و تەسک و پێچاوپێچەکانی دەقەکەدا دەگەڕێ، تا بیسەلمێنێ ئەوە دەقەکەیە خۆی دەکاتەوە و ئەم تەنیا بە چینەکانی خوارەوەیدا ڕۆدەچێ و هەوڵدەدات لەو ڕێیەوە لایەنە تاریکەکانیشی قابیلی بینین بن. لای ئەم، نووسەر هەر کە لە نووسینی دەقەکەی بووەوە، ئیدی دەقەکە لەژێر دەسەلاتی دەردەچێ و دەکەوێتە بەر دەستی کەسانێکی نامۆ، کە بە پێی توانای ڕۆشنبیریی و ئارەزووی خۆیان لێکیدەدەنەوە و هیچ مەرج نییە، وای بخوێننەوە، وەک نووسەرەکەی پێی باشە.

بەردی بناغەی ستراتیژیای هەڵوەشاندنەوە، ڕۆڵی خوێنەرە. دەق مانای خۆی دەستنیشان ناکا، ئەوە خوێنەرە ماناکەی دەدۆزێتەوە. خوێنەر نەک هەر بەشداری لە داهێنانی دەقدا دەکا، بەڵکو سەرلەنوێ دەینووسێتەوە و بڕیار لەسەر بەهاکەیشی دەدات. لای بارت، خوێنەر دەستپێکەر و بزوێنەر و بەرهەمهێنەری دەقە.

لە ڕوانگەی تیری ئیگلتن و بییر ماشیری یەوە، لە دەقدا گەلێ بۆشایی و شوێنی بێدەنگ هەن، خوێنەر ئەو بۆشاییانە پڕدەکاتەوە و شوێنە بێدەنگەکان دەهێنێتە گۆ. ئەم بۆشایی و بێدەنگییانە ئەوە دەردەخەن، کە دەقەکە تەواو نەکراوە و ئەوە ئەرکی خوێنەرە تەواوی بکات. خوێنەر چۆن دەقەکە تەواو دەکا؟ ئەمە پێوەندیی بە پاشخانی ڕۆشنبیریی، توانای ئەدەبی و ئاستی پەروەردەی هونەریی هەر خوێنەرێکەوە هەیە. خوێنەر لە ڕابردوودا چی خوێندۆتەوە، کاردەکاتە سەر لێکدانەوەی ئێستای. لەم تێڕوانینەوە، ئەوە تەنیا نووسەر نییە کە سەرقاڵی سەرلەنوێ نووسینەوەیە، خوێنەریش هەر خەریکی هەمان کارە.

تەنانەت ئایدۆلۆژیایش بە هۆی بۆشایی و بێدەنگییەوە لە دەقدا ڕەنگدەداتەوە، ئەوە ئەرکی ڕەخنەگرە لە ئاستی ئەو بۆشایی و بێدەنگییانەدا هەڵوەستە بکات و بیانهێنێتە قسە و ئەوی دەق نەیگوتووە، ئەم بەسەری بکاتەوە. ڕەخنەگر لە دێڕەکاندا بۆ مانای دەق ناگەڕێ، لە نێوان دێڕەکاندا بۆی دەگەڕێ، مشتومڕ لەسەر ئەوە ناکا دەقەکە چی گوتووە، باسی ئەو شتانە دەکا کە دەقەکە لێیان بێدەنگ بووە. ئەو خوێنەرانەیشی هۆشیاری کۆمەڵایەتییان لە ئاستێکی بڵندایە، دەتوانن کەلێنەکانی دەق پڕبکەنەوە.

**دەسەڵاتی خوێنەر**

دەق ئەگەر خوێنەری نەبێ ناژی. بورخیس دەڵێ: (تامی سێو، لەناو سێوەکەدا نییە، لە پێکگەیشتنی سێوەکە و مەلاشوودایە. شیعریش لە دیواندا نییە، لە پێکگەیشتنی شیعر و خوێنەردایە،) بۆیە دەبێ لە ڕوانگەی خوێنەرەوە لێکۆڵینەوە لەسەر دەق بکرێ. خوێنەر جۆری زۆرە: خوێنەری ئاسایی، نموونەیی، لێزان و بالا. وەک چۆن ئەگەر دوو کەس لە هەمان شەودا سەرنجی هەمان کۆمەڵە ئەستێرە بدەن، دەشێ لای یەکێکیان لە وێنەی کۆتر و لای ئەوی تریان لە وێنەی تەور بچێ. دەقیش وەک ئەو کۆمەڵە ئەستێرەیە وایە، هەر خوێنەرە و لە ڕوانگەی خۆیەوە دەیخوێنێتەوە.

خوێندنەوە وتووێژێکی دیالێکتیکی یە، لە نێوان پرسیارەکانی دەق و وەڵامەکانی خوێنەردا، یان لە نێوان پرسەکانی خوێنەر و بەرسڤەکانی دەقدا. مانای دەق لەناو دەقەکەدایە و نابێ قسەیەک بخرێتە سەر زاری کە نەیگوتبێ. دەشێ دەق هەندێ مانا و لێکدانەوەی جیاواز هەڵبگرێ، وەلێ ناشێ هێندەی ژمارەی خوێنەرانی، مانا و لێکدانەوە لە هەناویدا حەشاربدا. شۆپنهاوەر گوتەنی: (کاری ئەدەبی وەک ئاوێنە وایە، ئەگەر گوێدرێژێک سەیری کرد، نابێ چاوەڕوانی ڕەنگدانەوەی وێنەی فریشتەیەک بکەین.)

بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوە دەڵێی دوو ڕووی یەک دراون، لایەنە هاوبەشەکانیان گەلێ زێترە لە جیاوازییەکانیان، لەگەڵ بزربوونی دەق و مەرگی نووسەردان و جۆرە ڕابواردنێکی فیکرین، تایبەت بە هەڵبژاردەیەکی ئەورووپایی و لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی کوردستانەوە زۆر دورن.

١٩٩٩/١١/١٨

**سەرچاوەکان**


(١) *المرایا المحدبه*، **د. عبدالعزیز حموده**، عالم المعرفه، ١٩٩٨ الکویت.*

(٢) *کیف اشرح النص الادبی*، **توفیق قریره**. ١٩٩٦ قرطاج.

(٣) *المؤلف الصوره فی المرآه*، **صدوق نورالدین للدی**، عدد ١٤ دمشق ٩٩٦.

(٤) *قضیه البنیویه*، **عبدالسلام للسدی**، دار الجنوب ١٩٩٥ تونس.

(٥) *افاق العصر*، **د. جابر عصفور**، دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

(٦) *الروح الحیه*، **فاضل العزاوی**، دار المدی ١٩٩٧ دمشق.

(٧) *برج بابل*، د. غالی شکری ریاض الریس للنشر ١٩٨٩ لندن.

(٧) *القصه القصیره*، **ایان راید**، ت: د. منی مؤنس، الهیئه المصریه العامه للکتاب، ١٩٩٠ القاهره.

(٨) *نظریات معاصره*، **د. جابر عصفور**، در المدی ١٩٩٨ دمشق.

(٩) *الصوفیه و السوریالیه*، **ادونیس**، ط٢ دار الساقی ١٩٩٥ لندن.

(١٠) *الرمز و السلطه*، **بییر بوردیو**، ت: د. عبدالسلام بنعبد العالی، دار تویقال ط٢ ١٩٩٠ الدار البیضاء.

(١١) *الکلمات و الاشیاء*، **میشیل فوکو**، ت: مطاع صفدی، مرکز الانماء القومی بیروت.

(١٢) *جمالیات التلقی*، **ابراهیم السعافین**، فصول عدد٣ القاهره ١٩٩٧.

(١٣) *بلاغه الخطاب و علم النص*، **د. صلاح فضل**، عالم المعرفه ١٩٩٢ الکویت.

(١٤) *البنیویه و ما بعدها*، **جون ستروک**، ت: د. محمد عصفور، عالم المعرفه ١٩٩٦ الکویت.

(١٥) *الکتابه و الاختلاف*، **جاک دریدا**، ت: کاظم جهاد، دار تویقال١٩٨٨ الدارالبیضاء.

(١٦) مواقع، **جاک دریدا**، ت: فرید الزاهی، دار تویقال ١٩٨٨.

(١٧) *درس السیمیولوجیا*، **رولان بارط**، ت: ع. بنعبد العالی، ١٩٩٣ دار تویقال.

18. *Modern litteratureori*, **Claes Entzeberg & Cecilia Hansson**, Del2 Studentlitteratur, Lund 1997.

(١٩) *الانهمام بالذات*، **میشیل فوکو**، ت: جورج ابی صالح، مرکز الانماء القومی بیروت.


* بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە کەڵکێکی زۆرم لە ژێدەری یەکەم بینیوە.

# ئەرک و (ماف)ی نووسەریش !

**مەهاباد کوردی**، ستۆکهۆلم ـ سەرەتای دیسێمبەری ١٩٩٩

دیارە نووسەر کوارگی هەڵتۆقیو نییە تا لە شوێنی خۆی سەر دەربێنێ و لێمان قیت بێتەوە. نووسەریش وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئاسایی، پەروەردەبووی دەستی ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا لە دایک بووە یا گەورە بووە. ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵ، بە چاک و خراپ، کاریگەرییان لەسەر کەسی نووسەر دەبێت. ئەگەر هەر کەسێک، وەک دەڵێن بە چاویلکەی تایبەتی خۆی لە شت و دیاردەکانی نێو کۆمەڵ بڕوانێت، ئەوا بێگومان نووسەریش هەر وا دەکات و هەر وایشی کردووە. نووسەر نە لە ئاسمان هاتۆتە خوارێ تا فەرمانی خوا بە مرۆڤایەتی ببەخشێت و، نە خاوەن ماجەراشە تا هەر کارێکی لێ بوەشێتەوە یا جێبەجێی بکات. کەواتە نووسەریش لە قەپێلکی هێلکە و منداڵدانی کۆمەڵگا دەستی بە جووکە جووک و قیژە قیژ کردووە و سەری دەرهێناوە. بەرهەم و بیری نووسەر، بەر لە هەر شتێک، شەقڵ و مۆرکی ئەو دەوروبەر و زێد و هەوارەیان بە سەرەوە دەبێ کە خودی نووسەر تیایاندا گاگۆڵەی کردووە و، وەسەر پێ کەوتووە و هەراشیش بووە. بەم شێوەیە نووسەر کۆڕپەی ساوای بەر مەمکانی دایکی کۆمەڵ و جڤاکە. ڕووداو و بەسەرهات و کارەسات و پێشهاتەکانی کۆمەڵگا بە زۆر شێوان، بمانەوێ و نەمانەوێ، ڕەنگدانەوەیان لەسەر بۆچوون و بیرکردنەوە و کارەکانی نووسەریش دەبێت. ئەمە شتێک نییە مەتەڵ بێت و هەڵنەهێنرێت. هەر تەنیا چاولێکردنێکی شاکارەکانی ڕووناکبیران و نووسەرانی ناودار و مەزنی دنیا بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەم قسەیەمان.

کاری سەرەکیی نووسەر تاوتوێکردن و وردبوونەوەیە لە گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا و شیکردنەوەشیانە بە گوێرەی بۆچوونی تایبەتییانەی خودی نووسەر. دیارە گومان لەوەدا نییە کە نووسەران و ڕۆشنبیران و قەڵەمبەدەستان وخوێندەواران لە لێکدانەوە و بیر و ڕاکانیاندا وەک یەک نین. ئەمەش شتێکی سروشتی و ئاسایی یە، چونکە ئەگەر وا نەبووبا کار و بەرهەمی بەپێز لە دایک نەدەبوون و، بیری کەسی نووسەریش لە چەشنی گۆمی بەستووی زستانانی کوردستانی لێ دەهات. کەواتە ئەرکی نووسەر، بەر لە هەر شتێک، ڕەخنەگرتنی ڕاست و دروستکەرانەیە لە دیاردە و پێشهات و ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵ. ڕەخنەگرتنێک کە بە نیازی پاک و لە دڵسۆزییەوە لە ناخ و دڵ و دەروونی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتبێت. تاکە مەبەست و ئامانجی وەها ڕەخنەگرتنێکیش تەنیا و تەنیا خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای نەتەوە و بەرژەوەندی بەرزی گەل و نیشتمانە. لە دەرەوەی ئەمە هەر شتێکی دیکە بگوترێت یا هەڵببەسترێت، هەر هەموویان لەناو بازنەی قسەی بێمانا و نازانستییانەدا دەخولێنەوە.

ئەگەر نووسەر پەیامبەریش نەبێت، بەڵام دیسان خاوەن پەیامێکە. من پێموایە پەیامەکەی نووسەر، ئەگەر وەک پەیامی پێغەمبەرانیش نەبێت، شتێکی ئەوتۆی لە هی ئەوان کەمتر نییە. جێبەجێکردنی پەیامێکی وەها پیرۆز و پڕماناش کارێکی ئاسان نییە و هەر کەسێکیش ناتوانێ شانی وەبەر بدات. ئەنجامدەرانی وەها پەیامێک تەنیا ئەو کەسانەن، کە دوای مردنیان، گۆشەیەکی بچووک لە دڵە گەورەکەی نەتەوەکەیان داگیر دەکەن و، بۆ هەتا هەتاییش تێیدا ئارام ڕادەزێن.

کاتێ باس لە ئەرکی نووسەر دەکەین، ناشبێ بە هیچ شێوەیەک مافی ئەویش لە یاد بکەین. گومانیش لەوەدا نییە کە مەبەستمان لە مافی نووسەر، بە پلەی یەکەم، ئازادبوون لە ڕا دەربڕین و درکاندنی بیر و بۆچوونە تایبەتییەکانی خۆیەتی لەمەڕ هەر گۆڕانکاری و پێشهاتێکی نێو کۆمەڵگادا. مەبەستیشمان لە گۆڕانکارییەکان و پێشهاتەکان ئەوانەن کە چارەنووسی نەتەوە و نیشتمانیان پێوە بەندە و لە زۆر کاتیشدا بڕیاردەر و چارەنووسساز دەبن. جا بۆیە لە بەردەمیاندا دەیان و بگرە سەدان نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان قووت دەکرێنەوە. دیارە کارێکی وەهاش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی نووسەران و ڕووناکبیراندایە و ناشبێ بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی و کەمتەرخەمی لێ بکەن.

جێی خۆیەتی لێرەدا پەنجە بۆ خاڵێک درێژ بکەین کە لە نزیکەوە پێوەندی بە خودی ڕووناکبیران و نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵاتەوە هەیە. ئێمە لە کاتێکدا کە لەبەردەم دەرگای هەزارەی سێیەمی زاییندا وەستاوین و چاوەڕێی چوونەژوورەوەی سەدەیەکی نوێ دەکەین، دەبینین نووسەران و خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد لە هەندەران لەوپەڕی لە یەکدابڕان و پێکەوە هەڵنەکردن و دابەش دابەشبووندان. بە ڕای من ئەمە بە یەکێک لە گرینگترین خاڵەکانی سەرنەکەوتنی هەر پڕۆژەیەکی ڕووناکبیرانی کورد دادەنرێت کە پێشکەش بە سەرانی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکرێت. نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەورووپا، تەنیا بە یەکگرتن و یەکبوونیان، لەوانەیە ببن بە هێزی پاڵەپەستۆ و فشارهێنان بۆ سەر سەرانی کورد و پارت و ڕێکخراوە ڕامیارییە دەستڕۆیشتووەکانی ئەوڕۆی کوردستان. پێچەوانەی ئەمەش ئەنجامەکەی ناکاریگەر دەبێت و لە چوارچێوەی کاری تاکەکەسانەش دەرناچێت. تۆ بڵێی نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد لە تاراوگە هەستیان بە خاڵێکی وەها بەرچاو و پێویست نەکردبێ؟ ئەگەر نا، بۆچی بێدەنگن؟!

نووسەر نە دەتوانێت ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئارەزووی دڵی خۆی بەڕێوە ببات و، نە دەشتوانێت لە چەشنی سیحرباز پێشبینی قەومانی کارەسات و پێشهاتەکان بکات. ئەوەی کە لە دەستی نووسەر دێت تەنیا و تەنیا ڕا دەربڕینە و بەس. هیچ مەرجیش نییە بۆچوونی نووسەران لە سەداسەد

ڕاست دەربچن و بێ غەل و غەش بن. دیارە لە هەر ڕۆژگارێکیشدا نووسەرانی قۆپیەچی هەر هەبوونە و بینراون، بەڵام ڕاستی گرەوی لە هەموو کەسێک بردۆتەوە و مێژووش لە کەس خۆش نەبووە و حوکمی خۆی هەر داوە.
هەندێک جار کەسانێک لە نووسەر ڕاست دەبنەوە و دەڵێن: تۆ دە ساڵ پێشتر وات گوتووە یان بە شێوەیەکی دیکە بیرت کردۆتەوە. من خۆم ناڵێم قسەیەکی وەها لە ڕاستی بەدەرە، بەڵام گەڕانەوەیەک بۆ دواوە و چاوخشاندنێکیش بە ڕووداوەکانی ڕابردوو، وەک دەڵێن هیچ زەرەرێکیان بۆ پەز نابێت. ئەنجامدانی کارێکی وەها گەلێک ڕاستی دەگەڵ خۆی دێنێت و شتەکانیش ڕوونتر خویا دەبن. بۆ من تا بڵێی ئاسایی یە، ئەگەر بەر لە دە ساڵێک شتێکم گوتبێ و ئێستاش شتێکی تر. ئەوە من نیم کە گۆڕاوم، یان بە دەردی برا و دۆستێکی خۆشەویستی چەند ساڵەم گۆتەنی ڕووخاوم!، نەخێر و هەزار جاریش نەخێر، ئەوانەی کە گۆڕاون کەسان و پاڵەوان و تاقم گەلێکن کە بە دەردی عەرەب گۆتەنی لە نێوان شەو و ڕۆژێکدا پێستی کوردایەتی و کوردستانی و دەوڵەتی یەکگرتوو و یەک پارچە و تاکە شێری گۆڕەپانی خەباتیان داکەنی و پێستی کۆتری ئاشتییان لەخۆکرد. ئەوان ئێستا لە پاشا پاشاترن و جارناجاریش لە داگیرکەر داگیرکەرتر هەڵسوکەوت و ئاخافتن دەکەن. داخوا لە بارێکی وەهادا بۆ دەبێ گلەیی لە نووسەرێکی گۆشەگیری پەڕیوەی دوورەوڵات بکرێت؟!
نووسەری بەخۆ باوەڕ و لەخۆ نەمین نە دیوارە تا بڕووخێ و نە بووکەشووشەی دەستی سەرانی منداڵئاسای کوردیشە تا بشکێ. ئەوانەی کە قابیلی شکان و ڕووخانن، دەکرێ سەرکردە و ڕێبەرانی هەر نەتەوەیەک بن کە باوەڕیان بە هێزی لەبن نەهاتووی گەلەکەیان نەبووە و نییە. دەشکرێ کەسانێک بن کە سووکایەتی بە گشت قوربانیدان و لەخۆبوردوویی و جانفیداییەکانی نەتەوەکەیان دەکەن، با ئەم هەموو قوربانی و خوێن و خەباتە لە پێناوی خودی خۆشیاندا ئەنجام درابن! کەواتە نووسەری ڕاستەقینە نە بە سۆز و خۆشەویستیی ساختەی سوڵتان فریو دەخوات و نە لە بەردەم تیغی دەستی جەللادیش چۆک دەدات.
هەر نووسەرێک کە خۆی بە خاوەن پەیام بزانێت، نابێ لە ئاست ناهەقی و کارەسات و مەرگەساتەکانی نەتەوەکەی قوڕقەپی لێ بکات و بێدەنگی هەڵبژێرێت. بە پێچەوانەی ئەمەش دیارە نووسەر لە گێژەنی بیرکردنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیدایە و، هیچ خەمێکیش لە خاک و خۆڵی نیشتمان و دەردی نەتەوە کۆستکەوتووەکەی ناخوات. ئەمە وەنەبێ شتێکی سەیر و نەدیتراو بێ، بگرە مێژووی مرۆڤایەتی زۆر نموونەی وەهای بە خۆیەوە بینیوە و لە لاپەڕەکانی خۆیشیدا تۆماری کردوون.
ئەوەی تایبەت بێت بە نووسەری ئەم چەند دێڕانە، دەتوانم زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێم من هەمیشە خاوەن هەڵوێستی خۆم بوومە و، ڕێگام بە خۆم نەداوە هیچ کارەسات و پێشهات و ناپاکیکردن لە نیشتمان و گیروگرفتێکی گرێدراو بە نەتەوەکەم، بە بەر دەممدا گوزەر بکەن بێ ئەوەی هەڵوێست دەرببڕم. من لە هەر کات و بۆنەیەکدا سەنگەرم لە سەرانی سەرەڕۆ و کوردستانفرۆشان گرتووە و لە چاوسوورکردنەوەکانیشیاندا ورەم بەهێزتر و پێنووسیشم بە بڕشتتر بووە. خەڵک و خواش ئاگاداری ئەم

قەڵەمی دەستی نووسەر، ئەگەر تەواوکەری چەکی دەستی جانفیدایانی ڕێگای ئازادیی نیشتمانیش نەبێت، شتێکی ئەوتۆی لەو کەمتر نییە.

مەسەلەیەن و هیچ پێویستیش بە نموونە هێنانەوە ناکات. زمانی نووسینەکانی بەندە تا بڵێی سادە و ڕوون و ئاشکرایە. ئەوەی کە لە دڵ و دەروونمدا پەنگی خواردبێتەوە هەمیشە لەسەر زمانم بووە. قەت نەمتوانیوە خوێنەر بەملا و بەولادا ببەم، بێ ئەوەی مەبەستی دڵمی بۆ ئاشکرا بکەم. نووسەرانێک هەن بە دەیان و بگرە سەدان لاپەڕیان ڕەش کردۆتەوە، بێ ئەوەی تفێکی خەستیان حەواڵەی ڕووی خیانەتکاران کردبێ، یان پێیانیان ڕاگەیاندبێ بەری چاوتان ڕەشە. دڵنیا بن کە ئەمە کاری من نەبووە و ناشبێ.
دەرد و میحنەتی ئەمڕۆی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گشتی و لە سەرووی وڵات بە تایبەتی، حەوجەداری خەڵکانێکی بوێر و چاونەترسە تا بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و خەمخۆرانە قۆڵی لێ هەڵماڵن و، ڕەخنەی بنیاتنەرانە و کوردانە و نیشتمانپەروەرانەی ئاڕاستە بکەن. لەم بوارەشدا ئەرکی هەرە گەورە دەکەوێتە ئەستۆی خاوەن پێنووسانێکی ئازا و بەجەرگ و کوردستانی، هەر نا بۆ ئەوەی داری لەسەر بەردێ دابنێن و، خەمێکیش لە نەتەوە و خاکەکەیان بخۆن. نووسەران و ڕووناکبیرانێک کە بە شێوەیەکی وا بیر بکەنەوە و پێنووسێکی نووک تیژی ئاوەهاشیان بە دەستەوە بێ، لە هیچ شتێک ناسڵەمێنەوە و قسەی لابەلاش هەرگیزاوهەرگیز کاریان تێناکات.
ئەو قەڵەمەی کە لە دەستی نووسەرێکدایە، ئەگەر بە پاکیی و ویژدانەوە بەکار بێنرێت، بڕوا بکەن هیچی کەمتر نییە لە چەکی دەستی ئەو پێشمەرگە قارەمانەی کە بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەی تێدەکۆشێت. قەڵەمی دەستی نووسەر، ئەگەر تەواوکەری چەکی دەستی جانفیدایانی ڕێگای ئازادیی نیشتمانیش نەبێت، شتێکی ئەوتۆی لەو کەمتر نییە.
هەزار سڵاو لە وشەی بوێر و ئازا..
هەزار سڵاو لە نووسەری خاوەن هەڵوێست لە هەر شوێنێکی جیهاندا..
هەزار نەفرەتیش لەو نووسەرەی کە قەڵەمەکەی بە نرخێکی هەرزان هەڕاج دەکات.. ■

# لەپێناوی نیچەدا
# وتاری فەلسەفیی نیچە بۆ هەڵکۆڵین و هەڵوەشانەوە[1]

ئازاد حەمە

ئەم بابەتە بە دۆلۆز، ئەندازیاری تازەکەرەوەی بیری فەلسەفیی نیچە لە نێوەندی ڕوناکبیری فەرەنسی، پێشکەشە.

**١) سیستەمی لێکدانەوە ٢)تیۆری ڕەخنەیی نیچە ٣) ویست بۆ ڕاستی ٤) ویست بۆ زانین ٥)ویست بۆ هێز ٦) ژینالۆژیای ڕەوشت ٧) ڕێنێسانسی ژینالۆژی ٨) هەڵوەشانەوەی وتاری میتافیزیک ٩) مەرگی یەزدان ١٠) تیۆری مرۆڤی باڵا ١١)مانیفێستی فەلسەفی زەردەشت ١٢) پرێنسیپی نیهیلیزم ١٣) تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی ١٤)سیمیۆلۆژیای تراژیدی ١٥) توانای دیۆنیزۆس لە پووچکردنی ئینتلێکت ١٦) فەلسەفە وەک سیمتۆماتۆلۆژی**

## ١) سیستەمی لێکدانەوە

فەلسەفەی ڕەخنەیی ڕۆژئاوا لە پێش نیچە(Nietzsche)وە ئاراستەی ڕەخنەیی جیای هەبووە لەپاش ئەویشەوە ئاراستەی تری وەرگرتووە کە نیچەگەریی گرینگترین ئاراستەی نێو ئەوانەیە. بە بۆچوونی ڕووناکبیرانی ڕۆژئاواش هۆی گەڕانەوەی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بۆ فەلسەفەی نیچە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە توانیویەتی مانیفێستی مرۆڤایەتی بنووسێتەوە و، ئامانجی زانستی نوێی ڕۆژئاواش ڕونبکاتەوە. گەر تەماشای پێوەندی نێوان بیری نیچە و بیری ئەمڕۆ (وئاییندە)ی ئەوروپا بکەین، دەبینین پێوەندییەکی قووڵ لە نێوانیاندا هەیە. هۆکاری قووڵی ئەم پێوەندییەش بۆ ئەو گرفتە عەقڵی و کۆمەڵایەتی و زانستییانە دەگەڕێتەوە کە ئەوروپا تیایدا دەژی و ئەم دوو بیرەش هەوڵیانداوە قسەی لەسەر بکەن. بەڵام مەخابن ئەو ئەوروپایەی دەخوازێ دەست بەسەر جیهاندا بگرێ و هەموو (مەبەست لە هەموو زۆربەیە) پەراوێزی ناسنامەی شارستانی خۆی بکا، ئاوا بە ئاسانی ددان بە پرۆژەی فەلسەفیی نیچە دا ناهێنێ. بیری ئەم ئیپۆکەش، کە لە ڕۆحی مۆنۆپۆلی کولتووری ڕۆژئاوا بەرجەستەبووە، ناتوانێ لە تەکنیکی لێکدانەوەی نیچە دابڕێ. ئەمەش لەگەڵێ ڕووەوە بۆ ئەو دیدانە دەگەڕێتەوە کە لە ناواخنی بیری ڕەخنەیی کارەکانی نیچە دا تایبەت بە کۆمەڵگە و شارستانی تازەی ڕۆژئاوا چەقی گرتووە.

کە باسیش دێتە سەر تەکنیکی لێکدانەوەی نیچە گرینگە ددان بەوەدا بهێنرێ کە ئەم تەکنیکە جیاوازترین تەکنیکی لێکدانەوەیە لە ڕۆژئاوا و، بە بەرترین فەلسەفەشە لە سەدەی نوێدا بۆ خوڵقانی فەلسەفەی ناجۆر و ناشیاو، وەک فەلسەفەی جیاوازی و هەڵوەشانەوە و هەڵکۆڵین.

بە واتایەکی تر، وانە فەلسەفی و فیلۆلۆژییەکانی نیچە دەمێک ساڵە زۆر بە قووڵی کەوتۆتە بەر بەکاربردن لەلایەن تیۆری زمانەوانی هاوچەرخ و تیۆری ڕەخنەیی بونیادخواز و وتاری ئەنتی ـ هێرمینۆتیکیی پاشبونیادخواز و پاشتازەگەرەکان. ئیشکردنی بیری نیچەش لەم ئاستەدا بە جۆراوجۆری ڕەهەندی دەربڕینەکانی وی وابەستەیە. ئەم سێ زانستەش، واتە سیمتۆماتۆلۆژی، تیپۆلۆژی و ژینالۆژی، کە گرینگی خۆیانیان لە کارەکانی نیچە دا هەبووە، ڕەنگدانەوەی تایبەتیان لە ناو ڕێڕەوی نووسینی فەلسەفی و شیکردنەوەی دەروونی و فیلۆلۆگی ئەم چاخەی ڕۆژئاوادا هەیە. جگەلەوە، ئەو هەڵوێستە فەلسەفییانەی نیچە سەبارەت بەگەڵێ لەو بیر و ڕێبازە فەلسەفییانەی پێش خۆی خوڵقاندوویەتی لەلایەن بیریارانی نیچەخوازی ڕۆژئاواوە، کە دەستەبژێرێکی نیهیلیستی ئەمڕۆی ڕۆژئاوان (لەپێش هەمووشیانەوە، میشیل فۆکۆ، ژیل دۆلۆز، ژاک دێریدا، ژان فرانسوا لیۆتار، ژان بۆدریار، ژیانی ڤاتیمۆ، مۆریس بلانشۆ، ژۆرژ باتای و....هتد) بەچەندین شێوازەوە وەبەردەهێرێنەوە.

ناوەرۆکی شێوازی لێکدانەوەی نیچە، دەشێ بەوە پوخت بکرێتەوە کە گشت دەستبەسەرداگرتنێکی نوێ بریتی یە لە خوڵقاندنی لێکدانەوەیەکی نوێ. بەڵام نیچە نایەوێ مافی ئەوەمان هەبێ بپرسین: ئەوە کێ یە کە لێکدانەوە ئەنجام دەدا؟ هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕوانگەی نیچەوە لێکدانەوە شێوەیەکە لە شێوەکانی ویست بۆ هێز(دەسەڵات). ئەو واقیعەش کە لێکدانەوە بەرهەمدێنێ دەسەڵاتە نەک شتێکی تر. ئەمەش لەبەرئەوەی، لە ڕەچەڵەکدا واقیع خۆی بریتی یە لە دەسەڵات. دەسەڵاتیش بەواتا فەلسەفییەکەی نیچە بریتی یە لە لێکدانەوە. کە باسیش لە بەرهەمهێنانی لێکدانەوە لە ژێرسایەی دەسەڵاتدا دەکرێ، مەبەستەکە پتر بەرهەمهێنانی میتافۆرەکانی لێکدانەوە دەگرێتەوە (وەک: زانین، وێژە، زانست، هونەر...).

بەگشتی، ویست بۆ مانا و ویست بۆ دەسەڵات یان ویست بۆ ڕاستی بەهۆی پشکنینەوە ناوەرۆکی ئەو تیۆرییە شیکردنەوەییانەیە کە لە سەردەمی نوێدا سەریانهەڵداوە. ئەم تیۆرییانەش، کە لە بنەچەدا ناموراڵین، بەشداری لە خوڵقاندنی حوکمداریدا دەکەن.

حوکمداری بەناوی تێکستەوە ئەو موراڵە ڕۆحییە کۆیلایەتییە لەنێو خەڵکدا سەروەردەکا و شێوازێکی جیاواز لە بردنەڕێوە بەرهەمدێنێ کە ڕوانگە و دیدە خوڵقاوەکانمان لە بەرانبەریدا بەرپرسیارن.

## ٢) تیۆری ڕەخنەیی نیچە

ئەوی پتر لە گشت شتێکی تر لەم سەرەتایەوە شیاوە وەڕووخستنی ئەوەیەکە فەلسەفە لە کاتی هێگێل دوە خۆی وەک تێکەڵاوێکی سەیر لە ئەنتۆلۆژی، ئەنترۆپۆلۆژی، میتافیزیک، هیۆمانیزم، تیۆلۆژی و ئاتەئیزم

دەردەخا. یان بە بۆچوونێکی تر، فەلسەفەی نوێ جگە لەوانە بریتی یە لە شتێک لە هەریەک لەمانە: ڕۆحانییەتێکی مەسیحی، دیالیکتیکی هێگێل، فێنۆمێنۆلۆژی و نیچەگەریی.

سەبارەت بە زانینی فەلسەفیی نیچە پێویستە ددان بەوەدا بهێنین، ئەم زانینە لەناو کەلەپووری فەلسەفیی ئەڵمانیدا وەک زانینێکی تایبەت خۆی دەردەخا. ئەوەندەی کە کەلەپووری فەلسەفی ئەوروپایی، ڕۆژئاوایی بەگشتی و ئەوروپایی بەتایبەتی، ڕوانگە دیار و نادیارەکانی لەسەر دەستی نیچە ژێر پرسیار خراوە لەسەر دەستی هیچ کەسێکی تر هێندە بەرپرسیار نەخراوە.

خوێنەری کارە فەلسەفییەکانی نیچە دەرک بەوەدەکا کە، تیۆری ڕەخنەیی نیچە دژی تیۆری ڕەخنەیی گەلێ لە بیریارانی پێش خۆی بووە (پلاتۆن، دێکارت ، کانت ، هێگێل، داروین و شوپنهاوەر...) و ئەم تیۆرییە پێشبینییەکی فەلسەفیی قووڵیشی تایبەت بە ستاتۆی فەلسەفی ڕۆژئاوا دارشتووە. ئەم دژایەتیکردنەش لەسەر ئەو بناغەیە بووە کە تیۆری ڕەخنەیی دەبێ لەوە وازبهێنێ کە ڕەخنە ئاراستەی شتی باو و دیار بکا. بەڵکو لەبری ئەوە، دەبێ ئەرکی ئەوەبێ کە بۆ بنەچەی شتەکان بگەڕێتەوە. ئەڵبەتە، هەر ئەم لایەنەش لەپاڵ ئەو لێکدانەوەیانەوە دێ کە لەم دوادواییەدا، بیریارانی ڕۆژئاوا سەبارەت بەوەی کە فەلسەفەی نیچە فەلسەفەیەکی فرە دید و تێندێنسە ئەنجامیانداوە.

لەڕووی فەلسەفیشەوە دەکرێ پرسیاری ئەوە بکرێ فەلسەفەی نیچە دژی کێ ئاراستەکراوە؟ گرینگترین وەڵامێک کە دەکرێ بۆ ئەم پرسیارە ئامادەبکرێ ئەوەیە کە فەلسەفەی نیچە دژی ئەو تێڕوانینە دیالیکتیکییانە ئاراستەکراوە کە ئاراستەی مرۆڤ کراون. ئەمەش هێگێل و شەپۆلی هێگێل خوازەکان دەگرێتەوە.

کە باسیش لێرەدا دێتە سەر دیالیکتیک با ئەوە فەرامۆش نەکرێ کە دیالیکتیک بۆ نیچە یەکێکە لە ڕێگاکانی مەرگی تراژیدیا. نیچە دژی دیالیکتیکە.چونکە دیالیکتیک فکرێکی مەسیحی یە و دژی گۆڕان و جەوهەرە. دیالیکتیک نیشانەیە لەسەر مەرگی یەزدان و لە ڕوانگەی نیهێلیزمیشەوە فکرە. بەڵام فکرێکی لاواز و دژە جیاوازی یە. یان دیالیکتیک جیاوازیی سەرەوژوورکەرە. دیالیکتیک مرۆڤ فێری ئەوەدەکا کە تەنیا بڵێت بەڵێ و مانای نەخێر نەزانێ. لەوە زۆرتر، دیالیکتیک بریتی یە لە ئایدیۆلۆژیای مەسیحی. دیالیکتیک ئایدیۆلۆژیای کەسێکە کە لە حاڵەتی پەرچەکرداریدایە و، بەگشتی دیالیکتیک ئایدۆلۆژیای کۆیلەیە. جگەلەوە، ئەو ئیلحادەش کە دیالیکتیک باسی لێوەدەکا ئیلحادێکی ئێکلیرۆسی یە.

لەهەمووی تایبەتتر، نیچە بۆ پووچکردنی دیالیکتیکی هێگێل تیۆری مرۆڤی باڵا پێشنیاردەکا.

## ٣) ویست بۆ ڕاستی

ویست بۆ ڕاستی نەک تەنیا نیچە، بەڵکو زۆربەی فەیلەسوف و بیریارانی ڕۆژئاوای پێش ئەویش سەرقاڵی بوون. بەڵام ئەم تێزە لای نیچە دۆخێکی تەواو جیاوازی بەخۆوە گرتووە. تێگەیشتنی نیچە لەم بارەیەوە هێندە وروژێنەرە کە گرینگترین پرسیار دەخاتەوە، لەوانە: ئەو شتە چییە کە ڕاستی تێیدا بڵاودەکرێتەوە؟ ئەو شتە گەر ویستە، باشە ویست بۆ ڕاستی چییە؟! یان خودی ویست چییە؟ ئەمجار ڕاستی مانای چییە؟ بۆ دەبێ ئەم دوو خواستە (ویست و ڕاستی ) هەبن؟ بۆ دەبێ عەوداڵی ڕاستی بین؟ بۆ دەبێ بەدووی بەهای ڕاستی داوێڵبین؟ تێڕامانە فەلسەفییەکانی نیچە نەک هەر تەنیا ڕاستی بەڵکو ویستیش بەر پشکنین و تێڕامان دەخەن. ئەمەش لە دوتوێی ئەو باسانەدا دەرکی پێدەکرێ کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ پەرەدان بەکارەکانی نیچە تایبەت بە ناوەرۆکی وتاری ڕاستی و هێز نووسراون. بە باوەڕی نیچەخوازانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا ئەوی لەپاش نیچەوە بیر لەوە بکاتەوە ڕاستی بەهۆی هەڵەوە بخولقێنێ ئەوە شێتە. ئەو شتانەش کە باڵان (یان مەزنن )، وەک ڕاستی بۆ نموونە، ناکرێ بەهۆی ئەم جیهانە چەپەڵەوە بخولقێنرێن. بەڵکو شتە باڵاکان بەهۆی شتە ئەبەدییەکانەوە، یاخود شت لە خودی خۆیدا، دەخولقێنرێن. ڕاستی کە بەهۆی میتافۆرەوە خۆی دەردەخا فێڵەکانی پەردەپۆش دەکا. بوونیش کە بووە بەشوێنگەی بەرهەمهێنانی بەها شوێنگەیەکی فێڵاوی و میتافۆری یە.

هەر تایبەت بە تیۆری ڕاستیی نیچە ئەوە دەوروژێنرێ کە چۆن دەشێ شتێک بەهۆی دژەکەیەوە، واتە ڕاستی بەهۆی هەڵەوە، واقیع بەهۆی خەونەوە، بخولقێنرێ. بەباوەڕی مێتافیزیک ئەم خولقاندنە شیاو نییە. واتە، مێتافیزیک دەیەوێ بڕوا بەوە بهێنێ کە ڕاستی لەسەرچاوەیەکی تایبەت بەخۆیەوە دەخولقێ. بۆ مێتافیزیک سەرچاوەی ڕاستی لەو شتەوە دەخولقێ کە لەناوناچێ و هەمیشەیی و هەتاهەتایی یە.

ئەوی نیچە لەم بوارەدا زێتر کاری بۆ کردووە ئەوەبووە کە مێتافیزیک نەکرێ بە تێز بۆ ڕۆنکردنەوەی ڕاستی. چونکە قۆرخکردنی بابەتی ڕاستی لەلایەن مێتافیزیکەوە چەوتییەکی زۆری فڕێدایە ناو گەردوونەوە. لەبەرئەوەی مێتافیزیک ناتوانێ بەدووی ئەو هێزانەدا بگەڕێ کە توانای بەرهەمهێنانی مانا و بەهایان هەیە و کێشەی ڕاستیش وەک کێشەیەکی ڕەوشتی بەرچاودەخا، بۆیە مێتافیزیک هەوڵدەدا بە بەردەوام جیاوازی لەنێوان جیهانی ڕاستی و جیهانی درۆ و جیهانی واقیعی و جیهانی وڕێنەدا بەدیبینێ. گرفتی مێتافیزیک لەم بوارەدا ئەوەیە نازانێ ڕێڕەوی ڕاستی بە پاڵپشتی ڕاستی دانەمەزراوە و، بەڵکو بە پاڵپشتی هێز و دەستبەسەرداگرتندا دامەزراوە. ئەم تێگەیشتنەی مێتافیزیکیش بۆ ناوەرۆکی ڕاستی بووەتە تەگەریەکی گەورە لەبەردەم لێکدانەوەی جیهان. یان لێکدانەوەی جیهان بە سەختی دەتوانێ لە بۆچوونەکانی مێتافیزیک بۆ ڕاستی دابڕێ. لەدوای ئەوەی کە ویستی مرۆڤایەتیش ئاراستەی هیچێتی( نیهیلیستی) وەرگرت تێگەیشتن بۆ ڕاستییە گەورە و خەیاڵ پڵاوییەکان گۆڕدرا و پیرۆزی ڕاستیش ڕووی لە ئاوابوون نا.

## ٤) ویست بۆ زانین

بەپێی هاوکێشەی فەلسەفیی نیچە ویست بۆ زانین بە ویست بۆ هێز(توانا ) یەکسانە. کاتێکیش نیچە ڕەخنە ئاراستەی هیۆمانیزمی ڕۆشنگەریی دەکا بەوە تاوانباری دەکا کە دەستی لە هاوردنە کایەی شۆڕشی زانستیی سەدەی هەژدەوە هەبووە، ئەو شۆڕشەی دواجار بوو بە دەروازە بۆ بەنێوەندکردنی عەقڵ. دواتریش ئەم ڕوانگە فەلسەفییانەی نیچە گرینگی خۆیانیان لە بەخێوکردنی ڕەخنەکانی بیریارانی پاشبونیادخواز و پاشتازەگەرەکاندا دیوە.

ڕەخنەی نیچە لە عەقڵگەرایی ڕێنێسانس و سەدەی هەژدە سەرچاوە لەو ڕەخنانەوە هەڵدەگرێ کە ئاراستەی عەقڵگەرایی گریک(یۆنان)ـ بەتایبەت فەلسەفەی عەقڵگەرایی سوکرات ـ کراوە. بە باوەڕی نیچە هەر ئەم جۆرە عەقڵگەراییانەشە (عەقڵگەرایی سوکرات، عەقڵگەرایی سەدەی مۆدێرنیتێ) دەستی لە سەرهەڵدانی نیهێلیزم و بێ هیوایی ناو گەردووندا هەبووە. سەرەڕای ئەوە، ڕۆشنبیری ڕاسیۆنالیستی ئەوروپایی ـ ئەڵبەتە نیچە ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە بە پووچترین جۆری ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا لەقەڵەم دەدا ـ ڕۆشنبیریی ئەو شارستانیەتانەیە کە لەگەڵ مەسیحیەتی پلاتۆن دا چرۆ دەردەکا و لەسەر دەستی عەقڵخوازێکی وەک فەیلەسوفی ئەڵمانی هێگێل دەگاتە ترۆپک و دەبێ بە گەورەترین گرفت لەبەردەم مرۆڤی

ئەورووپاییدا. ئەم گرفتە کە ئاوا دەست پێدەکا دواجار بەهۆی کارەکانی فەیلەسوفانی زانینی نوێ و ڕۆشنبیرە ڕاسیۆنالیستەکانی ڕۆژئاوا ڕووبەری بەرینتر بووە.

نیچە لە کارەکانیدا ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی زانینی نوێی ڕۆژئاوا دەکا و پێشی وانییە ئەم زانینە لە خۆڕا بەرهەم هاتووە. هەروەها بەرهەمهێنەرانی زانینیش بە تاوانباری سەرەکی دەزانێ و پووچیی ناوەڕۆکی زانینی ڕۆژئاواش هەر بۆ ئەوان دەگەڕێنێتەوە. ئەگەر بەجۆرێکی تر تەماشای ناواخنی ڕوانگەی نیچە لەسەر زانینی ڕۆژئاوا بکەین دەبینین ناوبراو دژایەتیکردنی عەقڵ بە پرۆژەیەکی پێویست دەزانێ و هەروەها عەقڵ بە بەرهەمهێنەری نیهێلیزم لە ئەورووپا لەقەڵەم دەدا.

گومانیشی ناوێ بگوترێ، وتاری عەقڵیی ڕۆژئاواش ــ کە ئەم وتارە ناواتی ئەو نەبووە ــ لەپاش نیچەوە لە بەهای ڕەوشتی زیادکردووە و کێشەیەکی زۆریشی بۆ وتاری لێکدانەوەی فەلسەفی خولقاندووە.

ڕەخنەی توندی نیچە لە سیستەمی عەقڵیی ڕۆژئاوا ــ کە دواجار لای نوێخوازانی بیری فەلسەفیی نیچە، بەتایبەت فۆکۆ و دۆلۆز، گەشەیەکی چاکی پێدراوە[٢] ــ ئەوە ڕۆندەکاتەوە، ئەو لێکدانەوە مێژووییەی بۆ ویست لەپێناو زانین کراوە (لێرەدا مەبەست ئەو زانینەیە کە مرۆڤایەتی نووسیویەتی) ئەوە دەردەخا کە ئەم ویستە لەسەر بناغەی زۆرداریی و هەڵە بونیادنراوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە باسکردن لە پووچیی زانین، باسکردنە لە قەیرانەکانی سەردەم. چونکە هەموو دیاردەکانی شارستانیەتە گەورەکان ئەوە دەردەخەن کە زانین مرۆڤایەتی بەرەو خوارەوە و بەرەو تەنگەتاوی برد.

نیچە لەپاڵ ئەو ڕەخنانەوە ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستەی قووڵاییەکانی بیر و قووڵاییەکانی هەست کردووە. ڕەخنەی لەو قووڵاییانە گرتووە کە بە باوەڕی نیچە فەیلەسوفەکان بەرپرسیارن لە دروستکردنی. خوێنەری کارە فەلسەفییەکانی نیچە بەئاسانی ئەم دیاردانەش دەرک دەکاکە چۆن نیچە هەر زوو لە کارەکانیدا قووڵایی ئەم قووڵاییانەی دەرخستووە کە چەند پەچەدارن.

تێگەیشتن لە هەڵوێستی فەلسەفیی نیچە بەرانبەر بە زانست و بنەڕەتی بەهای زانین کارێکی ئاسان نییە و لە نێوەندی فەلسەفیی ڕۆژئاواش بەهەڵەتێگەیشتنێکی زۆر لەبارەی ڕەخنەکانییەوە لە ئارادایە. ئەمەش زیاتر لەبەرئەوەبووە کە نیچە هەوڵێکی زۆری داوە ناوەڕۆکی دوالیستی ئەو ڕۆشنبیرییە ئەدەبی و هونەری و زانستی و فەلسەفی و، ئێتیکییە گریکییە مەسیحی و یەهوودییە پووچکاتەوە کە لەسەر بناغەی چاکە و خراپە (خێر و شەڕ ) بونیادنراوە و دەستی لە پیرۆزکردندا هەبووە.

ئەم ڕۆشنبیرییە بەهایەکی تایبەت بە خۆی دەخولقێنێ کە تیایا پێغەمبەرەکان، نموونەی بالایان عیسا، دەبن بە ڕێنیشاندەری چاکە و جوانی و ڕاستی. لەزۆر ڕووشەوە نیچە دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ کە مرۆڤی ئەم چرکەساتە گەیشتۆتە پلەیەکی ڕۆشنبیریی باڵا کە بتوانێ بیرە خورافییەکان پووچکاتەوە. بەڵام ئەم مرۆڤە گەر توانی ئەمکارە بکا ئەوە ئەمەش داوای ئەوەی لێدەکا مێتافیزیک تێپەڕێنێ. تێپەڕاندنی مێتافیزیکیش گەڕانەوەیەکی زۆری دەوێ بۆ دواوە. لەهەمان کاتدا ئەم مرۆڤە پێویستە دەرک بە پاساودانە مێژووییە دەروونییەکانی لێخوردبوونەوەی مێتافیزیکییانەش بکا.

سەرباری ئەوی لەسەرەوە باسکرا، زانین لە ڕوانگەی نیچەوە کۆششێکی بەردەوامە بۆ لێکدانەوەی بوون یان بەواتایەکی نیهیلیستیتر، بوون واتە لێکدانەوە. ئەم لێکدانەوەیەش شێوەیەکە لە شێوەکانی هەقایەت. بێگومان لێکدانەوەی بوونیش بریتی یە لە لێکدانەوەی دیاردەکانی ناوی (واتە ناو بوون). دیاردەکانیش ئەو پەچانەن کە خولقاون. ئەوی نیچە لە لێکدانەوەی دیاردەکانی ناو بوون بەلایەوە گرینگە زانینی چۆنیەتی ناونانی شتەکانە، نەک زانینی ماهیەت(جەوهەر)ەکانیان. بەقەولی نیچە زمانی بەکاربراوی نێوان ئێمەی کۆیلە (لاواز، پەراوێز) گەورەکان (سەروەرەکان) بەرهەمیانهێناوە و هەر ئەوانیش مانایان بۆ دیاردەکان دۆزیوەتەوە و بەهایان بۆ دیاریکردووە. بەم جۆرە بێ کە ئێمە لە بووندا ناو دەنێین واتە دەبین بە سەروەر (Herr , Sir) یان خۆمان دەکەین بە گەورەی هەمووان. کە دەشبین بە گەورەی هەمووان واتە زانین بەرهەم دێنین. ئەم زانینەش دەسەڵات دروستدەکا. هەر ئەمەشە ڕاستی بوون یاخود بوون لە بنەڕەتدا هەر بەمجۆرە خولقاوە. وێرای ئەوەی گوترا لەم بارەیەوە دەڵێین، مێژووی شتێک لەناو بوون واتە باسکردنی ئەو هێزانەی دەستییان بەسەر بوونەوە هەیە و هەروەها ئەو هێزانەی لە ململانێدان لە پێناوی دەستبەسەرداگرتن.

**٥) ویست بۆ هێز**

ویست بۆ هێز تیۆرییەکی گرینگە لە بەرهەمە فەلسەفییەکانی نیچە. بەپێی بۆچوونە فەلسەفییەکانی وی هێزهەوڵدانە بۆ دەستگرتن بەسەر واقیع و بەکاربردنی ئەم واقیعە. بەڵام هەرچی ویستە بۆ هێز ڕەگەزێکی ژینالۆژی یە کە پێوەندی هێز بە هێزەوە دیاریدەکا و جۆری هێزیش بەرهەمدێنێ. بەم شێوەیە هێز لای نیچە پێوەندی بە هێزی ترەوە هەیە. هەر ئەم لایەنەشە کە لەپشت ئەوەوەیە هێز لە ڕوانگەی نیچە پێوەندی بە هێزەوە هەبێ.

نیچە پێیوایە پرسیارێکی بێ فیرۆیە بپرسین توانا (هێز) چییە کە خۆی بوون ویست بێ بۆ توانا. مێژووش، کە بریتی یە لە گۆڕانی مانای ڕەوتی یەک لە دوای یەکی ئەو هێزانەکە دەستیان بەسەر سروشتدا گرتووە. بەڵام پشکنینی بەردەوامی نیچە بۆ ئەوە بووە کە بزانێت ویست چی دەوێ! بەگشتی نیچە دژی ئەو ویستەیە کە بەدەست هێزی ئیرتیکاسییەوەیە. چونکە هێزی ناوبراو ئەو ویستەی کە بەدەستیەوەیە بۆ مەبەستی خۆی بەکاریدەبا. بەڵام لای نیچە ویست بۆ هێز بۆ دەستگرتنە بەسەر خودەوە.

نیچە، لەبواری تیۆری هێزدا، بەدووی ئەو هێزانەدا وێڵە کە بیر بەرهەمدێن. پرسیاری ئەوەش دەورووژێنێ کە کێ بەرهەمهێنەری بیر (زانین)ە؟ گەر بەپێی ویستی هێز بێ بیر بریتی یە لە دەسەڵات. دۆزەرەوەی بیریش کە بەدووی ڕاستیدا وێڵە ڕەوشتی تایبەت بە زانست بەرهەمدێنێ. بەپێی ئەم تێگەیشتنە بێ، زانست جێگای ڕەوشت دەگرێتەوە و، ئەم ڕەوشتەش زانین و زانستی نوێی لەپاڵدایە بۆیە زانین و زانست بووە بە ئایینێکی نوێ.

نیچە لە هەوڵە فەلسەفییەکانیدا بۆ ڕۆنکردنەوەی ویستی هێز یان هەوڵی بۆ کردنی بوون بە ویست لە پێناو هێزدا دەخوازێ کۆتایی بە مێتافیزیک، ئەو پرۆژەیەی کە بیری ڕۆژئاوای داگیرکردووە، بهێنێ.

هەر تایبەت بە بابەتی ویست بۆ هێز، نیچە لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەبارەی ئایین ئەنجامداوە و ئەو هێزەش ڕووندەکاتەوە کە ڕێگا بەئایین دەدا ڕۆڵی سەروەری و ڕابەری ببینێ.

ئایین بۆ نیچە کە چەند هێزێک خزمەتی دەکا یەک مانای نییە. هەر لەژێر سایەی ئەم جۆرە دیدانەدا نیچە بەدووی ئەو هێزانەشدا وێڵە کە پەیڤی وەک چاکە/ خراپە، ڕاستی/ درۆ، جوانی/ ناشرینی و چەندین دوانەی تر بەرهەمدێن.

نیچە لەم وێڵبوونەیدا ئەوەمان یاددەخاتەوە چاکە و جوانی و ڕاستی ئەو چەمکە ڕەوشتییانەن کە خواوەندەکان بەرهەمیانهێناون تا زۆربەی پێ فریوبدەن. بەبێ هیچ ڕاڕاییەکیش نیچە پێمان ڕادەگەیێنێ، ئەم جۆرە ڕەوشتەش سەرچاوە لە ڕۆشنبیریی سوکرات ــ مەسیحیەتەوە هەڵدەگرێ.

### ٦) ژینالۆژیای ڕەوشت

گەر حوکمی ڕەوشت وەک سیمیۆلۆژیا وەرگیرێ ئەوا ڕەوشت بریتی یە لە کۆمەڵێک مانا (Signification). ڕەوشت کە بریتی یە لە زمانی هێما هەروەک ئایین و میتافیزیک ئاماژەیە (سیمتۆم) لەسەر هەستە نامۆکانی مرۆڤ.

نیچە هەمیشە لە ڕەخنە هەڵوەشێنەرەوەکانیدا بەدووی ڕەهەندی ڕەوشتی ڕەفتار و بیرکردنەوەکان گەڕاوە و خستنە ژێر پرسیاری بنەچە و سەرچاوە و بەهای بە مەسەلە گرینگەکان زانیوە. لەم ڕووەشەوە نیچە پرسیاری ئەوەمان وەرووەخا کە بۆ ڕەوشت هەیە؟ چۆن بەهای ڕەوشت بەرهەمدێ؟ ئەوسا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دیاریکردنی بەهای ڕەوشت دەکا بە جێگای پرسیار. هەر لەم بوارەشدا وتاری فەلسەفیی میتافیزیکی ڕۆژئاوا گوناهباردەکا بەوەی ڕەوشتی بەرهەمهێناوە و بەهای جۆراوجۆریشی بۆ دۆزیوەتەوە. نیچە کە هەڵوەشێنەری ڕەوشتی میتافیزیکی ڕۆژئاوایە باوەڕیوایە دوالیستی ڕەوشتی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا، سەرچاوە لە تەورات و گریک(یۆنان)ەوە هەڵدەگرێ. هەوڵی ژینالۆژی نیچەش بۆ پووچکردنی مانا و بەهاکانی دونیای ئایدیالیستی ئەورۆ ی ڕۆژئاوا و ئەودونیا ئەبەدی و پیرۆزەی لە کولتووری فەلسەفیی نوێی ڕۆژئاوادا هەیە، جێگای باسێکی قووڵە.

فەرامۆشکردنی قۆناغەکانی مێژوو لەکاتی لێکدانەوەی ژینالۆژیای ڕەوشت لێکدانەوەیەکی لاواز بەرهەمدێنێ. پێویستی پزیشکی ژینالۆژی بۆ مێژوو، لە پێناوی دوورکەوتنەوە لە وڕێنەکانی بنەڕەت، وەک پێویستی فەیلەسوف وایە بۆ پزیشک لەپێناوی دوورکەوتنەوە لە سێبەرەکانی ڕۆح (فۆکۆ).

سەبارەت بە ژینالۆژیای مێژوو دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە، نیچە هەستی مێژوویی بە مێژووی مێژووکردەوە دەبەستێتەوە. هەستی مێژووییش پتر لە پزیشکییەوە نزیکە وەک لە فەلسەفە (فۆکۆ).

### ٧) ڕێنێسانسی ژینالۆژی

نیچە بیریارێکی دەگمەنە. دەگمەنیی نیچە مانا و قووڵاییەکی فەلسەفی هەیە. ئەو فەلسەفەیەش کە کاری تێداکردووە ئەورۆکە بووەتە بوارێکی بە پیت بۆ بەرهەمهێنانی هونەری شیکردنەوە.

بیری نیچە، کە لە نێو بیرکردنەوەکانی سەدەی نۆزدەدا ڕێگایەکی نوێ یە، لە بواری فەلسەفەشدا بریتی یە لە واتای مانا و بەها خستنە ناو فەلسەفەوە. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە ڕاستەوخۆکان کە وایکردووە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا تا ئەمڕۆ بەشێوەیەک لەشێوەکان لەسەر بیری فەلسەفیی نیچە مشەخۆربێ. بەڵام ئەم گەڕانەوە بەردەوامەی فەلسەفەی تازەی ڕۆژئاوا بۆ بیری فەلسەفیی نیچە هەرگیز بەو جۆرە نییە کە نیچە خوازیاری بووە.

نیچە هیچکات ئەوەی نەشاردۆتەوە کە فەلسەفەی بەها و مانا پێویستە ڕەخنەیی بێ. ئەم جۆرە فەلسەفەیەش ـ واتە فەلسەفەی بەها و مانا ـ تاکە فەلسەفەیەکە دەتوانێ ڕەخنەی ڕاستەقینە بەرهەمبهێنێ. بۆیە دەکرێ بگوترێ، گەڕان بەدووی ژینالۆژیا ـ بنەچە ـ ی شتەکان و دیاریکردنی بەهاکانیان و هەروەها گەڕان بەدووی بەهای هەموو بنەچەیەک تیۆری ڕەخنەیی نیچە پێکدێنێ.

لە هەقیقەتدا، لە تێگەیشتنی نیچە دا ژینالۆژی، کە بە مانای بەهای بنەڕەت و بنەڕەتی بەها و خوڵقان دێ، بۆ تێپەڕاندنی میتافیزیک بەرهەمهێنراوە. بۆئەوەی ئێمە تێگەیشتنێکی چاکمان لەمەڕ چۆنیەتی ڕێڕەویەتی خوڵقاندنی بیری ژینالۆژی نیچە هەبێ لەمڕووەوە دەچینە سەر تێگەیشتنێکی بیری بیریاری ئەنتۆلۆژی ئەڵمانی هایدگەر (Heidegger) کە پێیوایە مەبەست لەمانای بنەڕەت ئەوە نییە کە شتەکان لەکوێوە هاتوون یان چۆن پێکهاتوون.

شێوازی ژینالۆژیی نیچە لە پشکنینە فەلسەفییەکانیدا، کە دوای خۆی ڕێڕەوی ڕەخنەی ژینالۆژی بەرهەمهێنا پتر بۆ بێبەهاکردنی ڕێڕەوەکانی پێش خۆی بووە (کۆژیتۆی دیکارت، ڕێڕەوی فەلسەفەی ئەودیو سروشت یان عەقڵی پوختی کانت، دیالیکتیکی هێگێل) و هەروەها ژینالۆژی، کە بە واتای بەهای بنەچە و بنەچەی بەها بەکاربراوە، ڕێگایەک بووە بۆ نیچە، بۆئەوەی بە هۆیەوە فەلسەفە لەتواناییدا بێ ئایندەیەکی هەبێ.

### ٨) هەڵوەشانەوەی وتاری میتافیزیک

ئەرکی فەلسەفە لەپاش پلاتۆنەوە، بە ڕەخنەگرتن لە میتافیزیک و پووچکردنی پرۆژەی فەلسەفیی ئەو لەسەر دەستی باشترین قوتابییەکانی (لێرەدا مەبەست ئەرەستوویە) بووە. پرۆژەی ناوبراویش دووهەزار ساڵ دەبێ کە ڕەخنەی ئاراستەدەکرێ، کەچی هەر لەبواری بەکاربردندایە. بەڵام ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی گشتی، لە هەردوو سەدەی هەڤدە و هەژدەدا، هەوڵەکانی بۆ هەڵوەشانەوەی وتاری فەلسەفی پلاتۆن خێراتر بووە بە بەراورد لەگەڵ سەدەکانی تردا. ئەوانەش کە لە پاش ئەم دوو سەدەیە کاریان لەپێناو لاوازکردنی ڕۆحی میتافیزیکی وتاری فەلسەفیی پلاتۆن کردووە، هەوڵەکانیان بەداخەوە ئەم ڕۆحەی بەهێزتر کردووە. ئەگەرچی لەگەڵ نیچە بیری هەڵوەشانەوە و وێرانسازی دێتەکایەوە، کە ئەمەش دەستوورێکی نوێ بۆ ڕەخنەگرتن لە وتاری میتافیزیکیی پلاتۆن دادەڕێژرێ.

ئەوی سەبارەت بە ناوەڕۆکی وتاری فەلسەفیی پلاتۆن و ئەرەستوو بەرچاو، ئەوەیە کە ئەم وتارە بۆ بەرپەرچدانەوەی فەلسەفەی هیراکلیتس (Herakles) بووە، بەڵام هەرچی هەوڵی نیچەیە بۆ بەنێوەندکردنی بیری فەلسەفیی هیراکلیتس بووە. هەروەها نیچە بەگشتی فەلسەفەی پێش سوکرات پەسەنددەکا و باوەڕیشی وایە ئەم فەلسەفەیە فەلسەفەیەکی دژە پلاتۆنی و مەسیحی یە.

کۆششی نیچە بۆ بەرپەرچدانەوەی پێوەندییە دوانەییەکان (چاکە/ خراپە، جوانی/ ناشرینی، ڕاستی/ درۆ...) بەشێک بووە لە کۆششەکانی بۆ پووچکردنی فەلسەفەی پلاتۆنیزم (Platonism). ئامادەبوونی پلاتۆنیزمیش لە مەسیحیەتدا تاوانێکی تری وتاری میتافیزیکیی سەردەمی پلاتۆن ـ گریکە. جگەلەوەش لاساییکردنەوەی پلاتۆنیزم لە مەسیحیەتدا کارێکی زۆری کردۆتە سەر ئەوەی تاکی ڕۆژئاوا بە ئایدیالیستی و تیۆلۆژی بکرێ.

جێی گوتنە کە پاش نیچە لەم بوارەدا، هایدگەر ناوی لە هەموو بیریارێکی تر زۆرتر دێتە پێشەوە کە هەوڵەکانی لە لووتکەی ئەو هەوڵانەن کە بۆ هەڵوەشانەوەی وتاری پلاتۆنیزم دراون. ئەمڕۆش ئەو هەوڵانە بەزۆری تێمای ڕوناکبیر و بیریارانی پاشبونیادخواز و پا تازەگەرەکانن.

لێرەدا وەک یادخستنەوەیەک دەڵێین، هایدگەر هەڵوەشێنەری بیری میتافیزیکی ڕۆژئاوا، کە خوێندنەوەی بۆ جیهانبینی فەلسەفیی نیچە ئەنجامداوە، بەدووی بنەڕەتترین پرسیاری میتافیزیکیدا وێڵە کە ئەوەش ئەمەیە: بوونی بوونەوەر چییە؟ هایدگەر بەهۆی ئەم پرسیارەوە هەوڵدەدا دامەزرێنەری بیری هەڵوەشانەوەی فەلسەفی، واتە نیچە، تا سەردەمی خۆی بە میتافیزیکییەکی باڵای ڕۆژئاوا لەقەڵەم بدا. تاوانبارکردنی نیچە لەلایەن هایدگەرەوە بە یەکێک لە بونیادنەرانی وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا لەسەر ئەو بناغەیەیە کە گوایە نیچە هەوڵی بە مرۆڤایەتکردنی بوونی داوە.

لێرەدا سەبارەت بە لێکدانەوەکانی هایدگەر دەکرێ ئەوە بگوترێ کە ئەو،

زۆرتر فەلسەفەی نیچەی لەدیدی فەلسەفی خۆیەوە بەرباس خستووە. ئەمەش کاتێ بەتەواوەتی یەکلادەبێتەوە کە کارە فەلسەفییەکانی نیچە دەخوێنینەوە. چونکە نیچە لە نووسینەکانیدا هەوڵێکی زۆری بۆ تێپەڕاندنی پرۆژەی میتافیزیکی ڕۆژئاوا داوە. هەر بۆنموونە ئەو کۆششانەی وتاری میتافیزیکی ڕۆژئاوا داویەتی بۆ پێکەوە ژیانی ڕووکەش، دیاردە / ناوەرۆک، ڕواڵەت/جەوهەر، خێر/ شەڕ، تاوان/سزا و هتد... لەلایەن نیچەوە زۆر بەتوندی پووچکراوە و هەوڵی سازکەرانی ڕەوشتی میتافیزیکی و مەسیحی ڕۆژئاواش بەچاکی ڕیسوا کراوە. نیچە لە ڕەخنەکانیدا زۆر بەڕاشکاوی میتافیزیک بەرپرسیار دەکا بەرانبەر بەسەرهەڵدانی ڕەوشت و خەونەکانی بەختییاری و دوالیزم (پێکەوە ژیانی چاکە و خراپە). لەهەمان کاتدا، بەکاربردنی ڕەخنەی ژینالۆژی و تراژیدیش هەر لە ڕیزی ئەو کۆششانەن کە لەلایەن نیچە وە بۆ پووچکردنی سیستەمی فەلسەفی میتافیزیک دراون. بەپێی بۆچوونی گەلێ لە بیریاران، فەلسەفەی میتافیزیکی نیچە فەلسەفەیەکی موڕاڵی یە. ژینالۆژیای ڕەوشتی میتافیزیکیش (ژینالۆژیای ڕەوشت و میتافیزیک) گەڕانە بەدووی سەرچاوەی دروستبوونی میتافیزیک.

**٩) مەرگی یەزدان**

یەزدان لە ڕوانگەی فەلسەفیی نیچە دەمرێ. ئەم یەزدانە کە یەزدانێکی شەکەت و بەساڵاچوو و ماندوو بوو، بەهۆی زێدەڕۆیی و درێژدادڕییەکانی هەردەبایە بمردایە. ئەم بانگەوازەش بۆ یەکەم جار لەسەر زاری جوداوازی زەردەشت (Zarathoustra) بەرگوێمان دەکەوێ. بانگەوازی مەرگی یەزدان هاوکێشەیەکی فەلسەفیی نیچەیە کە بەوێرانکردنی بەهاکۆنەکان و خوڵقانی بەهاتازەکان یان هاتنەکایەوەی نیهێلیزم یەکسانە. ئەم مەرگە بریتی یە لە پووچکردنی ئەو دونیا لەلایەک و لەلایەکی ترەوە جەختکردن لەگەردوونی ئەمڕۆ کە گەشتێکە لە وێرانسازییەوە بەرەو خوڵقاندن و، لە مرۆڤەوە ـ مرۆڤی ئاسایی ـ بەرەو مرۆڤی باڵا.
نیچە لەلایەک یەزدان دەمرێنێ چونکە سمبۆلێکە بۆ بەها کۆنەکان و، لەلایەکی دی بەهۆیەوە دەخوازێ سەرلەنوێ گشت بەهاکان بنرخێنێ. بێجگەلەوە، مردنی یەزدان لەسەر دەستی نیچە هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی مانایەکی نوێ بۆ جیهان. ئەگەر بەپێی ئەم ڕوانگەیە بێ، بە مەرگی یەزدان مانایەکی نوێ دێتەکایەوە و بەهایەکی نوێش دێتە ئاراوە. نیچە کاتێ یەزدان دەمرێنێ گرفتێکی گەورە بۆ بابەتی بوون دێنێتە پێشەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە لەمەوبەر یەزدان بۆ لێکدانەوەی بوون پێویست بووە. جا بە مەرگی یەزدان، بوون بەبێ لێکدانەوە دەمێنێ یان پێویستی بە لێکدانەوە نابێ. ئیدی هەر لەم دەم و وەختەوە گەورەترین پرسیاری ناو فەلسەفە دێتەکایەوە: ئایا بوون هیچ مانایەکی هەیە ؟!
پاش ئەوەی مەرگی یەزدان بانگەوازدەکرێ مرۆڤی نوێ دێتە کایەوە. بەواتایەکی تر مەرگی یەزدان، مانای خوڵقانی مرۆڤی باڵایە. ئەم مرۆڤەش وەدووی ڕەوشتی نوێ یان ڕەوشتێکی تایبەت بەخۆی دەکەوێ کە ئەمەش بریتی یە لە ویست بۆ هێز. ئەم مرۆڤە ـ واتە مرۆڤی باڵا ـ بەهەموو شێوەیەک هەوڵی بونیادنانی بەهای نوێ دەدا. گرفتی نیچە ئەوەیە کە دوا مرۆڤەکان لە پەیامی وی ناگەن. ئەم جۆرە مرۆڤانە ـ دوا مرۆڤەکان ـ وا دەزانن کە مەرگی یەزدان، نەمانی ڕەوشت دەگەیێنێ و لەتواناشیاندا نییە جیاوازی لە نێوان نارەوشتی (Immoralite) و نارەوشتگەریی (Immoralism)دا بکەن. نەک وەک زەردەشت کە پاش بانگەوازی مەرگی یەزدان بانگەواز بۆ خوڵقانی ڕەوشتی نوێ دەکا. بانگەوازی زەردەشت بۆ مەرگی یەزدان، خستنە ژێرپرسیاری کولتووری ڕۆژئاوایە. ڕۆژئاواش پاش ئەوەی سەدەکانی ناوەڕاست تێدەپەڕێنێ و دەکەوێتە ناو سەدەی بەگشتیکردن و شۆڕشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە ئیدی لەو کاتەوە مرۆڤ دەبێ بە داهێنەری یاساکان. بۆ ئەم مرۆڤە تازەیە بانگەوازی مەرگی یەزدان مانایەکی گەورەی هەیە یان مەرگی یەزدان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی نیهیلیستیی ڕۆژئاواداهەیە. ڕۆژئاوا کە کۆمەڵگەیەکی نیهیلیستی و نێگەتیڤی یە، بۆ نیچە هیچ بەهایەکی نییە و ڕۆشنبیرییەکی دوالیستیشی بەرهەمهێناوە. گەڕانی نیچە بەدووی ژینالۆژیای ڕۆشنبیریی دوالیستی ڕۆژئاوا بۆ خوێنەری فەلسەفیی سەردەم قووڵاییەکی فەلسەفیی دەگمەنی هەیە و ڕەهەندی جۆراوجۆریشی فڕێداوەتە ناو کاری لێکدانەوەی فەلسەفی ئەم ساڵانەی دوایی.
زەردەشت بەم هاتنەی وەک مرۆڤێک بانگەوازی داهاتنی مرۆڤێکی باڵادەکا. نیچەش ئەم مرۆڤە باڵایە دژ بە مرۆڤی سادە یان ئەو مرۆڤەی کە ڕۆژانە ڕێکەوتی دەکەین دەخوڵقێنێ. ئەو مرۆڤە باڵایەی نیچە باسی لێوەدەکا ئەو مرۆڤەیە کە جێگری مەیموونە. چونکە مرۆڤی باڵا مرۆڤێکی بێ ڕەگەزە و باوەڕی نە بە یەزدانە و نەش بە دواڕۆژ (واتە ئەو دونیا). لەوەسەیرتر ئەم مرۆڤە زەویشی خۆشناوێ. مرۆڤی باڵا بەپێچەوانەی مرۆڤی ئاسایی کە پاشماوەی مەیموونە، دوای ویستی پۆزەتیڤی دەکەوێ. بەکورتی مەرگی یەزدان، هاوشانی هاتنەئارای دەم و وەختی مرۆڤی باڵایە. بەمجۆرە لەگەڵ مەرگی یەزدان، داهێنەری بەها نوێیەکان دێتە دونیاوە. زەردەشت پێش ئەوەی دوامرۆڤ بناسێ گەلێک شێوەی مرۆڤی سەرکەوتووی تری ناسیوە تا ڕێبەدی مرۆڤی باڵای کردووە. بۆ ئەمیش مەزنی مرۆڤی باڵا لەوەدایە کە مۆنۆپۆلکردنی لەلایەن ئەوی ترەوە (واتە سەروەر، گەورە) شیاو نییە.
لەناوەرۆکدا، جەماوەر مرۆڤی باڵا بەدیاری بە زەردەشت دەدەن بەرانبەر بەوەی دوامرۆڤیان دەستبکەوێ. ئەویشی پێوەندی بە کاراکتێری دوا مرۆڤەکانەوە هەیە ئەوەیە کە یەزدان قەبوڵنەکەرن و بە ویستێکی نیهیلیستی ـ نێگەتیڤییەوە گشت شتێک وێران دەکەن.
بۆ دوامرۆڤ بەها بوونی نییە و هەموو شتێکیش لە ئاستی هیچێتی دایە. دوا مرۆڤ حەزدەکا پرسیاری ئەوە وەڕووخا: ئەڤینداری چییە؟ خوڵقان چییە؟ شەهوەت چییە؟ ئەستێرە چییە؟
دوامرۆڤ هەر لەبەرئەوەی یەزدان ئیدی بوونی نییە نایەوێ خۆی لە هیچ شتێک بێبەری بکا. بۆ ئەم مرۆڤە نەمان یاخود نەبوونی یەزدان، نیشانەیە لەسەر نەمانی یاساغی.

**١٠) تیۆری مرۆڤی باڵا**

بەپێی ڕوانگەی فەلسەفیی نیچە، گشت سیستەمەکانی موڕاڵ بۆ ئەوە بەکاردەبرێن کە مانا بەژیان بدەن. نیچە کە باوەڕی بە موڕاڵێکی دیاریکراو نییە، ڕەخنەکانی لە موڕاڵ، بە بەردەوامی بەمەسەلەی ئایینەوە دەبەستێتەوە. بۆچوونیشی سەبارەت بەئایین بەزۆری ئاراستەی ئایینی مەسیحی کردووە و ئایینی ناوبراوی بەئایینی لاوازەکان و موڕاڵی مەسیحیشی بە موڕاڵی کۆیلەکان زانیوە. خوڵقێنەری تیۆری مرۆڤی باڵا حەز بەچارەی مرۆڤی لاواز ناکا و مرۆڤی باڵاش دژ بە مرۆڤی لاواز (کۆیلە) بەکاردەبا. چونکە مرۆڤی لاواز لە ڕوانگەی فەلسەفیی نیچە ئەو مرۆڤەیە کە ناتوانێ مانا بە جیهان بدا.
بەپێی ئەم تیۆرییە، مرۆڤی باڵا بنەچەیەکی ئاری هەیە.[٣] ئەم مرۆڤە ئارییە ئازاد و بەتوانا و مەغروورە و، ویست بۆ هێزیش پیادەی دەکا. بەکورتی دەکرێ بگوترێ مرۆڤی ئاری سەرووی هەموو یاسا و موڕاڵەکانی کۆمەڵە. لەوجۆرە مرۆڤە باڵایانەش کە سەرووی کۆمەڵ بوون (ناپلیۆن و ئەسکەندەری گەورە) مان بەنموونە بۆ دێنێتەوە. ئەوی زۆر سەرنجڕاکێشە

تاییەت بەم تیۆرییە ئەوەیە کە مرۆڤی باڵا موراڵی تاییەتی خۆی هەیە و ئەم موراڵەش بە هۆی ویستی هێز پێکدێ، نیچەش کە هیچ موراڵێک بە کامڵ نازانێ داوادەکا کە موراڵی خۆی چێبکا. هەر تاییەت بە تیۆری مرۆڤی باڵا و مرۆڤی لاواز (یان کۆیلە) نیچە ئافرەتیش دەخاتە ڕیزی مرۆڤی لاوازەوە. ئەوەشمان یاددەخاتەوە کە ئەگەر چووین بۆ لای ئافرەت قامچییەکەمان لەبیر نەچێ.

### ١١) مانیفێستی فەلسەفیی زەردەشت

ڕەهەندی شیعریی «ئاوا دوا زەردەشت» تا ئەمڕۆ لە گوێی خوێنەرانی فەلسەفیدا دەزرینگێتەوە. بیری فەلسەفیی نیچە لە «ئاوا دوا زەردەشت»دا لە یارییەکی زمانەوانیی فیلۆلۆژی دایە و، ئەو وتارەش کە زەردەشت بانگەشەی بۆ دەگا وتارێکی شیعریی شێوە نیهیلیستی و میتافۆری و باخۆسی[٤] و ئێپیقوری یە.[٥] ئەو شێوازە شیعرییەی کە نیچە لەم کتێبەدا گرتویەتە بەر ئەم کارە لەکارەکانی تری جودادەکاتەوە. بەهای فەلسەفیی ئەم کارە لەگەلێک ڕووەوە بەو چەمک و واتا فەلسەفییانەوە وابەستەیە کە تێیدا بەکاربراون و تائێستاش لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ دەکرێ. بەمانایەکی تر، خوێندنەوەی «ئاوا دوا زەردەشت» دەروازەیەکە لەمەڕ ڕەهەندی دیدی فەلسەفی و فیلۆلۆژیی نیچە و پانۆرامای دونیای فەلسەفی ئەم بیریارە شازەیە. هۆی ئەوەش کە نیچە زەردەشت هەڵدەبژێرێ ئەوەیە کە: یەک، پێغەمبەری گەڕانەوەی هەمیشەیی(ئەبەدی)یە؛ دوو، ئەم پێغەمبەرە یەکەم کەس بووە میتافیزیای خستۆتە ناو ڕەوشتەوە و ڕەوشتیشی کردووە بە هێز؛ سێ، ئەم پێغمبەرە بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە. هەروەها نیچە هەوڵی داوە زەردەشت هەڵبـژێرێ تا پێچەوانەی ئەوەی پێبڵێ کە دەیزانێ و، واشی لێبکا دژ بە پەیامەکەی بوەستێتەوە و بنەڕەتی ڕەوشتی میتافیزیکی خۆی ببینێ و بکەوێتە پەیڤینیش تا دەرک بە ناکۆکییەکانی خۆی بکا.

لەدووتوێی جیهانبینی فەلسەفیی نیچەدا، کەسی تراژیدی کەسێکی دڵخۆش و بەختیارە، زەردەشتیش کە نموونەی پێغەمبەرێکی تراژیدییە دڵخۆشی خولقێنەرە.

ئەوی نیچە لەم کارەدا هەوڵی بۆ داوە ئەوەیە، لەسەر زمانی زەردەشت ڕەوشت بەرەو بازنەی ئەودیو سروشت دەگوێزێتەوە لەلایەک و، لەلایەکی دی بە ئانقەست و بەمەبەستەوە زەردەشت دەکا بە بوێژی خۆی. زەردەشتیش وەک پێغەمبەری کولتوور و شارستانیەتێکی جوداواز لە کولتوور و شارستانیەتی ڕۆژئاوا یان جوداواز لەو نەتەوە و فەرهەنگەی کە نیچە ڕەخنەی ئاراستە دەکا بووە بە باسی نیچە و بۆتە هەڵگری پەیامی فەلسەفی ئەو. ئەم بیریارە نیهیلیستییە زەردەشت وەک پەیامنێری شارستانیەتێکی پێچەوانەی شارستانیەتی خۆی بەکاردەبا و ڕەوشتی میتافیزیکی و وڕێنەکانی کەلەپووری ڕۆژئاواشی پێ شیدەکاتەوە. لەڕاستیدا هەڵەکانی گریک و مەسیحیەت لەپاڵ ئەم هەڵبـژاردنەی نیچە وەیە و، هەر لەسەر ئەم بناغەیە ناواخنی وتاری فەلسەفی زەردەشتیش هەوڵدانێکە بۆ پووچکردنی پرۆسەی فەلسەفیی سوکرات و دێکارت یان دژایەتیکردنی دامەزرێنەرانی فەلسەفەی عەقڵیی ڕۆژئاوا (دێکارت، کانت، هێگێل...) و ڕەتکردنی مەسەلەی خواوەندیەتی و ناوەرۆکی زانست و هونەر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا.

ئەوی لەپاڵ ئەمانەوە گرینگە ئاماژەکردنی ئەوەیە، پەیامی زەردەشت، وەک پێغەمبەرێک، لەسەر بناغەی دوو خواوەندیەتی بونیادنراوە: خواوندی ڕووناکی و خواوەندی تاریکی. بەڵام نیچە وەک بیریارێکی جیاواز لە بیریارانی پێش خۆی هەوڵی داوە ئەم ڕۆڵە دوانەیەی زەردەشت نەهێڵێ و زەردەشتیش وەک پێغەمبەرێکی لەپاش لەقەڵەم بدا کە ئەم پێغەمبەرە نەیتوانیووە بەگورجی پەیامەکەی بگەیێنێ و لەکاتی خۆیدا ئاکامەکەی بەدەستبهێنێ.

زەردەشت، ئەم پێغەمبەرە ناڕۆژئاواییە، بۆ وتار بێژتن ڕوو لە شاخ دەنێ. لەوێڕا دەست بە دوان لەتەک خۆرەتاو دەکا. دۆستەکانی ئەوێی هەڵۆ و مارن و دەوروبەرەکەشی پڕە لە مەیموون و قەزم و موهەرج و ئەهریمەن. ئەمانەش هەموو لە مرۆڤی ئاساییەوە جوداوازن. زەردەشت لەم سەفەرەی بەرەو بەرزاییەکانی شاخ و، ئامێزی دوورەپەرێزی ئەهریمەن کەلەپووری فەلسەفیی ڕۆژئاوا بەچاکی دەخاتە ژێر پرسیارەوە: بەڵام بۆ ئەهریمەن!!

لە بنەچەدا زەردەشت لە پێوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەهریمەن. ئەهریمەنیش لەبەرئەوەی هەموو شتێک پووچدەکاتەوە نیهیلیستی یە یان بەمەبەستێکی تر ئەهریمەن بریتی یە لە ڕۆحی هیچێتی. ئەمەشە هۆی ئەوەی زەردەشت ناخوازێ پێوەندی بەمرۆڤەوە بکا. چونکە مرۆڤ بە باوەڕی زەردەشت شتێکە پێویستە تێپەڕێندرێ و هەر ئەویشە تا ئەمڕۆ بە مەیموونی ماوەتەوە.

نیچە لەم هەوڵەیدا لەتەک زەردەشت بە جۆرێکی وا ئەم پەیامنێرەمان بەردەستدەخا کە ناوبراو لە هەموو کەسێک زێتر لە بناغەی ڕەوشتی میتافیزیک بەئاگایە. هەر بۆیەشە ئەم پێغەمبەرە گەڕۆکە لە کۆتاییدا دەبێ بەو کەسەی نیچە چاوەڕوانیەتی. واتە کەسێکی ڕاستگۆ و ڕاستیخواز. وتاری نیهیلیستی زەردەشت وەک پرۆژەیەکی ڕاستکردوو دژی پێغەمبەرە ئاسمانییە بەختیارە هەمیشەییەکانە، ئەڵبەتە لەپێش هەموشیانەوە مەسیح.

شیاوی گوتنە کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو پێغەمبەرەدا، زەردەشت و مەسیح هەیە. ئەوی پێوەندی بە زەردەشتەوە هەیە (پێغەمبەرێکی وەک زەردەشت واتە مرۆڤ، مرۆڤیش واتە زەردەشت) ئەوەیە ئەم پێغەمبەرە نائاسمانییە نە پاشماوەی باو و باپیرانیەتی و نە هەڵگری ئالای یەزدانیشە. زەردەشت کە پێغەمبەرێکی بەختیاری ئەبەدیی نییە هاتووە تاپێمان ڕاگەیێنێ مرۆڤی باڵا بەڕێگاوەیە. هەروەها ئەم پێغەمبەرە گەڕۆکە مانای گاڵتەجاڕی نازانێ و سەماکەرێکی بلیمەتە و دیۆنیزۆس (Dionysos) ێکی نوێ و بێ باکە. بەکورتی، زەردەشت پێغەمبەری مرۆڤی باڵایە، ئەو مرۆڤەی داهێنەری بەها تازە و ڕەوشتە نوێیەکانە. ئەم مرۆڤە کە بەرهەمی زەردەشتە لەژێر کاریگەری ویستی هێز دایە و مرۆڤی گەڕانەوەی هەمیشەیی یە. بەڵام هەرچی مەسیحە (پێغەمبەرێکی وەک مەسیح واتە یەزدان، یەزدانیش واتە مەسیح) پێغەمبەرێکی ئەپۆلۆنی (Apollon)یە و، نێردراوێکی یەزدانی و ئاسمانی یە و شادمانێکی هەمیشەییشە. ئەوسا لە تێکڕای وتارەکەی زەردەشتدا ئەوەش بەدیدەکرێ کە لەبەرئەوەی کەسایەتی مەسیح یەزدانی تێدا بەرجەستەکراوە بەهەموو جۆرێک ڕەتیدەکاتەوە.

بەپێی ئەو بۆچوونانەی کە لەسەرەوە بەرچاوخران، نیچە بەهۆی زەردەشتەوە هەوڵدەدا سەرنجمان بەرەو مێژووی ڕەوشت ڕاکێشێ و مێژووی میتافیزیکیشمان بۆ هەڵوەشێنێتەوە.

### ١٢) پرێنسیپی نیهێلیزم

نیهێلیزم کە بە مانای نەفیکردنی ژیان دێ یەکێکە لە کۆڵەکەکانی بیری فەلسەفیی نیچە. لەسەر بناغەیەکی فەلسەفیش تا ئەمڕۆ نیچە بەیەکەم فەیلەسوفی نیهیلیستی ڕۆژئاوا دادەنرێ. بۆ گەلێکمان زانینی ئەوە گرینگە کە نیهێلیزم مانای نەبوون ناگەیێنێ بەڵکو بەهای هیچێتی ژیان و نەفیکردنی (هیچکردنی) ئەم جیهانە دەگەێنێ. نیهێلیزم لە هەندێ ڕوانگەی ترەوە بەمانای پەرچەکرداری دێ. ئەم مانایە مانای ویست ناگەیێنێ. چونکە نیهێلیزم یاخود ویست بۆ هیچێتی تەنیا ویست بۆ

هێز نییه. بەڵکو خۆی زانینەلەپێناو ( ویست بۆ هێز) بەگشتی. بەپێی جیهانبینی نیچەش سەرکەوتن بەسەر نیهێلیزم واتە تێپەڕاندنی مرۆڤ. نیچە، وەک هەڵوەشێنەری وتاری عەقڵگەرایی ڕۆژئاوا، لە بەرسایەی تیۆری نیهێلیزم دەیەوێ ئەوەمان پێڕابگەیێنێ مێژووی مرۆڤ بریتی یە لە مێژووی نیهێلیزم. بەڵام ئەم مرۆڤە کۆتایی خۆی هەیە.یٔ ەم کۆتاییەش بریتی یە لەوەی کە نەفی دژی هێزی ئیرتیکاسی دەوەستێتەوە. جاوابێ، نیهێلیزم هەموو جۆرەکانی جیهانی سەردەمی مەحسووس و هەستپێکراو (یەزدان، جەوهەر، ڕاستی، چاکە،....) نەفیدەکاتەوە. کەواتە، نیهێلیزم، ئەم بڕوا فەلسەفییەیە کە لەگەڵ مەسەلە موراڵییەکاندا بەکاردەبرێ و، بەپێی ئەم بڕوایەش بێ یاسا و موراڵ هیچ بناغەیەکی بابەتی نییە و ئایین و مێتافیزیک ناتوانن هیچ جۆرە بەهایەکی موراڵی بهێننەکایەوە. ئەم ڕوانگەیەش بەڵگەیەکی قووڵە لەسەر ئەوەی کە پرێنسیپی نیهێلیزم بەمانای بێ بەهایی دێ. ئەم پرێنسیپەش کاتێ دەست بەسەرهەڵدان دەکا کە ڕۆژئاوا سەردەمی بەها تێدەپەڕێنێ و دەچێتە ئامێزی تازەگەرییەکانەوە و دەرگاش لە ئێپۆکی بێ بەهایی و بێ مانایی دەکاتەوە. مەرگی یەزدان کە نیشانەیە لەسەر داهاتنی سەردەمی نیهێلیزم گشت شتێک شیاو و ئاسایی دەکا. ئەم بڕوایە کە دواتر لە کارە ئەدەبییەکان لە ئەورووپا، بەتایبەت کارەکانی دۆستۆیڤسکی (Dostoievski)، ڕەنگی دایەوە ڕێگای لەبەردەم ئەدەبێکی نیهیلیستیدا کردەوە.

**١٣) تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی**

ئەم تیۆرییە کە تیۆرییەکی مێتافیزیکیی نوێ یە، دژی فەلسەفەی پلاتۆن و هێگێلە. ئەم تیۆرییە لە بیری فەلسەفی نیچەدا بەگشتی و لە بەرهەمی «ئاوادوا زەردەشت» دا بەتایبەتی، گرینگییەکی بێ سنووری هەیە. ئەوی بەرچاوە ، هۆی گەڕانەوەی هەمیشەیی سەر هەڵدانی زەردەشتە کە ئەویش باوکی مرۆڤی بالآیە.

ئەم تیۆرییە، کە لە فەلسەفەی نیچە دا شیعریەتێکی تایبەتی هەیە و سەرچاوەکەشی هێراکلیتسی یە، ئەوەمان بۆ سانادەکا کە چرکە ساتەکانی ژیان شتێکی سەرپێیی و بەسەرچوو نین، بەڵکو هەمیشەیی و نەمرن. واتە، ئەوی لەمەوبەر ڕوویداوە لە ئێستا و لەئاییندەدا ڕوودەداتەوە. ئەم دیدەش دژی دیدی مێتافیزیکی یە بۆ ژیان. چونکە دیدی مێتافیزیکی بۆ ژیان پێیوایە شتەکان لە کۆتایی پێهاتندان.

بۆ پوختکردنەوەی ئەوی لەسەرەوە گوترا، بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی نیچە تیۆری گەڕانەوەی هەمیشەیی واتە بوون، بوونیش واتە هەڵبژاردن. بەڵام لێرەدا هەڵبژاردن نرخێکی جوداوازی هەیە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بەواتای جیاوازی دێ.

**١٤) سیمیۆلۆژیای تراژیدی**

کەس هێندەی نیچە لە تراژیدیا نەگەیشتوە. نیچە کە دامەزرێنەری بیری تراژیدیایە ژینالۆژیای تراژیدیای بەچاکی ڕۆنکردۆتەوە. ئەوەندەی فەلسەفەی نیچە کاری بۆ ڕۆنکردنەوەی تراژیدیا کردووە، هیچ فەلسەفەیەک لەو بارەیەوە نەکردووە. پێش هەوڵە تراژیدییەکانی نیچە هەوڵی تر لەئارادابوون وەک هەوڵە فەلسەفییە تراژیدی و زوهدییەکانی (پاسکاڵ، کێرکگارد، شیستۆف ) ، بەڵام مەخابن ڕێبازی ئەم زوهدییانە بریتی بووە لە ڕاڕایی و پەشۆکاوی و هەستکردن بەلاوازی. ئەمانەش ئەو کاراکتێرانەن کە لە ناخی مەسیحیەتدا ئامادەبوون. پەیامی مەسیحیەتیش کە لە ناواخندا پەیامێکی زوهدی یە، لاوازی و ڕاڕایی و پەشۆکاوی لە مرۆڤدا بەرجەستە دەکا. ئەم ناخەش بە هۆی نیچەوە بەهەموو جۆرێک بەرپەرچدراوەتەوە و پووچکراوەتەوە.

ئەڵبەتە نیچە بەپێچەوانەی ئەوانەی لەسەرەوە ناویان برا، وای بۆ دەچێ، فەلسەفە دەبێ لە ناو خۆشی و لەناو پڕی هێزەوە دەستپێبکا نەک لە لاوازی و لە بێ تاقەتییەوە. نیچەخوازانی سەردەم پێمان ڕادەگەیێنن کە تراژیدیا سێ ڕێگای مەرگی هەیە: یەکەمجار بەهۆی دیالیکتیکی سوکراتەوە دەمرێ(ئەمەیان مەرگە ئۆرپێدیییەکەیەتی) ، جاری دووەم دەمرێتەوە، بەڵام ئەم جارەیان لەسەردەستی مەسیحیەت، هەرچی جاری سێهەمە بەهۆی دیالیکتیکی نوێ و ڤاگنەر (Wagner) ەوە سەرلەنوێ دەمرێتەوە.

بەڵام لەگەڵ فەلسەفەی نیچە، تراژیدیا وەزیفەی تری لە ئەستۆگرت، نیچە پشت بە تراژیدیا جۆرە بیرێکی نوێی خستە ناو بیری فەلسەفیی ڕۆژئاواوە. بیری فەلسەفیی ڕۆژئاواش تا ئەمڕۆ لە شێوازی قووڵی نیچە لە بەکاربردنی ئەم چەمکە دەکۆڵێتەوە.

**١٥) توانای دیۆنیزۆس (Dionysos) لە پووچکردنی هۆش (Intellect)**

نیچە دیۆنیزۆسی یە و دەشخوازێ ئێمە وەچەی دیۆنیزۆسی بخەینەوە. نیچە ئەم خواوەندە بەکاردەبا بۆ دژایەتیکردنی پلاتۆنیزم و پەیامە مێتافیزیکییەکەی کە بناغەی بۆ ژیانی کۆیلایەتی و ڕەوشتی لاوازیی داناوە. بەپێی تێگەیشتنی فەلسەفیی نیچە دیۆنیزۆس کە سەرامەدی و هەمیشەییە، تەنیا ئەو تراژیدی یە و، هەر ئەویشە کە ئەشئەبازە. بەڵام هەموو ئەشئەبازێک دیۆنیزۆسی نییە و وەک دیۆنیزۆس چارەسەری تراژیدی بۆ بوون نییە.

نیچە لە پشکنینە فەلسەفییەکانیدا ویستی جیهان لای دیۆنیزۆس دەدۆزێتەوە بەرانبەر بە خواوەندی ڕاسیۆنالیست و ئینتلێکتی گریک، واتە ئەپۆلۆن (Apollon). ئەم دوو خواوەندە کە لە ڕاستیدا دژە جەمسەری یەکن بوونە بەرچاویترین بابەتی فەلسەفیی نیچە. جیهانبینییە فەلسەفییەکانی نیچە لەم ڕووەوە داوامان لێدەکەن چەقی قورسایی لەسەر ئەپۆلۆن بۆ سەر دیۆنیزۆس بگوێزینەوە. ئەم دابەشکرنەی جیهانیش لە نێوان ویست /عەقڵ، خواست /ژیری، ئەشئەبازی / هوشیاری هەر لەسوکراتەوە تا هێگێل لە ئارادابووە و، هەر هەمووش لایەنگری دیدی ڕاسیۆنالیستی ئەپۆلۆن بوون. بەواتایەکی تر، ئەو ڕۆشنبیرییەی ڕۆژئاوا هەر لە گریکەوە تا ئەمڕۆ بانگەوازی بۆ دەکا لە پێناوی بونیادنانی کۆماری عەقڵ بووە و هەرچ بایەخدانێکیش بە دیۆنیزۆس درابێ بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی عەقڵ و وتاری عەقڵگەرایی ڕۆژئاوا بووە، کە ئەمەش بایەخی سەرەکی نیچە بووە.

لەم ڕووەشەوە نیچە ئامۆژگاری ئەوەمان دەکا کە ئەگەر ئێمە بمانەوێ شتێک لە کولتووری گریکەکانەوە وەرگرین پێویستە ئیلهام لە کولتووری دیۆنیزۆسەوە وەرگرین. دووبارە خولقاندنی جیهانبینییەکانی دیۆنیزۆس نە بەهۆی زوهدگەریی شۆپنهاوەر و نە بەهۆی بانگەشەی مەسیح بۆ خۆشەویستیی ژیان و نەش بەهۆی موراڵەوە، وەک ئەوەی هیۆمانیزم باسی لێوەدەکا ، ئەنجام دەدرێ. جیهانبینییەکانی دیۆنیزۆس تەنێ بەهۆی هەوڵی دژایەتیکردنی کولتووری جوانکاریی نوێ ئەنجامدەدرێ. نموونەش لەسەر ئەو هەوڵانە هەوڵەکانی ڤاگنەرن کە لە مۆسیقا تیتانیسکەکانیدا بەدیدەدەکرێن.[٦]

**١٦) فەلسەفە وەک سیمتۆماتۆلۆژی**

بەپێی باوەڕی فەلسەفیی نیچە، فەلسەفە خودی یە و، سەرچاوەکەشی غەریزەی مرۆڤایەتی یە. فەیلەسوفیش سوڵتانێکە ڕۆحی خولقاندنی

جیهانی تێدایە. بەمجۆرە، فەلسەفە لە غەریزەی دەستبەسەرداگرتن زیاتر هیچی تر نییە. ئەو ڕۆنکردنەوەیەش کە نوێخوازانی بیری فەلسەفیی نیچە پێیگەیشتوون هەر لە دیدی نیچە وە نزیکە کە ئەوەش بریتی یە لەوەی کە فەلسەفە وەک ویستی هێز یان ویستی خوڵقاندنی جیهان دەشوبهێنرێ.

ئەگەر نیچە وەک ئەوانی تر بە فەلسەفەوە وابەستە نەبووبێ، ئەمە لەبەر ئەوەبووە کە نیچە یەکەم کەس بووە پەرەی بە فۆرمێکی جوداواز لە وتار داوە ـ ئەڵبەتە وەک شتێکی ئەنتی فەلسەفە. ئەم وتارەش لەپێش هەموو شتێکەوە وتارێکی کۆچەرە. ئەم بیریارە کۆچەرە لە تێکستەکانیدا و بەتایبەت لە «لەودیو چاکە و خراپەوە» بە زۆری باس لە ڕیا و فێڵی فەیلەسوف و بیریارەکان دەکا. هەموویان بە پارێزەر (ئەدڤۆکات) و ژەهراوی و پڕ لە یەقین لەقەڵەم دەدا و، داوا لە سایکۆلۆژیستەکانیش دەکا کە هەوڵبدەن پتر لە غەریزەکانی مرۆڤ بگەن و وازیش لە ئامرازە کۆنەکانیان بهێنن. هەر تایبەت بە چەمکی فەلسەفە، نیچە لە تێکرای کارەکانیدا دژی ئەم سێ لایەنە دەوەستێتەوە :١) دژی هاوشێوەیی لۆژیکی، ٢) دژی یەکسانی ماتماتیکی و ٣)دژی هاوتایی فیزیا. بەگشتیش نیچە وای بۆدەچێ کە زانست بەشداری لە نیهیلیستیکردنی بیری نوێدا دەکا.

نیچە گومانی لەوەدا نییە کە فەیلەسوفەکان توانای دامەزراندنی ڕەوشتییان نەبێ. هەرچی خۆشیەتی لە تێکستە فەلسەفییەکانیدا داوای ڕەوشتێکی نوێ دەکا، ڕەوشتێکی جیاواز لەم ڕەوشتە باوەی ئەمڕۆ کە لە ڕۆژئاوا دەسەڵاتدارە و لە ناوەڕۆکدا بەرماوی زانست و عەقڵە. سەبارەت بەم خاڵەش نیچە ئەوەمان بۆ ڕۆندەکاتەوە بیریار و زانایانی ڕۆژئاوا تاوانبارن بەرانبەر بەوەی زانست و عەقڵ توانیویەتی دەسەڵاتێکی مەزنی هەبێ و پیادەی بوونیشمان بکا. ئەڵبەتە جگە لەوەش نیچە ئاماژە بە مەسیحیەتیش دەکا کە توانی ئەرکی فەلسەفە بشێوێنێ.

بایەخەکانی نیچە لە پۆلی فەلسەفە دا بۆ ئەوەبووە کە ئامانجی فەلسەفە بکرێ بەوەی بیر لە نیهێلیزم بکاتەوە. ئەم داوایەی نیچە لە پەیامی فەلسەفی ڕۆژئاوادا ڕێگای نوێی خستە ناو بیری فەلسەفی ڕۆژئاواوە. شیکردنەوە فەلسەفییەکانی نیچەخوازانی پاش هەفتا و هەشتاکان دەکرێ بەو چەند هەوڵە لەقەڵەم بدرێ کە لەلایەک بۆ ڕۆنکردنەوەی دیاردەی نیهێلیزم و، لەلایەکی تر بۆ پشکنین لە ئاسۆ و ئەرکەکانی وتاری فەلسەفیی ڕۆژئاوا دراون. فەلسەفەی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا ـ ئەم هەوڵە نیچەگەرایانەی ئەم ساڵانەی دوایی لێدەرچێ، وەکی تر پڕ بووە لە سوفستایی و هەروەها دەربازنەبوونی چەمکی فەلسەفەی سەردەم لە مێتافیزیک کە بیری فەلسەفی بەرەو خراپەکاری بردووە.

**پەراوێزەکان**

١- ئەم باسە لەتەک باسێک لەژێر ناونیشانی «بیری پۆست مۆدێرنیتێ و بیری فەلسەفی نیچە»دا نووسراوە کە هەردوو بابەتێک بەنێوی (لە پێناوی نیچە)دا پێکدێن.

٢- بڕوانە: *ڕەهەندی تێرامان و جەستەی وتاری ڕۆشنبیری هاوچەرخ*، **ئازاد حەمە**، (مانیڤێستی تازەگەریی فەلسەفەی جیاوازی و هەڵوەشاندنەوە )، لاپەڕەی ٣٩٦.

٣- نیچە لەدوای مردنی، مانووس (دەستنووس)ێکی زۆری جێهێشتووە و ئەو مانووسانەش کەوتوونەتە بەردەستی ئەلیزابێت (Elisabeth)ی خوشکی، کە بە ناسیۆنالیست و ئەنتی سیمیت (دژە جوو) ناوی دەرکردووە، کە دواجار بەچاپی گەیاندوون و وەک بەڵگەش بۆ جەختکردن لە ئەنتی سیمیتی نیچە بەکاربراون. جگەلەوەی بایەخدانی نیچە بە ڕەگەزی ئاری و تیۆری مرۆڤی باڵا بوون بە بەڵگە بەدەست نازیستەکانەوە بۆ بەکاربردنی فەلسەفەی نیچە و شێواندنی ناوەڕۆکی تیۆری ویست بۆ هێز.

٤) باخوس Bacchus خواوەندی شەراب و مەستیی ڕۆمانی یە کە لە مێتۆلۆژیای گریکیدا دیۆنیزۆس جێگای دەگرێتەوە.

٥) ئێپیقور Epicure کە لە پێش زایینیدا ژیاوە بە خواوەندی باخچەکانی ئەتینا ناسراوە. هەر لەو باخچانەدا ژیاوە و چەندین بەرهەمی لەدووی خۆی بەجێهێشتووە. بەپێی فەلسەفەی ئێپیقور چێژ تاکە خۆشییەکی ژیانە و تەنیاچێژیشە باشە دروست دەکا و بەپێچەوانەی خراپە کە ئازار دروست کەرە. بۆیە دەبێ ڕزگارمان بێ لە ئازار. چونکە ئەوەش چێژ دروست کەرە. هەروەها چێژ لە توانایدایە زوهد و کەڵک پێکەوە گرێبدا. فەلسەفەی مۆراڵی ئێپیقور فەلسەفەیەکی ئیندڤیدوالی یە و ڕیشەیەکی ئەتۆمیستیشی(لێرەدا مەبەست فەلسەفەی ئەتۆمی گریکە) تێدایە.

٦) لەساڵی ١٨٧٠دا بەولاوە گۆڕانێکی زۆر دێتە سەر تێڕوانینی نیچە لەبارەی ویستەوە. هاوڕێیەتی نیچە لەگەڵ ڤاگنەر، دوای ئەوەی نیچە دەبێ بە سمبۆلێک بۆ کارە مۆسیقییەکانی ڤاگنەر، بە گۆڕانی ئاراستەی ئەم مۆسیقایە ئەم پێوەندییەش گۆڕانی بەسەردا دێ. واتە دوای ئەوەی مۆسیقای ڤاگنەر ئیدیاڵی مەسیحی تێدەکەوێ و شێوازی درامی وەردەگرێ لەوەدەردەچێ کە نیچە ئارەزووی لێبووە.

**سەرچاوەکان :**


١) بۆ نووسینی ئەم باسە تێکڕای ئەم نووسینانەی نیچە خوێندراونەتەوە:
ـ لەدایک بوونی تراژیدیا
ـ ئاوا دوا زەردەشت
ـ لەودیو باشە و خراپەوە
ـ ژینالۆژیای مۆراڵ
ـ زانستی دڵخۆش
ـ ئەنتی کریست؛ چەکوش قسەدەکا
ـ Ecce Homo

2- Gilles Deleuze, Foucault, Över: Erik Heeg och Sven- olov Wallenstein; Symposion, Stockhol, 1990.

3- Filosofi Antolog, *Från Herakleitos till Foucaull*, Jan Willner ( red) , Thales , Stockholm, 1993.

4- *Om moralens Härstamning*, F. Nietzsche, Förord av Carl - Göran Ekerwald . Över : Jan Björgren, Rabé Prisma, 1994.

5- Martin Heidegger, *Brev om humanismen*, Över: Daniel Burnbaum och Sven - Olov Wallenstein , Thales, Stockholm, 1990.

6- F. Nietzsche, *Nietzsche, I urval av C - H. Wijkwark*, Stockholm. 1987.

7- Krause - Jensen, E. Nomad flosofi. *Aktuella tendenser, franskt tänkande*, Göteborg.1985.

8- Artes. Nr: 1995 - 1. *En ödesdiger monologi*, Roberto Glasso.

9- ResPublica. Nr: 1986, 5-6. *Gelles Deleuze, Nomad tänkande*.

10- SvD. 1994 -02-06. *Nietzsche och Postmodernism*. Kay Glans.

11- Svd. 1989-09-29. *Nietzsche och ideologiern*. Emil Uddhammar.

12-Aftonbladet. 1987- 07-14. *Nietzsche som höstmode*. Carl Andersson.

13- Horisont. Nr: 1987, 4. *Nietzsche och Den glada vetenskapen*. Arné Säll .

14- ResPublica. Nr: 1990, 16. *Michel Foucaults nihilism*. André Glucksmann.

15- ResPublica. Nr: 1988, 10. *Nietzsches vansinne*. Georges Bataille .

16- D.N. 1990-04-17. *Kan det ha varit Nietzsche*. Bengtv Hallgren .

17- Arbetet . 1992-08-13. *Fallet Wagner*. Nietzsche.

18- GöteborgsPost. 1993-09-08. *Nietzsche - liv och tänke*. Carl- G. Ekerwald.

19- Ord & Bild. Nr: 1984, 4. *Förnuftets baneman om Nietzsche*. Georg Lukacs.

٢٠) **جیل دولوز**، *نیتشه و الفلسفه*، ترجمه اسامه الحاج. الموسسه الجامعیه للدراسات و النشر و التوزیع. بیروت ١٩٩٣.

٢١) **بیار هیبر ـ سوفرین**، زەردشت نیتشه، ترجمه اسامه الحاج . الموسسه الجامعیه للدراسات و النشر و التوزیع. بیروت ١٩٩٤.

٢٢) **عبدالسلام بن عبدالعالی**، *اس الفکر الفلسفی المعاصر*، دارالتوبقال ١٩٩١.

## مایکل بێرد

# رەخنەی دوو زمانە: مەسەلەی گێڕانەوەی واژەگەل

وەرگێڕانەوە: ئەرژەنگ

کاتێک کە ڕوو لە خوێندنەوەی ڕەخنەی ئەدەبی دەکەین، یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی ئێمە ڕەنگە ئەوەبێ کە لەوجۆرە نووسراوەیەدا وشەگەلێکی ساکار دەکارکراوە تا ئێمە بتوانین ڕاحەتتر و ڕاشکاوتر سەبارەت بە ئەدەبیات قسە بکەین. لەعەینی حالدا، گوتن و گوتنەوەی ئەو نوکتەیە پێویستە کە چاوەڕوانییەکی ئاوا واقیعبینانە نییە. لەو نووسراوەیەدا، ئەمن گەرەکمە ئەوکەموکوڕییە بکەمە بابەتێکی دیاریکراو و، بەو مەبەستە لە سەرەتاوە بڕگەیەک لە نووسراوەی ڕەخنەگرێکی ناوداری جیهانی کۆن بگێڕمەوە و، پاشان لە بۆشاییەکی سەرەکی لەمەڕ واژەگەلی ڕەخنەی ئەدەبی نموونەیەک بخەمەڕوو.

ئەرەستوو لە بابی حەوتەمی کتێبی ***بوطیقا*** نەتیجە وەردەگرێ کە جوانیی دەبەرگری گەورەیی و ڕێکی یە و، هەر بەو پێیەشە کە نە بوونەوەرێکی زۆر گچکە دەتوانێ جوان بێ (چونکە شکلی ئەو جانەوەرە لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕوون نییە..) و، نە جانەوەرێکی زۆر قەبەی گەورە ش دەتوانێ قەشەنگ بێ (چونکە لەو حالەتەدا چاوی ئێمە ناتوانێ تەواوەتی و یەکێتی قەوارەی ئەو جانەوەرە بنوێنێ، وای دابنێین بۆنموونە لەگەڵ جانەوەرێک ڕووبەڕووبین کە سەدهەزار فەرسەخ درێژایی هەبێ).[1]

بەڕواڵەت ئەرەستوو لە زمانی خۆیدا وشەیەکی وای بۆ وەسفی شتێک کە بە هۆی گەورەیی نەخرێتە بەرچاو شک نەبردووە. بەڵام دواتر لە جیهانی کۆندا واژەیەکی وا دەبینین. وشەی یۆنانیی ئەو مەفهوومە هیوپسۆس(hupsos)ە، بە مانای قووڵ یان ژێرین و، ڕەخنەگرێکیش کە مانای داپۆشراوی بۆ لێکداوەتەوە هەرئەو کەسەیە کە ئێمە بە نێوی «لانژین»یان «لانجینوس» (Langinus) دەیناسین. ئەو ڕەخنەگرە لە دەورانی شارستانیەتی ڕۆمدا دەژیا، بەڵام بەرهەمەکانی خۆی بە زمانی یۆنانی نووسیوە. وشەیەک کە ئەو لەوبارەدا دەکاری هێناوە و، شکڵە سواوەکانی وی لە زمانەکانی ئینگلیسی، فەڕانسە، ئاڵمانی و ئیتالیایی ئەورۆ ئە مەفهوومە دەگەیێنن، لە واژەی لاتینی «سوبلیمیس»sublimis (لە زمانی ئینگلیسیدا sublime) بە مانای «بڵیند»، «بەرز» یان «سەروو» وەرگیراوە. بەرهەمی لانژین لە سەدە ناوەندییەکاندا نەناس مایەوە. بەڵام لە سەدەی شانزدەهەمدا دۆزراوە و وەرگێڕدرایەوە و، لە سەرانسەری ئەرووپادا زۆر شوێنی گرینگی بۆ خۆی کردەوە. لە سەدەی هەژدەهەمدا «سوبلایم» بە مەفهوومی کارتێکەری بە هۆی ئاوسان و سەرڕێژبوونی هەستونەستی ئینسان دەکاردەکرا، هەووەک هەستێک بۆنموونە ڕاوەستان لە بەرانبەر کۆمەڵە چیایەکی سەر لە ئاسمان سواو یان دامان لە ناو تۆفانێکی بەسام کە بنیادەم بهەژێنێ، یانی هەستێک لە هەبوونی شتێکی وەها گەورە و هەراو کە زەینی بەشەر لە نواندنی تەواوەتی ویدا بەجارێک تێبمێنێ. بەمجۆرە، نەبوونی ڕێکی و گونجاوییەکی سەیر کە لە حاند دوو دیاردەی بەرچاوی «سوبلایم» و، بەرکردەوەی عاتفیی بینەر لە ئاست ئەو ناگونجاوییە دەبیندرێ، ڕوحی «سوبلایم»پێکدێنێ. لە بواری زەماندا، هەر ئەو جۆرە کە عەلاقەی ئێمە لە پێناو زانینی بەرکردەوەکانی عاتفی و ڕوحیی ئینسان لە بەرانبەر دیاردەکانی جیهان لە زێدەی دەدا، «سوبلایم» بوو بە یەکێک لە مەشغەڵەکانی بیروانانی نواکانی سەدەی هەژدەهەم، کە لەو نێوەدا دەکرێ وتاری فەیلەسوف و سیاسەتمەداری ئینگلیسی **ئێدموند بورک** (Edmund Burke) لە ژێر عینوانی «لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی سەبارەت بە سەرچاوەی ڕاگەل لەبارەی سوبلایم و جەماڵ»[2]، کە لە ساڵی ١٧٥٩ نووسراوە، هەروەها مەتڵەبگەلێک کە **کانت** لە «ڕەخنەی داوەری»دا (١٧٩٠) هێناویە، نێوببردرێ.

تا ئەو جێیەی من بزانم مەفهوومی «سوبلایم» لە سوننەتی ڕەخنەی ئەدەبیی فارسیدا نەهاتووەتە ئاراوە. قامووسە نوێیەکانی وشەی فارسی لە بەرانبەر وشەی (sublime)دا وشەگەلێکیان وەک «بڵیند»، «بەرز» یان «سەروو»داناوە، کە هیچیان بەتەواوی باری مانایی ئەو واژەیە لە زمانی فەڕانسە یان ئینگلیسیدا ناگرنەخۆ. قامووسی سێ زمانەی <u>مەجدی وەهبە</u> کە هاوبەرەکانی عەرەبی، فەڕانسە و ئینگلیسی لە بەرانبەر یەکتردا داناوە، دوو وشەی «السمیع» و «الجلیل»ی بۆ «سوبلایم» خستووەتەڕوو.[3] ف. **ستانیگاس** یش وشەی ئینگلیسیی sublime ی لە ڕیزی دووهەم لە بەرانبەر «بەرز» و «بڵیند» و، لە ڕیزی حەوتەم لە بەرانبەر «سەروو»دا ڕۆناوە.[4] ئەگەر هەڵنانی من دروست بێ، میراتی لانژین لە ڕەخنەی عەرەبی یان فارسیدا ڕێگەی نەکردووتەوە و، کەوابێ دەشێ ئاکامی بۆشاییەکی ئاوا بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە ڕاستیدا مەفهوومی «سوبلایم» دەتوانێ شوێنێکی شیاو لە ڕەخنەی فارسیدا داگیربکا. وە بۆ دۆزینەوەی نموونەیەک لەوی بەس غەزەلێک لە حافظ بە سەردێڕی «اگر آن ترک شیرازی به دست آرد دل ما را/ ئەگەر ئەم تورکی شیرازی بە دڵ لێم بێتە سەودایە» وەبیردەخەینەوە. قودەرتێک کە

لە بەیتی یەکەمی ئەو غەزەلەدا حەشاردراوە لە قەرارگرتنی شتێکی چکۆلە، یانی خاڵ، لە بەرانبەر شتێک کە لەباری پێوانەوە تەواو لەگەڵیدا جیاوازە، یانی دوو شاری ناوداری جیهان (سەمەرقەند و بوخارا)، سەرچاوەدەگرێ. تەنانەت سەرەتاییترین و سوننەتیترین شوبهاندنەکانیش ـ بۆ نموونە لە نیوەی «چو آفتاب می از مشرق پیاله برآید/ کە هەڵبێ هەتاوی مەی لە خاوەری پیاڵەوە» دووجار دوو شتی تەواو جیاواز لە پێوانەدا، یانی «هەتاو» و «مەی» و، «خاوەر» و «پیاڵە» لە ئیسیعارەیەکدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە ـ دەتوانێ نموونەیەک لە «سوبلایم»بێ. یان بۆنموونە کاتێک کە لە زۆر ڕستەگەلدا «ماه و ماهی» لە پاڵ یەکتردا، بە شێوەی دوو جەمسەری دژبەیەک لە ئافراندندا دەبینین، جۆرێک دەکارهێنانی «سوبلایم» سەرنجمان ڕادەکێشێ کە لەلایەک ڕوانگەیەکی هەراو لە دوو دیاردەی نزم و بەرز لە بەرانبەر ئێمەدا پاندەبێتەوە و، لەلایەکی دی سەرنجی ئێمە بەرەو وێچوویییەکی دەنگیی لەو دوو وشەیەدا ڕادەکێشێ. دەڵێی بڕیارە وەبیرمان بێتەوە کە بوونی «ی»ێیەک چ فەرق و جیاوازییەکی گەورە دەتوانێ بخولقێنێ.

هەڵبەت لە شێوازی هیندی یشدا وەک شێوازی «بارۆک» لە ڕۆژئاوا، ئەغلەب لەگەڵ هێندێک قیاس و وێچواندن ڕووبەڕوودەبین کە تێیاندا ئەسڵی وێچوویی لە سەر بناغەی نارێکی و ناگونجاویی لە نێوان ئامرازی وێچواندندا ڕاوەستاوە، هەروەک لەو بەیتەی صائب دا دەبیندرێ:

سر بەسر خشت خرابات مغان آئینە است
راز پوشیدهٔ آفاق عیان است اینجا
(سەر بە سەر خشتی خەراباتی موغان ئاوێنەیە
ڕازی داپۆشراوەی ئافاق عەیانە لێرە)

ئەو بەیتەش هەم بە شێوەی چاویی و هەم بە شێوەی مەفهوومی هەستی «سوبلایم» لە خوێنەرەوەدا دەورووژێنێ. جگە لە جیاوازیی پێوانە لە نێوان «خشتی خەرابات» و «ئاوێنە»، ئەو دابڕانە مەفهوومییەش لە زەیندا زیندوو دەبێتەوە کە یەکیان پێش بە چاو (بینین) دەگرێ و ڕازەکان لە بەر چاوی ئانەهل دەشارێتەوە و، ئەوی دیکەیان چاو بەرەو پانایی ئاسمان دەکاتەوە.

باسی من لە سەر ئەوەیە کە مەفهوومی «سوبلایم» لە دوو بوارەوە بۆ ئەدەبی فارسی شیاوی سەرنجە: یەکیان وەک بواری ناوەرۆک لە شێعری کلاسیکدا کە تێیدا هەستی جوانیی لە دژایەتی و ناکۆکیی پێوانەدا یان دابڕان لە مەفهوومگەلی مەکانی هەڵدەقوڵێ و، بۆ وەڕووخستنیشیان دەتوانرێ بە زۆر نموونە ئاماژە بکرێ. ئەو نموونانەی کە لانژین لە نووسراوەی بەناوبانگی خۆیدا لە ژێر عینوانی «سەبارەت بە سوبلایم» لە ڕەوانبێژییەوە دەیخاتەڕوو لە دەقگەلە جۆراوجۆرەکانی میراتی ئەدەبیی خۆی هەڵبژێردراون، بۆنموونە لە هومێر و سافۆ، تراژێدینووسانی یۆنان، هەروەها لە وەرگێڕانەوەی یۆنانیی **عەهدی عەتیق** دەکرێ پاشکۆیەک بۆ نووسراوەی لانژین بخرێتە بەر زەین کە تێیدا نموونەگەلێکیش لە دەکارهێنانی «سوبلایم» لە غەزەلی فارسیدا ڕیز کرابێ، بێ ئەوەیکە گۆڕانێک لە ئاهەنگ یان شێوازی نموونەگەلی وەڕووخراو لەلایەن لانژینەوە هەست پێبکرێ.

ئەوی دیکە لە ئەدەبی هاوچەرخی ئێراندا، کە لەو بارەیەوە بە ڕای من هەر ئەو ڕەوتە دابڕانانەیە کە لە فەزاسازی (ئارایشت)دا بە شێوەیەکی تر قوتدەبنەوە. هەڵبەت لە ئەدەبیاتی تازەدا لە سەر واقیعگەرایی و دروستی و وردبوونەوە لەمەڕ سازکردنەوەی ژیانی ئاسایی جەختێکی نوێ دەکرێ و، ئەو بابەتەش لە ئەسڵدا دەبێ وەک کۆسپێک لەپێناو دەکارهێنانی وێچواندن و ئیستیعارەکان لە سەر بەساسی «سوبلایم»کاربکا. بەڵام لێرەشدا لەگەڵ وێنەگەلێک ڕووبەڕوو دەبین کە دەیانەوێ دەربڕی دیاردەگەلێکی سەیروسەمەرە و گەورەی وەسفهەڵنەگر بن. وە ئەوەش ڕەنگە بەو مانایە بێ کە ئەوشتەی لە زمانی نووسەرێکی وەک هیدایەت بە زاروێژی «باوەڕپێنەکراو» دەردەبڕدرێ، هاوبەری ئەورۆیی مەفهوومی «سوبلایم»بێ.

بەڵام گرینگتر ئەوەیە کە لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا هەستێکی دیکە لە دابڕانی فەزاکان دەخرێتە سەر هەستی پێشوو کە لە بواری کاکڵ وجەوهەرەوە تێدەپەڕێ. چاخی ئێستا، واتە دەورانێک کە شێعری ئازاد خۆی وەکوو شێوازێک لە شێعرگوتندا داسەپاندووە و، ڕۆمان و کورتەچیرۆک وەکوو شکڵگەلی زاڵی دەربڕینی ئەدەبیی پەخشان قەبوڵ کراون، لە نووسەر و ڕەخنەگری فارسیزمان زیاتر چاوەڕوان دەکرێ کە ئاشنای فەرهەنگی دیکە بێ و لە کاری خۆیدا ڕووبکاتە هەڵسەنگاندن و، ئەوچاوەڕوانییەش فشارێکی لەڕادەبەدەر دەخاتە سەر نووسەر و ڕەخنەگری ئەو زەمانە. ڕۆمان، کورتەچیرۆک یان شکڵە جۆراوجۆرەکانی شێعری نوێ لە دەرەوەی سوننەتی ئەدەبی فارسیدا مێژووچکەیەکی درێژ و ڕیشەگەلێکی قووڵیان هەیە و، ئەو ڕاستییەش بەو مانایەیە کە لێکۆڵەرەوەی خاوەن فەرهەنگی ئێرانی ناچارە کە شێوەی بەراوردکاریی فێربێ و دەکاری بێنێ. ئەگەر «سوبلایم»لە زمانی ئینگلیسیدا وشەیەکە بۆ دەربڕینی پانتاییە قووڵ و سەیرەکان کە لە خەیاڵی ئینساندا ناگونجێن، دەک اری لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیدا چاڵێکی سەردەگێژەوەهێن کە جاری وایە لە نێوان دوو فەرهەنگی ئەدەبیدا زار دەکاتەوە و ئەوان ناسازگار و نەگونجاو دەخاتەبەرچاو، دەتوانێ لە سەلماوە عەینییەکانی ئەو مەفهوومە بێ. هەستێک لە حوزوری زمانێکی جوانیشناسیی جیاواز بە سەر کۆمەڵێک لە نووسراوەی فارسیدا باڵی کێشاوە، کە تێدەکوشێ لە نێوان ئەو دوو دەشتە نارێکەدا هاتوچۆ بکا. لە ساڵی ۱۹۵۸دا، جیێنرۆبێرتۆ سکارچیا (Gianroberto Scarcia) توێژەرەوەی ئیتالیایی ئەدەبیاتی فارسی نووسی کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی خۆیان لە هاوقەتارانی ئوڕووپایی بە «مۆدێرن تر» دەزانن.[5] ئەو ڕایە، کە بەڕواڵەت قسەیەکی پووچ زیاتر ناهێنێ، لە یەک مانادا مەفهوومێکی وردی هەیە. هەروەخت قەبوڵی بکەین کە «مۆدێرنیزم» بە کاتێکی مێژوویی پڕبەرەکەت دەگوترێ کە تێیدا شکڵە هونەرییەکان خشڵە سوننەتییەکانی خۆیان دادەوەرێنن و بە شکڵە ساکارەکانی دیکە دەگۆڕدرێن تا بتوانن ئێمە لە واقیعی هەستپێکراو و تەجرەبەکراو نزیک بکەنەوە و، هەروەخت قەبوڵی بکەین کە «پۆستمۆدێرنیزم» بە کاتێکی مێژوویی دواتر دەگوترێ کە تێیدا هونەرمەندان ئیمان و باوەڕی خۆیان سەبارەت بە توانایی هونەری لەپێناو ئافراندنەوەی واقیعیەت لە دەست دەدەن، لەوحاڵەتەدا دەکرێ فکربکرێتەوە کە شک و دوودڵی «پۆستمۆدێرن» لە دەرەوەی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوایی بەر لە ڕۆژئاوا ڕیشەی داکوتابێ. بیروانان لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی فەرهەنگیی ئوڕووپا و ئەمریکا دەیانتوانی بەر لە هاوتایانی ئوڕووپایی و ئەمریکایی خۆیان ببینن کە شکڵە نوێیەکانی ئەدەبیش زەنبەر و ڕازاوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. ڕەنگە مەبەستی سکارچیاش ئەوە بووبێ کە ڕۆشنبیرانی ئێرانی پێیانوایە توانیویانە ڕوودانی ئەو چەشنە دابڕانە فەرهەنگییانە، کە ئێمە ئەورۆ بە

«پۆستمۆدێرن»ی دادەنێین، بەچاو ببینن.
جۆرێکی تر لەو چەشنە دابڕانەی نێوان سیستیمگەلی جوانیشناسیی، کە لە باری کر و ساختارەوە لەگەڵ ئەوەی سەرەوە وێچوویی هەیە، دەکرێ لە سیستیمی جوانیشناسیی ئەوڕۆی ئەمریکا ببیندرێ. ئەوڕۆ هەوڵی ئێمە دەرسبێژانی ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە ئەمریکا لەو بوارەدایە کە قەبوڵی بکەین ئەوەی تا ئێستە بە «ئەدەبیاتی ئینگلیسی»مان دادەنا شتێکی خۆیی، خۆژێن و کامڵ نییە و، خاوەنی حەد و سنوورێکی ناسراو ـ ئەوجۆرە کە پێشینیانی ئێمە پێیان وابوو ـ نییە. دەرکی ئەوڕۆیی ئێمە لەو بابەتە وایکردووە تا دەرگای کلاسەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیسی بۆ بەرهەمگەلێک ئاواڵە بکەینەوە کە پێشتر ڕێگەما نەدەدان. ئەو گۆڕانکارییە لە عەینی حەڵدا هێندێک نیگەرانیشی پێکهێناوە کە وێنەگەلی ئەوەش لە هەڵسوکەوتی ئێرانییەکان لە عاست ئەدەبیاتی خۆیاندا دەکرێ ببیندرێ. بۆنموونە کەسانێک پێیانخۆشە **هیدایەت** بە سیمایەکی تەواو ئێرانی بزانن. ئەوانە دە کاری خۆیاندا بەشداریێتی هیدایەت لە سوننەتی ئەدەبی ئوڕووپا و، ئەو شتەی کە ئەو خستوویەتە سەر ئەو سوننەتە نایبینن. لەحاڵێکدا بەڕای من بە دژواری دەتوانرێ نووسراوەکانی هیدایەت بەبێ ئاماژە بە خوێندنەوەی هەراوی وی لە سەر بەرهەمگەلی فەرانسەیی هەڵسەنگێندرێن. هەروەها، دەرسبێژانی ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە کاری خۆیاندا پەیتاپەیتا تووشی ئەو ئاستەنگە دەبن کە وشەکانیان لەمەڕ ڕەخنەی ئەدەبی یان دەرسگوتنەوەی ئەدەبیات وەڵامدەرەوەی ئەزموونگەلی جوانیشناسیی خوێندکارەکانیان نییە. وە ئەوکارە دەبێتە هۆی ئەوە کە هەوڵ بدەن تا بە کەڵکوەرگرتن لە وشەگەلی دەرەوەی سنوور و تەنگەبەرییەکانی کۆواژەی ئینگلیسی، زمانی هەڵسوکەوتی خۆیان لە گەڵ میراتی ئەدەبی جیهان دەوڵەمەند بکەن.
بەڵام سەبارەت بەو وشە نموونەییەی کە باسی خۆم لە دەوروبەری ویدا ڕێکخستووە، بە وردی ناتوانم بڵێم وەزعی ئێستەی تێگەیشتنی ئەو مەفهوومە لە ڕەخنەی هاوچەرخی ئێراندا چۆنە، ئەگەرچی لە دوورەوە بۆچوونگەلێکم لەوبارەیەوە هەیە کە بە لایەنی گریمانەیی هەڵقولاو لە دەرکی ئەو نوکتەیە دەبەسترێتەوە. لە شوێنێکی دیکەدا گوتوومە کە بە ڕای من هەبووگی نەتەوەیی مەفهوومێکی ڕوون و دیاریکراو نییە و، ناتوانرێ بە هاوبەری هەبووگی فەرهەنگی یا زمانی بژمێردرێ. هەروەها گوتوومە کە هەبووگی نەتەوەیی بابەتێکە بۆ شانازیکردن یان ئەمەگدارێتی عاتفی، کە هەمیشە حوزوری بایەخەگەلی فەرهەنگیی ئەوانی دیکە کە لەوبەری سنوورە خۆییەکاندا هەن، بۆ سەر خۆی بە هەڕەشە لە قەڵەم دەدا.[٦] بەڵام لە عەینی حاڵدا، ئەو ڕاستییەش هەیە کە ئێمە بۆ شێوازگەلی بەرچاو لە فەرهەنگی دیاریکراودا پێویستمان بە زمانێک هەیە، یان لەوانەیە بۆ وەڵامدانەوە بە دوو جۆرە ویست دوو زمانمان پێویست بێ: یەکێک زمانی هەڵوێستی، شوێنگەیی و بڕگەیی بۆ تێگەیشتن و باس لە سەر بنەماکانی جوانیشناسیی خۆماڵی، ئەو جۆرەی کە **ئەرەستوو** بۆ باس لە سەر شانۆ لە فەرهەنگی خۆیدا وشەگەلێکی سازکرد، یان ئیبنی **قوطەیبە** واژەگەلێکی لە خۆوە دروست کرد تا بە هۆی ئەوانەوە بتوانێ بەشە جۆراوجۆرەکانی قەسیدەی عەرەبی ئێودێر بکا، یان ئەوڕۆ ئێمە دەبینین کە کۆواژەی ڕەخنەی فیلم لە زمانی ئینگلیسیدا بە شێوەیەکی سەرسوڕماو گەشەی سەندووە. ئەوی دیکە زمانی نێونەتەوەیی یە کە بتوانێ دەبەرگرتوویی جیهانی هەبێ، وەک کۆواژەی نیشانەشناسی [semiology] یان کۆواژەی ئەرەستوو، ئەو جۆرە کە جیهانی هاوچەرخ ئەوان دەکاردێنێ. ڕەنگە هیچکام لەو دوو زمانە بەبێ یەکتر بۆ کاری ئێمە بەس نەبن.
بە شکڵی هەروایی (غەریزی) دەزانین کە وەڵام لە وشەگەلێکی تێکئاڵاودا حەشاردراوە، بەڵام ئەوەش دەزانین کە بەشێکی ئەو تێکئاڵاوییانەش کارێکی وایان نەکردووە و ڕوحی تێکئاڵاویی کۆواژە دەتوانێ زۆر ئاستەنگی بخولقێنێ. ژیاننامەنووسانێک کە لە ژێرنووسەکانی خۆیاندا وشەگەلی ڕەوانئاژنیی لە سەر یەک کەڵەکە دەکەن، یان توێژەرەوە ئەدەبییەکانی سەدە ناوەندییەکان کە لە پشت وشە لاتینییەکان پەنادەگرن، لە ئاکامدا واهەیە کە پلەوپایەی خۆیان وەک توێژەرەوەی ئەدەبی بە نرخی لەقیسدانی دەرکی خوێنەرەوە بەدەست بێنن. وە ئێمەش هەموو هەڵبەت عەمبارێکمان لە ئەسلەحەی وشەگەلی هەندەری لە دەستدا هەیە کە بتوانین خوێنەرەوانی خۆمانیان پێ چاوترسێن، یان تووشی سەرسوڕمان بکەین و، هەروەک چاوبەستان بە فێڵ و تەڵەکە بگەینە مەبەستی خۆمان. هەمووشمان بینیومانە کە چۆن لە هێندێک «پێشەکی»دا کە بۆ بەرهەمی ئەدەبی دەنووسرێن کاری تەتەڵەکردنی ئوسووڵ و دیاریکردنی وشەگەلی پێویست وەها درێژە دەکێشێ کە دەرفەتێک بۆ نارایشتی ئەسڵی مەبەست نامێنێتەوە. هەڵفریوێنترینی ئەو فێڵانەش هەر ئەوەیە کە ڕەخنەگری ئەدەبی بە دوای وشەگەلی عەینی و بێلایەن و، لەعەینی حاڵدا ورد دەگەڕێ کە لە هەر چەشنە بیرخەرەوەیەکی مێژوویی ئازاد بووبێ. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە کۆواژەی ڕەخنەی ئەدەبی هەمیشە لە مێژووی زمان و ئەدەبیاتی تایبەتدا ڕیشەی هەیە، ئەو جۆرەی کە وشەی عەرەبی «ڕەجەز» سەرەنجام بە مەفهوومی «خەرامی وشتر» گرێ دەدرێ و، وشەی کاتارسیس (katharsis)، کە لە بەرهەمەکانی ئەرەستوودا بە مانای «دەردانی عاتفی» دێ، لە کۆواژەی تەبابەتی یۆنانی خوازراوەتەوە. گەڕان بە دوای کۆواژەی ئازاد لە مێژووکاتێک لە مەبەستی سەرەکی خۆی نزیک دەبێتەوە کە ڕەخنەگر ڕووبکاتە لێکدانەوەی گرێپووچکەی حەشاردراوی وشەکان یان دژوارییەکانی سەرکەوتوو بە سەر زمانێکی دژواردا. گەڕان بە دوای وشەگەلی بێلایەن دەبێ ددان بەوە دابنێ کە وشەکان لە بەرانبەر بێلایەنیدا خۆڕاگری نیشان دەدەن، بەڵام خۆی ئەوکارەش بەبێ ڕێگەدان بە بوحرانێک لەمەڕ قەبوڵکردنی لێوەشاوەیی ڕەخنەگر لەلایەن خوێنەرەوە بووزناخوا.
تەنیا نموونەیەک کە من سەبارەت بەو ئاستەنگە لێرەدا دەیخەمەڕوو، کتێبێکی گچکەی ریکاردۆ زیپۆلی (Riccardo Zipoli)، کارشناسی ئیتالیایی ئەدەبیاتی فارسی یە، بە ناوی «بۆچی شێوازی هیندی لە دونیای ڕۆژئاوا شێوازی "باڕوک"ی پێدەگوترێ؟»[٧] ئەوە کتێبێکی جیاوازە لە ڕەخنەی بەراوردکاریی ئەدەبیات، لەبەر ئەوە کە بەرهەمی بینەرێکی بێلایەن نییە، بەو مانایە کە بە ئاشکرایی مەفهوومی سوننەتێک لەگەڵ مەفهوومی سوننەتێکی تر دەگونجێنێ، وەک ئەوە وایە توێژەرەوەیەک لە پێشدا لە جەغزی فەرهەنگی خۆی پێ بنێتەدەرەوە و، پاشان ئاوڕبداتەوە و چاوێک بە پشتسەری خۆیدا بگێڕێ. وە ئەوە بەو مانایەیە فەرهەنگێک کە ئەو دەبێ بیکاتە بابەتی کاری خۆی، کردوویەتە سەرچاوەیەک بۆ خۆی. لەوکارەدا زیپۆلی سەرەتا شارەزایی خۆی لە ڕەخنەی خۆماڵیدا نیشاندەدا، ئەوسا بە کەڵکوەرگرتن لێی بەرکولێک لە سەر شێوەی فۆرمالیستیی خوێندنەوەی ئەدەبی دەخاتەڕوو. زیپۆلی لە پێشدا مێژووچکەیەکی پوخت سەبارەت بە شێعری ئیتالیایی تا سەرەتای سەدەی حەفدەهەم دەخاتەڕوو و، لەوکارە ماهیرانەیەدا زنجیرەیەک

جووتهێلی بەرچاو لە نێوان حافظ و پێترارک (Petrarch)، کە دوو لووتکە لە دوو سوننەتدان، نیشاندەدا و، بەو نەتیجەیە دەگا کە دوای ئەو دووانە لە هەردوو فـەهەنگدا بەرهاتێکی هەڵسەنگاندنی سەرلەنوێ دەستی پێکرد کە سەرەنجام بەستێنی بۆ گەشەسەندنی زانیاریی فۆرمالیستی خۆش کرد. هەڵبەت ئەو جووتهێڵانە لە رووداوگەلی بەهەڵکەوت زیاتر شتێکی تر نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە بتوانرێ ئەوانە بە کۆمەڵە وێچواندنێک لە قەڵەم درێن کە شێوەی گۆڕانکاری لە سوننەتێکی فەرهەنگی بەرەو دیاردەگەلێکی هەستپێکراو وەرچەرخێنن. زیپۆلی لە شوێنێکی کارەکەیدا تاریفێک لە شێوازی مارینیسم ـ یانی مەکتەبی جانباتیستا مارینۆ Gianbattista Marino (١٥٦٩-١٦٢٥) دەخاتەڕوو و، ئەوی لە باری دەزگای دەربڕینەوە بە هاوبەری شێوازی هیندیی باو لە شێعری فارسی سەدەی حەفدەهەمی زایینی دادەنێ. لەو دەورەیەدا لە ڕوانگەی inventio یان «داهێنان»ەوە ڕەنگە نیسبەت بە دەورەی پێشوو داشکانەوەیەک ڕوویدابێ، بەڵام لە ڕوانگەی dispositio یان «جوانبێژی» و elocutio یان «ڕەوانبێژی» خوشینێکی هەڵکشاو هاتووەتەئاراوە. شایانی سەرنجە کە لێرەدا زیپۆلی تایبەتمەندییەکانی شێوازی مارینۆ بە یارمەتی زاراوە لاتینییەکان (نەک ئیتالیایی، کە زمانی خۆیەتی) دەردەبڕێ و، بەوکارە لە سوننەتی دروستبێژی(بەلاغەت)ی زمانی کلاسیکی لاتین کەڵک وەردەگرێ تا تایبەتمەندییەکانی دروستبێژیی شێعری کلاسیکی فارسی هەڵسەنگێنێ.

بە واتایەکی دی، دەمەوێ بڵێم کە لێکۆڵینەوە لە وێچوونەکانی فەرهەنگیدا دەتوانێ دەرگای کۆمەڵێک وشەمان لە بواری ڕەخنەوە بە ڕوودا بکاتەوە کە، هەرچەند کەڵک لێوەرەگرتنیان بەرتەنگ و مەرجدارە، بەڵام لە حەدی خۆیدا حاشای لێناکرێ. بێتوو وایدابنێین دەورانی «باڕوک»ی ئیتالیا لە باری کر و ساختارەوە وێچوونگەلێکی لەگەڵ شێوازی هیندیی شێعری فارسیدا هەیە، ئەو وێچوونانە لە عەینی حاڵدا کە بەهەڵکەوت نین ڕەنگە بە هۆی ئەو ڕاستییەوە بێ کە شکڵە هونەرییەکان، لە ڕەوتی پەرەگرتنی خۆیان بەدرێژایی زەمان، کاتێک دەگەنە مەرجێکی هاوبەش لە یاسا گشتییەکان پێڕەوی دەکەن. لێرەدا قسە لە سەر کارتێکەریی فەرهەنگێک دە فەرهەنگێکی تر، یان تەنانەت وێچوونی نامرازیی لە نێوان دوو سوننەتدا نییە. قسە لە سەر ئەو وێچوونانەیە کە کۆمەڵێک جیهانبینی بەدیدێنن بێنەوەی کە بە زمانێکی دەبەرگر و گشتی ببەسترێنەوە.[8]

لێکۆڵینەوەی پوختی زیپۆلی سەبارەت بە «باڕوک» نموونەیەکە لە گێڕانەوەی واژەگەلێک کە من لە سەردێڕی ئەو وتارەدا ناوم هێناوە، بەڵام وەدواکەوتنی ئەو شێوەیە کارێکی هاسان نییە. سەرکەوتوویی زیپۆلی لەوکارەدا لە ڕوانگەیەکەوە، قەرزداری وەزعی مێژوویی ئیتالیایی ئەوڕۆیە لە بەرانبەر فەرهەنگی فارسیزمانی ئەوڕۆ: فەرهەنگێک بە دوور لە نەخشی دەسەڵاتخوازانە و، وڵاتێک کە لە سەدەکانی دواییدا میللەتی ئەوڕۆی لێ پەیدا بووە و، لەوبارەوە ئێرانیگەل و فارسزمانەکانی دیکە، هەرکات کە تێیدا بڕوانن، دەتوانن لە ئاوێنەی مێژوودا سیمای خۆیان ببینن. بۆ بەراورد لە نێوان صائب و شاعیرانی مێتافیزیکی ئینگلیسی وەک جان دۆن (John Donne)، جۆرج هێربێرت (George Her-bert) یان، ریچارد کراشاو (Richard Crashaw) و ئاندرێو مارڤێل (Andrew Marvell) وشەگەلێکی دیکە پێویست دەبێ و، شێکردنەوەیەکی جیاواز لە فەرهەنگی خۆماڵی دێتە ئاراوە. ئەرکی ڕەخنەی دوو زمانە کە ئێمە خۆمانی تێدا دەبینینەوە، دۆزینەوەی وشەگەلێکی ئەوتۆ و شێکردنەوەیەکی ئەوهایە.

■ مایکل بێرد (Michael Beard)، مامۆستای ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە زانستگای داکوتای باکووری (ئەمریکا)یە.
ئاخرین کتێبی مایکل بێرد لە ساڵی ١٩٩٠ بە ناوی *Hedayat´s Blind Owl as a Westem Novel* بڵاوکراوەتەوە.

**سەرچاوە:** ایران نامه ـ مجله تحقیقات ایران شناسی، سال دوازدهم، شماره ١، زمستان ١٣٧٢.

**ژێرنووسەکان:**

1. Quoted in David Richter, *The Critical Tradition*, New York, St. Martin Press, 1989, p. 48.
بەڕواڵەت **ئیبنوڕوشد** قسەی **ئەرەستووی** وەک بۆچوونی وی سەبارەت بە درێژی شێعر دەرک کردووە. بڕوانە:
Charles E. Butterworth, *Averroes´ Middle Commentary on Aristotale´s Poetics*, Princeton, Princeton University Press, 1988, pp. 81-82.
وەرگێڕانەوەی تەواوی ئەو قسەیەی ئەرەستوو لە کتێبی ***ارسطو و فن شعر***، مؤلف و مترجم عبد الحسین زرین کوب، (تهران، امیرکبیر، ١٣٥٧)دا هاتووە:
هەروەها بابەتی جوان چ بوونەوەرێکی زیندوو بێ و چ شتێک بێ ئاوێتە لە ماکەگەل، ناچار دەبێ لە نێوان ماکەکانیدا ڕێکی و گونجاوی هەبێ و هەروەها دەبێ ئەندازەیەکی دیاریکراویشی هەبێ. چونکە جوانی مەرجەکەی هەبوونی ئەندازەیەکی بەرچاو و هەبوونی ڕێکی یە. بەم پێیە ئەگەر بوونەوەرێک لە ڕادەبەدەر چکۆلە بێ مومکین نییە کە پێی بگوترێ جوان، چونکە چاو دەرفەتێکی زۆر کورتی بۆ بینینی وی هەیە، ناتوانێ دەرکی بکا. دیسانیش ئەگەر لەڕادەبەدەر گەورەبێ، نایەتە بەرچاو بەڵکە یەکیتی و تەواوەتی ئەمیش لە چاو بینەرەوە نادیار و داپۆشراو دەمێنێتەوە. وە ئەو بوارەش کاتێک دێتەپێش کە بۆنموونە جانەوەرێک بخەینە بەرخەیاڵ بە درێژایی چەندان هەزار ئێستاد(فەرسەخ). کەوابوو هەرئەوجۆرەی کە بۆ شتگەل و گیانلەبەران ئەندازەیەکی دیاریکراو لە باری گەورەیی پێویستە تا بێتەبەرچاو، ـ لە ئەفسانەیەکیش کە ناوەرۆکی تراژێدی هەیە، کار هەر ئەوهایە و دەبێ ئەندازەکەی، ئەوەندە بێ کە بۆ مێشک (خەیاڵ) نواندنەکەی بە هاسانی دست بدا. (ل ١٢٦)
2. "A Philosophical Inquiry into the Origins of Our Ideas of the Sublime and Beautiful."
3. Magdi Wahba, *A Dictionary of Literary terms (English-french-Arabic)*, Beirut, Librairie du Liban, 1974.
4. F. Steingass, *A Comperhensive Persian-English Dictionary*, London, Henley and Boston, Routledge & Kegan Paul, 1977, 6th ed.
5. Gianvoherto Scarcia, "Hagi Aqa´ e Buf-i Kur, i cocidetti due aspetti dell´opera dello scrittore contemporaneo persiano Sadeq Hedayat" Instituto Universitario Orientale di Napoli, Annali8.5 (1988), pp. 103-23.

6. Michael Beard, The Blind Owl as a Western Novel,Princeton, Princeton Uneversity Press, 1990, pp. 5-20, 219-37.
٧. ریکاردو زیپولی، ***چرا سبک هندی در دنیای غرب سبک باروک خوانده می شود***، تهران: انجمن فرهنگی ایتالیا، ١٩٨٨.
٨. نموونەی ئاڵۆزتری ئەو چەشنە کۆششانە کارێکە کە زیپۆلی لە کتێبی دواتری خۆیدا ڕەچاوی کردووە. بڕوانە:
*Encoding and Decoding Neopersian Poetry*, Rome, Cultural Institute of the Islamic Republic of Iran in Italy, 1988.
لەو کتێبەدا زیپۆلی تێدەکۆشێ دەستی بە واژەگەلێک ڕابگا کە بە یارمەتییان بتوانێ بەرهاتی هۆنینەوەی غەزەلێک بە شێوەی عەینی وعیلمی شیبکاتەوە.

# ئاوێنەکانی خوێن

هەندرێن



هەندرێن لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا

١

چراکان وا بەدەم هەناسەی مەنفاوە دەکوژێنەوە.
شوێنەکان وا بەدەم پیتەکانی بیرکردنەوە رەش دەبنەوە.
ناڵەی ئەو شەمەندەفەرانەی کە ناگەن بە کۆتاییەک،
کتوپڕ بەسەر دەریاچەی Söderbysjö دا دەپڕژێن و بێدارت دەکەنەوە.
بایەکە بە پیاسە قورسەکانییەوە تەنکاوەکە دەورووژێنێ.
رووخسارێک وەک ناسیاو بێ و نەشیناسیتەوە
بەردێک فڕێدەداتە ناو یادەوەریت،
بازنەکانی سەر ئاو لەژێر پێڵووەکانتدا هەڵدەلەرزن.
زایەڵەکان دەتبەن بۆ ناو دارستانێکی نادیار و
داربەڕووەکان دەبینی لەناو گۆمەکانی خوێندا زەوی ژەنگ دەکەن.
مامزێکی سوور لە هەورازەکەوە بێباکانە بەسەر سێبەرێک بازدەدا و
هەردەڵێی شەبەنگێکی بیرەوەرییەکانتە و لە چیای هەورێدا باڵدەگرێ و
ئێستاش وەک بارانێکی مردوو لە ژێر پێڵووەکانتدا
دەبێتە باوەشێک دڕکەزەردە و لەسەر لمی رۆحتدا دەڕسکێ.

تۆ ناخێکی راماویت و لە رارەوی چۆڵستانێکدا،
کات لە سەمتی رۆژێکی سەرقاڵ بە ناوەخەتییەکەی دەچنیتەوە.
منداڵێک تا چاو بڕکا بە رێچکەی ناو درەختەکاندا غاردەدا.
بێدەنگی لەناو یەکەی خۆیدا دەپچڕێ و
بەناو نادیاریدا پەرش دەبێتەوە.
غەڵبە غەڵبێک بەرەو دواوە هەڵتدەگرێ.
ئایا دەگەیتەوە ئەوێ؟

بەسەر پردی ئێستایەکی پەرتەوازەدا،
تۆ گفتوگۆیەکی داگیرساوی،
ئاسۆ بە سێبەرەکەی داتدەپۆشێ.
رووی سێبەراویت بەرەو گەڕانەوەیەک وەردەگێڕی:
وەک غەوارەیەک دەکەویە ناو دوودڵیی ئێوارەوە.
لەو رێگایانە دەگەڕێی کە بە کۆچەکەت دەستیان پێکرد:

سارایەک دەڕژێتە نێو گیانتەوە.
خۆت بە سەوڵە بچووکەکانی باران هەڵدەواسی:
زریانێک لەدەستەکانتەوە دەردەچێ
کە لە ماڵی مەرگەوە هەڵیدەکرد.

شەو وەک هەورێکی ڕماو
وا بەسەر چاوە ماتەکانی بووڵێل کەڵەکە دەبێ.
رووخسارت وەک لەبیرچوونەوە وا بەناو ئاسماندا نقووم دەبێ.
لەبەردەم دوو ماوەی شەوکوێردا،
بیرکردنەوەیەک بۆ ناو بۆشاییەکانی جەستەت وەسوەسە دەگواسێتەوە.
ڕادەچڵەکێی:
زیندەخەونێک بەناو ڕەوتی داستانێکی ئابڵۆقەدراو راتدەکێشێ.
گوێت بۆ دەنگە نەناسراوەکانی نائاگایی شل دەکەی:
لە نەشوەی کۆتایی پەیڤینێکی نێوان مەرگ و خوددا دەسڕێیتەوە.
ئاوە ژیانیش دەست لە گیرفان لە شارەوە بۆ ماڵێکی ناچارەڕوان دێتەوە.
تۆ خودێکی بێ ئۆقرەیت و مێژوویەک لە زمانتدا گومڕا دەبێ.

هێشتا نە شەو بووڵێلی تەنیوەتەوە، نە ساراش قوتیداوی.
لە خۆرئاوابوون دەڕوانی،
بوونێک بەدەم لەدایکبوونەوە، یان مەرگەوە گنگڵدەدا؟
گەردوونیش وەک داکێک بە رەنگی مانا باغچەکەی گومانڕێژ دەکا و
پەردەیەکی سوور بەسەر خۆردا شۆڕ دەکاتەوە.
دەنگێکی سەهەندەیت و لە ماوەکانی پێش مەرگ و پاش ژیاندا،
سروودێک دەهۆنیتەوە تاهاواری هەوری پەیڤت بدرکێنێ.
ماخولیایەک ڕامت دەکا و بە زەین رۆح دەپشکنیتەوە.
وەک باڵندەیەک کە وەرز پەنایەک بە کۆچەکەی نادا،
لە دوورگەکانی نیگەرانی نەبوون ئاوادەبیت.

مانگی سەرقاڵ بە سەر بردەکانی شەهوەت و ڕەمووسانی مەمکی زەریا،
بەدەست پیریّتی خۆیەوە ڕادەکا.

٢

زەوی وا ژێرپێیەکانت جێدێڵێ و
جەستەت بەناو تاریکیدا تێدەپەڕێ.
پەپوولەیەکی هاوسەفەر،
تاڵە تیشکێ بۆ گوڵی نیلۆفەرێک کە ژیان بە سزا گەمارۆی داوە
لە بەهارێکی خۆپەرست، سواڵ دەکا،
وەک منداڵێتی تۆ لە نابینایی خەیاڵ و ئێشە دەرک نەکراوەکانی ماڵەوە،
بەنێو کەڤرە ڕووتەکاندا سەرهەڵدەگرێ.
ورددەبێتەوە:
سەرابێک بە بەرچاوتەوە دەچرپێنێ.
دەتەوێ بەدەستت دەمارە لەرزیوەکانت هێور بکەیتەوە:
عەدەمێک بە سنگتەوە هەناسە دەکێشێ.
تۆ لە ماڵە پەرتەکەتدا ڕاوەستاوی:
ڕووناکییەکی مەییو لەگەڵ ژوورەکەتدا یەکتدەخات.
هەروەک یادەوریت بە دیار داربەڕووی لە خوێن خلتاو،
یان بەدەم شکانی بێدەنگییەوە لە دەستتدابێ،
لەناو بۆشایی ژوورەکەدا بەدوای ئاگاییەک دەگەڕێی.

ئێستای پەنگخواردوو دەتوێتەوە و
ڕابردووش دەبێتە دەقیقەیەک و ناوەوەت ڕادەگرێ.
تەلەفۆنەکەش ژیان نادوێنێ.
خانووەکان سێبەر دەوەرێنن.
بشێ ئەم شارە چۆڵ بووبێ، یان دەمی پەیوەندییەکان کلیل درابن؟!

بەرەو پەنجەرەکە دەچی:
بۆنی شەو لێت نزیک دەبێتەوە.
فەرامۆشییەک بەناو دەمارەکانتدا پەلدەهاوێژێ،
شەویش لەژێر تەمی تریسکاوەی مانگدا ڕاوەستاوە.
ئەستێرەیەکی خۆلاویش،
وەک ئەو پەیڤەی کە بەدەست بڕیارێک عاسێ بووبێ،
بەناو جەنگەڵی پەراسووەکانتدا دەجمێ.
زرینگانەوەی گەلایەک لەژێر پاسارییە خەولێزڕاوەکەی هاوسێم،
دەخزێتە نێو کەشتی دڵەوە.
بە ڕامانەوە بۆ زەوی دەچەمێیتەوە:
ساردییەک لە لۆچەکانی رووتدا دەچۆڕێتەوە و
چەقۆیەک تووڕدەدەیتە ناو گۆماوی بێدەنگییەوە.
تەرمەکێک بەسەر شانی کۆڵانێکەوە،
وەک کەشتیوانێک لە بورجەکانی زەریای ژێر کازیوەی مەنفا دەڕوانێ.



پۆرترەیەکی هەندرێن (کاری خودی شاعیر)

بەرەو دواوە هەنگاو دەنێی:
گەرمییەک بە قاچەکانتەوە دەناڵێ و
شنەیەک لە قووڵاییەکانی جەستە، ختۆکەت دەدا.
رووخسارت دەخەیتە ناو لە پەکانتەوە
تارماییەکی ڕاپسکاو لە ئاوێنەی خوێنی سەر عەردی ژوورەکەتدا،
خۆی دەدوێنێ.
لێگەڕێ با لە ڕەگەکانتەوە،
بەناو زمانی مێژووی نەبینراو و
بەسەر ئێستای پەرتەوازە و
بەناو نامۆیی بێ ڕۆژمێرەکان و
بەسەر تاریکی تیشکەکان و
بەسەر لمی خۆڵەمێشی ڕۆحدا
لەم ژووره خنکاوەی ناو کتێبە لاڵەکانی بیرەوەرییەوە:
خوێن بڕژێ و
ژان کۆچبکا و
پەیڤین لەگەڵ مەرگدا ئاشنا بێ و
ئەم عەدەمەش شوێنێکت پێ ببەخشێ.
تا دەبینی، ئەم مەنفایە هێشوو هێشوو لێتەوە بەردەگرێ.

تا دەزانی، ئەم ناخە ڕاماوەت شەپۆڵ شەپۆڵ بەناوتدا سەرهەڵدەگرێ.
ئەوکاتەی تۆ لەبەردەم نیوەشەوێک،
سەرایی ئاژەوەیەکی خپکراو و
غەوارەیەکی ساراگری،
خەونەکان بەناو دەنگتەوە دادەڕمێن و
دەنگەکان بەناو خەونەکانتەوە ڕادەسێن.

ستۆکهۆڵم، مانگی ٧ی ١٩٩٩

سێ پارچە شێعر:

**ئەسعەدی رەشیدی (ئەلف. زاگرۆس)**

**دەریا**

ئاخۆ چۆنە دەریا
ئاویی و ئەرخەوانیی
ئاوێنەی چاوی تۆ

ئازیز
بەکێردێ بەش کرای
نە چۆبەچۆ
نێوان ژەنراڵەکان و ئاغاکان
دەمارە، تازەبراوەکانم لە بیرە
ئاهەنگی دڵۆپە گەرمەکانیان
ــ کە دەتکێن
لە سەر هەوریشمە سەردەکی شەو
هێشتا بە گوێم دێن.

ئاخۆ چۆنە دەریا
رەش و بولێنە
ئاوێنەی چاوی تۆ.

۹۹/۱۲/٤

**شەوی ونبوو**

فانۆسە تەنیایەکان هەڵبوون
شەو گێژ و مەنگ
خۆی لە کولانە تەسک و ساردەکاندا کوتا
تێپەڕی لە شەقامە خەواڵووەکاندا
کە بە دیار کوانگێکی خامۆشەوە
ماتیان بردووەتەوە.

شەو
دەتکێ

دڵۆپ دڵۆپ
بە سەر نەردە لەرزۆکەکانی باراندا
بە سەر شانە ماندووەکەی با...
فانۆسە تەنیایەکان کوژانەوە
شەو هەنگاوە بڵیندەکانی توندتر کردووە
لە تارمایی جەنگەڵدا ون بووە.

۹۹/۱۰/۱۷

**شەوەزەنگ**

دەمێکە بە خۆم دەڵێم:
ئەم شنە ئاوییە کورتە لەبیرچووانە
لە کوێوە دێن
کە توانای
لەراندنەوەی جەنگەڵ و هەڵگرتنەوەی گەڵایەکیان نییە
ئاخر،
لە کۆتایی کام شەوەزەنگدا
ئەستێرە گرگرتووە بەخاک کەوتووەکان ژمارەدەکەن
ئەسپە ئاڵە بێ تاوەکان
لە کام گەردنە بولێنەیەکدا
زین دەکرێن
بەرەو رۆژی نەهات
ئاخۆ،
کام بای مەست
سکڵە ئەرخەوانییەکانی شەوێکی تەماوی
گەش دەکاتەوە
دەمێکە بە خۆم دەڵێم:
ئەم شتە ئاوییە کورتە لەبیرچووانە
لە کوێوە دێن.

۹۹/۱۰/۱۷

## ئاوێنەی خەیاڵ

بە زەردەخەنەی خەیاڵی تۆ
بۆ ڕامالینی تەمی خەمی
نەدیتنت
هەموو یادە شیرینەکان
دێنمەوە یاد

لەگەڵ بابم
لە گراوان* مەلە دەکەم،
گورانییەکی خۆش
لە سەر قەوان بۆ دایکم دادەنێم،
دایکم بە گوڵبەڕ
ڕوومەتەکانی سوور دەکا

هەموو یادە شیرینەکان
بۆ ڕامالینی
خەمێک لە سەر دڵم
شار غەدارە
چاوی تۆم لێ ون دەکا.

* گراوان: ناوی گەرم و مەعدەنی(ڕۆژئاوای مەهاباد) کە ئێستە وەبەر بەنداو(سەدد)ی مەهاباد کەوتووە.

## ئارەزوو

دڵم پڕە
لە ئارەزووی فڕین
لە نیگاتا.
تۆ
لە دەرگای ئاشتی نادەی،
ڕقم لێت هەڵدەستێ
لە هێلانەی مێهرەبانی یادا
لە باوەشت دەگرم
ماچێک لە نێوچاوان
بۆنت پێوەدەکەم
ئاخ دیسان
دڵم پڕ دەبێ
لە ئارەزووی دیدار
ئارەزووی سەوزی
فڕین لە نیگاتا.

***

لە ئەدەبی فینلاندی: یۆهان ڕۆنەربێرگ

وەرگێرانەوە لە فەرەنسییەوە: خەسرەوپیرباڵ

## چی تۆی هێنا..؟

دوورتر لە شەپۆلەکانی دەریا
دوورتر لە لووتکە بەرزەکانی چیاکان
ڕۆژەکانت بە سەر ئەبەیتەوە و گەورە دەبیت
لە ناو تەنیاییدا گەورە دەبیت

غەریبیم ناکەیت
منیش چیتر بە دوواتدا ناگەڕێم
هیچ ڕێچکەیەک شک نابەم
بەرەو تۆوە بمبا

کاتی خۆی باوکتم نەناسیوە
دایکتم نەناسیوە
نەشمزانیوە تۆ لە کوێ بوویت
بەرەو کوێ دەڕۆی...

هەتا ئەو کاتەی لەوێ بوویت
ئێمە هەر پەرۆشی یەکتر بووین
تۆش بۆ من، هەر وەکوو دوو بولبول.

دوو باخچەی شین بووین و
پڕ لە گوڵی ڕازاوەی جوان
دوو باڵندە بووین و
پێکەوەش لە شەقەی باڵمان دەدا...

هۆ کوڕیژگە لەبەرچی کۆچت کرد؟
ئەی باڵندەی کۆچکردوو
چی تۆی هێناوەتە ئێرە؟
پێم بڵێ چۆن توانیت ئاگر بخەیتە دڵی ساردم و
لە پایتەختی دڵمدا جێگای خۆی بکەیتەوە.

***

سەرچاوە:

Johan Ronerberg, Idylles et epigrammes Arcane 17, Lettre du Novel, France 1984

# کەس چیدی سروودی «ئەی ڕەقیب» ناڵێتەوە!

جیم. توانا

**بۆ هەولێر**

شاناز بووین بەو وشەیەی دامان نابوو.

وشەیەک هاوخوێن لەگەڵ لەشمان. هاوبەش لەگەڵ خەممان.

هاوڕەگ لەگەڵ ژیانمان.

کار کە دەگەیشتە ئەم وشەیە، هەموومان چۆکمان بۆ دادەدا.

هەموو شتێکمان لەبیر دەچوو. کە خوا لە هانا هاتنمان دریغی دەکرد، دەستەوداوێنی ئەو وشەیە دەبووین.

دەستمان کرد بە پەرەستنی. گوتمان کە تۆمان هەبێ ئیتر کەسمان ناوێ.

خوامان لە خۆ قیندار کرد.

چیرۆکمان لە سەر دروست کرد. پشت بە پشت، جیل بە جیل ئەفسانەمان بۆ یەک گێڕایەوە.

سوێندمان بە سەر خوارد. خۆشمان ویست، خۆشمان ویست.

ناحەق نەبووین. ئاخر لەگەڵماندا دەگریا. وورەی دەداینێ. بۆمان دەمرد.

هەی هاوار! باوکمان بوو، دایکمان بوو.

کە بە گریانەوە هاوارمان بۆی دەبرد، لە سەر کۆشی خۆی دادەنایین. دەیلاواندینەوە. ماچی دەکردین.

لە سەربەرزییان مووی لەشمان ئاوری دەگەرت، کاتێک ناومان دێنا. پێمان هەڵدەگوت. سروودمان بۆی دادەنا.

هەموومان بە یەک دەنگ، لە یەک ڕیز، بە گچکە و گەورە، پڕ بەدڵ، سروودیان فریا دەکرد.

پیل و شانی یەکترمان قەرز دەکرد. هێزمان دەدا بە یەک و بە هەموو بوونەوە هاوارمان دەکرد:

«ئەی ڕەقیب هەر ماوە...»

ئای چەند زۆر بوون ئەو دایکانەی لەگەڵ ئەم سرووودە ئاگری هیوایان لە دڵ بەردەبوو.

بە فرمێسکی چاو دایکان کچەکانیان تێر شیر و، باوکان بە خوێنی دڵ کوڕەکانیان گەورە دەکرد تا ببن بە هەڵگری ئەم وشەیە.

سەد ساڵ تێپەڕی، ئەفسانەکەمی کرد بە هەقیقەت. گەیشتین بە ئامانج.

سگ سووتاوەکان، دایکان، پیرەژنان، لە کۆڵانان و لە بازاڕ بەیەکیان دەگوت:

ـ نەمگوت؟!

ـ نەمگوت؟!

ژیان چەند شیرین بوو. ئێمە چەند ڕازی بووین.

نە خوا، نە دونیا، نە پرتەقاڵ، نە بەهەشت، نە هەنگوین، نە نوح هیچمان نەدەویست.

حاشامان لە هەموو شتێک کرد.

هاتین وشەکەمان لە جام گرت.

لە جاران پتر، گرمتر، ڕێزمان گرت.

ئەستێرەکان بەخیلییان پێ دەبردین.

مرۆڤەکان و خواش هەروا.

بە ئەستێرەکانمان گوت:

سەیرمان کەن، کامان بەختەوەرین؟

کەهکەشان بەخیلی پێ دەبردین.

مرۆڤەکان و خواش هەروا.

بەرەبەیان بوو..

هەستاین لە خەو. ڕۆیشتین بۆ لای.

ڕۆیشتین ماچی کەین، ڕۆیشتین بۆنی کەین...

وەکوو جاران ڕۆیشتین سوپاسی کەین...

نەمانزانی چی ڕوویدا، گوتی نامان ناسێتەوە.

نەیناسینەوە..

ئەم لا.. ئەولا.. نا، نەیناسینەوە.

خەندەی سەر لێومان نیشتەوە. واقمان وڕما. سام لەشی داگرتین.

لەعنەت، نەفرەت، درێ لە دەمچاو دەباری. نەیناسینەوە.

مۆڕەی لێکردین،

ئاخ، هاوار

پەلاماری داین.. نەمان ناسییەوە.

خواشمان نەما، ئەوجارە کێوە هاوارمان بەرین.

تف لە پێشمەرگە..

تف لە ئەستێرە..

لە کەهکەشان..

تف لە پرتەقاڵ و


نوح و

دونیا.

سەرەتای مانگی ٩ی ١٩٩٦

# بەربەرەکانی لەگەڵ بێدەنگیی

ئەحمەدی شاملوو



-١-

من بامیدادم سەرەنجام
شەکەت
بێ ئەوەی بێجگە لەخۆم لەگەڵ کەس شەڕێکم وەڕێخستبێ.
ئەگەرچی شەڕێک لەوە تێکشکێنەرتر نییە،
کە بەر لەوەی ئەسپ تاوبدەی
دەزانی
کە سێبەری بلاوی داڵێکی باڵکراوە
سەرانسەری گۆڕەپانی داگرتووە
چارەنووس لە تۆ داوەڵێکی خوێناوی دە خاک ڕۆکردووە
وە بۆ تۆ جگە
لە مەرگ و شکست
ڕێیەکی تر
نییە.

من بامیدادم
هاوشارییەک بە جەستە و هۆشێکی نامناوئجی.
نەسەبم بە ئالقەیەک ئاوارەکانی کابول دەگرێتەوە.
نێوی چکۆلەم عەرەبی یە
نێوی قەبیلەم تورکی
لەقەبم فارسی.

نێوی قەبیلەییم شەرمەزاری مێژوویە
وە نێوی چکۆلەی خۆم خۆشناوێ
(تەنیا کاتێ کە تۆم بانگ دەکەی
ئەو نێوە جوانترین کەلامی جیهانە و
ئەو دەنگە خەمناکترین ئاوازی فریاگەیشتن).

لە شەوی بەفرێکی قورسی بێ ئامان
پێم خستە ئەو کاروانسەرایە
هەر لە سەرەتاوە پیرانە شەکەت.
لە خانوویەکی دلگیر چاوەڕوانییان دەکردم
قەراخ سەقاخانەی ئاوێنە
نیزیکی خانەقای دەروێشان
(بەم دەلیلەشە ڕەنگە
کە سایەی ئیبلیسم
هەر لە سەرەتاوە
هەمیشە لە بۆسەدا هەستپێکردووە).

لە پێنج ساڵیدا
هێشتا لە زەبری ناباوەڕی لەدایکبوونم پرێشان بووم
کە بە لرفەلرفی لۆکی مەست و حوزوری ڕوحگەلی خزۆکە ژاراوییەکان ژیوەڵە بووم
بێ ریشە
لە خاکی سوێر
لە بەرەهوتێکی دوورەپەرێزتر لە خاتـرەی تەمـاوی ئاخـرین ڕیزی [دارخورماکانی قەراخ دواهەمین ویشکەچۆم.

لە پێنج ساڵیدا
سواڵە بەدەست
لە ڕەڵمەجاری عوریان بە دوای ئەخشی تراویلکەدا هەڵدەهاتم
ئەوا بە نوای خوشکم کە هێژ
لەگەڵ کێشی کارەبایی پیاو
بێگانە بوو.

یەکـەمین جـار کـە لە پێش چاوانم هابیلی پەرۆش لە دەست خـۆی [قەمچی خوارد شەش ساڵە بووم.

وە تەشریفات
تەواو ڕازاوە بوو:
ڕیزی سـەربازان بوو بە ڕێکوستـانی بێـدەنگی پیـادەگـەلی ساردی [شەترەنج،
وە شکۆی ئالای سەما ڕەنگێن
وە شاتەشاتی شەیپوور و زرمە زرمی هەڵسووتێنی تەپڵ
تا هابیل لە بیستنی ناڵەی خۆی ڕوومەت زەرد نەبێ.

بامیدادم من
شەکەت لە گەڵ خۆ شەڕکردن

شەکەتی سەقاخانە و خانەقا و تراویلکە
شەکەتی شۆرەکات و شەللاق و بێگار
شەکەتی لە خۆ شەرمەزاربوونی هابیل.
دەمێکە دەمم لێکنەکردووەتەوە بەڵام ئێستا
وەختی ئەوەیە کە لە ناخەوە دەنگ هەڵبڕم
کە سەرەنجام ئەوەتا شەیتان کە لە من دەست ڕادەوەشێنێ.

سەفی پیادەگەلی سارد ڕازاوەتەوە
وە ئاڵا

بە هەیبەتی ڕەنگین

شەکاوەتەوە.
تەشریفات لە لووتکەی کەماڵ دایە و بێ عەیبی
ڕاست شیاوی ئینسانێک کە گەرەکیانە
چەشنی فتیلەی دوکەڵاویی شەمێکی بێ بایەخ
بە مقەستی هەڵیاچن.

لە بەرانبەر سەفی سارد ڕایانگرتووم
وە دمبێنی زێرکفت ئامادەیە
لە سەر کەشەفی حەڵەبی
لە قەراخ چەپکێک ڕیحان و پیوازێکی مستکوت.

هێوەش جندەی نایب کە ڕووت دێتەپێش
بە خاڵێ پڕ لە کریشمەی شەقڵی نیشتمان لە سەر عەورەتی
ئەمەش زرمە زرمی تەپڵ:
تەشریفات وەڕێدەخرێ
وەختی ئەوەیە کە تەواوی نیـفـرەتم بە نەعـرەتەیەکی بێ پایان بتفم.
من بامیدادی هەوەڵین و ئاخرینم
هابیلم لە سەر سەکۆی سووکایەتی
شەرەفی گەردوونم منی قەمچی خۆری دەستی خۆم
کە دوکەڵی ڕەشی پەژارەم

دۆزەخ
لە توانایی ناچیزەیدا شەمەزار دەکا.

-٢-

لە بیمارستانێک کە نوێنەکەم تێیدا بە دوورگەیەک لە بێسنووریدا
[دەشوبهێ
گێژ و داماو بە هەر لایەکدا چاو دەگێڕم:

ئەو بیمارستانە لەوەی سفلیس گرتووان نییە.

سـەرەتانیـیـەکـان و ژنانی پەرسـتـاری، یەکـتـرەواوکـەری عیشرەتێکی
[بێ ڕەونەقن.
گولەکان بە ئازادی خۆ دەلەنگێنن، بە پێڵووی نیوە هەڵوەراو
وە دوو دڵ لە کیسەی گوندێندا
وە کێماوێک لە پێشاو و کرمێک لە ڕەگدا
بە پەڕە گەسکی سەر سەرنێزەکان
بۆ تەکاندنی وێرانە.

ڕێڕەوەکـان بە هەسـتـی سـامناکی حـوزوری سـێـبـەری هەیولایەک کـە
[فەرمانی ئوسکووت دەدا
مەکۆی جێخەوێکن بە ئاڵقەناسنی داکوتراو لە دیوارگەلی بەرد
وە شەللاق و شمشێر هەڵواسراو.

زگچووەکان
لە باخچەگەلی پڕ لە گوڵ، شەرم لە قەنارە دەدەن
وە دڵی ساغ لە وەتاغی عەمەل لێدەدا
دە تەشتی لیتە و لۆکەدا
لە ناو پرخەی کەمتیارانی ژێر مێزی برینکار.

لێرە بۆ دڵی ساغ زێروو بە دەرمان دەدەن
تا سەرخۆش و شاد چەشنی قەنارییەکی مەست
بە شیرنترین گۆرانیی گیانت، بەستە بخوێنی تاکاتی گیانەڵلا
کە دەشزانی
هێمنیی

شلکەبەلالێکی ساوایە

کە لە قەفەسدا وەبەرت دەکەوێ،
تا ئوستواری پاسدارخانە بەرگەی ئەمانت بخاتەدەست
وە قودووی حەبەکانیش لە گیرفانی رووپۆشت:
ـ دەنکێک بەیانی دەنکێک شەوانە، وێرای عیشق!

***

ئێستا شەو شەکەت لە پەنا شمشادەکان تێدەپەڕێ
وە لە چێشتخانەدا

هەر ئێستە

بەردەستی برینکار
بۆ بەرچایی سەرپزیشک
شاعیرێکی سەرکێش ڕووت دەکاتەوە
(کەس هەیە دەنگ هەڵبڕێ؟)
وە لەو تابووتەی کە دەچێتە گۆڕستان
مردووە ڕەسمییەکان هێژ جووڵەیانە

وه  نەبز و زمانگەل هێشتا
بە تای تووڕەیی تەقەللایانە.

* * *

ڕووت لە سەر مێزی عەمەل چواربەند کراوم
بەڵام دەبێ نەعرەتەیەک بکێشم
شەرەفی گەردوونم ئاخر
هابیلم من
وه  لە کوولەکەقاپی کاژەڵەمدا
بۆ قاوەڵتی سەرپزیشک بابۆڵەیەک هەس.
بە هاوارێ  تاڵ
بابۆڵەی لە زاریدا دەکەم بە ژاری مار،
بامیدادم ئاخر
گزینگی خۆرەتاوم.

٦٣

* * *

**تێبینی وەرگێڕ:** بامداد(بامیداد) ناسناوی شێعریی ئاغای ئەحمەدی شاملوویە. شاعیر لە ئاخری کتێبەکەیدا، سەبارەت بەو پارچەهۆنراوەیە، چەند پەراوێزی نووسیوە، کە بۆ ئاسانبوونەوەی مەبەست لە خوارەوە پێشکێش دەکرێن.

**پەراوێزەکان:**

* **بارە [ ئەسپ]**: بە مانای ئەسپی شەڕێ یە.

* **گــوداز [داوەڵ]**: زاراوەیەکـە لە جـادووگـەریدا و هەرئەوەیە کـە فەڕانسەییەکان Envoutment ی پێدەڵێن. مشتەری، نینۆکەشکاو یا تاڵەموویەک یان مژۆڵێک کە لە کابرای گیرۆدەی پیلان بەدەستی هێناوە، تەسلیمی جادووگەری دەکا. جادووگەر ئەوی لە ناو کوتەمێویکی چکۆڵە دەنێ و لە مێوەکە داوەڵێک دەروست دەکا. باوەڕی عەوام لەسەر ئەوەیە کە ئەگەر جادووگەر وێرد و دوعای تایبەت بخوێنێ هەر کردەوەیەک کە لەگەڵ داوەڵەکە بیکا لەسەر کابرای گۆرین وەڕاست دەگەڕێ. بۆنموونە ئەگەر شیشێک دە شوێنی لەبەرچاوگیراوی چاوەکانی ڕۆبکا، کابرا لە هەر کوێ بێ کوێر دەبێ. یان ئەگەر ژنێکی ئاوس بێ  بە تێڕۆکردنی شیشەکە لە ناو زگیدا لەباردەچێ و، ئەوانە...

* **نێوی قەبیلەییم شەرمەزاری مێژوویە...** هۆزی <u>شاملوو</u> یەکێ لەو حەوت قەبیلەیە بوو کە <u>سەفەوییەکان</u>یان بە سەڵتەنەت گەیاند. زنجیرەیەک کە بە خوێنڕێژی ئاماڵ شێتانە دەستی پێکرد، بە ئینسانکوژی و جینایەت و بێداد درێژەی کێشا و سەرەنجام لە زلکاوی کەرێتی و هیچوپووچێتیدا نوقم بوو.

* **لۆک**: جۆرێک وشتری بارهەڵگرە. وشتر لە وەرزی جووتبووندا تووشی جنوونێک دەبێ کە وشترەوانان(سارەوانان) بە <u>مەستی</u> لێکی دەدەنەوە. وشتر لەو حاڵەتەدا زۆرجار شتێکی کەفاوی وەک پزدانی سپی لە زاری دەداتەدەر و بە قینەوە دەنەڕێنێ کە شەغشەغە [**لرفەلرف**]ی پێدەڵێن.

* **خەنازیر**: لە سـەر کـێشی سەرازیر ـ کـە خـەیارۆک یشی پێدەڵێن کوانێکی کێماوی شۆڕەوەبووی وەک هاروێ یە کە لە لای پێشەوەی مل دەردەکەوێ و دەبێ دەریبکەن یا نەشتەری لێبدەن. هۆی سەرهەڵدانیشی لە کابرای نەخۆش سفلیسـە. [وشەیەک بۆ ئەو جۆرە نەخۆشییـە لە کـوردەواریدا نییـە، بۆیە لە بری **خەنازیریان**، **سفلیسییەکان** (سـفلیس گرتووەکان) داندرا ـ هێرش].

* **سەلاتون [سەرەتان]**: درکاندنی خەڵکییانەی **سەرەتان**ە.

* * *

شێعرەکە دوو بەشی هەیە. لە بەشی یەکەم تێکۆشاوم شەرحی حاڵێک لە خـۆم بدەمـەدەست بەڵام ئەو هەوڵە بێ نەتیـجـە دەمـێنێـتـەوە. هەر لەسەرەتاوە، لە شەش ساڵەییدا، لە باغی سەربازخانەی شاری سەربازیی خـاش (لە بەلوچسـتـان) لەپڕ بە دیتنی لەنەکاوی ڕێوڕەسمی شـەللاق خواردنی سەربازێکی بەدبەخت هەموو خۆشیی و شادی و بێخەبەریی منداڵانەم لە دەست دا. ئەوەم لە شوێنێکی دیکەشدا نووسیوە. لەوە بە دوا بیرەوەری سەربازێک کە لە یەکێکی دیکەی وەک خۆی شەللاق دەخوا و ئازاردەکێشێ و سەرکۆنەدەکرێ، خاترەی لاوێکی مەحکووم کە نیزامی ستەمگەری کۆمەڵایەتی لە لاوێتی و خۆشییەکانی جەوانی و هەڵکشان و داکشانی لاوێتی بێبەشی کردووە بە زەبروزەنگی ئەرتەشی سپاردووە، خاترەی بوونەوەرێکی دەست و پێ بەستراوی بێ ئیختیار کە لە سەر ڕوو لە سەر مێزێک ڕایان کێشاوە و سەربازێکی دیکەی وەک خۆی لە سەر گوێزینگ و سەربازێکی دیکەش هەر لە چەشنی خۆی سواری ملی بووە تا لە کاتی فێربوونی دەرسی عیشق بە نیشتمان نەتوانێ دژکردەوەیەک لە خۆی نیشان بدا و دەردی ئەو کەنەفتییەش بە میحنەتی شەللاق خواردن لە لایەن گروهبانەکەیەوە زێدەبکرێ، خاترەی لاوێکی بێ تاوان کە بە هەر زەربەیەکی شـەللاق زاری بۆ نەعـرەتە لێکدەکـراوە بەڵام دەنگێکی لێ نەدەبیسرا چونکە تەپڵ و شەیپوورەکانی ڕستەی موزیکی سەربازخانە دەرفەتی بیستنی دەنگەکانی دیکەی نەدەدا، تەنیا میتر و پێوانەی من بوونە هۆی هەڵسەنگاندنی هەر واتایەک:

یەکەم جار کە ئەفسانەی کوژرانی هابیلم بە دەستی براکەی بیست ئەو خاترەیەم هاتەوە یاد، دۆستەکانم کە لە بەرانبەر جۆخەی ئاور ڕاگیرابوون، ئەو خاترەیان هێنامەوەیاد و، واتای دەوڵەت و حاکمیەت بۆ من لە بوونی کەسێکدا شکڵی گرت کە لە کاتی شەللاق خواردندا ئینسان بەو پەڕی مەیلەوە پاشەڵی لە سەر ملی دادەنێ.

بەشی دووهەم شێعری وەخۆهاتنەوە لە فەزای کۆمەڵایەتی یە و دەربڕینی تەمسیلییانەی سزادرانێکە کە لە کۆمەڵی نەخۆش بە سەر ئینساندا دادەسەپێندرێ.

(وەرگێڕانەوە: س. چ هێرش)

**سەرچاوە:** احمد شاملو، *مدایح بی صله* (اشعار تا سال ١٣٦٩)، چاپ اول: بهار ١٣٧١(١٩٩٢) ـ سوئد، حروفچینی، چاپ و صحافی: چاپ آرش استکهلم.

کورتەچیرۆک:

# بەفری سوور

حەمە فەریق حەسەن

ئەوەتا چاوە هەنگوینییەکانی تێبڕیوی، وەک بڵێ:
«هۆ کاکی ماڵ لەپەرگەی دێ، لەم گوندەدا لە تۆم ئاشناتر نەدۆزییەوە. مەرد بە هەتا ڕەشایی دەکەوێتەوە داڵدەم بدە. کە ڕەشایی کەوتەوە ئیدی هەیپای لێدەکەم و ماڵت ئاوا.»

***

لەوێوە، لە بەر هەیوانی ماڵێکی قوڕینەوە. ماڵێک وێنەی قوبچە بە سینەی گردێکەوە دادووراوە.. لەوێڕا بۆ چۆمەکەی پاین دەڕوانی. ئەو چۆمەی ئاوایی دوو کەرت دەکات. پردێکیش مینادەرزیلەی سوخمە هەر دوو بەری لێکدەداتەوە. سەرنج بۆ گردەکەی بەرامبەرت دەنێری. بۆ دار و شەخس و گۆڕستانەکە. بەڵام ئەوانە نموودەکەی جارانیان نەماوە.. دەڵێی خواوەند بە لاستیکێکی گەورەی خەتکوژاندنەوە هەموو ڕەشاییەکانی سڕیوەتەوە.. بۆیە هەتا چاو هەڵخەی زەمین کاڵ بۆتەوە. سپی سپی میناکاغەز لە سەری بنووسە. کاتێ بەفری قورس دەکەوێ، ئیدی بێدەنگییەکی سارد باڵدەکێشێ، وەک دنیا بۆ گیانی شەهید لە پرسەدا وەستابێ. کە بەفری ئەستوور کەوت، ئیدی جریوەی چۆلەکە و هاژەی چۆمیش نایە. برنەویش بتەقێنە تەنیا تەپەیەکی کورتی کپی لێوەدێ و گوێت لە دەنگدانەوەی نابێ.. لە دۆینێوە ئەوە چوآر جاران بان بماڵن و هێمان بانەکان سپین.. گوند بۆتە بەفرەچاڵێکی گەورە.. لەبەر هەیوانەکەدا وەستاوی. دیقەت لە لق و پۆپی سپی و سۆڵی سیخوارپۆش و کریستاڵڕوخساری دارتووە پیرە زەلامەکەی چەقی حەوشە دەدەی. دەڵێی چەترێکی سپیی ئەفسووناوی یە.. چەتری دەستی دێو.. پێدەچێ سروشت هەروگیڤی تافی لاویی خۆی بنوێنێ.. دەست لەرزینەکەت ڕوو لە زیادی یە.. چونکە دوا ئەندامت داوای مەییت لێدەکەن.. ئەگەر بەفر نەکەوتایە، ئێستا دنیا تاریک بوو. حەوت زەمان بوو پێکت ڕازاندبۆوە.. تۆ بە فڕکردنی پێکی یەکەم دەستلەرزینەکەت نامێنێ.
لە ژوورەوە ئارەقی دارخورمانیشان و لە دەرەوە بەفری کوێستان. ئیدی ماتڵی چیت؟.. تۆ لە سێودووی ئەم خەیاڵاتە دای و ئاسکێک وەک کوارگەبەهارە لە چەقی حەوشەدا هەڵتۆقی.. ئەوە بۆ حەپەساوی کاکی شاعیر..؟! بۆ دڵت کەوتۆتە کوتەکوت؟ چاوت هەڵمەگلۆفە.. ئاسکێکی چاوهەنگوینی بە بریسکەیە، تووک قاوەیی کاڵ. ژێر سک سپی، چون بەفر. هەناسەی دەبێتە هەڵم و هەیتاهەیتا لە کونە لووتەکانیەوە سەردەکا.
ئاسکەکە لە هێمنیت ڕادەمێنێ و دیقەتی دەستەلەرزۆکەکانت دەدات. دەستی بە دەستکێش، دەستێکیشی ڕەش. وەک لەگەڵ دەستی سوارەگومڕاکاندا بەراوردیان بکات و گومانی هەبێ بیبەن بە فێلا وەهایە. دەستەوانەی ڕەش، خوێناویش ببێ پێوەی دیار نییە.. نەکەی بیبەی بە فێلا.. گوێکانی دەجووڵێنێ و کلکە کورتەکەی دەلەقێنێ. وا بە دەم سڵکردنەوە هەنگاوێکی دی لێت هاتەپێش. وەک بڵێ: «هانام بۆ هێناوی. تۆ شاعیریت. هەست بە ناڵەی برسی و بێلانە و بانە دەکەیت و شیعریان بۆ دەڵێی. منیش کەڵەئاسکێکی هەڵەتەم. ها گەردنم بێنە باسکت..»
بە دیتنی ئەم میوانە درەنگوەختە چاوەڕواننەکراوە ئەوق بوویت و وەک کێل چەقیوی. ئەویش لە بارژنی دا و هەنگاوێکی دی لێت هاتەپێش. وابزانم بیر لەو خوازە و لێکچواندنانە دەکەیتەوە کە ئاسک بوونەتە هەوێنیان.. سرک، ڕەوتی مامز، چاوی ئاسک، چاوکەژاڵ، ئاهووی سەحرا، لە سایە سڵکەر... تۆیش گەلێ جاران دەستەی جوانەکانت بە ڕەوەئاسک چواندووە. وا ئەمڕۆ ئەم کەڵە ئاسکە بە پێی خۆی هاتۆتە ئاشیانەکەت و بۆتە میوانت. میوانیش دیاریی خوایە. تۆ سەرنجی گونجاندن و جوانیی ئەندامەکانی لەشی بدە.
زۆر جار برسێتی و بێلانە و بانەیی مرۆڤ دەکەنە دڕندە و هێرش دەبات. کەچی ئەم کەڵەئاسکە لە گیاندارێکی کێوییەوە بووە بە دەستەمۆ.. سەرنجت لە سەر کەڵەئاسکە. بە هەڵمی هەناسەتدا دیارە پشووت سوارە. لێوت دەجووڵێ. وەک لەبەر خۆتەوە بدوێی:
«بڕوانە گەردنی بەرزی؟ چاوە خومارەکانی؟ نێوقەدە تێکقوپاوەکەی؟ وێدەچێ هەفتەیەک بێ لەوەڕی نەدیبێ!.. چۆن بلەوەڕێ بەفر زەوی داپۆشیوە..؟! ئەوەتا بە عالەمی ئاشکرا داوای یارمەتیم لێدەکات و بۆنی غەریبی بە منەوە ناوە.. بەڵام...»
بەڵامی چی؟.. دڵم لێ کرمێ کردووی کاکی شاعیر!.. دەترسێی کەسێک، ولاخێک، سەگێک، لەپڕ خۆی بە ماڵدا بکات و کەڵەئاسک بپرینگێنێتەوە و هەڵێ.. یان خۆی بە ماڵێکی دیکەدا بکات و لە دەستت بچێ.

به قسـەم بکە، بچـۆ ژووریٚ، ئیـدی ئەو خـۆی دەزانیٚ چۆن لە پەنایەکـدا ستاربگریٚ.

**کەڤاڵی ڕەوەئاسکی بیرەبیرە:**

ڕەوەیەک ئاسکی سەرمابردووی دوژمن لەدوو بە نێو بەفرێکی ئەستووردا ملدەنێن. نووچدەدەن، ڕاستـدەبنەوە.. دەکـەون، هەڵدەستنـەوە.. دەگلێن، خۆیان دەگرنەوە و هەڵدێنەوە.. دەستەیەک سواری سینگهەڵکێش، تەیار، کلێتە بەسەر، پووزەوانە لە پیٚ، لەم یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ، لەم دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵ بەشوێنیانەوەن و بە ئامان وزەمان لە کۆڵیان نابنەوە. ڕەوەئاسک بە زەمینەی سپیی بەفرەکەوە دیار ونیشانەن. ئەسپ بێباک و تێرئالیک، بە حیلە و کوڕژن. سوار بە هاتوهاوار.. ئاسک برسی و بیرەبیرە، هەڵەتە و تۆقیـو. بەفـر هەتا بندەستـهـاتوو. چوارپەل ڕچیـو. مـاندوون مـاندووتر، برسیٚ برسیـتر دەبن. ئەوەتا وا پێشیـان لێگیـرا و لە دۆڵێکی باپێچدا ئابڵـووقـەدران.. ئێـستـا چوارپەلیـان ناگـاتە زەوی. بە سـەر بەفـرەکـەوە هەڵواسراون.

ئەواتیش دڵڕەقانە بە لیس تێیانکەوتوون. ئەسپ دەپرمێن. هەڵدەستنەوە سەر پاشوو، دەستەکانیان ڕادەوەشێن. هەڵمەت دەبەن. دەیانکەن بە ژێر سمـەکانیانەوە. گـەمارۆی ڕەوەئاسک لەلایەن کوێتسـوار و ڕەشسـوار و شێسواری لیس بە دەستەوە.. هەناسکە هەناسک و پەلەقاژەی تۆقیـویان کەڤاڵێکی بە جوولەی لە بان زەمینەیەکی سپی نەخشاندووە.

پێدەچیٚ ئەم کەڵەئاسکە لە چنگی ئەو گەلەسوارە دەربازبوویٚ و لە ماڵی ئێوەی شاعیر مەنزڵگیرە بیٚ..

چاکت کـرد پشـتت تێکرد و لە بەر چاوی ونبـووی. سـڵـت لێـدەکـات. کەڵەئاسک مل هەڵدەبڕیٚ. دەوروبەر تاقیـدەکـاتەوە. گەردنی لە کـەڵەکی حەوشەکەت بڵندترە. لە دیوی کۆڵانەوە دیمەنی گەدن و قۆچەکانی لە دوو پەلەی درەختێکی ڕووتەڵە دەچیٚ. لە شوێنی خۆی ساکاوە. وەک هێشتا بیری لای ڕەوەئاسک و تاساوی بازرەبوون وڕاوەدوونان بیٚ.

ئەوە بۆ دیسـان گـەڕایتـەوە بەر هەیوان؟! ئەی ئەو پاڵـتـۆیەت بۆ بە سـەر شاندا داوە کاکی شاعیر؟!.. ئا.. دەبینم نانێکی تیریی ڕەقت بە دەستی چەپەوەیە، تۆ هەنگاویٚ دەچیـتەپێش.. ئەویش بۆن بە نانەکەوە دەکـات. ئەوا لمۆزی درێژ کـرد. دەبینم دەسـتت دەلەرزیٚ. پارکنسنە دوابڕاوەکـەیە.. ڕۆژان ئەمـــدەمـــانە پێکت ســازبوو. بۆیە مـــیناولاخی ئالیکدواکـەتوو سمکۆڵانی بۆ دەکەیت. کەڵەئاسک لە دەستە چەپت نزیک دەبێتەوە. ئەو دەستەی لای دڵتەوە هاتووە و نانی پیٚ یە. دەستی ڕاستیـشت، ئەوەیان کە شیعری پیٚ دەنوسی، تەنێکی ڕەق و سارد و درێژکۆلەی هەڵگرتووە.

لە ژێر پاڵـتـۆکەوە دەلەرزیٚ. ئاسکەمـاندوو هەستی پێناکات. ئەو برسی یە و دەســتی ڕاســتت وردەوردە بەرز دەبێـتــەوە. لەگــەڵ خـۆیدا چمکی پاڵتـۆکـەیش بەرز دەکـاتەوە. لەپڕ باوەشێک گڕ و خرمـژن کە لە لوولەی ڕەشی ژێر پاڵـتـۆکـەوە دەدەپەڕیٚ، گـۆمی بێـدەنگیی گـوندی شـڵـەقـاند. ئاسکەمـاندوو لە بارژنێکی دوورودرێژی دا و لە نێـو بەفـرەکـەدا کـەوتە لنگەفرتیٚ. هاوکـات ڕیزێک چلوورە لە دارتووی حەوشـە جیـابوونەوە و خەنجەرئاسا چەقینە زەویی بەفرگرتوو.

تێناگـەم، ئاسکەمـاندوو بە گـوللەیەک تەواو دەبوو. کـەچی تۆ هەتا سی گــوللەت پێـــوەنەنا دڵت ئاوی نەخـــواردەوە! ئەوەتا هێــشــتـــا پەنجـەی شایەتومانت لە سەر ماشەی تەنە ڕەق و ساردەکەیە.. حەپەساوی؟.. هیند قـینت لە جـوانی یە و من نەمـزانیـوە؟ یاخـود هەر تامـەزرۆی گـۆشـتی ئاسکی؟

**گیانەڵای کەڵەئاسکە ماندوو بە سلۆمۆشن:**

ئاسکەماندوو، هەڵـمێکی سپی سپی میناتەمی لە لمۆز و چالانچەقیلەی سـوری زامکانیـەوە بەرزدەبێـتـەوە.. ئاسکە مـاندوو کـەوتۆتە سـەر پشت. لێکدا لێکدا مل هەڵدەبڕیٚ و لنگەفـرتێـیـەتی. وەک بە پەلە پێـمـەلە لە بۆشـاییـدا بکات. دەیەویٚ هەڵسـێـتـەوە و ڕووبکاتەوە هەرد و زوورگـە بەفـرگەتووەکـان. ئەوا دەسـتەکانی دادا. بەڵام هەیهات، هەڵنەستـایەوە. بەفـرەکەی ژێری خـوێنپرژێن دەکـات. مینانوقـمبـووی گـۆمـێکی گێـژ و لە دواساتەکانی ژیانیدا بیٚ، پێمەلە خاو و خاوتر دەبیٚ. ئەوەتا گەردنی بۆ ڕاگیر نابیٚ و وردەوردە تەختی نێو بەفرەکە دەبیٚ. بەفری سوور.. فـوارەی خـوێن، تا سـەر زەوی، بارسـتـایی بەفـرەکـە دەسـمیٚ و پاشـان دەمـەیـیٚ.. بازرەقـەی خـوێن ڕوو لە کـزی یە.. ئێـسـتـا دڵۆپ دڵۆپ لە شـەبەقی زامـەکـانەوە هەڵدەقولیٚ.. دڵۆپە خـوێنەکـان بە سـەر تووکـە نەرمـەکـەیەوە دەبنە ڕستە یاقـووت. پەلەفرتێش تەواو. ئێستا یەکبیٚ دەلەرزیٚ.. زمانی کەوتۆتە لالغاوەی. گلێنە هەنگوینییە بەبریسکەکانی نوقمبوون. سپێنەی جـووتیٚ چاوی نیـوەکـراوەم لێـوە دیارە.. وا بە تەواوی لە جـووڵە کـەوت و سـاردبۆوە.. بڕوانە، بە زەبری پەلەقـاژەی مەرگی کەڵەئاسک چۆن بەفـری حـەوشـەکـە وەرد و پەڕەناو بووە؟.. تۆی شـاعـیـر دەسـتـەکـانت بوونەتە چنگ.. چنگی ڕەش و تیژی داڵاشێکی زلە. کەچی کەللەت جووتیٚ قۆچی ڕەپ و ڕەشی لێـڕواوە. ددانەکـانی پێـشـەوەت بوونەتە شـفـرەی زەرد و چاوەکــانت ســـوورســـوور مـــیناگـــۆمی خـــوێن. بە دەوری لاشـــەی کەڵەئاسکەماندوودا سەما دەکەی.. سەمایەکی شێتانەی بێتام.. جوتیٚ دەستکێشی ڕەش، لەویٚ، لە سەر بەفری سپیی ئاماڵ سوور بە جێماون.

هاوینی ١٩٩٩، کۆپنهاگن

**کەڤاڵ:** تابلۆ

**بیرەبیرە:** برابرا، ڕەوەئاسک کاتیٚ بازرە دەبن.

**کوێت:** ئەسپێک قاوەیی تۆخ بێت.

**پارکنسن:** دەست لەرزین، دەرەنجـامی لەبەینچـوونی خـانەکـانی دیواری مێشک، ئەلکۆلیستەکانیش دوچاری دەبن.

**ئاماڵ سوور:** مەیلەوسوور

**سلۆمۆشن:** slow motion زاراوەیەکی سـینەمایی یە، لە TVشدا بەکاردیٚ. ئەو وێنەیەی خاوتر لە ئاسایی پیشانبدریٚ، وەک تۆمارکردنی گۆڵ لە یاریی تۆپی پێدا کاتیٚ بۆ جاری دووەم بە خاوی پیشانی بینەران دەدرێتـەوە. بە کـوردی دەکـاتە (جـووڵەی خـاو). عـەرەبەکـان (التـصـویر البطیء)یان بەرامبەر داناوە.

کورتەچیرۆک:

# وەستا میکایل

سیامەند شێخ ئاغایی

با بە توندی هەڵی کردبوویێ، هەوری ڕەشی بە خێرا دەهێنا و دەبرد و تێکی دەئاڵقاندن. هەور چەخماغەی دەدا و بە گرمەی سامناکی هەردی دەلەرزاند. پیرەمێردێکی لاواز و پاک و خاوێن، کە دیار بوو سەردەمی لاوێتی جوانچاک بووە، جانتایەکی چەرم بە شانەوە و کۆچانێک بەدەستەوە خۆی لەبەر ڕێژنەی بارانە ڕزگار کردبوو، دەرگای ئیستگای ئوتوبووسی کردەوە و بە هەناسەبڕکە و لاکەلاک خۆی بە ژوور داکرد. چەند هەنگاو چوە پێش و لەبەرەخۆیەوە گوتی:

– «بەزیاد نەبێ! چ بارانێکی کوتوپڕ، خۆ وەختە با و باران پیاویی لەگەڵ خۆیان بەرن!»

بۆکورتە دەمێک ڕاوەستا و گۆچانەکەی لەپێش خۆی چەقاند. دەستێکی بە سمێڵی سپی و درێژی داهێناو بۆ دۆزینەوەی جێگایەکی بەتاڵ چاوەکانی بچکۆلە کردەوە و بە چوار دەوری دیوەکەیدا گێرا. ئەوسا بە لەقەلەق و کوتەکوت بۆ لای کورسییەکی بەتاڵ ڕۆیشت. جانتایەکەی دانا و لەسەر کورسیلەکە دانیشت، هەردووک لەپی دەستی هاویشتە سەر گۆچانەکەی و سینگی پێوەنا. لە تەنیشتی ئەو، واتا چەند کورسی ئەولاتر چوار پێنج کوڕ وکچی تازە پێگەیشتوو، شاد و سەرمەست، دوور لە ناخۆشی و کۆسپەکانی ئەم دنیایە، ڕاوەستابوون و، بە دەنگی بەرز پێکەوە خەریکی گاڵتەو فشە بوون و جارناجار بە هەر قسە و ناکارێک لە خۆڕا دەتریقانەوە. کچێکی جوانچاکی کەمێک لەوان بەتەمەنتریش لە قوڕنەی ساڵۆنەکە بە تەنیا دانیشتبوو و خەریکی خوێندنەوەی کتێبێک بوو.

پیرەمێرد لەگەڵ هەر قاقا و جوولەیەکی لاوەکان سەری هەڵدێنا و چاوێکی لێ دەکردن. لاوەکان بێ خەیاڵ بوون، لە دنیای جوانی خۆیاندا باڵیان لێدەدا و بێ ئارام و ئۆقرە لە هەڵبەزدابەز دا بوون و گوێیان بەوە نەدەبزووت داخوا کەسێک لەم ساڵۆنەدا بە دەنگی بەرزی ئەوان هۆشی دەشەمزێ، یان کاسەی سەری لێ دەبێ بەلانەی ژەنگەسوورە...

هەرچەند پیرەمێرد بە دەنگ و هەرای ئەم لاوانە هاژەی لە مێشکی دەهات و ئازاری دەکێشا، بەڵام سەرەڕای ئەم حاڵەش سیمای ئەوانی لاجوان و هەڵسوکەوت و سەربزێوییەکەیانی بە ناکارێکی سروشتی و لێوەشاوە دەزانی. ئەو لەم باوەڕە دابوو، کە مرۆڤ لەم سەردەمەی ژیاندا گروتینی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوانی لە جێی سەردەمی لاوێتی خۆی دانا کە لە کاتی جوانی دا چەندە چوست و چالاک و ئەسرەوتوو بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: «خۆزگە بەم کوڕوکاڵانە کا! بابم، پیاو لەم تەمەنەدا هەست بەبوون و نەبوون، گەرمی و ساردی ژیان ناکا! سەد مخابن تەمەن کە ڕۆیشت تازە ناگەڕێتەوە. خۆزگە تەمەنی لاوی سەد ساڵ و هی پیریش یەک ڕۆژ زیاتر نەبووبایە! خۆزگە...!»

قاقای بەرزی لاوەکان تارووپۆی بیری پیرەیان شێواند. پیرەمێرد سەری وەر سووڕاند، دیتی یەکێک لە لاوەکان واتا کوڕێکی چوار پەل قایمە سنیگی داوەتە پێش و باسکی هەڵماڵیوە، ڕوو بە ئەوانی دیکە دەڵێ:

— من قارەمانی بۆکسسم! کێ دە توانێ، بێتە پێش تاکوو بە مستەکۆڵەیەک بە هەردەوە جووتی کەم! ئەوانی دیکەش بە دەم قسەلۆکانەوە، قاقا پێدەکەنن و لەبەری دەکشانەوە.

پیرەمێرد بە خۆی گوت:

– «منیش لە تەمەنی ئەم لاوانە دا بۆکسم دەکرد، بەڵام من زوو تێگەیشتم بۆکس وەرزشێکی بێ سەرئەنجام و ناڵەبارە، هەر بۆیە بە ئامۆژگاری دایک و باوکم بۆ هەمیشە ئەم وەرزشەم وەلا نا...» چاوێکی دیکەی هەڵبڕییەوە لای گەنجەکان و گوتیەوە: «بەڵام ئێستا چی؟ ئەوە شەست و چەند ساڵ بە سەر ئەو سەردەمەدا تێدەپەڕێ، ئێستا لەو لەشە بە هێز و بە توانایەی هەمبوو، مشتێک ئێسک و پێست زیاتر نەماوە. بەڵێ... سەرباقی هەموو دەردان ئێستا مرۆڤێکی تەنیاو بێ کەس و خانەنشینیشم. "لایلا"ی خێزانم منداڵی نەدەبوو، من بە خاتری چاوە جوانەکانی ئەو خۆم لە بوونی بەرهەمی ژیان واتا منداڵ بێ بەری کرد، ئەویش ئاوا لەو تەمەنەدا کە ئەم گۆچانە دەست و پێمە، ماڵئاوایی هەمیشەیی لێکردم و لەم ڕۆژگارە بێوەفایەدا تەنیای هێشتمەوە. ئاخ ئەم دەروونەی من چەندە پڕ و لە جۆشە! خۆزگە ئێستا لە گۆشەیەک دا بەتەنیا دانیشتبام و پڕ بەدڵ فرمێسکم هەڵڕژتبایە، بەڵام مخابن تەرایییش دەچاوم دا نەماوە، تاکوو بە فرمێسکی چاو ئاگری دەرونم دامرکێنمەوە. ئاخ پیری لە دەست تۆ کە چت بە سەر هێنام!؟ قەت بووە لە سەر ئەم دنیا پان و بەرینە و لە نێو ئەو هەموو دۆست و برادەرانەی هەمبوو، ئێستا تاکە کەسێک شک نەبەم کە ڕووی بکەمە لا و دوو قسەی دەروونی خۆمی لا بدرکێنم. ئەی پیری ئەگبەت بۆچی دەژی؟! بۆچی؟ بۆ قەرقەش و گاڵتەجاری دنیایە؟ بۆ نامرم! بۆ! مردن بۆ من دەرمانی دەردە، دەرد...»

بە دەم ئاخێکی بەرز و خەمناکەوە دیسان ڕووی هەڵبڕیەوە لای کوڕوکاڵەکان و بە خۆی گوت:

– «منیش لە سەردەمی جوانیمدا کاپیتانی تیمی فوتباڵی شارەکەمان بووم. ئای بۆ ئەو هەموو هێز و توانایەی دە لەشمدا دەگەڕا! کەس نەبوو لە بەرامبەر شووتی مندا خۆ ڕابگرێ، بەڵام ئێستا چی؟ ئەوە نییە هەر ئەو پێیانەی تۆپیان وەک گولەی سوورەوە بوو لە دەروازەی حەریف داویشت، لێم بوونە بەڵاو توانایی ڕێگا ڕۆیشتنیشیان نەماوە!»

پیرەمێرد سینگی لە گۆچانەکەی کردەوە، بۆ کورتە دەمێک چاوی لە هەڵسوکەوتی لاوەکان بڕییەوە و زۆری پێخۆش بوو بەشێوەیەک خۆی تێکەڵی قسەکانیان بکا، بەڵام دەنگی بەرزی ئەوان ڕێگای نەدەدا، دەنگی لەرزۆکی خۆی بە گوێیان بگەیەنێ. هەرجارە کە دمی دەکردەوە دەنگی خامۆش و قسەکەی دەگەرووی دەگیرسا، پاش هێندێک تێوەڕامان بە ئاماژەی دەست و چاو لاوەکانی بێدەنگ کرد و لە حاڵێکدا بزەیەک گنجی ڕوومەتی لێک نزیک کردبۆوە، بە ئۆگرەیەکی تەواوەوە ڕووی کردە لای ئەو کوڕێژکە چوار پەل قایمەی کە سینگی دەرپەڕاند بوو، گوتی:

– کوڕە جوانەکە، منیش لە تەمەنی تۆدا بۆکسێر بووم، بەڵام دوایە ئەم وەرزشەم وەلانا و ڕووم کردە کایەی فوتباڵ و...

لاوەکان قسەکەیان بە هێند نەگرت و سەرێکی بێ مانایان بۆ بادا. ئەوسا یەکیان سەری بردە بن گوێی هاوڕێیەکەی تەنیشتی و لەحاڵێکدا چاوێکی بەلای پیرەمێردەوە بوو، چەند وشەی گاڵتەجاڕانەی بەگوێی دا چپاند، ئەوانی دیکەش بە بێ لێکدانەوە لە قاقایان دا و تریقانەوە.

پیرەمێرد، بە هۆی ئەم بەکەم گرتنەی لاوەکان بەخۆی داشکاوە و لەشەرمان سەری هاویشتەوە سەر گۆچانەکەی و چاوی دەبن پێی خۆی بڕی.

لاوەکان وەک ئەوەی شتێک نەقەومابێ لە سەر گاڵتەوگەپی خۆیان بەردەوام بوونەوە. کیژۆڵەیەکیان کۆکاکۆلایەکی قوتووی بە دەستەوە بوو جار نا جارێک قومێکی لێدەدا، لەپڕ کوڕێک کە لە تەنیشتی ڕاوەستابوو، دەستی برد کۆلایەکەی لە دەست برفێنێ، بەڵام کیژۆڵەکە خێرا خۆی کێشاوە و قوتوولەکە لە دەستی بەربۆوە و بە توندی کەوتە سەر موزاییکی ساڵۆنەکە و بە دەنگی بەرزی قوتوولەکە جەستەی بێ هێزی پیرەمێرد هەڵبەزییەوە. پیرە بە پەشۆکاوی سەری هەڵێنا و چاوی هەڵبڕییە لای قوتوولەکە کە هێشتا لە نێوەڕاستی ساڵۆنەکەدا، وەک مەزرەق بە دەوری خۆیدا خولی دەخوارد.

ئەو لاوەی کە وا بە هێزی باسکی خۆی دەخوڕی، بەتەوسەوە ئاماژە بۆلای پیرەکرد و ڕوو بە ئەوانی دیکە گوتی:

ـ بڕواننە لای ئەم وەرزشکارە کۆنەکارە، کە چۆن بە دەنگی ئەم قوتوولەیە ترسا و هەڵبەزییەوە؟ ئەوانی دیکەش بەدوای قسەکەی ئەمدا بەدەنگی بەرز لە قاقایان دایەوە.

پیرەمێرد وەسەر خۆی نەهێنا و خۆی بە تاوانبار دانا و لە حەیفی ئەم خۆ تێهەڵقورتاندنە بێ جێیەی کردبووی، خۆی سەرزەنیشت کرد. لەلایەکی دیکەوە ئەو کیژەی وا بەتەنیا دانیشتبوو و خەریکی موتاڵا بوو، خێرا کتێبەکەی وێکنا و بەتووڕەیی لە کورسی تەنیشی ڕاکێشاو لاوەکانی کپ کرد. ئینجا هەستا، لە حاڵێکدا چاوی پڕ لە قینی لە لاوەکان بڕیبوو، بە نۆکرەیەکی تەواوەوە چوو لە تەنیشت پیرەمێرد دانیشت. پیرەمێرد لە ئەوەیکە کیژۆڵەکە هات لەلای دانیشت، هەستی بە ڕەزامەندی کرد و ڕوویەکی خۆشی هەڵبڕییە لای و بە دەنگێکی کزو لەرزۆکەوە سوپاسی لێکرد.

بۆ ماوەیەک بێدەنگی بە نێو ساڵۆنەکەدا کشا. پیرەمێرد بێدەنگی شکاند و ڕوو بە کچەکە گوتی:

ـ کچەکەم! ئەم ڕۆژگارە بۆ پیرێکی وەک من دنیایەکی نەگبەت و نەگریسە. مخابن ئەمردم و گەیشتوومە چ سەردەمێکی ناخۆش...! تاکوو پێدەچێ هەستی خۆشەویستی لە دەروونی ئادەمیزاد کەم دەبێتەوە... دنیای ماشێن و کامپیوتێر، حورمەت و ڕوحم و جوامێری لە دڵی مرۆڤایەتیدا دەسڕێتەوە...! ئاخ چ خسارێک!

کیژۆڵەکە هەروا سەری داخستبوو. پیرەمێرد هەستی بە پەرۆشی و هاودەردی کچەکە کردبوو، هەربۆیە شێوەی قسەکانی گۆڕی و وەکوو باپیرەیەکی بە ڕوحم و مێهرەبان، لەسەرەخۆ گوتیەوە:

ـ کچم قەڵس مەبە! دەورانی جوانی هەمووی شێتی و بێعاری یە. لێیان مەگرە ئەوانە هێشتا کەللەپڕ و نەزانن، ئێستا قەدری دەوروبەری خۆیان نازانن. لێیان گەڕێ با ئەوانیش وەک من پیر بن و بە دارە دارە بڕۆن، سا ئەو جار دەزانن حورمەتی خەڵک گرتن چۆنە... ئەوسا کەمێک کرژ بوو، بێ ئەوەی هەست بە تووڕەیی خۆی بکا، دەنگی کەمێک بڵیند کرد: «بەڵا لە پیری! پیری بەتایبەت لەم سەردەمەدا سەرباری یە! پیری گولی یە و حەک بەزیاد نەبێ...! »

کیژۆڵەکە لەبەر دڵپڕییان، نەیتوانی سەری هەڵێنی و ببێتە هاودەمی کاتی پیرەمێرد، تەنیا ڕووی وەرسووڕاند و چاوێکی پڕ لە قینی هەڵبڕییەوە لای لاوەکان و کز و مات چاوی بڕییەوە پێشەخۆی. بەڵام پیرەمێرد وازی نەهێنا و بەڵکوو دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ کیژەکە بێنێتە گفتوگۆ:

ـ من چەند جاران لە پێشبڕکێی فوتباڵ میداڵی سەرکەوتنم وەرگرتووە...... وەک ئەوەی کچەکە باوەڕی پێ نەکا، پاش کورتە بێدەنگییەک ڕووی هەڵبڕییەوە لای کچەکەو گوتی:

ـ باوەڕ ناکەی؟! من یەکەم گۆڵیستی شارەکەی خۆمان بووم. ئەوسا بە چاوە کزەکانی برێکی لێ وردبووە و بە دەنگێکی نزم گوتی: نا، تۆ زۆر کەم تەمەنی، حەقتە ناوی منت نە بیستبێ. ڕەنگە دایک و باوکت ناوو ناوبانگی منیان بیستبێ. وا نییە؟ کیژەکە بەو مانایە کە قسەکانی ڕاستە سەرێکی بۆ لە قاند. لاوەکان کە گوێیان دابوە قسەی پیرەمێرد، خۆیان پێ ڕانەگیرا و دیسان لە قاقایان دایەوە. کیژەکە لە تووڕەییان خۆی بۆ ڕانەگیرا و لەپڕێک هەستا و ڕۆبوە قوتوولەکەی سەر موزاییکی ساڵۆنەکە و بە توندی بەرە و دەمی لاوەکان توڕی دا و، ئەوسا بە قەڵسی و بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە لە ساڵۆنەکە وەدەرکەوت. لاوەکان بە هۆی دژکردەوەی ئەم کیژە نەناسراوە بەسەرسووڕماوی و بێ هەست و خوست لە جێ ڕاوەستان و چاویان لە دەرگای بە توند پێوەدراوی ساڵۆنەکە بڕی. پیرەمێرد ئیدی تابی دانیشتنی نەما، تەواوی هێزی خۆی هاویشتە سەر گۆچانەکەی و بە زەحمەت هەستایە سەر پێ، ئەوسا بە کووڕە کووڕ جانتایەکەی دە شان کرد و لە ساڵۆنەکە وەدەرکەوت.

با بەردەوام بارانی لوول دەدا و تێکی دەپێچا و بە دارو دیواری دادەپڕژاند. پیرەمێرد لەم کاتەدا هەستی بە هیچ نە دەکرد. باران و بەفر و تۆف و تەرزە و... بۆ ئەو فەرقێکیان نەبوو. سەری داخستبوو بە درێژایی شەقامدا، بێ ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ دەڕوا، بە نێو لۆزەوی ئاودا، بە بێ هێزی هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە. بەڵام هێندەی نەخایاند دەنگی بە سامی تۆرمز و هاوکات دەنگی بەرزی هۆرنی ماشێنێک شەقامی شڵەژاند. با ناڵەی کزی پیرەمێردی لوولدا و باران تێکەڵ بە خوێنی سووری کرد و لەگەڵ لافاو ڕایماڵی. پیرەمێرد لە سەر قیلەتاوی شەقامەکە گلۆڵە بووبۆوە، جووڵە چ بوو لێی نەدەهات. دەنگی ئاژێری ئامبولانس دەهات نزیک دەبۆوە.

عالەمێک لە دەوری جەستەی بێ گیانی پیرەمێرد کۆ ببوونەوە. پیاوێکی کەمێک بە ساڵداچوو داهاتبۆوە بەدەست و چاو تەرمی پیرەمێردی دەپشکنی، لەپڕ پشتی ڕاست کردەوە و گوتی:

ـ خۆ ئەم پیرەمێردە مامۆستا میکایل گۆرانە!!

ـ میکایل گۆران؟!

ـ بەڵێ قارەمانی کۆنی تیمی فوتباڵی شارەکەمان!

ـ حەیف و مخابن بۆ ئەم کەڵە پیاوە!... مامۆستا میکایل، مامۆستای وەرزشی منیش بووە... مامۆستا میکایل...!!

ـ کۆستێکی گەورەیە! بەڵێ دەبێ فەرمانداری شار ماتەمی گشتی بۆ بگرێ!... وایە... بەڵێ... پەکوو بۆ مامۆستا میکایل!

لاوەکان بە پۆل لە ساڵۆنەکە دەرپەڕیبوونەدەر، بە هەڵاتن پەڕیبوونەوە ئەو بەری شەقامەکە و لەبن داڵدەیەک کز و مات ڕاوەستابوون، چاویان لەتەرمی پیرەمێرد و شوێنی ڕووداوەکە بڕیبوو، لەبەرخۆیانەوە ناوی میکایل گۆران، قارەمانی کۆنی تیمی فوتباڵی شارەکەمانیان دووپاتە دەکردەوە... ■

کورتەچیرۆک:

# توتنی گردی ماران و مەلای کوردەواری

ح. ئەیوب زادە

لە سەرە بەهاردا لەو گردە هەزاران سوجەمار، ڕەقەمار، شینی گائەنگێو و کوڕەمار لێکدەهاڵێن و خۆ لەبەر هەتاو هەڵدەخەن. لەو گوندە هەر پوورەبەس و یای ئەستی وێراویانە جاروبار بە تەنیشت ئەو گردەدا تێپەڕن. شوانەوێڵەش بە حەیاتیان مەڕومالیاتیان لەو حاندە نەچەلاندووە و بە تەنیشتیدا تێنەپەڕیون. یای ئەستی سوێند دەخوا شای مارانی بە چاوی خۆی لە داوێنی ئەو گردەدا دیتووە. مارێکی سەرتاپا سپی وەکوو چۆڕی شیر، شاخدار وەکوو بەرانەکێوی، بەرسینگی پڕ لە خاڵی کەسک و زەرد بووە. دەڵێ سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی بۆ مێردەکەی هەولێی گوێزراوەتەوە شای مارانی دیتووە لە گردەکەڕا بەرەو دەشتی کیفاران خوشیوە. لەو سەیران و گەڕانەیدا سەتان ماری ڕەش و سوور و هەزاران بۆرەمار بە دەوریەوە بوون، سەمایان کردووە،کەش و تووش خۆیان لە بەردەمی ڕاخستووە و ئەویش بە سەریاندا خوشیوە. پوورەبەس لە دووی قسەی یای ئەستی دەدا و دەڵێ: توێژی ئەو مارەی لە دەشتێدا هەڵگرتۆتەوە، چەشنی کۆلکەزێڕینە بووە و بگرە جوانتریش. بۆ خۆی بە دوو چڵ مێخەک کوتاویەتی و دوو دڵۆپی گولاو لێداوە و داویە بە حەمە لالی کوڕی و دەسبەجێ زمانی پێی کراوەتەوە. بەڵام ئەوەشی هەر لەبیرە ئەو ساڵەی بۆ خدرەشەنگەی دەچوە ژوانێ، بە تەنیشت شاری ماراندا تێپەڕیوە و سەتان ماری شاخدار تا بەر ماڵی قزڵ گومبەد وەدووی کەوتوون و، ئەو هەر هاواری کردووە هەتا دەروێش مەشکەڕەش کە ماری عەرش و قوڕش لە ئیجازەی ئەودان، نەگەیوەتێ و جەغزی بە دەورەیدا نەکێشاون و نەیگوتووە کافر لێی وەبن و دوورکەونەوە، نەگەڕاونەوە. یای ئەستی سەت ئاخ و ئۆڤان بۆ خەزوورەکەی مەلا عەولا هەڵدەکێشێ کە لەو قرچەقرچی گەرمای هاویندا ماشقەی ئەو مارەی عاشقەکەی کوژرابوو پێوەی داوە و ڕەزاڵ بە ڕەزاڵی کردووە. شاری ماران لە ڕۆژهەڵاتەوە پاڵی داوە بە چۆمی تەتەهوو و بە زەقی دەکەوێتە بەرچاوی سەڵتەڕێبوارانی گوندەکانی دەوروبەر. لە ئیشکەساڵدا ئاوی چۆمی تەتەهوو لە کەمی دەدا و پیاو بۆ پەڕینەوە پێویستی نییە دەلینگی پاتۆڵەکەی لە قولاپە بەرەو ژوورتر هەڵکا. نێوبەنێو و لە جێ کەنداو و لە بن داربییەکانی لێواری چۆمەکە پەنگاو شین و قووڵن. پانە ماسی، قەشە، نەقە و مارماسی لە تەنکاوان نامێنن و لە گۆمەشینی خوارووی ماڵان کە لە تەنیشت دوڕگەی شارای مارانە هەر دەڵێی بۆ ڕزگاربوون لە تۆڕ و داوی ماسیگران لەوێ خزاون و لە تاوهەڵاتدا تیشکی ڕۆژ تەختی بنی تیشکئاژن ناکا، وچان دەگرن.

سی و نۆ کەویژ گەنمی بەراتی ساڵانە، خەرج و پیتاکی حەوت سەر خاوخێزانی سەروپێچکەی مەلا عەولای دابین نەدەکرد. کەم وابوو مەلا بتوانێ ساڵێ سەروکوتە کراس و دەرپێیەک بۆ ژن و منداڵەکەی بکڕێ. سەرباری ئەوەش مەلای بێ داهاتی میوان خۆشەویستی دەستبلاو قۆرت لە سەر قۆرت نەهاتی بۆ دەباری. سەرە بەهاری ئەو ساڵەش قۆرتێکی دیکە ئاوقایان بوو، کە ژیانی دژوارتر کردن. بۆ نەگبەتی تەنیا مانگالەڕەی مارەیی مەلاژن لە بەر پیری مندار بۆوە. لەمەولا مەلاژن ناچاربوو بۆ دۆلکە دۆیەک و پیالە ماستێ ماڵەوماڵ بکا.

مەلاعەولا نەیتوانی خۆی لەو فکرە کە لە مێشکیدا دەبزووت ڕزگار بکا. «چۆنە بچمە لای ئاغا و داوای ئەو پەڵە زەوییەی تەنیشت گردی ماران بکەم کە تائێستا کەس نەیوێراوە بە خاوەنی بکا و بیکێڵێ. سەت دێراوە توتنی لێهەڵدەدەم و باقییەکەشی بکەمە تەڕەکاری بۆ منداڵان. ئەگەر خوداکردی و ماریش پێوەیدام بۆ خۆم لەو ژیانە نەگبەتییە ڕزگارم دەبێ. ئاخ! ئەدی لە پاش من چ بە سەر ئەو کۆشە منداڵەم دێ نازانم. کوڕە بە خوا لە گۆڕەکەشدا ناحەسێمەوە».

مەلا ئەو فکرەی خستە بەر زەینی مەلاژن و داوای ئاڵوگۆڕی بیروڕای لێکرد. مەلاژن لە سەرەتادا مچوڕکێکی بە هەموو لەشیدا هات. پاشان هەر وەکوو نەیبیستبێ بێدەنگیی لێکرد. مەلا کە دیتی بەرهەڵستی نییە بەرەو ماڵی ئاغا وەڕێکەوت. داخوازەکەی مەلا بۆ ئاغای ئاوەدانی سەیروسەمەرە بوو. چونکە تا ئەو کاتە کەس نەیوێرابوو کووزێک لەو زەوییە بکێڵێ. ئاغا بە دڵفراوانییەوە ویستەکەی بە جێگەیاند و پێیگوت چەندەی بۆی دەلوێ بیکاتێ بەڵام خێروشەڕی لە سەر خۆی و لەبەر خۆیەوە گوتبووی: مار بە مەلا ناوێرێ. مەلاش ورتاندبووی: برسێتی وا دەکا پیاو هاوار بۆ مار بەرێ.

هەرەوەز بۆ مەلا دستی پێکرد. شەوی مابوو جووتبەندەکانی ئاوایی لێی وەخۆ کەوتن و جووتیان لێ دابەست. تیشکی هەتاو هێشتا خۆی لە پشتی شاخان دەخشاند کە ئەو بوورەیە کێڵدرا.

بۆنی زەوی شێدار و هەوای نەشەبزوێنی ئەو وەرزە و دیمەنی داوەرێنی شەپۆل شەپۆل تیشکی ڕۆژ لە زەرد و ماه و کێوە بەرزەکانی دستەخوشکی شاخی حاجی کیمی، هێز وتواناى دا بە باسک و شان و شەپیلکی مەلا و کوڕەکەی. شانیان دایە بەر دێراوهەڵدان و فریزوو کۆکردنەوە بە جۆرێک بوونی شاری ماران لە تەنیشت ئەو زەوییە و مەترسی ئەو شوێنە کەس نەکێڵە و زەحمەتی ئاودانی توتن بە دۆلک و شان و باهۆیان لەبیرچووەوە.

زۆری نەخایاند زەوی بەپیت و بەرەکەتی دەم چۆمی تیرئاوێ بژراکرا و هێزی دا بە شەتڵە توتن. شەتڵ خۆیان لێڕاکێشا، گەڵایان لێ پان بوو و باڵاپیاوێک باڵایان کێشا.

شایی لە دڵی مەلادا دەگەڕا و ڕۆژێ سەت تەگبیری لەو توتنە دەکردن. لەبەر خۆیەوە دانابوو قەرزەکانی دەداتەوە، جلوبەرگی سەرتاپاخوار بۆ مەلاژن و نەجیمی کچی دەکڕێ و بۆ باقی منداڵەکانیشی پاتۆڵ، کەوای گازرون و کراسی چیتی لێ تەواو دەکا و توتنی جغارەی خۆشی لێ

پاشەکەوت دەکا و دووسیەشی بۆ مالی خەزووری دەنێرێ.

ئەو ڕۆژەش تا درەنگانێک خۆی بەو خەیالەوە خەریک کردبوو کە نەجیمی کچی لە دووررا هەرای کردێ: هۆی باوە! وەرەوە میوانمان هەیە!

نەجیم تازە مەمکی خڕ هەلدابوو. کورتەبالا و دەم و چاویان بوو. وەقسە کە دەهات دوو ڕیز ددانی وردی سپی وەکوو مرواری لە زاریدا دەتروسکانەوە، پێکەنینێکی نەرم و شیرینیان دەخستە سەر لێوە گۆشتە ئالەکانی. لە تێڕوانیندا بروسکەیەکی گەش لە چاوەڕەشەکانییەوە بە نەرمیی خەیال خۆی دەکێشا، تا قوولایی دەروونی مرۆڤ دەخزی و بۆ ماوەیەکی کورت هۆشی بینەری دەرفاند. کراسێکی چیتی گول وردی چیندار و ئاوەلکراسێکی قەنەوزی کال و سەرپێچێکی وال و سیخمەیەکی گولقولاپی لەبەردابوو. ڕۆیشتنی بە ئارامیی فڕینی پەپوولە و دەنگی ڕابردنی سروە بە توێی کراسی بەری خەزەلدا و لەرەی دلۆپی شەونم لە سەر پەڕەی گول بوو.

«نەجیم کاتی مێرد کردنی هاتووە». ئەمە خەیالێک بوو کتوپڕ خۆی خزاندە نێو میشکی مەلاعەولای باوکی.

«ها؟ میوانمان هەیە؟ لەوانەیە خوازبێنیکەر بن.» نەجیم وردەوردە لە باوکی نزیک بووە و ماندوو نەبوونی لێکرد. ها کچم دەبلێ ئەو میوانانە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟

نەجیم: دوو حەجەمن و تۆیان دەوێ. دوو حەجەم منیان دەوێ؟ مەلا بەندی دلی پسا و گوتی: ها؟ حەجەم؟ بە تفەنگەوەن؟ جەندەرمەن؟ کاریان چییە؟ دە بلێ کچم داخوا ئەو حەجەمۆکانە لە چ مالی دیکەش لایان دابوو؟ نەجیم؟ ـ نا باوەگیان هەر لە مالی ئێمەیان پرسی. یەکیان زۆر چاوحیزە. «ئەوەیان قەباحەتە». ـ باوکە من لە چاوەکانی زۆر ترسام. دەلێی چاوی مارن.

ـ دەبلێ بزانم کچم! ئەو سەیانە چ کارێکیان بە من بوو؟ کێی دیکەیان دەویست؟

نەجیم: من هەر ئەوەندەی گوتم دەزانم و ئاگاداری چی دیکە نیم. دایکم گوتی بێم و بلێم بێنەوە.

مەلا کۆلەگیایەکەی وەخڕی کردبوو بە کۆلی نەجیمی دادا و گوتی: باشە کچم تۆ بەر لە من وەڕێکەوە منیش دەستنوێژەکەم دەشۆم و دوا بە دوای تۆ دێمەوە مالێ.

نەجیم بەرەو مالێ هەلکشا. لە ڕێگەدا بیری لە باوکی ترس لێنیشتووی ڕەنگبزرکاوی دەکردەوە و لە بەر خۆیەوە دەیگوت: ئاخ لەبەر ئەم هەموو کوێرەوەرییە و ئەم ژینە تالەی ئەو باوکە هەژارەی من هەیەتی!

مەلا لە قەراخی چۆمەکە لە سەر پانەبەردێک ڕۆنیشت، دەستنوێژەکەی تازەکردەوە و بەرەو مالێ وەڕێکەوت. جارناجار لە بەر خۆیەوە دەیگوت: بلێ بابە درمەیەکی وەکوو من بۆچی دەبێ؟ من نە سەری تووریم نە بنی پیوازیم. بابایەکم کەلەلا، ژنێک و شەش سەر مندالی سەروپێچکەم هەیە چییان لە من دەوێ؟ بلێی کەسێک ڕاپۆرتی ئەو نیوە تەلیسە توتنەی لێ دابم! کوڕە کەس کاری وا دەرهەق بە من ناکا. کێ بەرایی چاوی دەدا من بە دەستی کەلەپچەکراوەوە ببینێ و حەجەم وەبەر شەقم دەن؟ نا، شتی وا نابێ. کەس لەو گوندەی ئێمە کاری واناکا.

مالی مەلا لە ڕۆژئاوای گوند و لە دەم چۆمەکە بوو. تاقە ژووری مەلا و خاوخێزانی و کادێن و تەوێلەی مانگامندارەوەبووەکە لە ڕیزێکدا و بە سەریەکەوە بوون. دەرگەی حەوشەکەیان هەر ئەوەندە پان بوو کە مانگایەکی لەڕولاوازی تێوە دەچێ. حەسارەکەش جێگەی سێ پایەی مەشکەیەکی لێ دەبۆوە کە لە نێوەڕاستیدا قوت کرابێتەوە.

نەجیم و باوکی لە دەرگای مالێ گەیشتنەوە یەک. مەلا کۆلە گیایەکەی لە نەجیم وەرگرت و گوتی: کچم دوور مەکەوە لەوانەیە کارم پێت بێ! خۆ جارێ فارۆقی برات نەهاتۆتەوە.

دوو ئەسپی نێوقەدپڕی پەلئەستووری کەفەلپان لەبەر دەرگای مالی مەلا بەسترابوونەوە و دوو توورەکە جۆیان وەسەر کرابوون. مەلا چاوێکی لە ئەسپەکان کرد و وەکوو وڕێنە بکا: بەلێ ئەمانە ئەسپی دەولەتن. پیاوی مەزن و دەستڕۆیشتووش پیاوی دەولەتی لێ میوان دەبێ. بەلێ بەلێ قەدری میوان لە سەر چاوانە! دەی خودا چاکەتان بۆ نەکا سەگ و مالی مەلا!

مەلا بە ترس و لەرزەوە وەژووکەوت. دوو ژاندارمی گۆڕین پالیان بە دەستەنوێنەوە دابوو. تفەنگ لەبەر دەست و خەریکی چاخواردنەوە بوون. مەلا سلاوی لێکردن و دەستی درێژکرد تۆقەیان لەگەل بکا. لە ژێر لێویشەوە ورتەی دەهات و دەیگوت: «ڕەببی بەخێر نەیەن! ئەی لەو خێرو بەرەکەتە خوا ناردوویە بۆ مەلای قورحان لە سینگ». ژاندارمەکان دەستیان بۆ تۆقەکردن لەگەل مەلا درێژ نەکرد. مەلا هەر ئەوەندەی ئاگا لێبوو ئەوی تەنگەئەستووری سوورهول لینگی هەلێنایەوە و سەری پەنجەی پێی بەرەو ڕووی مەلا خوارکردەوە و گوتی: یالله مەلله!

ئەوی وەنێوکەوتوویان باریکەلەیەکی ملچرچی چاوبەقوولداچووی نێوچاوان تەسکی کولمەدەرپەڕیوی لووتفشی ترپاکیی مەشەمشکەر بوو. وەنەوزی دەدا و جاروباریش چاوی خوماری بە دەوری خۆیدا دەگێرا. ئەو پیرەژاندارمە لەو مەلبەندە بە سەرکار کەرکوژ ناوی دەرکردبوو. گوایە لە ڕێگای خولامالی ـ ئیسکی بەغدا بیانوو بە ئاشێرێک دەگرێ کە بارە ئاردێکی لە گوێدرێژەکەی ناوە و دەچێتەوە گوندەکەی. سەرکار داوای پوولێکی لێدەکا. بەلام کابرا هیچی لێهەلناوەرێ. سەرکار توورە دەبێ و لە ڕقان و بە قامچییەک وەردەگەڕێتە سەروگوێلاکی ئاشێر و ئەویش لە بەر دەستی ڕادەکا. سەرکار کە کابرای بۆ ناگیرێ هەڕا دەکاتە کەرەکەی و بە قەمە ورگی دەدڕێ. ئیدی ئەو ڕووداوە لەو ڕۆژەوە دەبێتە بنەمای تاریخی ئەو ناوچەیە و ژاندارمی گۆڕینیش بە سەرکار کەرکوژ نێو و نێوبانگ دەردەکا. ژاندارمەکەی دیکە حەپۆلێکی سوورهولی قەپۆزبەرانیی چاوزەقی برۆتێکسمڕاوی قولەخڕەی تەنگەزلی نەدوێن بوو. سەرکار کەرکوژ دەمڕاستی ئەویش بوو.

مەلا هەر بە پێوە بوو کە سەرکار چاوێکی لێ قیچ کرد و گوتی: ها مەلا چ خەبەر؟ کەرکوژ ڕانەوەستا مەلا وەلامی بداتەوە و لێی زیاد کرد: «ئەمەن خەبەر هەیە ئەتو دوو جورمی کردووە، یەک ئەتو ژن مەن دەبەی لە مەسجید دەدەی لە خەلکی بدون ئیجازەی دەولەت (مەنەستی ئەوەبووە مەلا بێ قانوونی ژنی مارە کردووە). دووەم ئەتو لە شەهری ماران توتون کار بکەی؟» مەلا لێی تێنەگەیشت. ترس دەرگای بیروهۆشی لە گرێژنە بردبوو. دەتگوت مشکی بەردەمی پشیلەیە. حەپەسابوو. زمانی بە زەحمەت دەگەڕا و هەر ئەوەندەی بۆ گوترا: «قوربان چت فەرموو؟ جا درمەیەکی وەکوو من بۆ ئەوە دەبێ؟ من وکاری ئاوا؟ هەمووی درۆیە قوربان. خانم درۆ دەکا. ژنی چی و لێبردنی مەسجید و شتی واله؟ نەخێر قوربان بە جوققەی شا ئەو سوزمانییە درۆی کردووە. ئەمن مەسجید هەر ناناسم. نەخێر قوربان من قورحان لە سینگم و تلپاتی تەڕم تێدا نەماوە. بۆ توتنیش لە گردی ماران؟ نا قوربان شتی وا نییە».

کەرکوژ دەستی نایە سەر لوولەی تفەنگەکەی. نێوچاوانی لێ تێکنا و

گوتی: «ئەتو درەو دەکەی مەللە مەن مەیموری دەولەت درەو ناکەی... ئەتو بچم بوکان یا پەنجا تومەن جورمی کردووە یان پەنجا تومەن دەیدا یا دەچم لە بوکان.»

مەلا لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەعوزوبیللاهی مینە شەیتانی ڕەجیم. خوایە چ گوناهێکم کردبوو وا ئەو سەگەت بە گژدا کردم.

سەرکار سەری هەڵێنا و بە سەر مەلایدا گوڕاند: «٥٠ تومەن بدە زوو کار هەیە»

سوورهەلی هاوڕێی کەرکوژ باوێشکێکی هاتێ و گوتی: «مەن مەللە گۆشتی مورغ و حەلوا و پلەو دەخۆی...». مەلا ڕەنگی بزرکا و ڕووی لە مەلاژن کرد: دایکی نەجیم بزانە سەرکار چ دەفەرموێ بۆی لێنێ. مریشکە کورکەکەی بۆ سەرببڕە و هەڵواشی بۆ لێنێ با بە سندانی بکا. مەلاژن کە ناوی مامرەکورکەکەی بیست هێزی لاقەکانی نەمان. بە مانگێ دوازدە هێلکەی کۆکردبوونەوە و لە بن مریشکە زەردی نابوون. مامرەکەش لە سەریان کورک کەوتبوو. مەلا جارێکی دیکە ڕووی کردە مەلاژن و گوتی: دایکی نەجیم پێی ناوێ خەفەتی بۆ بخۆی. دەی خوا گەورەیە. مەلاژن لە بن لێوەوە گوتی: جا گەورەیە خۆ بۆ ئێمە نییە. فایدەی چی؟

مەلا ملی مامری لە چەقۆ نا و دای بە نەجیمی کچی. ئەویش پەڕوپۆکەی بە پێستەوە دامالی، ئاوێکی پێداکرد و دای بە دایکی. مەلاژن لە سەر تەندووری نێڵدراو بە کەمرە و تەپاڵە سووری کردەوە نایە بن دەوریە پلاو و دەوریەک هەڵواشی لەگەڵ نردووە نانێک لە بەر دەستیان دانا. ژاندارم تێوەربوون و لە چەند خولەکدا دەوری پلاو و گۆشتیان لێس دا. ئێسکەکانیان کرۆژتن و دەوریە هەڵواشیان لە نانەوە پێچا و خستیانە خورجێنەکەیانەوە.

منداڵی مەلا بە حەپەساوی لە دەوریەپلاو، گۆشت مریشک و ژاندارمەکان ڕامابوون و متەقیان لێ نەدەهات.

مەلا سی و دووماڵەی قزڵ گومبەدی ڕاوکردبوو بۆ پەنجا تمەن بەڵام تەنیا ١٥ تمەنی وەگیر کەوتبوو. بۆ تەواوکردنی پەنجا تمەنە چوە لای ئاغای ئاوەدانی و لە نووکەوە هاتنی ژاندارمەکانی بۆ باسکرد.

ئاغا پیاوێکی خۆش مەشرەب، جەفەنگباز و بە زاکوون بوو. ئەهلی بەرتیلدان و ملدانەواندن نەبوو. ترسی لە ژاندارم و کارگێڕی دەوڵەت نەبوو. پاسگەی ژاندەرمەری بە ژاندارمەکانی ڕاگەیاندبوو خۆیان لەو بپارێزن و بە لەسەرخۆیی لەگەڵی بجووڵێنەوە.

مەلا لە درێژەی باسەکەدا گوتی: تکات لێدەکەم ئەم کارەم بۆ ڕاپەڕێنە با ئەو جانەوەرانە بەرۆکم بەردەن. ئاغا ڕووی تێکرد و گوتی: مامۆستا نەکەی بەرتیل بدەی! دەمە چێشتەیان بکەی لە ساجی عەلیت دەدەن. فەتاحی برام دەنێرم بانگیان بکاتە ئێرە من بۆ خۆم شتەکەیان بە جۆرێک لەگەڵ دەبڕمەوە. خەمت نەبێ!

فەتاحی برای ئاغا لە ماڵی مەلا وەژوور کەوت. ژاندارمەکان هەروا خەریکی چاخواردنەوە بوون. سەرکار کەرکوژ حەبی تریاکەکەی هاویشتبوو، خەریک بوو نەشەی دەبزووت بەڵام هاتنی برای ئاغا چۆڕتی پساند.

ـ ها ئەتو کی؟

ـ فەتاحی برای کاقاسمم، کاکم ناردوومی بە دواتاندا کاری پێتانە.

ـ ئەمن کاری نییە. کاقاسم بلێ سەرکار دەچم لە دەروێشان سوبەی دێم.

فەتاح کەللەڕەق بوو. قوولیشی لێ نەدەخوێندەوە و تاقەتی چەنە لێدانی نەبوو. بە توورەیی چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا خشاند و پاشەوپاش گەڕایەوە. چوە لای ئەسپەکان، توورەکە جۆی لە سەر دامالین، خۆی هاویشتە سەر پشتی یەکیان و ڕەشمەی ئەوی دیکەشی کێشا و بە دەشتەکەی ئەوبەری چۆمەکەدا تەقڵەکوت غاری دان. هەتا ژاندارم پێیانزانی و کەوتنە شوێنی، ئەو لە هەورازەکەی ئیسکی بەغدای دابوون و ماندووی کردبوون. ژاندارم کەفیان هەڵدەخڕاند و هاواریان دەکردن. بەڵام نەیاندەوێرا دژوێن بدەن. کاتێ ئەسپەکان شەکەت بوون، سوارکاری تووڕە ئەسپی ماندووی ژاندارمی بەرەو حەوش و حەساری دیوەخان ئاژووتن و ئاغای لە بەدەنگەوە نەهاتنی ئەمنیە و خۆبواردنیان بۆ دیوەخان ئاگادار کرد.

سەرکار کەرکوژ چۆڕتی پسابوو. لەبەر دەمارگرژی و هەستی بەکەمگرتنی، "پەلەپیتکەی لێدراپایە دەقەڵشا" بە دوای هاواڵە سوورهولەکەیدا خۆی ڕەکێش دەکرد. هەردوو وێکڕا خۆیان بە دیوەخانی ئاغاداکرد. بە دیتنی کاقاسم هەردوو بڕووکەیەک خاوبوونەوە. ئاغا بۆ دانیشتن و خواردنەوەی چا فەرمووی کردن.

مەلا پێی چەقاندبوو داوای پووڵەکەی دەکرد و دەیگوت: کاقاسم دەستم بە دامێنت بە تێهەڵدانی حەجەمانام مەدە. تاقەتی ئەوەم نییە، بەرگەی شەقی ئەوانە ناگرم. سەرشۆڕیم پێ قەبوڵ ناکرێ. باوکم بە تۆ ناوێرن، بەڵام ئەوندە دەمن هەڵدەدەن کە لە حیساب نەیە. مەردی خودا بە، تووشی کەڵپەی ئەو سەگانەم مەکە، با هەڵم نەدڕن! ئەمانە وەکوو مریشکە کورکەکەی مەلاژن سەرم دەبڕن. گۆشتەکەم دەخۆن و ئێسکیشم دادەکرۆژن.

ئاغا پێدەکەنی و دەیگوت: کەس ناتوانێ بە سەگت بڵێ چخە. هەرکەسێ خوا لەونی لێکوڕیبێ خۆی تووشی شەڕی مەلا دەکا.

مەلا چ دەرەتانێکی بۆ نەمابۆوە. دەبوو مل دانەوێنێ و چاوەڕوان بێ داخوا وتووێژی سەرکار و ئاغا بە کوێ دەگا.

سەرکار و هاوکارەکەی لە لای سەرووی ئۆدەکە دانیشتن. پیرە ئەمنیە جگەرەیەکی لە قوتووە سیغارەکەی دەرهێنا و نای بە لا لێویەوە و ئاگری دا. مژێکی توندی لێدا و دوکەڵەکەی بەکونە تفنگیدا وەکوو دووکەڵکێشی سەماوەری ڕۆژی دەردایەوە و دو سێ وردە کۆکەشی بە دوویدا بەڕێ کردن. پێلووی چاوەکانی قورس ببوون و بە زەحمەت هەڵیدێنان. هاوکارەکەی لەوەدەچوو تووڕە بووبێ و چاوەڕوان و گوێڕایەڵی فەرمانی سەرکار بوو. مەلا نەیدەوێرا چاو لە چاوی سەرکار بکا. دەستەکانی نەرمە لەرزەیەکیان تێکەڕابوو. چاوەکانی ترسیان تێدا هەڵکورمابوو و ڕەنگی بزرکابوو.

ئاغا چاوی لە سەر مەلا هەڵنەدەگرت. چونکە تا ئەو ڕۆژە مەلای ئاوا نەهاتبوە بەرچاو. ویستی برووکەیەک خەمی لە دڵی برەوێنێ و بە پێکەنینەوە پێیگوت: مامۆستا ئەوی هەللاج چۆن لێدەدا؟

مامۆستا:

ـ وەک دڵی من. بوومەتە مشکی بەر دەمی پشیلە. هەربینا ڕوحم بەو شیو و دۆڵەی خوارەوەدا جوورەی کرد. خودام بەگژ داکردی. بۆچی منت

لێرە قەتیس کرد؟ ئێستا من لەگەڵ سەرکار «کارجوان» بڵێم چی؟ بە خوا لە کەری کابرای ئیسکی بەغداییم خراپتر لێدەکا. تاوانی فەتاغای براشتی هاویشتووەتە سەر حیسابی بەندە. جا منی درمەی هەژار ئەم کەرە لەو قوڕە چۆن دەربێنێ؟

ئاغا قاقایەکی لێدا و گوتی: خەمت نەبێ! سەرکار بۆ خۆی بۆت جێبەجێ دەکا. ئەو بۆ کاری کەران پسپۆڕە. مەلا دیاربوو وازی لە گەمە نییە و گوتی: بریا قەڵەمی لاقم شکابایە و نەهاتبامە ئێرە.

ئاغا گوتی: دوعای ناوێ سەرکار چۆنی بتەوێ وای لێدەکا. مەلا لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی و سەرێکی لێ ڕاوەشاند. ئاغا زەردەخەنەیەکی کەوتەسەر لێوان و ڕووی لە سەرکار کرد و گوتی: سەرکار تۆ دەزانی مامۆستا پیاوی چاکە و پێشنوێژی ئاوەدانی دەکا. بەراتەکەشی زۆر کەمە. دەستەنگە و ڕەنگە هیچی لێ هەڵنەوەرێ. لەبەر ئەوە ئەمجارە لێی گەڕێ و مەینێرە بۆکان. لە دەروێشان کە گەڕایەوە وەرە چاوێکت بە من بکەوێ! من بە جۆرێک کارەکە جێبەجێ دەکەم.

کەرکوژ گوتی: ئەمن لە خاتری تو مەلا ناکەم لە بوکان. مانگی دووەم خۆی بچێ لە بوکان و خۆی بدا لە دەولەت.

مەلا لەبەر خۆیەوە گوتی: تائێستا هەر بۆخۆی بوو لەمە بەدواوە دەوڵەتیشم تێبەردەدا. جا ئەوە کاربوو لەگەڵت کردم. ئاغا بە سیلەی چاو لە مەلای ڕوانی و گوتی: ئەمن بۆ خۆم دەینێرم یان خەرجەکەی دەدەم.

سەرکار نیوەچایەکەی بەردەمی بە تاکە لرفێک هەڵقوڕاند و هەستا سەرپێ کە بڕوا. مەلاش هەستا و دەستی نایە نێو دەستیان و تا بەر دەرگە بەڕێی کردن.

ژاندارم بە داتەپیوی ڕێی دەروێشانیان گرتەبەر و، بەدەم چۆمەکەدا بۆی هەڵکشان. مەلا هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: بە خوا و بەو قورئانەی لێم خوێندووە کەرکوژ هەروا سووک و سانی لە یەخەی مەلا نابێتەوە. ئەتکێکی پێدەکەن بە داستان بیگێڕنەوە. تۆ پێتوایە دەوڵەت قانوونی خۆی بۆ مەلایەکی کەرمەسەب دەگۆڕێ؟ کاقاسم بە پێکەنینەوە گوتی: مامۆستا بێ قەزابی بۆ ئەوەندە دەترسی؟ تۆ ئەو هەموو شەرع و مەرعەت خوێندووە، دوعایان دزانی، نوشتە بۆ شێت و فێداران دەنووسی و دەنکە جۆ بە دیواردا هەڵدەگێڕی. دەجا نوشتەیەکیش بۆ ئەو کەرکوژە بنووسە با چاوی لە ئاستی تۆ کوێر بێ و هەموو ڕۆژێ نەیە و سگت نەشێلێ. مەلا گوتی: کوڕە ماڵخراپێکی کەرمەسەبی وەکوو من لە کوێ و کوێرکردنی جەندرمە لە کوێ؟ بە خوا هیچ دوعایەک کار لە نووکەشەقی ئەمانە ناکا. ئەمانە لە بەرتیل زیاتر شتێکی دیکە ناناسن. من دەزانم بە سەرمەوە ناچن.

مەلا تا ژاندارمەکان لە زینوێ نەدیو نەبوون چاوی لە ڕێی دەروێشان هەڵنەگرت و بە دەم ڕێگاوە کەوتە ورێنە: هەم ئاغا گێرەی لە هەولێرێ دەگەڕێ. نوشتەی چی و جەندرمەی چی؟

تاریکایی داهاتبوو. مەلاژن بزنەکانی دۆشیبوون. کەترییە چایەکەی نابوە سەر کوچکاور و چاوەڕوانی مەلای دەکرد. نەجیمی کچی بانگ کرد و گوتی: دادەی بزانە چرای مزگەوت داییسێ؟ لەوانەیە باوکت لەوێ بێ. نەجیم چوە سەربان و ڕوانییە پەنجەرەی مزگەوت. چراکەی نەداییسا. بانگی دایکی کرد و گوتی: چراکەی نایبیسێ. ڕەنگە لە ئاودانی توتنەکان نەبوو بێتەوە با بچم و کۆڵەگیایەکەی لەگەڵ هەڵگرم. دایکی دڵی نەهات بە تەنیا بینێرێ. بڕووکەیەک ڕاما و بۆخۆشی بەرەو دێراوە توتنەکان لەگەڵی وەڕێکەوت.

مەلا لە نێو دێراوە توتنێکدا دەیناڵاند. سەروگوێلاکی جێ بەجێ ئەستوور ببوون. توانای ڕاستبوونەوە و بەرێدارۆیشتنی تێدا نەمابوو. جارجار بە دەم ئاخ و ئۆفەوە دەیگوت: کا قاسم خوام بە گژ داکردی ئەو کارە چ بوو لەگەڵ منت کرد؟ خۆ من دەمزانی کەرکوژ دە سەرمەوە ناچێ. بەڵام نازانم بۆ خۆم بە ئاغا ئەسپارد، کوڕە خۆ من گێژداخ نەکرابووم.

مەلاژن و نەجیمی کچی کە گوێیان لە دەنگی ناڵەناڵی مەلا بوو، بە هاوار هاوار چوونە بن سەری و دەستیان وەبن پیلی دا. مەلاژن وایزانی مار پێوەی داوە و لە پەیتا لە شوێنی پێوەدانەکەی دەپرسی. مەلا هاواری دەکرد و دەیگوت بریا مار بە سەری زمانییەوە دابام. من نازانم بۆ چوومە لای ئاغا و ئەو شەکرەم شکاند. ئەگەر پەنجا تمەنم دابایە ئێستا تووشی تێهەڵدانی سەرکار کەرکوژ و حەجەمە سوورهولی سەگباب نەدەبووم.

بە هەر چەرمەسەرییەک بوو جەندەکی مەلا برایەوە ماڵێ و مەلاژن نێوەغەکی بۆ دروست کرد لە جێ کوتراوەکانی نا و بە کوتە دەسماڵەکۆنێکی خۆی نێوچاوانی بۆ پێچا.

هەواڵی لێدان و کەلەلاکەوتنی مەلا بە ئاواییدا بڵاوبووەوە. بلە قەرەگوێزی دەیگوت: بۆ خۆی دیویەتی جندرمەکان لە نێو دارییەکانی دەم چۆم تا درەنگانێک خۆیان گنخاندووە. دەمە و ئێوارە بە دەم چۆمەکەدا داگەڕاون و لە مەزرایە مەلایان گیر خستووە و ئەو پەتپەتییەیان بەسەرهێناوە.

ڕۆژی دواتر فێرکاری قوتابخانەی ئاوەدانی بۆ سەردان و دەربڕینی هاودەردی چوە لای و گوتی: بێ قەزابی مامۆستا پەنجا تمەنەکەت دابایە و خۆت تووشی ئەو گێچەڵە نەکردبایە. هاتبای بۆ لای من. من ئەو پەنجا تمەنەم دەدایەی. تۆ دەزانی ئێستا پەنجا و سەت و هەزار تمەن هەر پارە نین.

مەلا سەری هەڵێنا و وەکوو لە لاشەویلکەت دابێ زاری خواربوو، چاوەکانی لێ زەق بوون و گوتی: دەڵێی چی قوربان؟ من سی و دوو ماڵەی قزڵ گومبەدم ڕاوکرد پازدە تمەنم دەس نەکەوت تەنیا یازدە تمەنم بۆ کۆکرایەوە. ئێستا ئەتۆ دەفەرمووی سەت تمەن و هەزار تمەن پارە نییە. سێ بە سێ تەڵاقم کەوێ کەس هەزار تمەنی نییە. مەلا ئیدی هێزی کارکردنی نەما و سەرئێشەیەکی بە دایەی تووش بوو کە نەیدەتوانی لە گردی ماران نزیک بێتەوە و کاری لە سەر بکا. دێراوە توتنیش لە بەر بێ ئاوی ئیشک بوون.

لەو ڕۆژەوە مەلا لە وەخت و بێوەختدا و تەنانەت ئەو کاتەی پێشنوێژی خەڵکی دەکرد سوورەی «قل هو الله الاحد»ی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە سێ تەڵاقەی فڕێدەدا و دەیگوت: «سێ بە سێ تەڵاقی ئەو ژنەم کەوتبێ لم یلد و لم یولد کەس هەزار تمەنی نییە و لم یکون کفوا احد».

ساڵی دواتر بە تکای ئاغا، ڕدێن سپییەکانی ئاوەدانی ڕازی بوون براتەکەی مەلا بدەن بە ژن و منداڵەکەی بەڵام هەوڵ بدەن بۆ بەهارێکی دیکە مەلایەکی دیکە ڕاگرن. هەموو پێیان وابوو مەلا تەقەڵی لە سەر خۆی نەماوە و شێت بووە. ■

کورتەچیرۆک:

# خۆکوشتن

نووسینی: **مەرزە**

هەر گەیشتمە ژووریّ دیتم باسی هاتنی کارتی شایی دەکەن. لە خۆ شیان هاوارم کرد:
ـ ئەی گیان، دەچینە شایی.
خوشکە گەورەکەم کە کارتەکەی بە دەستەوە بوو هەڵیدایە و گوتی:
ـ زۆر ببوورە خانم، نووسیویانە تکایە لە هاتنی منداڵ خۆ بپارێزن.
گوتم:
ـ جا ئەگەر منداڵی لێنەبێ کێ پووڵ و نوقڵی سەر بووک هەڵگرێتەوە؟
روو بە دایکم هاوارم کرد:
ـ دایە دەمبەی؟ دایە تو خودا دە مبەی؟ دایە گیان دایە!
دایکم وەڵامیدامەوە:
ـ چەلێ بۆ خۆم نازانم داخودا باوکت ئیزنم دەدا یان نا. تازە منداڵ بردنیش قەدەخەیە.
دیسان لەبەری پاڕامەوە و پێمگوت:
ـ باشە بە قاچاخ بمبە. لەولایڕا خوشکەکەی دیکەم هەڵیدایە و گوتی:
ـ غەڵەتی وا نەکەی! بۆ دەنا دایکم قاچاخچی یە!
دایکم بە قەڵسییەوە رووی لە هەموومان کرد و گوتی:
ـ سەد جارم گوتووە کە شتی لە وەی بشارنەوە، دەنا کەچەڵمان دەکا.
پاشان دایکم بە رووخۆشی گوتی:
ـ ها پەنادەکەی ئەورۆت بگرە و برۆ دوکانی کاک عەولا و بۆ هیچ شوێنی دیکەش مەچۆ.
لە وەڵامدا گوتم:
ـ باشە دەمبەی؟
ـ چەلێ برۆ.
پاش نیوەڕۆ دیتم کە هەنێهەڵگر هاتووە و هەنێی دایکم دەکا، چوومە پەنای دانیشتم و لێم پرسی:
ـ فێرم دەکەی؟
ـ چی؟
گوتم: هەنێ کردن.
گوتی: باش، بەڵام جارێ ڕاوەستە با گەورەبی، کە مێردت کرد بۆخۆم هەنێشت بۆدەکەم.
دایکم گوتی: هەی نەگاتێ مێردی بکا! بە خودای دوو ڕۆژ لە لای مێردی گیر نابێ، سەری خەسووشی لە تەندووریّ دەنێ.
وادیار بوو کە باوکم ئیزنی چوونەسەرشایی دایکمی داوە، چونکە شەویّ دایکم خەریکی تێکنانی بوخچەی حەمام بوو.
ـ ئەوشۆ دەبێ زوو بنووین، بەیانیش زوو بچینە حمام و بێینەوە. با بۆ شایی وە پەلەپەل نەکەوم.

بە خۆشییەوە گوتم: ئەی گیان دەچینە شایی.
ـ نا کچم، ئەتۆ نابێ بێی و تەواو، لە کۆڵیشم بەوە.
زانیم وەختی نییە. نابێ زۆری لەسەر برۆم. ئەمنیش نەخشەیەکم بۆ بەیانی وەختی ڕۆیشتن دارشت. ڕۆژی دوایی پاش هاتنەوە لە حەمام دیتم دایکم خەریکی دەبەرکردنی جلی شایی یە. چووم بە دزی کراسی جێژنم لە بوخچەی دەرهێنا و دەبەرم کرد و سەرم بە ئاو داهێنا و لە پێشیان ڕاوەستام.
دایکم بە توورەیی گوتی:
ـ برۆ ئەوکراسەی داکەنە، پیسی مەکە، نادبەم، نا! زووخاوم پێ هەڵمەهێنە. هەر ئەوەندە دایکم وایگوت، تەواوی خوشک و براکانم بە دەرفەتیان زانی و ئەوانیش بە بەشی خۆیان جنێویان پێدام.
رووم لە دایکم کرد و گوتم:
ـ باشە خانم مەمبە، ئەمنیش دوای ڕۆیشتنی تۆ، خۆم دەکوژم.
هەموو تێکرا گوتیان: کوا خولا دەکا، ئاسوودە دەبین.
خوشکە هەرە گەورەکەم وادیار بوو دڵی پێ سووتام، بۆیە دەستی گرتم و لاواندمیەوە، قەولی پێدام هەروەخت چوو بۆ بازاڕ لەگەڵ خۆی بمبا و ئەگەر چاومان بە داشقەی بەستەنی کەوت یەک دانەم بۆ بکڕێ.
لەوماوەیەدا کە خوشکم دڵخوشی دەدامەوە، دایکم بۆی دەرباز ببوو. هەر ئەوەندە کە زانیم دایکم بۆی دەرچووە، غیرەتم بزووت کە ئەو هەڕەشەیەی کردبووم بیهێنمەجێ.
کیفی مەدرەسەکەم کردەوە. کوتە گێچێکم کە بۆ خەستەکێنێ هەڵگرتبوو دەرهێنا، رووم لە خوشکەکەم کرد و گوتم:
ـ جا ئیستێ خۆم دەکوژم، هەر بەو گێچەش، دێخۆم با بمرم. جا با خانم هەر بەتەنیا بچێتە شایی.
خوشکم هات، زۆرم لە بەر پاڕاوە و لالاوە، زۆری حەول لە گەڵدام بەڵکوو ئەو کارە نەکەم، گوتی:
ـ هەرکەس کاری وابکا و خۆی بکوژێ جێی نێوەڕاستی جەهەنەمە.
لە پڕ وەبیرم هاتەوە، وەختێ ئەمن گوتم خۆم دەکوژم هەموو پیانخۆشبوو. بەڵام بەراستی زۆر لە قەبر دەترسام. دەمزانی ئەگەر بمرم لە بن ئەرزیم دەنێن. هەڵبەت ئەمن لە تاریکی و مار و کرمی بن ئەرزی زۆر نەدەترسام، بەڵام هەر بە دیتنی مشک رووحم دەردەچوو، ترسی هەرە گەورەم مشک بوو.
بە دەنگی خوشکم ئەغیار بوومەوە کە هەر بە قوربان و سەدەقەم دەبوو. گوتم:
ـ باشە یا گێچی دەخۆم و خۆم دەکوژم یان سەرم کورت دەکەیەوە.
ـ هیجیان نابێ، ئەگەر گێچی بخۆی دەمری، ئەگەریش سەرت کورت کەمەوە دایکم زۆر زۆری پێ ناخۆش دەبێ، دایکم زۆری شایی بە سەروپرچی تۆیە.
ـ هەر لەبەر ئەوەی دایکم زۆری پێ ناخۆش دەبێ، کورتی دەکەمەوە!
ـ وەرە پێشخانەی.
کە چووم دیتم کۆنە ڕۆژنامەیەکی لە ئەرزی راخستووە و مقەستێکی بە دەستەوەیە. چوومە پێشی راوەستام. کوتە پلاستیکێکی بە پشتی دادام. پرچم کە هۆندرابۆوە هەروا گرتی و لە بنەڕەتڕا مقەستی لێنا و زۆر بە قەڵسی راستەخۆ بردمیە بەر ئاوێنە و گوتی:
ـ تەماشای خۆت بکە چەند جوان بووی!
هەرکە تەماشای خۆم کرد دیتم سەرم وا فش بۆتەوە وەک چەترت هەڵدابێ، بەچەشنێک کورت ببۆوە کە لەبن گوێشم رانەدەوەستا. مۆدی وام قەت نەدیتبوو، زۆرم پێ ناحەز بوو بەڵام وە رووی خۆم نەهێنا. ئەوە دەستکەوتی خەباتی خۆم بوو. ئەوەندەی پێنەچوو بۆ قوماران چوومە کووچەی. وەک هەمیشە ژنان لە کووچەی پان ببوونەوە، هەر ئەوەندەی خانمۆڵە خاتوون چاوی پێم کەوت، گوتی:
ـ ئەیەڕۆ! ئەوە کێ ئەو سەرەی بۆ کردوویە تەپڵە گوێینی!
هەرکە منداڵان گوێیان لە قسەکەی خانمۆڵەخاتوون بوو، تێکڕایی هاواریان لێکردم: سەر تەپڵە گوێینی! سەر تەپڵە گوێینی!
لەتاوان خۆم لە ماڵێ هاویشتەوە. لەچکەیەکم دیتەوە و لەسەرخۆم بەست و لە ژووریّ بۆی دانیشتم. لە ترسی ژن و منداڵان نەموێرا بچمەوە کووچەی. ■

# کرۆنۆلۆژی

## ڕووداوە گرینگەکانی

## ساڵی ١٩٩٩

٩٩/١/٢٥ = هەڵمەت و پەلاماری حەوایی هاوپەیمانەکان (ئەمریکا و ئینگلیس و...) بۆ سەر عێراق، بە تاوانی ڕێنەدانی نوێنەرانی FN و پێشێلکردنی پرۆتۆکۆلەکانی توێژینەوە لەمەڕ چەکی ئینسانکوژیی.

٩٩/٢/٣ = ڕاگەیاندنی داوای سەربەخۆیی لە لایەن چیچەنستانەوە.

٩٩/٢/٧ = کۆچی دوایی مەلیک حوسێن شای ئۆردۆن(١٩٣٦-١٩٩٩).

٩٩/٢/١٥ = گیران و دەستبەسەرکرانی عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری pkk، لە کێنیا و گەڕاندنەوەی بۆ تورکیا.

٩٩/٣/٧ = کۆچی دوایی دەرهێنەر و فیلمسازی ئەمریکایی ستانلی کوبریک Stanley Kubrick لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا.

٩٩/٣/٩ = لێخرانی وەزیری بووژەمەنی فەرانسە ئێدمۆند هێرە Edmond Herré، بەبۆنەی کەمتەرخەمی و مردنی ٦٠٠ کەس بە هۆی ئالوودەبوونی خوێن.

٩٩/٣/١١ = وەرگیرانی چێک، پۆڵەند و مەجارستان(هەنگاریا) بە ئەندامی ناتۆ.

٩٩/٣/١٩ = کوژرانی ٦٢ کەس ڕووسی بە هۆی تەقینەوەی بۆمبێک و تاوانبارکرانی چیچەنەکان.

٩٩/٣/٢٤ = دەستپێکردنی بۆمبارانی حەوایی یوگۆسلاڤیا لەلایەن ناتۆوە و ناڕەزایەتی دەربڕینی ڕووسیا.

٩٩/٤/١٤ = کوژرانی ٧٠ کەس کۆسۆڤۆیی بە هۆی بۆمبارانی تەیارەکانی ناتۆوە.

٩٩/٤/٢٠ = کوژرانی ١٣ کەس لەلایەن دوو قوتابی مەدرەسەی لیتلتۆنی نیزیک دێنوری ئەمریکا، کە دوو قوتابییەکەش ئاخرسەر خۆیان دەکوژن.

٩٩/٥/٨ = بۆمبارانکردنی سەفارەتی چین بە هۆی فڕۆکەکانی ناتۆوە لە بێلگراد.

٩٩/٥/١٧ = سەرکەوتنی حیزبی کاری ئیسرائیل لە هەڵبژاردنی پارلمانیدا و هاتنەسەرکاری یەهود باراک.

٩٩/٥/٢٧ = پەلاماری حەوایی فڕۆکەشەڕکەرەکانی هیندی بۆ سەر گریلاکانی کشمیری و خستنەخوارەوەی دوو فڕۆکە لەلایەن گریلاکانەوە.

٩٩/٦/٩ = ئاگربەس و ڕاگیرانی بۆمبارانی حەوایی یوگۆسلاڤیا لەلایەن ناتۆوە بەهۆی کۆنفرانسێکی ئاشتی کە لە کۆلن پێکهات.

٩٩/٦/١٦ = کۆتایی هاتنی دەورەی نیلسۆن ماندێلا و هەڵبژاردنی تابۆ مبێکی Thabo Mbeki لە لایەن ANC یەوە بە سەرۆک کۆماری ئەفریقای جنووبی.

٩٩/٦/٢٩ = دادگاییکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری pkk و حوکمدانی سزای ئیعدام.

٩٩/٧/٢ = کۆچی دوایی نووسەری بابەگەورە(God Father) ماریۆ پوزۆ Mario Puzo لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا.

٩٩/٧/١٠ = ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی دەربڕینی خوێندکارانی زانستگای تاران(ئێران) لە دژی دەوڵەت و سەرکوتکردنیان لە لایەن چەکداران و پاسدارانی دەوڵەتییەوە(ئەو ڕاپەڕینە نیزیکەی ٦ ڕۆژی خایاند).

٩٩/٧/٢٠ = بلاوەپێکران و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی (فالۆن گۆنگ)ی چین و گیرانی هەزاران کەس و قەدەغەکرانی ئەو بزووتنەوەیە.

٩٩/٧/٢٣ = کۆچی دوایی مەلیک حەسەن پادشای مەراکەش.

٩٩/٨/١١ = گیرانی ڕۆژ (کسوف) لە سەر ئاسمانی ولاتانی ئورووپا (ئینگلیس، فەرانسە و ... ) و ئاسیا (تورکیا، عێراق، کورستان، ئێران، هیندوستان و...).

٩٩/٨/١٣ = دەستپێکردنی شەڕی ڕووس و چیچەنستان.

٩٩/٨/١٦ = کوژران و لەناوچوونی نزیکەی ١٥٠٠٠ کەس لە خەڵکی تورکیا بەهۆی زەوی لەرزەوە.

٩٩/٨/٣٠ = دەنگدانی خەڵکی تیموری ڕۆژهەلات بۆ سەربەخۆیی ولاتەکەیان کە لە ژێر چاودێری هێزەکانی FNەوە بەڕێوەچوو.

٩٩/٩/٤ = دیداری یەهود باراک و یاسر عەرەفات لە میسر بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی وتووێژی ئاشتی.

٩٩/٩/١٣ = کوژرانی ١١٨ کەس لە مۆسکۆ بە هۆی تەقینەوەی بۆمب.

٩٩/٩/٢٠ = مردن و لەناوچوونی نزیکەی ٢٠٠٠٠ کەس لە خەڵکی تایوان بە هۆی زەوی لەرزەوە.

٩٩/١٠/٨ = ڕاگەیاندنی بڕیاری گەڕاندنەوەی پینوشە دیکتاتۆری پێشووی شیلی بۆ ئیسپانیا و دادگاییکردنی لەوێ.

٩٩/١٠/١٢ = کودەتای سەربازیی پاکستان و هاتنەسەرکاری ڕەنەراڵ موشەڕەف و گیرانی نەواز شەریف سەرۆک وەزیرانی پێشوو.

٩٩/١٠/١٢ = بە لە دایکبوونی منداڵێکی سارایێڤی و بەشداریکردنی کوفی عەنان ڕەئیسی FN لە جێژنی لەدایکبوونی، نفووسی جیهان ٦ میلیاردکەس ڕاگەیێندرا.

٩٩/١٠/٢٧ = کوژرانی سەرۆک وەزیرانی ئەرمەنستان بە هۆی چەند تێرۆریستێک لە کاتی پەلاماردانی پارلماندا.

٩٩/١٠/٣١ = تەقینەوە و لەناوچوونی فڕۆکەیەکی بوئینگی میسری لە ئاسمانی کەنارەکانی ڕۆژهەلاتی ئەمریکا و مردنی ٢١٧ کەس (هۆی ئەو کارەساتە ناڕوون بوو).

٩٩/١٠/٣١ = کوژرانی هەزاران کەس لە خەڵکی هیند بە هۆی گێژەلووکەوە.

٩٩/١١/٦ = دەنگدان (ڕێفراندۆم)ی خەڵکی ئوستراڵیا بۆ مانەوەی حکوومەتی پاشایەتی ئینگلیس لەو ولاتە و خیچانی کۆمارخوازەکان بۆ سەربەخۆیی.

٩٩/١١/٩ = جێژنی(دەساڵەی) ساڵتێوەڕسووڕانەوەی لابردنی دیواری بێرلین (١٩٩٠).

٩٩/١٢/١ = دیداری نوێنەرانی ولاتانی سەرمایەداری ( بازرگانی ئازاد WTO) لە شاری سیتل(Seattle)ی ئەمریکا و ئەدانی ئاکامێکی لەبەرچاوگیراو.

٩٩/١٢/٢ = ڕاگەیاندنی بڕیاری ئۆتۆنۆمی ئیرلەندی باکووری.

٩٩/١٢/١٠ = بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یەکیەتی ئورووپا لە شاری هێلسینکی پایتەختی ئۆروێژ. لەو کۆنفرانسەدا تورکیا بۆ ئەندام کاندیدکرا بە مەرجێک سزای ئیعدام کە لە قانوونی ئەساسی تورکیادا ڕەسمییەتی هەیە، هەڵبگیرێ.

٩٩/١٢/١١ = کۆچی دوایی سەرۆک کۆماری کرۆڤات Franjo Tudjman.

٩٩/١٢/١٧ = کوژرانی هەزاران کەس بە هۆی سێلاو لە ولاتی ڤێنزۆێلا.

٩٩/١٢/٢٠ = بڕیاری دانەوەی ماسائۆ (Macao) بە چین کە ماوەی ٤٤٢ ساڵ کۆلۆنی ولاتی پورتەقاڵ بوو.

٩٩/١٢/٢٤ = ڕفاندنی فڕۆکەیەکی هیندی بۆ ئەفغانستان لە پێناو ئازادکردنی ڕێبەرێکی موسوڵمان(ئەو مەسەلەیە دواتر بە خۆشی کۆتایی پێهات).

٩٩/١٢/٣١= وازهێنانی یەلتسین لە سەرۆک کۆماریی ڕووسیا و ئەسپاردنی کارەکان بە ڤێلادیمیر پوتین.

# نیشتمان چییە؟!

مامۆستا ڕەحیمی عەبباسی

سوپاس بۆ خودا، نیعمەتی وجوودی خەڵاتی بەنی ئادەم کرد و ڕوحی نایە بەر و، عەقڵ و دەرک و فەهم و شعووری پێ بەخشی تا لەهەر بوعدێکی ژیان دا بەرەو تەکامول بڕواتە پێش. ڕەحمەتی خودا بڕژێ بەسەر ڕوحی پاکی پێغەمبەران، نوێنەر و ڕێبەری مەوبارەزە لە گەڵ زۆر و زوڵم و نائەمنی و مەحروومییەتی تودەی هەژار و چەوساوە لە شئوناتی ژیانی ئینسانی. سوپاسی ئەو مامۆستایەم دەکەم دەرسی دادام و تەربییەتی کردم و تێی گەیاندم خۆشەویستی گەل و نیشتمان بەشێکە لە ئیمان؛ حەول و تێکۆشان بۆ نەجاتی گەل و نیشتمان لە دیلی و کۆیلەتی و چەوسانەوە و، ڕاونانی داگیرکەری چاو تێرنەبوو گەورەترین عیبادەتە، پێویستە تا سنووری مەرگ لە فیداکاری و گیان بەخت کردن و تێکۆشان وچان نەدەین و نەبەزین.

خوشک و برایانی هێژا و بەڕێز!

ئێمە لەکۆبوونەوەی خۆمانی ماندا، لە مەراسمی جێژنی میللی و مەزهەبی ماندا، لە کۆنفرانس و کۆنگرەی حیزبیمان دا، زۆر باسی نیشتمان دەکەین و گوێمان لێ دەبێت. لەگەڵ ئەوەش دا زۆر کەم لەباری کەیفی و چۆنیەتی نیشتمان و وەزیفەی ئێمە لەبەرابەر نیشتمان و هاونیشتمانەکانماندا بە گشتی زۆر کەم باس کراوە. بەو بۆنەوە بە پێویستم زانی لەو بارەوە بۆ خوێنەرەوانی خۆشەویست باسێک بکەم. هیوادارم بەتێکڕایی بە پێی ئەو وەزیفەی هەمانە بەهەموو توانا بۆ نەجاتی گەل و نیشتمان تێکۆشین. نیشتمان لەنەزەر دینەوە، ئەوەندە گرینگە کە پێغەمبەری پایەبەرزی ئیسلام، خۆشەویستیی نیشتمانی لە تەنیشت ئیمان ڕۆناوە. فیداکاری و تێکۆشان بۆ ئاوەدانکردنەوە و حەسانەوەی هەژار و چەوساوان گەورەترین عیبادەتە. گەل و نیشتمان شیاوی ئەوەن گەورەترین سەرمایەی ژیان، یانی ڕوحیان بۆ بەخت بکرێ. هەر بۆیە پێشمەرگە شایانی ڕێز و شانازییە، گیانی بەگەل و نیشتمان بەخشیوە. با بەتێکڕا پڕ بەدڵ بڵێین سڵاو و سەت سڵاو لەو پێشمەرگە قارەمان و نەبەزانە گیانیان خەڵاتی نیشتمان کردووە و ئەلحان گیان لەسەر دەست لە مەیدانی بەربەرەکانی دووژمنی داگیرکەر دان. سڵاو لە هەموو ئەو تێکۆشەرە سیاسییە سادقانەکە عەقڵ و فکر و هەستی دەروونیان بۆ دیتنەوەی ڕێگەی نەجاتی گەل و نیشتمان بەکار هێناوە و دێنن. سڵاو لەو براکوردانەی کەرامەت و میللییەت و شەرافەتی خۆیان پاراستووە و بەهیچ قیمەتێک سەر بۆ دووژمنی میللەتەکەیان دانانەوێنن. ڕاستی ئەو ئینسانانە زۆر بەرزن، مەرگ نەیتوانیوە و ناتوانێ بیان مرێنێ. ئەوانەی هێزی ماددی و مەعنەویان بەگەل و نیشتمان دەبەخشن تا خێر و خۆشی و ئازادی و حەسانەوەی هەژار و چەوساوە بەر و بەرهەمی زەحمەتی تێکۆشانیان بێت.

خوشک و براکانم! نیشتمان زۆر بەنرخە. ڕێزگرتن لە نیشتمان زۆر پێویستە. دەبێ تۆزی ڕێگای بەمژۆڵ و برژانگی چاو گەسک دەین. نیشتمان لانکی ژیان و دایکی گیانی ئێمەیە. پەنا و پەسیوی مردوو و زیندووکانمانە. گۆڕ و گۆڕخانەی باب و باپیرانمانە. ئەوخاکە پیرۆزەیە تێیدا هاتووینە سەر دونیا و چاومان پشکوتوە و بە مەمکی وی ژیاوین، گاگۆڵکەمان لەسەر کردووە. دارە دارەی پێکردین، پێمان هەڵگرت، بژیومان لەو ڕایە، لەسەری تەربییەت کراین، خاکی نیشتمان پێست و گۆشت و ڕەگ و ئێسک و پرووسکی باب و باپیرانی ئێمەیە. پێویستە بزانین عەقڵ و بیرمان، فکر و هۆشمان، هەست و مێشکمان هی نیشتمانە. ئاوی نیشتمان فرمێسکی چاوی نەخۆشی دایک و خوشک و پوورەکانی ئێمەیە. سنوورەکانی نیشتمان بە خوێنی ئاڵ و سوور و گەشی لاوە تێکۆشەرەکان، پێشمەرگە قارەمان و نەبەز و بە هەڵمەتەکان و بە بڕواکان پارێزگاری کراوە. تەرمی پیرۆزی ئەو شەهیدە سەربەرزانە قەباڵە و سەنەدی کوردستانە و دەلیل و بەڵگە و شاهیدی عادڵە. کوردستان مڵکی خاس و خالیسی میللەتی کوردە، حەڵاڵی کوردە و حەرامی هەموو کەسە. نیشتمان عەتا و بەخششی خودایە. واجبی سەرشانی هەموو خەڵکی کوردە، بەهەموو ئەقشار و تەبەقاتیەوە کە وەک چاو بیپارێزێ، ئاگاداری بکات و دووژمنی چاوچنۆکی لێ وەدەر نێ. سەردانان لە سەر نیشتمان شانازی دونیا و دینە. دەبێ بۆ نەجاتی تێکۆشێن بەهێزی بەدەنی، بەماڵ، بەزمان، بە قەڵەم بۆ ئاوەدانکردنەوە و بۆ سەربەخۆیی. بۆ خودکەفایی حەول بدەین، تێکۆشێن وەسیلەی پێشکەوت لە لەحازی ماددی و مەعنەوییەوە بەدەست بێنێن. وەزیفەی دینی، میللی و مەزهەبی مانە دەبێ ئەنجامی بدەین و هەرچی هەمانە نیعمەتی ماددی یا مەعنەوی خەڵاتی نیشتمانە. کوری بە وەفا چاکە قەت لەبیر ناکات. ئەوانەی نیشتمان لەبیر دەکەن سپڵە و خۆ فرۆشن. پێویستە پێشەوا و ڕەهبەری خۆت بناسی، ڕەهبەری ڕاستەقینەی هەر میللەتێک ئەو حیزبە یا ئەو کەسانەن ڕێگەی ڕوشدی عەقڵی و عیلمی و فیکری و ئیستعداد و تەکامول بۆ ئەقشار و تەبەقات ئامادە دەکەن. وەسایلی پێویستیان دەئیختیار دەنێ لە خەوی غەفڵەت ڕایان دەپەرێنێ. ئامۆژگاری سەلاح و ئیسلاح و خێر و خۆشیانە. لە خواری و چەوتی و شەقاوەتی بەدبەختی هێنەر دووریان دەخاتەوە. قەبوولی نەسیحەت

نیشانەی ڕوشد و کەماڵە. حافز دەڵێ :

«نصیحت گوش کن جانا کە از جان دوستتر دارند
جوانان خردمند، پند پیر دانا را »

دڵ بۆ دەرکی واقعییەتە، چاو بۆ تەشخیسە، گوێ بۆ بیستنە، کەسێک لە جێگەی خۆیدا بەکاریان نەیەنێ لە مەفهوومی ئینسانی مەسخ بۆتەوە. تێکۆشە بۆ هەق ناسین. چاوی دڵت میلاک و میعیاری دیتن و بیستنت بێت. قسەی باش دووژمنیش بیکات پەسەندی عەقڵ و شەرعە وە مەقبوولە. قسەی خەراپ هەرکەس بیکات مەزموومە دەبێ بەدیواری دادرێت. میحەکی قسە، نێوەرۆکی قسەیە. عەلی کوڕی ئەبی تالب ڕەزای خودای لێ بێت جوملەیەکی فەرمووە زۆر بەرزە بە موستەلەحی عیلمی لە جەوامیعی کەلیمە زۆر کورتە زۆر پڕ مەعنایە. دەفەرموێ : « لاتنظر الی من...» قورئان بۆیە ڕەهبەری موسڵمانانە هەرکەس پەیڕەوی لێ بکات لە دونیا و ئاخیرەت سەربەرزە. خۆشەویستی و فیداکاری بۆ گەل و نیشتمان دەستووری قورئانی پیرۆزە. چاو پۆشین و بێ لایەنی خەیانەتە. میللەتی ژێر چەپۆک و چەوساوە تەنها ڕێگەی نەجاتی ڕاپەڕینە. ئەرکێکی دینی و میللی و ویجدانیە دەبێ قەڵەمی سەرنێزە بە خوێنی دوژمنی داگیرکەر سوور کات، نیشتمانی پێ بڕەنگێنێ. مەسەلە، مەسەلەی کوفر و ئیسلام نییە. ئێمە تەکفیری هیچ میللەتێک ناکەین. مەسەلەی زاڵم و مەزلوومە، زاڵم، مەزلووم بکوژێ جینایەتە دەبێ بکوژرێتەوە. مەزلووم هەقی خۆیەتی لە هەقی مادی و مەعنەوی پێشێلکراوی خۆی پارێزگاری بکات. با لە هەموو حەوزە عیلمیەکانی وڵاتەئیسلامییەکان پرسیار بکرێت.

خۆێنەرەوانی بەڕێز، مەسەلێکی مەشهووری کوردەوارییە: دیزەی چێشتە دەبێ لەسەر سێ کووچک بکولێ. چێشتی ئازادیی نیشتمان دەبێ لەسەر سێ کووچکی زانین، لەشساغی، سەروەت و سامان پووختە و ئامادە بکرێت. زانین، لەشساغی، سەروەت و سامان سێ پلەی گرینگی سەرکەوتن بۆ باڵەخانەی سەربەرزیی و حەسانەوە و ڕوشدی میللەت لەهەر بوعدێکی ژیاندا. ورد تێفکرە، بڕوانە زانین سەرچاوەی هەر نەوع ئیختراع و فەن و سەنعەت و پێشکەوتە. خەرمانی پارە و پووڵ لەژێر سێبەری زانین دایە. نەزان ڕوشد و ئیستعدادیان زاییع کردووە. نەیان هێشتووە لە نیعمەتێک خودا پێی بەخشیوە کەڵک وەرگرێ. با پیاوانە ڕابوردوومان باوێینە پشت سەر، سادقانە بێ گرێ و گۆڵ دەست دەینە دەستی یەک، پشت بە پشتی یەکەوە بنێین. نیشتمان بکەینە مەدرەسە و قوتابخانەی زانست تا بەسەر ئیختراع و فەن و سەنعەتدا زاڵ بین، بیکەینە مزگەوتی دینداریی خوداپەرستی تا شەجاعەت و شەهامەت و قووەتی قەلبمان زیاد کات، بیکەینە کارخانەی سەنعەت تا دووژمن بخەینە مەترسی، بیکەینە مووچە و مەزرای جووتبەندە تا تێر و تەسەل و ئاتاج و موحتاج نەبین. ئەو وەختە ماشێنی هێز تەسلیم بە ڕانەندەی عەقڵ کەین، بیخاتە کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان. زاناکان، نووسەرەکان، هۆنەرەکان و نەقشار و تەبەقات بە تێکڕایی بە ڕێنوێنی، بە تەشویق، بە بزواندنی ئیحساس، بە دانی پارە، بە هێزی بەدەن بۆ سەنعەت و کارخانە بۆ هەر وەسیلەیەکی ڕوشد و پێشکەوت بەپێی توانا بۆ ئاوەدانکردنەوەی نیشتمان و، ژیانی پڕ لەخۆشی هەژار و چەوساوەکان دەست بەکار بین.

خۆینەرانی بەڕێز! نیشتمان دەرمانگایە، دەرمانی هەموو دەردێکی ئێمەی تێدایە. بەداخەوە لێمان کراوە بە گومرگ. بڕوانن سیاسییەکانمان، نووسەرەکانمان، هۆنەرەکانمان، هەق وێژەکانمان لە تریاک قاچاغ ترن. ماڵ وێرانی، دەربەدەری چارەنووسیانە. لە غەرب و ئۆڕوپاش دەکوژرێن. ئەبعادی ژیانمان، دینی، سیاسی، ئیقتیسادی، زانستی، کۆمەڵایەتی بەقەڵەمی داگیرکەر دەنووسرێ، لەژێر چاوەدێری ئەوا پیادە دەکرێ. زۆر ڕوونە سەرتاپا بە زیانی ئێمەیە. گۆڕانی ئەو بەرنامە و نووسین بە قەڵەمی زانا و دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان پێویستی بە تەکانێکی گشت لایەنە هەیە و، تەنها ڕێگەی نەجات، ئیتیحاد، تێکۆشان، ئەبەزینە. دین، میللەت، عەقڵ، ئینسانییەت، ویجدان، مەسلەک، مەکتەب، مێژوو، تەجرەبە، عورف، ئەو ڕێگەمان نیشان دەدا. با بەتێکڕا پەیمان و بەڵێنێ بدەین بەهەموو هێزەوە بێینە مەیدان و وێڕای خوالێخۆشبوو مامۆستا «سیف القضات» بڵێین یا مەرگ یا کوردستان.

ژێر دەستی و ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆمە هیندە بژین بێ نیشان و نێو

ئێمە شەڕ فرۆش نین، شەڕی مە دیفاعە. دیفاعە لە هەق و میراتی باب و باپیرانمان. بڕوانن مێروولە، مێشهەنگوین، چۆلەکە، مریشک دیفاع لە هەقی خۆیان دەکەن. بێگومان هەرکەس ئەهلی ویجدان بێت لە حاند هێرشی دووژمن بۆ سەر ماڵ و نامووس و خوێن و هەر هەقێکی ئینسانی، ئیمکانی نییە دەست نەداتە شەمشێری غیرەت، هەڵنەکاتە سەر دووژمن، مێشکی نەپرژێنێ و ورد و خاشی نەکات. شەرەفی سەربەخۆیی نیشتمان بەخشینی گیانە. مامۆستای سەرتاپا کەرامەت و میللەیەت و حەماسەت مامۆستا «بەدیع وەزمان نوورسی» ٢٧ ساڵ لەزیندانی ئاتاتورک دا ژیا، سەری نەوی نەکرد. ئامۆژگارییەکی کردووە دەبێ بە ئاوی زێڕ بنووسرێ. بە زمانی بادینی دەفەرموێ : «دیکا ڕۆژێکا با نەبا مریا ساڵێکی.»
مەرگی ڕاستەقینە ژێرچەپۆکی یە، نۆکەری بێگانەیە، ڕاپەڕە چەکی نیشتمانپەرستی بدە دەستی غیرەت، بە خوێنی گەشت سەنەدی مالیکییەتی نیشتمان و پیاوەتیت بنووسە. سەربەخۆیی نیشتمان سەربەرزی گەلە، مەرگ لەبەرابەر ئاواتی بەرزی ئینسانیدا شانازی دونیا و دینە. یا سەرکەوتن یا شەهادەت تەخمینی شایان و شیاوی ئەو شانازییە لە مەرزی عەقڵدا نییە. پڕ بەدڵ لە خودا داوا دەکەین پاداشی خوێنی ڕژاو و پڕژاوی ئەو شەهیدە سەربەرزانەی گیانیان بەگەل و نیشتمان بەخشیوە بێ حیساب بداتەوە.

سەلام لە سەر شەهیدانی ئازادی لەسەرتاسەری دونیا. سەلام لەسەر پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکان، سەلام لەسەر هەموو تێکۆشەرێکی سیاسی، ڕاست و ئەمین لە گەڵ گەل و نیشتمان. سەلام لەهەموو کوردێکی بەشەرەف. بۆ پیرۆزی قسەکان لە زمان شاعیر و ئەدیبی بەڕێز خوالێخۆشبوو «مەلا مارفی کۆکەیی» ئەو دۆعایە دەکەین و تێکڕا دەڵێین ئامین:

کەسێک حیفز و حقووقی میللەتی مەنزوور نەبێ، ڕەببی
کەڕ و لاڵ بێ لەپاش کوێری بە خروێکە و بە سوورێژە

# دەتانەوێ چ ئیسپات بکەن..؟

محەمەدی خزری

**بەڕێز سەرنووسەری گۆڤاری گزینگ!**

بە سڵاوێکی دۆستانە، داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم. کاکی خۆم! لە گزینگی ژمارە ٢٥، لاپەڕەی ٦٢ لە ڕۆخ بابەتێکەوە بە ناوی «ئاسمان بۆ ناگری» وێنەیەکی کاک سولەیمانی موعینی تان چاپ کردووە و لە ژێر وێنەکەوە بەمجۆرەتان یاد کردۆتەوە:

«ئەو چیرۆکەی لێرەدا پێشکێش دەکرێ،...

سولەیمانی موعینی کوڕی خوالێخۆشبوو محەمەدئەمینی موعینی (وەزیری کاروباری ناوخۆی کۆماری کوردستان ــ ١٩٤٦) لە دایکبووی شاری مەهاباد، یەکێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی و یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦-١٣٤٧(٦٧-١٩٦٨) ی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو کە بە دەست بەکرێگیراوانی ساواک لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید دەکرێ و تەرمەکەی تەحویلی ئێران دەدرێتەوە. شەهید موعینی، لە ڕۆژی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٧ لە مەقبەرەی گومبەزان بە خاک دەسپێردرێ. گزینگ»

بەڕێز! نزیکەی سی و دووساڵ بە سەر کوژرانی زیندوویاد کاک سولەیمانی موعینی دا تێدەپەڕێ. بەفر و با و بارانی ئەو هەموو ساڵ و عەیامانە نەیانتوانیوە شوێن و شوێنەواری ئەو خوێنە بە ناهەق لە سەر هەق ڕژاوە بشۆنەوە، کێوە سەر بەرزەکانی کوردستان یادی ئەو کارەساتەیان هەر وا بە زیندوویی ڕاگرتووە. هەتا ئێستا زۆر کەس و ڕێکخراوە و گۆڤار لە سەر ئەو ڕووداوەیان نووسیوە، تەنانەت ڕۆمان و داستانیشی لە سەر نووسراون. جێگای سەرنج ئەوەیە کە، هیچکام لە خاوەن قەڵەمانی لە خۆڕادیو نەیاننووسیوە بە دەستی بەکرێگیراوانی ساواک لە نێو «شۆڕشی ئەیلوولدا» کوژرا و تەرمەکەیان تەحویلی ئێران داوە! بێ لە ڕوودامان چۆن بووە وایان نووسیوە. ئەوانەی لە خۆشیان ڕانەدیوە ئەوە بە وشەیەکی (شەهید کرا) وازیان هێناوە، خۆیان ڕزگار کردووە. نە خۆیان کردۆتە بەرلۆمە، نە گوناحی ساواکییانیان هێناوەتە ئەستۆی خۆ! داخودا مەبەستی ئێوەی بەڕێز لەو پەردەپۆشییە چییە و، بەم شێوە ئەدەبیاتەی «دژی ڕێژیمی پاشایەتی...» دەتانەوێ چ شتێک ئیسپات بکەن؟ داخودا نووسەری ئەم چەند دێڕە بۆی هەیە پرسیار بکا: ئەدی چۆنە لە سەر ڕەخنەی «سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە»ی کتێبەکەی کاک عەلی کەریمی، کورد گوتەنی: ئاگرت لە قەڵەمێ دەبارێ. کەلێن و قوژبن و پێچ و پەنای دونیات هەڵگێڕ وەرگێڕ کردووە بۆ ڕوونکردنەوە، بە تەسەلی بەبێ لەڕووداممان داوتە بەرباس؟ دیارە ئەم کارەت، بە کارێکی پیرۆز و ڕەوا دەزانم، جێگای خۆیەتی و دەستت خۆش بێ. بەڵام ئەدی بۆ لە سەر ڕووداوی کاک سولەیمان بە چەند دێڕی دوور لە واقیعیەت، ڕەفعی تەکلیفت کردووە لە جیاتی کورتە ئاماژەیەکی واقیعی بەو ڕووداوە لەبیرنەچووە بکەی، تارماییت خستۆتەسەر، من زۆرم سەر لێدەرناچێ، لەوانەیە حیکمەتێکی تێدا بێ؟

سەرنووسەری بەڕێز! داخودا وەک خوێنەرەوەیەکی گۆڤاری گزینگ، بۆم نییە دیسان پرسیارتان لێبکەم، بڵێم: ئێمە کە لە وڵاتە داگیرکراوەکەی خۆمان لەبەر هەڕەشەی گرتن و ڕاونان و ئازاری داگیرکەران ناتوانین ڕووداوەکانی مێژوویی خۆمان بدەینە بەرباس، داخودا دەبێ لە وڵاتێکی دێموکراتی وەکوو سوێدیش هەر پەردە بە سەر هەڵەی ڕێبەرەکانمان دادەین، لە دونیای ئازاد و دێموکراتیشدا دەبێ ئۆباڵی گەلە زۆرلێکراوەکەمان بێنینە ئەستۆی خۆمان، بۆ؟ لە پێناو چی دا؟ کاکی خۆم تەنانەت کاربەدەستانی ورد و درشتی «شۆڕشی ئەیلوول»یش تاڕادەیەک ئەو جەرەیانەیان نە شاردۆتەوە، هەر کەسەی بە گوێرەی زەرفیەتی ویژدانی بە جۆرێک ددانی بەوەداهێناوە کە سولەیمان بە دەستووری ڕێبەری شۆڕش کوژرا و... داخودا ئەوە «کاسەی لە ئاش گەرمتر»بوون نییە؟

بە ڕای خۆم گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی یان ڕەخنە لە هەرکەس، با ڕێبەریش بێ، لە قاڵبی ئەدەب و پرێنسیپدا جێگای خۆیەتی و دەبێ بگوترێ. ئەگەر ئێمە لێرەش، هەڵەی ڕێبەرەکانمان نەدەینە بەر ڕەخنە و باس، ئەدی لە کوێ دەتوانین، دەبێ چاوەڕوانی موجیزەی ئیمامزادە بین؟ ئەگەر ئێمە بڵێین سولەیمانی موعینی بە دەستووری ڕێبەری شۆڕش کوژرا و ساتوسەودای پێکرا و تەرمەکەیان داوە ئێران و، کەسێکی وەک سەدیقی ئەنجیری لە ئیزگەی ڕادیۆی شۆڕش بێ سەروشوێن کرا و مەلا ڕەحیمی ویردی ناسراو بە (میرزا ئەحمەد) بە دەستی عەبدولوەهاب ئەتروشی کوژرا و چەندین پێشمەرگەی وەک ساڵح لاجانی و سولەیمان کەرقەشان و... لە جەبهەی شۆڕش گرتیانن و هێنایانن بۆ (گەلاڵە) و لەوێ کاک ئیدریسی ڕەحمەتی تەسلیمی ساواکییەکانی ئێرانی کردنەوە و حکوومەتی ئێرانیش ئێعدامی کردن و، هەروەها ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کوردستانی گەرمێن، کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن و ڕاونانی دەزگای «پاراستن»ی بارزانی... ئەوە! کوێی ئەو وتەیە ناهەقە و دوور لە واقیعیەتە؟ هەتا کەنگێ ئێمە ڕاستی پووشبەسەر کەین؟ بێگومان! ئەوە بەو مانایە نییە کە بەڕێز جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لە ڕێگای کوردایەتیدا جەزرەبە و ژان و شەونخوونی و کوێرەوەری نەکێشاوە و ڕێبەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەبووە. کەسانی لە خۆڕادیو بێ لەڕووداممان، هەم ڕێز بۆ فیداکاری و کوردایەتییەکەی دادەنێن، هەمیش لە حاندی هەڵەکانی ڕەخنە و هەڵوێست دەگرن و دەیدەنە بەرباس. بە ڕای من

دەبێ سنووری دست بە گۆچانی بشکێنین و مێژووی پڕ لە ناکامیی گەلی کورد چۆنی ڕوویداوە بەو جۆرە بیدەینە بەرباس و نەیشێوێنین! دیارە کەسانێکیش هەن کە کاریان ئەوەیە بە حوکمی قەڵەم خاڵە لاوازەکانی ڕێبەرانیان بەهێز پێشان بدەن، بەڵام ئەو کارە ناتوانێ هیچ لە واقیعیەت بگۆڕێ!

هەر جۆرێک بێ، جەرەیانەکەیان بۆ پووشبەسەر نەکراوە. بۆ وێنە خوالێخۆشبوو مام «هەژار»ی شاعیری بارەگای سەرۆک بارزانی، بە دوای پێشەکی چنین، بۆ تۆمەت و تاوان وەپاڵدان، چۆن باسی ڕووداوەکە دەکا؟ لێرەدا مەبەست، خوای نەخواستە بێڕێزی بە مام «هەژار»نییە، ئەدەبەکەی جێگای ڕێزە. با بزانین مام «هەژار»ی شاعیر دوای ئەو هەموو درۆ ناڕەوایانە و قسە سووک و چرووکانە، کە لە کتێبەکەیدا، سەبارەت بە کاک سولەیمان فەرموویانە، دەڵێ چی؟ وابزانم (کاک مەلا «ڕەسووڵی پێشنماز» لە گزینگی ژمارە ٢١، لاپەڕەکانی ٦٢-٩٨دا، زۆر بە ئەدەب وەڵامی داوەتەوە). هەرچەند زۆرم شت پێیە، بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانم بچمە سەر ئەو باسانە. بابزانین مام «هەژار» چۆن ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە، داخودا دەڵێ بەکرێگیراوانی ساواک کوشتیان و تەرمەکەیان داوە بە ئێران و لە خانێ و مهاباد کردیانە پێشانگە؟

" لەم بەینانەدا کە ئەو برادەرە ئێرانیانە لە دژی ئێران خەبات دەکەن و لە شۆڕشی بارزانی تەکیونەوە و پێشمەرگەی شۆڕشی ئێران بە کارتێکدەر دەزانن، ژن وکوڕی فایق موعینی لە سەنگەسەر و لە ماڵی حەسۆ میرخانی ژاژەڵەییە. فایق چۆتە سولەیمانی، چاوی بە فەرماندەی ئەرتەشی پێنجەم کەوتوە، قەولی چەک و یارمەتی لێ ساندوە. چۆتە بەکرەجۆ لای جەلال تاڵەبانی کە چەکداری دەوڵەتن و دژی بارزانین. هاتۆتەوە شاری سولەیمانی، میوانی شێخ لەتیف بوە. نامەیەکی بۆ حەسۆ میرخان نوسیوە کە: «ئێوە ژن وکوڕی منتان داگیر کردوە، کارێکی زۆر نامەردانەیە، ئەگەر نەتان گرتون بیان نێرنە سیتەک، ماڵی شێخ لەتیف». ویستویە لە سنوری بانەوە بڕواتەوە دیوی ئێران، لە سەر چوار ڕێ یانی سیتەک ـ چوارتا، جێپەکەیان ڕاگرتوە کە فایقی تێدایە. «سەدیق ئەفەندی» ناوێکی لە کۆنەوە پێشمەرگە و خەڵکی سولەیمانی، کە هەمومانی باش دەناسی دایدەبەزێنێ:
ـ کاک فایق کارم بە تۆیە.
فایق بە لیباسی فەقێ وە، بێ چەک دەڵێ من فایق نیم و ناوم مەلا قادرە.
ـ هەر چیەک بێ ڕەگەڵم کەوە.
ڕۆژێک کە بۆ کاری چاپخانە، کە ئەودەم لە سورەبان بوین، چومە ماڵی بارزانی. گوتی:
ـ ئەگەر بتەوێ دەتوانی فایق موعینی ببینی و قسەی دەگەڵ بکەی، با هەرچی دەیزانێ دەربارەی قاید فیرقەی پێنج و جەلال و جاشەکانی بەکرەجۆ پێمان بڵێ، دەنا ئەوە ئێرانی داوای دەکەنەوە و لە خەتەر دایە.
چومە (وەسان). فایقم دیت کە لەگەڵ پێشمەرگەیەک بە ناوی «خەلیل شەوباش» لە ماڵێکی چۆلدا حەبس کرابو، دوو چەکداری بارزانی لە دەرک و سەریان بون. پێکەوە دانیشتین. کاک فایق نەقڵی خۆی و شەوباشی بۆ گێرامەوە. کە گوتم ئەگەر هاوکاری دەگەڵ شۆڕشی بارزانی نەکەی. زۆر لە چارەنوست دەترسم، گوتی: «ئەوانە یاریدەمان نادەن، تەنانەت برینداریشمان بۆ دەرمان ناکەن، حازر نیم هیچ هاوکاریەک بکەم...»
گوتم: «کاکی خۆم، دەڵێن تەیری گۆشتخۆر دندوکی خوارە. تۆ پیاوی ئەو کارانە نەبوی، بە زۆر بە ملە خۆتدا هێنا و نەشت زانی چدەکەی. ئەگەر من بومایە لە جیاتی تۆ، کە دەمزانی دوژمنایەتی بارزانی دەکەم و بە وڵاتی بەردەستی ئەودا دێم و دەچم، هەر بە شەو، بە پێ ڕێ، بە ناو دارستان دا سەفەرم دەکرد. هەمیشە چل تفەنگچیەکم دەگەڵ دەبو، لە سەر هەست و دەست لە سەر پەلەپیتکە. توشی هەر ڕێبوارێک دەبوم، نەم دەهێشت بڕواو خەبەرم لێ بدا، دەم بەستەوە تا زۆر دور دەکەوتمەوە. بۆچەند کیلۆمیتر لە پێشەوە ڕێگەیان بۆ تاقی دەکردمەوە و هەمیشە دەستەیەک لە دواوە دەیان پاراستم. لە کوێ دەنگ درابام دەمکردە تەقە و خۆم ڕزگار دەکرد. لێم ڕونە ئەحمەد تۆفیق لە جیاتی تۆ ئەمەی بکردایە، زۆر بە هاسانی پێکی دێنا و دەگیر نەدەکەوت. تۆ دەزانی «حەسۆ» شیری کەریشی خواردبێ، تێدەگا کە تۆ داوا دەکەی ژن وکوڕت بچنە (سیتەک)، مانای وایە خۆت لەو ناوەی و دەتەوێ بیان بینی. جوابت بۆ دەنوسێتەوە کە ژنی تۆ خوشکی منە و کوڕی تۆم لە کوڕی خۆم هە ڵناواردوە. ئەوا بۆم ناردیە سیتەک. سەدیق ئەفەندیت لە سەر ڕێگە دادەنێ کە باشت دەناسێ و دەت گرێ. تەنانەت دەمانچەیەکیشت پێ نیە دیفاع لە خۆت بکەی...
دوایی بیستمەوە کە فایق و شەوباش کوژراون و لاشەکانیان دراوەتەوە ئێران..." (هەژار، چێشتی مجێور، ل ٤٦٤ هەتا ٤٦٦)

سەرنووسەری بەڕێز! ئەوە نووسینی کەسێکە کە شاعیر و هاودەمی بارزانی و بارەگاکەی بووە و، ئەو کتێبەی ئەو بابەتەشی تێدا نووسراوە وەک دەڵێن، سەرۆکایەتی پارتی دێمۆکراتی کوردستان، بە چاپی گەیاندووە و بڵاوکراوەتەوە، بە کامیان دەڵێی: (بەکرێگیراوانی ساواک؟) هەرچەند لە سەرەتادا زۆر و، دواییش کەم تاکورتێک کەسانی ماستاوخۆشکەر و هەلپەرست هەوڵیان دا کە سولەیمان وەک تاوانبارێک و خاین بە شۆڕش، بە خەڵکی ساویلکەی کوردستان بناسێنن و، بیکەن بە چیرۆکێک، سەری خەڵکی ساکاری پێ گەرم کەن! بەڵام ئاویان لە دەستاونگدا کوتا و هەوڵەکانیان بەهیچ کوێ نەگەیشت.
خەڵکی کوردستان، دڵسۆزانی خۆیان باش دەناسن و، سەبارەت بە ڕۆڵە فیداکارەکانیان بێ ئەمەگ نین، وتەی ناحەزان بە پوولێک ناکڕن! بەپێچەوانەی هەوڵی هەلپەرستان، سولەیمانی موعینی بوو بە قارەمانی نەتەوەی خۆی و ناوی نەمری بە زیندوویی ڕاگیراوە و هەروا زیندووش ڕادەگیرێ، مێژوو، هەرگیز لە بیری ناکا، هەمیشە لە ڕیزی پێشمەرگە بە ئەمەگەکانی ڕێبازی قازی محەمەدی یاددەکاتەوە.
چما وەبیرت نایە کە لاوەکانی کوردستان لە خۆ پێشاندانەکانیاندا لە شەقامەکانی شارەکاندا، درۆشمیان بۆ دەدا و بە دەنگی بەقەو دەیانگوت: «کێ بوو سولەیمانی کوشت؟...»
هیوادارم گزینگ هەر خۆشناو و دێمۆکرات و بێلایەن بێ، لەمەڕ بابەت و ناوەرۆکەوە لە ڕابردووش دەوڵەمەندتر بێ و، هەروەها هیوادارم لە گزینگی ژمارە ٢٦دا وەڵامەکەم پاش گوێ نەخرێ.
به حورمەتەوە، براتان محەمەدی خزری، ستۆکهۆڵم: ١٩٩٩/١٢/١١

# گۆرانی و گۆرانیبێژانی سەقز
# بەر لە شۆڕش (١٩٧٩)

ئەحمەد شەریفی

سەقز بە هۆی هەڵکەوتی تایبەتی جوغرافیاییی کە دەنێوان چوار بواری وردە فەرهەنگی کورد دایە، بۆتە پردەبازێکی گەورە بۆ ناوێتەیی ئەم وردە فەرهەنگانە و بۆ وێنە دە مۆسیقی کوردیدا.

سەقز لە باکوورەوە لەگەڵ ناوچەی هەوشار، لە باشوور لەگەڵ بانە و بەشێک لە کوردستانی عێراق، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئوستانی کوردستان (سنە) و، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ بۆکان هاوسنوورە. ئەم بوارە بۆتە هۆی ئەوە کە سەقز بتوانێ بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵک لە وردە فەرهەنگی ناوچەکانی تری کوردستان وەرگرێ و فەرهەنگی هەرێمی پێ دەوڵەمەند بکا و تەنانەت ببێتە پردێکی ڕێباز بۆ تێکەڵاویی زاراوگەلی کوردی و... هەروەها گۆرانی کوردی کە بەشێکە لە سامانی نەتەوایەتی ـ فەرهەنگی گەلی کوردستان، لە زۆر ناوچەدا مۆری هەرێمی پێوە لکاوە وەک:

١) لاوک و لاوژە ـ تایبەتی کوردەکانی باکوور و بادینان

٢) حەیران و سوارۆ ـ دەشتی هەولێر و کۆیە و بەشێک لە موکریان

٣) سیاچامە ـ هەر سێ لای هەورامان

٤) قەتار ـ مەهاباد، کەرەند و سەحنەی کرماشان

٥) مۆر ـ کرماشان، لوڕستان و ئیلام

٦) چەمەری ـ لە کامیاران بەرەوخوار

٧) هۆرە ـ ئەگەرچی هەوا و ئاهەنگی تایبەتی خێڵی جاف بووە ، بەڵام ئێستا سەرانسەری باشووری کوردستانی داگرتووە.

ئەم هەوایانەی مۆسیقی هەموویان کەم تا کورتێک کاریان لە سەر مۆسیقی سەقز کردووە و مۆری هەموویانی پێوەیە. ئەوەش پیشاندەری ئەوەیە کە شاری سەقز وەک مەکۆیەکی ژیاریی فەرهەنگی چوار ڕێیان بووە دە فەرهەنگی کوردیدا.

بە داخەوە زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە گۆرانیبێژانی کۆنی سەقز دە دەستدا نییە. ئەوەش کە هەیە زۆر لەوەی کەمترە کە چاوەڕوانی دەکرێ.

کاک حەمەی حەمە باقی لە کتێبی «مێژووی مۆسیقای کوردی»دا لە لاپەڕەی ٧٣ دا، شێعرێکی خوالێخۆشبوو «مەلیکولکەلامی مەجدی» بلاوکردووەتەوە کە ناوی چوار گۆرانیبێژی وەک: قادرە کوێرەی جەوشەنی، حەمە رەحیمی فەرەج، ئەستێرە جو و دەروێش ئەللاوەیسی تێدایە.

ئەگەرچی ئەمن لە سەر بۆچوونەکانی کاک حەمە لە سەر مەقامی ئەللاوەیس نیم و پێموایە ئەم مەقامەی کوردی زۆر لە قەتار و هۆرە کۆنترە. قەتار و هۆرە ئەگەر لە سەردەمی زەردەشتدا سەریان هەڵدابێ، مێژووی پەیدابوونیان لە ٧٠٠٠-٢٦٠٠ ساڵ تێناپەڕێ. بەڵام مەقامی ئەللاوەیس لە دەورانی مێهرپەرەستی و مێترائیەتی کورددا سەری هەڵداوە و پتر لە ٩٠٠٠ساڵی مێژوو هەیە و ئەللاوەیس خودای نیگابان و زێوانی گوند و ئاواییەکان بووە. سەرەڕای ئەوەش، ئەم کارەی کاک حەمە، کوێرە ڕێیەکە بۆ دۆزینەوەی سەرەتای مۆسیقی سەقز. جگە لەوەش کاک عومەری فارووقی لە کتێبی «تاریخ و فرهنگ سقز کردستان» ج ١ی لاپەڕەی ١٧٠دا، باسی «دزە بۆرە و میرەکەی کەلیمی و عەولا کەمانچە، سەیفوڵلاخانی ئەردەڵان، عەولاخانی ناهید، فەیزوڵلاخانی ناهید و محەمەد قاسمی ئەنوەری دەکات، کە نامێری مۆسیقایان ژەندووە. بەڵام لە باسی گۆرانیبێژانی بەر لە شۆڕشدا، تەنیا نێوی محەمەدی زارعی و برایانی «شۆخ کەمان(زیزی)» دێنێ.

لە لاپەڕەی ٣-٣٤٢دا، سەرجەم ٣٨ بەندی شێعری گۆرانی تۆمارکردووە. هەر لەم بەشەدا بە هەڵە هۆرەی بە گۆرانیی ناوچەی هەورامان ناساندووە و لە ج ٢دا ڕاستی کردووەتەوە. ئەم هەڵەیەی کاک عومەریش بە زەربولمەسەلێکی کرماشانی ڕاستتر دەکەمەوە کە دەڵێ: هەورامی هۆرە بچڕێ و ناو دەروەنی سیاچامانە ئاخر زەمانە».

ئەم برایە هەروا لە ج٢ی لاپەڕەی ٧٥-١٧٢دا باسی مۆسیقی دەکات بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆی سەبارەت بە گۆرانیبێژانی سەقزیی بەر لە شۆڕشی تێدا نییە و تەنیا لە لاپەڕە ١٢٩دا باسی «عەتائوڵلای سەعید مەنسوور» دەکا و لە لاپەڕەی ٩٩-١٩٧دا، ٦٢ بەندی شێعری گۆرانی بڵاوکردووەتەوە کە ناتوانێ بڵێین مۆری تەواو سەرەکیی بنزاراوەی سەقزییان بە سەرەوەیە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش کارەکەی جێگەی ڕێز و قەدردانی یە.

ئەمن بە هۆی کاروباری تایبەتمەوە، تارادەیەک ئاگاداری گۆرانیبێژانی سەقزیی بەر لە شۆڕشی ئیسلامی ئێرانم و، تا ئەو ڕادەیەی کە زانیاریم هەیە، لە سالی ١٣٤١ تا ١٣٥٦(١٩٦٢-١٩٧٧) کە دەکاتە چارەکە سەدەیەک، یازدە گۆرانیبێژی سەقزیی ناودار هەبوون کە گۆرانییەکانیان لە ئێزگەکانی کرماشان و مەهابادا تۆمار کراوە کە لە بەرەوە زۆر بە کورتی ئاماژەیان بۆدەکەم:

١) ئەوەڵین سەقزییەکی کە گۆرانی بۆ ڕادیۆ تۆمار کردووە، «عەتائوڵلای سەعید مەنسوور»بووە. لە سالی ١٣٤١(١٩٦٢) سێ گۆرانی: (شیرین دامەچۆ)، (غەریب مەڕۆ) و (هەی لە دوور لە دوور)ی بێ ساز گوتووە. پاشان لە هاوینی ١٣٥٢(١٩٧٣)دا، هاتۆتەوە کرماشان و هەر سێ گۆرانییەکەی لەگەڵ توزەڵەی «مەنوچێهرخانی هوژەبری» دیسان تۆمار کردۆتەوە. بەڵام چونکە مەنوچێهرخان خەڵکی (بان کولیایی) بوو، دەنگی توزەڵەکەی دەگەڵ هەوای گۆرانییەکانی عەتا خان

هاوئاهانگییەکی ڕێکوپێکی نەبوو. ئەو سێ گۆرانییە بە دەگمەن نەبێ بلاونەبوونەوە. لەم سەفەرەدا عەتاخان گۆرانییەکی تری بە نێوی «سەوزە هەی سەوزە»ش گوتووە.

٢) محەمەدی زارعی، ١١ گۆرانی بۆ رادیۆ کرماشان گوتووە وەک: (تەنیا وە تەنیا)، (سوورەگوڵ)، (بووک زێنێ)، (چارۆکێ)، (کەومل)، (هەوارە) و (ئەسمەر ئەسمەر) و... هەروەها ٩ گۆرانیشی بۆ رادیۆ مەهاباد گوتووە وەک: (دوو سەر لە سەر سەرینێ)، (ئەی گوڵ)، (بۆ سوورە گوڵم دەناڵم)، (هەوارە)، (ناڵەی بولبول) و هەوایەکی تایبەت بە ناوی (ئێران ئێران) کە سەرجەم دەبێتە ٢٠ گۆرانی.

٣) ئەحمەدی زەهرایی. چوار گۆرانی وەک: (گەردە گەردە)، (باران بارانە)، (پارکی شار) و (پایزە لە من) لە ئیزگەی کرماشان تۆمار کردووە و ١٥ گۆرانیشی وەک: (لێم زیزە چاوکەژاڵم)، (لەیل و لەیل)، (ڕیحانە و ڕیحانە) و (گەوهەرێ) و... لە ئیزگەی مەهاباد تۆمار کردووە کە دەبێتە ١٩ گۆرانی.

٤) سەدیقی زوهری، چوار گۆرانی: (لەرزانە)، (بەفری کوێستانان)، (تیری موژگان) و (خەلاتی یار)ی بۆ کرماشان و سێ گۆرانی: (بەهبەهـ لەبەر ئەو چاوانە)، (لەرزانە) و (هاجەرێ)ی بۆ مەهاباد تۆمار کردووە کە تێکڕا دەکەنە ٧ گۆرانی.

٥) محەمەدی ناهید، چوار گۆرانی: (کەژاوەی بێئن)، (تیری موژگان)، (بێری دێن)و (سۆیبەی بالآبەرز)ی لە کرماشان هەبووە. لە مەهاباد هیچی تۆمار نەکردووە.

٦) حەمەی نەجاڕ (خەڵکی بانە و دانیشتووی سەقز)، ٢٨ گۆرانی بۆ هەردوو ئیزگەکە گوتووە. بۆ کرماشان ٩ گۆرانی وەک: (ئاخ عەزیزم)، (کەمەرە کەمەرە)، (قەسەم بۆ یار)، (پەیمان لەگەڵ یار)، (تاقە یار)، (فەلەک)، (گوڵی سولەیمان بەگی بانە) و (ئامینێ تاقانەی دایە). ١٩ گۆرانیشی بۆ مەهاباد تۆمار کردووە وەک: (خاڵخاڵ)، (نەرمە نەرمە)، (باوانم)، (تاقە یار)، (پەیمان لەگەڵ یار)، (لیمۆ هەی لیمۆ)، (زارا هەی زارا)، (بەهار بەهارە)، (ئامان وا مەکە)و (یاری دڵ ناسک). کاک حەمەی نەجاڕ ڕیکۆردی بە یارهەڵگوتنی لە نێو گۆرانیبێژانی سەقزدا شکاندووە و ٦ گۆرانی تەنیا بە سەر یارەکەیدا هەڵگوتووە.

٧) ڕەشیدی فەیزی نەژاد، سەرجەم ٤١ گۆرانی بۆ هەردوو ئیزگەکە گوتووە. ٨ گۆرانی وەک: (زیزمەبە)، (ئەشمیل گیان)، (لەیلی باوانم)، (عەزیزم کەژاڵ)، (کیژی کورد)، (بارانە)و (لەو باغەی دا)بۆ کرماشان و، ٣٢ گۆرانیشی بۆ مەهاباد گوتووە کە لە گۆرانییەکانی مەهاباددا بۆخۆی ڤیۆلۆن (کەمان)ی لێداوە.

٨) محەمەد کەریمی ئەکرەمی خەڵکی دەوروبەری سەقز، ٥ گۆرانی: (تۆز ئەکا)، (خەرامان)، (هەلامە)، (لەیلی لەیلی) و (مینالێ)ی لە مەهاباد تۆمار کراوە.

٩) ئەحمەدی حەسەنزادە، دوو گۆرانی: (یاری دوورکەوتوو) و(هەی بێئن بێئن کەژاوەی بێئن) لە کرماشان و، ٩ گۆرانی وەک: (قیبلەی ئاوات)، (ئەیّ لە مینا)، (شیرین بەهارە)، (کۆچی دوایی)، (چاوەڕێ) و (شیرین بە لەنجەولار)ی بۆ رادیۆ مەهاباد گوتووە کە سەرجەم دەبنە ١١ گۆرانی.

١٠) برایانی زیزی ( حوسێن وعەلی شۆخ کەمان) سەرجەم ٧٠ گۆرانی یان هەیە. لە کرماشان ٤٦ گۆرانی وەک: (کوێستانان خاڵخاڵ)، (ڕەزییە)،(کۆڵوانە سوور)، (خەنەبەندان)، (کاڵەیەزن)، (شەمامە و خاڵخاڵ)، (سۆیبەی بالآبەرز) و... هەروەها ٢٤ گۆرانی بۆ مەهاباد وەک: (بە عەینوانی)، (دەڕۆێ)، (سەوزە)، (فاتمۆکێ)، (شەدە لار)، (حەواڵەی کوردستانم کە)، (کەژ وکەژاڵێ) و...

١١) ئافرەتێکی سەقزی بە نێوی «گیتی بەهەشتی»، ٨ گۆرانی لە ئیزگەی کرماشان هەبووە وەک: (خەنەبەندان) و(گوڵی سولەیمان بەگی بانە) و... . پێمـوایە ئەوە ئەوەڵین ژنی سەقزی بووە کە گۆرانی گوتووە.

ئەم یازدە گۆرانیبێژە سەرجەم ٢٢٤ گۆرانیان گوتووە. ئەم گۆرانیبێژانە ڕەنگە لە ئیزگەی کوردیی سنەش گۆرانییان تۆمارکردبێ کە ئاماریان دە دەستدا نییە. ئەوانە هیچیان «بەیت» یان «کورتەبەیت»یان نەگوتووە. هۆیەکەشی ئەوە نییە کە بێژین لە ناوچەی سەقزدا بەیت نییە. ناوچەی گەورکی سەقز یەکێکە لە مەکۆکانی بەیتی کوردی. لە ناوچەی تیرەکۆ (تیلەکۆ)دا بەیتی (عەزیز و کوڕا)و (عەزیز و تەکەش ) هەیە. لە ناوچەی زێوەدا بەیتی (وسێن چاپانی) هەبووە. لە ساڵی ١٣٥٢(١٩٧٣)دا کابرایەک بە نێوی «عەولآ کوردە» خەڵکی (پاڵەوانی) سەقز ، چۆتە ئیزگەی مەهاباد و بەیتی (وسێن چاپانی) زەبت کردووە:

میرزام ڕەنجبەر، میرزام ڕەنجبەر
دارێکمان نیبیا وە خوێنی جگەر
دار هاتە بەر [بەرز] چوو پایە
من و لەیلەکەم نیشتیم لە سایە...

عەولآ کوردە پاشان هاتۆتە مەهاباد و بە عەولآ سەقزی مەشهوور بووە و لەم ساڵانەی دواییدا لە مەهاباد کۆچی دوایی کردووە. بەداخەوە ئەوارەکەشی هەر ئەو کات پاک کراوەتەوە. دوو ساڵ لەمەوبەر (واتە ساڵی ١٣٧٤=١٩٩٥) وە شوێن ئەم بەیتە کەوتم ، گوتیان کابرایەک بە نێوی کاحەمەسەعید خەڵکی چاپانی خوارێ دەیزانێ. کە چوومە چاپان گوتیان کاحەمەسەعید کە بۆ کرێکاری دەچێتە تاران، لەوێ وەبەر ماشێنی کەوتووە و مردووە.

گۆرانیبێژانی سەقز، زۆربەی هەرە زۆریان (وەکوو: برایانی زیزی، زەهرایی، فەیزی نەژاد) گۆرانی بەزمی و داوەتیان گوتووە. حەمەی نەجاڕ و فەیزی نەژاد و محەمەدی زارعی چەند مەقامیان گوتووەتەوە، بەڵام لاساکردنەوەیەک لە مەقامبێژانی کوردی ئەو دیو بوون.

ناودارترین گۆرانیبێژی سەقزیی برایانی زیزی بوون، ٧٠ گۆرانییان گوتووە کە شێوەی تایبەتییان هەبووە. بەڵام گۆرانیبێژانی سەقزیی بە هۆی بارودۆخی جوغرافیایی ناوچەکەیانەوە لاسایی گۆرانیبێژانی ناوچەکانی تری کوردستانیان کردۆتەوە و گۆرانیبێژانی ناوچەکانی تری کوردستانیش لاسایی ئەوانیان کردۆتەوە. گۆرانییەک جاری وایە لەلایەن چەند کەسەوە گوتراوەتەوە. تەنیا گۆرانیبێژێک کە شێوە و سەبکی تایبەتی خۆی هەبووە و کەمتر کەس توانیویە لاسایی بکاتەوە عەتائوڵڵا سەعید مەنسوور بووە. ئەحمەدی ئەمینی دوو

گۆرانی: (له دوور له دوور) و (غەریب مەڕۆی) گوتووەتەوە. عەباسی کەمەندی یش گۆرانی (شیرین دامەچۆ)ی سەر لەنوێ گوتووەتەوە. بەرچاوترین گۆرانی برایانی زیزی (کاڵە یەزن) بووە.

شێعری گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی سەقزی، زۆربەیان شێعرگەلێکن کە لە ناوچەکانی تری کوردستان بە ئاهەنگ و هەوای تر گوتراون. دە بواری ڕێبازگەی جوغرافیایی سەقزدا کەتوونە سەرزاران و گۆرانیبێژی سەقزیی کەڵکیان لێوەرگرتوون.

شێعری گۆرانیی ناوچەکانی کوردستان جگە لە شێوە زاراوە، بە ڕاهات مۆر و نیشانەی تایبەتی ناوچەییان هەیە. شێعری گۆرانیی سەقزیش جگە لە شێوەی بنزاراوەیی، نیشانەی تایبەتی تێدا دەبیندرێ، بۆ وێنە:

سەری سابلاغ بە نیسێ یە
هەر ڕۆژێ حاکمێکی لێ یە
دوو چەو دێری چوو پیاڵەی چینی
لە قەسرەوە خەی خانەقین وینی
هەرگا مەکەرۆ تاسەی باڵای تۆ
مەلۆ ماوەرۆ بەرزا جە شاهۆ
خۆم کرماشانی کوردی نێزانم
وە زوان کوردی قەزات وە گیانم
گوڵی زەردوسووری سولەیمان بەگی بانە
بە وێنەت نییە لە ڕووی جیهانە
ئەی لە گەلاوێژ بە چاو شەڕ ئەکا
داوای مڵکانەی گشت ئەو بەر ئەکا
خاڵێ ها وەبان گۆنای پیرۆزو
هەر وەک چرایە بە نەکەرۆزو

لەم حەوت بەندە شێعرەی گۆرانیدا، جگە لە شێوە زاراوە، هەرکامیان نیشانەی تایبەتی ناوچەی خۆیانیان پێوە دیارە. سابلاغ بۆ مەهاباد، قەسر بۆ قەسری شیرین، شاهۆ بۆ هەورامان، کرماشانی بۆ کرماشان، سولەیمان بەگ بۆ بانە، ئەوبەر (کە بە گەڕەکی قەتارچییانی سنەیان گوتووە) بۆ سنە و، سەرەنجام نەکەرۆز بۆ سەقز. هیوامە ئەم کورتە کارە ببێتە دەروازەیەک بۆ مێژووی مۆسیقی شاری سەقز بە هەموو لک و پۆیەوە...

مەهاباد ـ ١٣٧٦/٤/١٧

بەرەو ساڵڕۆژی هەڵەبجەی شەهید

# کێ تاوانبارە؟

جەلال دەباغ

کێ دەبێ زیانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستانی باشووردا ببژێرێ؟

لە دنیای ئەمڕۆدا ئاشکرایە کە ڕژێمی بەغدا لە ناوەڕاستی ئاداری ١٩٨٩دا لە شاری هەڵەبجەدا، چەکی کیمیایی بەکارهێنا و پێنج هەزار کەسی لە دانیشتووانی شارەکە کوشت و، هێندەش پتری بریندار کرد، دەیان هەزاری ئاوارەکرد. لە پێش ئەمەدا و لە دوای ئەمەش، لە سیوسێنان و بالیسان و زێوە و خواکورک و گەلێک ناوچەی کوردستاندا، ئەو چەکە قەدەغەکراوەی بەکارهێنا.

بە پێی لێکۆڵینەوەی شارەزایان، تا دەیان ساڵی تر پاشماوە و کارتێکردنی ئەو گاز و دەرمانانەی بەکارهێنراون، تەنانەت کار لە نەتەوەکانی ئایندەش دەکەن و دەبنە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ترسناک. بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی شارستانییە بێوەیەکان، لە شارێک و چەندین گوندی کوردستاندا، تاوانێکە نەک تەنیا لە دژی مرۆڤی کورد، بەڵکوو لە دژی مرۆڤایەتیش تۆمارکراوە.

هەمووان دەزانن کە لەم تاوانە گەورەیەشدا ڕژێمی بەغدا تاوانبارە و، گەلەکەمان لەم تاوانە خۆش نابێ و، تا ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە لە سەر خەبات لە دژی بەردەوام دەبێ و، بە دوژمنی سەرەکی خۆی دەزانێ.

بەڵام ئایا کێی تر شانبەشانی ڕژێمی عێراق تاوانبارە؟ کێ هاوبەشی گەورەی تاوانەکەیە؟ دەبێ لێی بێدەنگ نەبین؟ کێ سەرکێشی لە یاسا و ڕێکەوتنەکانی نێودەوڵەتیی کردووە و، ڕێزی ئیمزای خۆی لە سەر ئەو ڕێکەوتنامە نەگرتووە و، چەکی کیمیایی بە ڕژێمی بەغدا فرۆشتووە؟* بۆیە دەبێ لە یانزە ساڵ پتر بێدەنگ نەبین و بەرانبەر حکوومەتی ئاڵمان داوابکەین کە قەرەبووی زیانەکانی کوردستان بداتەوە. ئەمەش مافێکی ڕەوای گەلەکەمان و قوربانییەکانی چەکی کیمیایی و کەسوکاریانە لە کوردستانی باشووری برینداکراوماندا.

ئاڵمان ئێستاش هەر بەردەوامە لە فرۆشتنی جۆرەها چەک بەو دەوڵەتانەی کورد دەچەوسێننەوە و داگیرکاری کوردستانن. بۆیە لە ئێستاوە ئەو پێشنیارەمان دەخەینە بەرچاوی هەموو کوردستانییەکی نیشتمانپەروەر، لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، بەتایبەتی لە ئەورووپا و دەرەوە، سەرەڕای جیاوازیی ڕێباز و بیروباوەڕ و بۆچوون و باری سەرنجیان دەخەینە پێش چاوی هەموو مرۆڤدۆستێکی خێرخواز و، پێشکەش بە گشت ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییە نەتەوە و نیشتمانپەروەرە پێشکەوتنخوازەکانی دەکەین. پێشنیار دەکەین:

ــ ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٦ ساڵڕۆژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بکەینە ڕۆژی داواکردنی قەرەبووی زیانە گیانی و مادییەکان لە لەلایەن ئاڵمانەوە!

ــ ڕۆژی ٢٠٠٠/٣/١٦ بکەین بە ڕۆژی دەربڕینی پرۆتێست و بێزاری و ناڕەزایی لە بەر دەم باڵوێزخانەکانی ئاڵمان لە ئەورووپا و، لە هەر شوێنێک دەکرێ چالاکی ئەنجام بدرێت!


ــ درێژە بە خەبات بدرێ، بە هەر شێوەیەکی ئاشتیخوازانە کە لە تواناداد بێ بۆ داوای بژاردنی زیانە گیانی و مادییەکانی کوردستان لە ئەنجامی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییدا.

* بۆ ئاگاداری خوێنەرەوانی بەڕێز، ئەو زیندانییانەی کە لە سەردەمی هیتلەردا بە زۆرەملێ بران بۆ کارکردن لە کۆمپانیای فۆلکس ڤاگن، لە قەرەبووی زیانەکانیاندا نزیکەی ٦ میلیارد مارکیان بۆ خەرج دەکرێت. ئەمەش بە هەوڵ و چالاکی تێکۆشەران و ئەنتی فاشیستەکان بە ئەنجام گەیشت.

## ئاگاداری

### کتێبی .نگاهی گذرا به تاریخ فلسفه اهل حق(یارسان)، له چاپ هاتەدەر!

بەم بۆنەیەوە بە هاووڵاتییان و عەلاقەمەندان و بەتایبەت ئەو کەسانەی کە کتێبی ناوبراویان پێشفرۆش کردووە، ڕادەگەیێندرێ، سەرەڕای گەلێک تەنگ و چەڵەمە، عاقیبەت ئەو کتێبە بە چاپ ئەسپێردرا و، بەمجۆرە بەرهەمێکی بێ هاوتا، وێڕای ناوەرۆکێکی دەوڵەمەند، بە قەوارەی ٤٠٠ لاپەڕەی بەرگ ڕێرکفتی چوارڕەنگ لە مانگی نەوامبری ١٩٩٩ کەوتە بازاڕەوە. لێرەدا پێش هەموو شتێک، لەو کەسانەی کتێبەکەیان پێشفرۆش کردووە، داوادەکرێ قەبزی دراو بە ئادرێسی یارسان کە لە ژێرەوە ڕاگەیێندراوە، ڕوانە بکەن تا بە زوویی کتێبەکەیان بۆ بنێردرێ. هەروەها ئەوکەسانەش کە دەرفەتی پێشفرۆشکردنیان نەبووە یا ئاگایان لێ نەبووە، ئەگەر پێیان خۆش بێ دەتوانن بە ناردن و حەواڵەکردنی پارە(پووڵ) لە فێتی ٣٦ مارکی ئاڵمانی و ٥ مارکیش بۆ هەقی پۆست، ڕاستەوخۆ لە کتێبفرۆشی ئەرزان یان خودی نووسەر (بەحیسابی بانکیی و ئادرێسی ژێرەوە)، کتێبەکە داوابکەن تا بۆیان ڕەوانە بکرێ.



**شەرحێکی کورت سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکە:**

بێ زیدەڕۆیی، لە مێژووی حەوسەت ساڵەی بەدیهاتنی دینی ئەهلی حەق(یارسان) ئەوە یەکەمین بەرهەمە کە تێیدا هەوڵ دراوە لە ناخەوە ناوەرۆکی فەلسەفی و بیروباوەڕ و ڕەوتی مێژوویی ئەو دینە سەرنج بدرێ. مەتڵەبگەلێک کە تا ئێستە لە ڕادەی میللی و نێوەنەتەوەییەوە لە بارەی ئەهلی حەق نووسراون، لە ڕاستیدا نیشارەگەلێکی سەربەستەی پچڕپچڕ سەبارەت بە مەکتەب و مەسلەکی خەڵکەکانی وابەستە بەو دینە بوون و ئەویش ئەغلەب بە هۆی دەست پێڕانەگەیشتن بە سەرچاوەی تەواو، وەک «ڕازنەدرکان»ێک هاتوونەتە ئاراوە. بە گوێرەی ددانپێهێنانی ڕۆژهەڵاتناسە ناودارەکان وەکوو پرۆفیسۆر مینۆرسکی و ئیدیکە، ئەوان بەهۆی ئەو «ڕازنەدرکان»ەوە، زۆرکەم لە ناوەرۆکی نووسراوە و سەرچاوەی ئەسڵی ئەهلی حەق شتیان دەستگیر بووە کە بتوانن لە مێژوونووسیی و ئەتەوەناسی و مەزهەبناسی کەڵکی لێوەرگرن. کەوابوو نووسینی ئەو کتێبە بە هۆی کەسێکی خۆماڵیی سەر بەو قەوم و قەبیلەیە کە لەو بارەوە دەتوانێ خاوەنڕابێ لە پێویستییەکانی مێژوویی بووە. لە سەرەتای ئەو کتێبەدا، وێڕای ئیشارەیەکی کورت بە دەستپێک و هۆی پێکهاتنی مەزهەب بەگشتی و، ڕیشەدۆزینەوەی تەواوتر سەبارەت بە هۆ و دەلیلی پەرەسەندنی مەزهەبە کەمایەتییەکان لە بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی، ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتی ـ مەزهەبییەکانی ئێران دوای ڕاڵبوونی عەرەب و ڕەوتی فەلسەفەی تەناسوخی ڕوح و دەرکەوتنی مەکتەبی دەروێشان تاپێش ڕێکوپێککردنی دەستوور و قانوونەکانی دینی ئەهلی حەق لە سەدەی حەوتەمی کۆچی دەخاتەڕوو.

لە بەشەکانی یەکەم و دووهەمی کتێبەکە دوای شەرحی بیروباوەڕی دینی ئەهلی حەق، چاوێک بە لێکۆڵینەوەی توێژەرەوانی هەندەری و ناوەوە خشێنراوە و بەدیهاتن و قۆناغی چوارلایانەی مێژوویی ئەو دینە، وێڕای چاوخشاندنەوە بە سەرچاوەی سەلماو و نووسراوە دستخەتەکان تاوتوێکراوە. لە بەشی سێهەم کە دەبەرگری فەلسەفە و مەکتەبی ئەهلی حەقە، شێکردنەوەیەک لەبارەی وشەی ئەهلی حەق ، ئەزەلی پێش ئافراندن، پێکهاتن و پەرەسەندنی ئەوپەڕی سروشت و جیهانی بوونەوەران، قۆناغی پەرەگرتوویی چوارلایانەی ئەو جیهانە لە ڕوانگەی ئەهلی حەقەکان و قانوون و ڕیسای وان دێتەئاراوە. لە بەشی چوارەم خاڵە هاوبەش و جیاوازەکان و پێوەندیی ئەهلی حەق لەگەڵ دینەکانی دیکە و مەکتبگەلی وەک: بودایی، زەردەشتی، یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام خراوەتەڕوو. لە بەشی کۆتاییدا هۆی نووسینی ئەو کتێبە و بیروڕای بەشێک لە مامۆستایانی ڕۆژهەڵاتناس و ئێراناس سەبارەت بەو کارە خراوەتە بەر سەرنجی خوێنەرەوان. هیوایە ئەو کتێبە بایەخی جارێک خوێندنەوە بەدەست بێنێ و بەم پێیە ئەرکی مێژوویی خۆی لە بواری میللەتناسی و مەزهەبناسی و فەرهەنگییەوە بەئەنجام بگەیێنێ.

**بنکەی پەخشی کتێب و بڵاوکردنەوەی لیژنەی فەرهەنگیی یارسان**

• **تێبینی:** ئەو کتێبە بە زمانی فارسی نووسراوە.

**ئادرێسی داواکردن:**

Dr.Golmorad Moradi
Yarsan, P. O. Box 120 112
69065 Heidelberg. Germany

**ژمارە لەتەفۆن و فاکس:**

Tel: +49 6221 24006, Fax: +49 621 416351

**ژمارە حیسابی بانک:**

Konto Nr: 125641 60
BLZ: 672 700 03
Doutsche Bank, Heidelberg. Germany

## CDی «بیلەرزێنە»

**بەرهەمی تازەی (٢٠٠٠)ی هونەرمەند کاک یاسین نامیق**

CDی «بیلەرزێنە»، تازەترین و بەجۆشترین بەرهەمی کوردی یە، بە بۆنەی ساڵی (٢٠٠٠)ەوە لەلایەن هونەرمەند «یاسین نامیق»ەوە، کە لە چەند ئاواز و گۆرانی هەڵپەرکێ و مۆسیقای ڕەسەنی کوردیی پێکهاتووە.

**نرخ:** £10 (١٠پاوەندی بریتانی یا بەرانبەرکەی بە خەرجی پۆستەوە)

**ئادرێسی داواکردن:**

27 Alexander St, London W2 5NT, U.K

Tel: 0171-7925563 Fox: 0171-7928535

Mobl: 07881505444, email: yassen@hotmail.com







## چاپەمەنی

**کتێب و نامیلکە:**

* **کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان** (بە بۆنەی سەدەمین ساڵی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا و پەنجاوپێنجەمین ساڵرۆژی بلاوبوونەوەی گۆڤاری نیشتمان)، نووسەر: حامید گەوهەری، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٩، ستۆکهۆلم ـ (٢٧٢ لاپەڕە).

* **کۆماری دیموکراتی (ئایدیۆلۆژی، ستروکتور، تاکتیک و کردەوەکانی) پارتی کرێکارانی کوردستان PKK**، نووسەر: حامید گەوهەری، ١٩٩٩، نوپسالا ـ سوێد ـ (٨٠ لاپەڕە).

* چەند پەیفێک دەربارەی لاباڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (٧٢ لاپەڕە)، نووسەر: قەرەنی قادری، سوێد ١٩٩٩.

* تێڕوانینێکی سەرردەم بۆ کۆماری مەهاباد (لە یادی ٥٢ ساڵەی دامەزراندنیدا)، مەحموود مەلا عزەت، سلێمانی ١٩٩٨.

* **ما بی غمان مست** (ڕۆمان بە زمانی فارسی ـ ٢٤٠ لاپەڕە)، نووسەر: ئەنوەری نیران زادە، چاپی یەکەم، ١٣٧٧هـ.ش، تاران.

* **مردن بە دەم فڕینەوە**، نووسەر: حەمەسەعید حەسەن، بنکەی خەرمانە، سوێد، ١٩٩٩، (٣٢ لاپەڕە).

* **هەرزاڵ** ـ کورتەچیرۆک و بڕێ ئەزیلەی کۆمەڵایەتی (١٢٨ لاپەڕە)، نووسەر: سیروان کاروانی، سوێد: ١٩٩٩، کتێبی هەرزان.

* **شەوەزەنگ** (کۆمەڵەشیعر، ١٢٠ لاپەڕە)، نووسەر: سیروان کاروانی، چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٩.

* **تۆ هەر تۆی** (کتێبی پەروەردە بۆ مۆخی پشت بریندار بوون) ـ ٥٦ لاپەڕە، وەرگێڕانی لە سوێدیەوە: سیروان کاروانی، سوێد: ١٩٩٩.

**سەرنج:** ئەو کتێبانەی سەرەوە: هەرزاڵ، شەوەزەنگ، تۆ هەر تۆی، دەتوانرێ یا لە ڕێگەی ئادرێسی گزینگەوە یان بەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە داوا بکرێ: - Tel: +46- 019 330 706

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

* **پەیام**، ژمارە ١٩ - ٢٠ سەرماوەز و بەفرانباری ٢٦٩٩ی کوردی (١٩٩٩-٢٠٠٠).

Peyam, PO Box 16283, London W2 5ZR U.K

* **پێشڕەو**، ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)، ژمارە ١٠٤، نوامبری ١٩٩٩. ئادرێس:

R. K, P.O. Box 3016, 14503 Norsborg-Sweden

* **کوردستان**، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارەکانی ٢٧٤، ٢٧٥ و ٢٧٦ ساڵی ١٩٩٩. ئادرێس:

AFK, B. P. 102-75623 Paris, Cedex 13- France.

*Kurmancî, hejmar 25, Payîz 1999.

Institut Kurrde de Paris, 106, rue La fayette, 75010 Paris, France.

* **بەربانگ**، ژمارەکانی ١١٢ و ١١٣، ساڵی ١٩٩٩.

* **چراخان**، ژمارە ٢٦، ساڵی ١٩٩٩. پەیوەستگای دیکراتییە کوردەکان لە سوێد ـ لوند. Tel:070-7761082, Fax:046-136813

* **کۆنگرە**، ژمارە ١٣ ـ ڕەزبەری ٢٦١١(١٩٩٩).

KNC, P.o. Box:607,London NW8 ODT, U.K

* **هانا**، ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩٩.

Hana, Box 6040, 424 06 Angerad-sweden

* **مەڵبەند**، ژمارە ٨٩ دیسەمبەری ١٩٩٩.

KCC, 14 Stannary srtreet, London SE11 4AA, U.K

# GZING
## Cultural- Literary Kurdish Magazine

**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**

Box: 327

824 27 Hudiksvall - Sweden

**Fax/Tel:** +46-0650-94029

**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1

No. 26 Winter **2000** Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 26 Winter 2000**



## ئاگاداری

بنکەی چاپەمەنی وکتێبفرۆشی هەرزان

ناو ونیشانی خۆی گۆریوە. لەمەولاوە بەم

ناونیشانەو ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە

دەتوانن پێوەندیمان پێوە بکەن:

**KITAB I ARZAN**

**Helsingfors g 15**

**164 78 Kista Sweden**

**Tel/ Fax: 08 752 77 09**

**Mobil: 070 492 69 24**

13°°- 18°°

E-mail adress:

**kitab.i.arzan@jonkoping.mail.telia.com**